

# بابەت و نووسراوەکانی

## هاوڕێ هەیاس کاردۆ

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- لە کێشەی نێو خۆیی حیزبدا زۆرترین کەڵک لە ناوی دوکتور قاسملوو وەرگیرا ........ کامڕان سۆهرابی .... ٦
٢- پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کورد و دوکتۆر قاسملوو ........................................................ ٢١
٣- ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوو،ڕێز لە خەباتی نەتەوایەتیمانە ............................................ ٢٧

بابەتەکانیساڵی: ٢٠١٢ - ٢٠١٣ .................. لاپەڕەی: ٣٢

٤- کاتێک بەفر خوێن دەگری!...
٥- شەرەفکەندی، نموونەی مودیرێکی مودێرن...
٦- سۆفیزادە، تەزوویەک بە لەشی کوردستانەوە!...
٧- با کۆڵەکەیەکی قایمی ڕۆژنامەی «کوردستان» زیاتر بناسین!...
٨- ئەوەی حیزبێک دەبوو بیکا تاکێک کردی!...
٩- زایەڵەی هاوارێک، مانای ڕاپەڕینێک، ئاکامی غەدرێک!...
١٠- هەفپەیڤین بەبۆنەی ٨ی مارس. ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی
١١- دە ساڵ کاری بەردەوامی "گێارەنگ"!...
١٢- پەنجا و نۆ گەڵای وەریو!...
١٣- "خەباتی مەدەنی"، باوەڕ یان پۆز لێدان؟...
١٤- چەند پرسیارێک!...
١٥- پێشمەرگە، هەر دەبێ پێشمەرگە بمێنێتەوە!...

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ - ٢٠١٥ ................ لاپەڕەی: ٨٠**

١٦- دیپلۆماسیی کورد لە ئێران چەندە سەرکەتوە؟

١٧- بۆ پیاوێک کە ماندوویی نەدەناسی!

١٨- ئەمن دەیڵێم و بێ باکم

١٩- سوارچاکێکی بە پەلە!

٢٠- کتێبێک بۆ پێشەوا!

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦ .................. لاپەڕەی: ٩٦**

٢١- وتووێژی یەک لایەن و دوو لایەن لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ................ ڕۆژی کورد

٢٢- بازگەکانی ژیان: "قەرەگۆل" وەک سروشت

* **مێژووی زیندوو**

٢٣- ئاوڕێک لەژیان و خەباتی تێکۆشەر عەبدوڵڵا شەخسە(شەقاز)

٢٤- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حوسێن پەیرەوان

٢٥- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری

٢٦- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر سمایل بازیار

٢٧- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر برایم چووکەڵی

٢٨- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر عومەر باڵەکی

٢٩- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر قادر مەکلاوەیی

٣٠- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئەحمەد بادیکان(پادگانی)

٣١- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حەمەڕەسووڵ کەریمی



سەرچاوە
Serchawe

٣٢- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر مەحموود خاس
٣٣- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حەسەن غەمبار
٣٤- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ساڵە رەبەتی
٣٥- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر عەلی باڵەکی

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧ ........................ لاپەڕەی: ١٦٣

٣٦- "بەرلە ماڵئاویی" و یەڵدای خوێناوی!
٣٧- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر فەتاح ئیلخانیزادە
٣٨- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر خالید وەنەوشە
٣٩- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر رەحیم پەڕشەیی
٤٠- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئەحمەد نستانی
٤١- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر مراد ئەحمەدی
٤٢- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر خدر میراوەیی
٤٣- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی کاک کەریم سەقزی
٤٤- پاش مەرگی تێکۆشەر عەبدوڵلا شێنانی
٤٥- لە هەر باخەی گوڵێک!
٤٦- ژیان بە بڕوا و هیواوە مانا دەدا
٤٧- تاک، ڕێکخراو، کۆمەڵ و پێوەندیی نێوانیان
٤٨- لەهەر باخەی گوڵێک بادانەوە، خولانەوە، هەستانەوە و...
٤٩- لەهەر باخەی گوڵێک دڕکوداڵی نێو باخچەی خەبات!
٥٠- ئەو فرمێسکانەی دەبنە ڕووباری هەڵچوون
٥١- هەموو شتێک سیاسەت و هەموو کەسیش سیاسەتوان!
٥٢- هەردەهەژێنی هەست هەژێن!

٥٣- نامەیەک بۆ پێشمەرگە!
٥٤- کوردایەتی هەتا گەیشتن بە ئازادی

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨ ........................ لاپەڕەی: ٢٢٧

٥٥- لەهەر باخەی گوڵێک بۆ پێشەوە هەنگاو بە هەنگاو
٥٦- لویچێک لەدەریای خۆشەویستی!
٥٧- بە قاقای پێکەنینم خەمنامەت دەگێڕمەوە ئەی نیشتمان!
٥٨- ڕق و خۆشەویستی دووانەی لێکدانەبڕاوی مرۆڤ
٥٩- حیزبی دیمۆکڕات لەنێو بەرداشی دوو کەسایەتیدا!
٦٠- ئەسپی سەرکێشی تاوانبار هەروا لەجۆشە!
٦١- ئەمن و وەرزی بەهار
٦٢- بە نیشانەی ئەمەگناسی بۆ زەحمەتێکی بێسنوور - ڕەحمان نەقشی!
٦٣- دایە گیان بمبوورە!



# لە کێشەی نێو خۆیی حیزبدا زۆرترین کەڵک لە ناوی دوکتور قاسملوو وەرگیرا

**ئامادەکردنی: کامڕان سۆهرابی**

ئاماژ: ئەمڕۆ نۆزدە ساڵ بەسەر تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران د. عەبدولرەحمانی قاسملوودا تێدەپەڕێت. ناوبراو کە وەک سیاسەتمەدارێکی وردبین دەناسرا،

لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی پلەنزمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کەوتە بەر دەستڕێژی هاومێزەکانی و لە شوێنی ڕووداوەکە گیانی لەدەستدا. ئەوەی لەو بوارەوە تا ئێستاش جێگای پرسیارە و زۆر کەس یان نەیانویستووە یانیش نەیانتوانیوە وەڵامی بدەنەوە ئەوەیە کە چۆن ئەو سەرکردە کوردە ڕازی بووە بەبێ پارێزوان و بەنهێنی لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی پلەنزمدا کۆبێتەوە. زۆر لە چاودێران لەخۆیان دەپرسن کە داخوا سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات لەو دانیشتنە ئاگادار بووە، ئەگەر ئاگادار بووە ئەرێی کردووە و ... ئەگەر بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە چاو لە یەکەم لێدوانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین ئەوا دەکرێ وەڵامی نەرێنی بدەینەوە بەو پرسیارەمان بەڵام هەیاس کاردۆ، کە ڕێنێسانس بەو بۆنەوە وتووێژێکی لەگەڵ ڕێکخستووە، بە جۆرێکی دیکە باس لە مەسەلەکە دەکات.

چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەیاس کاردۆ، کە لە نزیکەوە د. قاسملووی ناسیوە و کاری لەگەڵ کردووە، ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئوسترالیایە و لە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا، وێرای باس لە کەسایەتیی د. قاسملوو، کۆمەڵێک وردەکاریی سەردەمی تیرۆرەکە و ڕووداوەکانی یەکدابەدووی ئەو تیرۆرە باس دەکات.

* پێشەکی زۆرت سپاس دەکەم کە بە دڵێکی ئاواڵەوە ئامادەی ئەم وتوووێژە بووی

* منیش سپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو هەلەتان بۆ ئەم بۆنەیە ڕەخساند.

**پرسیار: کاک هەیاس با سەرەتا بگەڕێینەوە نۆزدە ساڵ بەر لە ئێستا و لە ڕۆژی تیرۆری د. قاسملوو ڕا دەست پێبکەین. ئەو ڕۆژە جەنابت لە کوێ بووی و دەقی هەواڵەکەتان چۆن پێگەیشت و چ کاریگەرییەکی یەکڕاستی لە سەرجەنابت و کەسانی دەوروبەرت هەبوو؟**

**وەڵام**: ئێمە هەواڵەکەمان ڕۆژی دوایی واتە ۲۳ی پووشپەر لە کاتێکدا زانی کە خۆمان ساز دەکرد بۆ پیرۆزبایی جێژنی قوربان بە ماڵان دا بگەڕێین. ئەو کات گوندی چۆلکراوی "ئێندزێ"ی باشووری کوردستان شوێنی ژیانی بەشێک لە بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات بوو کە من و هاوسەر و منداڵەکەشمانی دەگرتەوە. سەر لە بەیانیی ئەو ڕۆژە کەس نەچووبۆوە سەر کار و تەعتیلیی جێژنی قوربان بوو. لە پڕ خەبەریان داینێ کە پەیکی دەفتەری سیاسی بەڕێز بابا عەلی مێهرپەروەر بۆ کۆبوونەوەیەکی بە پەلە داوای کردوون. زۆری نەگرت ژن و پیاو لە بەر دەرگای فوتابخانە ئامادەی گوێ ڕاگرتن لە بەڕێزیان بووین. لە سیمای خەفەتبار و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوی کاک بابا عەلی ڕا چاوەڕوانی هەواڵێکی ناخۆشمان دەکرد بەڵام کەس بیری لە کارەساتێکی ئاوا نەدەکردەوە. بەڕێزیان بە ڕیزە وشەیەکی فەرمی و تیکراری دەستی پێکرد و هەتا دەهات دڵی پڕتر دەبوو. کە هاتەسەر ئەو بەشەی پێوەندی بە خودی باسە کەوە هەبوو هەر ئەوەندەی بۆ کرا هەواڵی تیرۆرەکە ڕابگەیەنێ و ئیتر گریان ڕێگای پێ نەدا. کەس چاوەڕوانی دەربڕینی زیاتر نەبوو، چونکە شیوەن و هاوار لە هەر لایەکەوە بەرز بۆوە. جێژنە پیرۆزەی ئەو ڕۆژەمان هەڵوەرینی فرمێسکەکان و قوربانیی جێژنیشمان خوێنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بوو. من وەک خۆم دەتوانم بڵێم کونی فرمێسکەکانم لەو ڕۆژە ڕا کرانەوە و گریان بوو بە هەواڵی شەو ڕۆژانم. من کە ئینسانێکی قایم بووم و کەمتر گریان رووی تێ دەکردم، ئەو ڕووداوە بڕستی لێ بڕیم و پەکی خستم. بە دڵنیای یەوە دەتوانم بڵێم ئەوەندە فرمێسکەی بۆ مەرگی دوکتور قاسملووم هەڵوەراندوون بە قەرا هەموو ئەو فرمێسکانە دەبن لە هەموو تەمەنم دا- جگە لە دەورانی سەرەتای منداڵی- هەڵم ڕشتوون. ئێستاش دوای ۱۹ ساڵ هەرکات وشەیەکی ناسک یان پەیامێکی هەست بزوێن لەو پێوەندی یە دا سرنجم ڕادەکێشی بەخۆم نیە تاوێک سەر دادەخەم وبە چەند دڵۆپ فرمێسک کوڵی دڵ بەبا دەکەم. ئەوە هەستی من سەبارەت بەو کارەساتە و دەزانم زۆر کەسی دیکەش هەر وەک منن. پێم خۆشە ئێستا کە باسی دوکتور قاسملووی شەهیدە، سەرێکیش لە هاوڕێ وەفادارەکەی بدەین کە ئەویش هەر لە تەنیشت ڕێبەرەکەی سەری نایەوە و دڵی نەهات بە جێی بێڵێ. باسێ تێکۆشەری شەهید کاک عبدولڵا قادری ئازەر دەکەم کە پێم غەدرە ناوی لەبیر بکەین. بەڕاستی مەگەر هەر ئەو توانیبای لە هاوڕێ یەتی دا ئاوا سەقامگیر بێ. ئەو شەهیدەشمان هەرچەند خۆی کەسایەتی یەکی خۆشناو و تێکۆشەرێکی ماندوویی نەناس بوو، کەچی چونکە لە پەنا گەورە پیاوێکی وەک دوکتور قاسملوو دا شەهید کراوە



سەرچاوە Serchawe

کەمتر باسی دەکرێ. کاک عەبدوڵا داهاتوویەکی باشی لێ چاوەڕوان دەکرا و هیوایەکی گەش بوو لە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی دا.

**پرسیار: کەی و چۆن دوکتور قاسملووت ناسی، ئایا هیچ بیرەوەرییەکی تایبەتت لە گەڵ ناوبراو هەیە؟**

**وەڵام:** یەکەمجار ناوی دوکتور قاسملووم لە ڕادیۆی تاران دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئێران بیست کە باسی هاتنەوەی ناوبراوی لە ئورووپا ڕا بۆ وڵات کرد. ئەو کات من لە گوندی "شانشین"ی ناوچەی مەریوان بە کاری مامۆستایەتی یەوە خەریک بووم. دواتر لە میتینگێکی گەورە دا دوورا و دوور چاوم پێی کەوت کە لە باڵکۆنی شارەداریی مەهاباد ڕا قسەی بۆ جەماوەر دەکرد و کوڵە باڵێکی دەبەر دا بوو. لەو میتینگە دابوو کە "لبیک"ی بە پەیامی خومەینی گوت کە باسی مافی کوردانی کردبوو. دواتر لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بۆ کۆنگرەی ٤ کە لە شیرکەتی سەنعەتیی شاروێران بەسترا شانسی ئەوەم پەیدا کرد بە کورتی قسەی دەگەڵ بکەم و لە وتەکانی چێژ وەرگرم. لە جەرەیانی کۆنگرەی ٥ی حیزب دا کە ساڵی ١٣٦٠ بەسترا زیاتر دەگەڵ بیر و ئەندێشەکانی ئاشنا بووم و پەییم بە بەرفرەوانیی زانیاری یەکانی برد. بەڵام ناسیاویی زیاترم دەگەڵ ئەو نەمرە کاتێک پەیدا کرد کە بەرپرسی گشتیی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٣٦٢ - ١٣٦٥ دا بووم. بەهاری ١٣٦٣ کە ڕێبەرایەتیی حیزب لە مێژ نەبوو لە گوندی چۆڵکراوی "گەورە دێ"ی باشووری کوردستان جێگیر ببوو ئێمە تیمێکی یەکێتی لاوان بۆ بەشداری لە سمینارێکی سیاسی-تەشکیلاتیی تایبەت بە لاوان سەردانی دەفتەرمان کرد و لە ماوەی کاری سمینار دا لە ڕادەی وشیاری و باڵادەستیی ئەو تێکۆشەرە زیاتر ئاگادار بووم. لە کۆتایی سمینار دا ئێمە لاوانی بۆ نەهارێکی "تایبەت" بانگهێشتنی سکرتاریا کرد کە دیارە چادر بوو. نەهاری ئێمە هەر ئەو خواردنە بوو کە لە ساڵۆنی گشتی بۆ هەموان ساز دەکرا، کەچی بۆ ئێمە تام و چێژێکی هەبوو لە باس کردن نایە. ئەو دەعوەتە منی زیاتر شیفتەی کەسایەتیی بەرزی دوکتور قاسملوو کرد و وای لێ کردم بۆ هەتا هەتایە کاریگەریی ئەو لەسەر خۆم هەست پێ بکەم. دوای نان خواردن من پاکەتێکم بە مەبەستی سیگار کێشان دەرهێنا کە "تیر"ی ئەوکاتی ئێران بوو. دیارە سیگاری"آزادی"شم پێ بوو کە ئەو کات لە بازارەکانی ئێران دا برەویان هەبوو بەڵام تیر دوای ازادی هاتە بازار و هەر بۆیە جەفەنگێکی لە نێو خەڵک دا باو کردبوو کە دەیانگوت؛"تیر امد، ازادی رفت". واتە تیر هات، ئازادی نەهێشت. ئەو سیگارانە و زۆری دیکەش دایکی ڕەحمەتیم بە کۆپین بۆی وەردەگرتم و کە زۆر دەبوون بۆی ڕەوانەی شاخ دەکردم. (سەیری سۆزی دایک بکەن). هەم پاکەتەکانم نیشانی دوکتور داو هەم نەقڵەکەم بۆ گێرایەوە کە زۆری کەیف پێ هات، هەر بۆیە پاکەتەکانی هەڵگرت و پاکەتێکی نەکراوەی "کێنت"ی

دامێ. ئەو پاکەتە ئەوەندە لە لام خۆشەویست بوو کە هەتا ماوەیەکی زۆر دڵم نەدەهات بیکێشم. دوای دانیشتنێکی زۆر و باسی جۆراوجور چەند وێنەمان دەگەڵ گرت کە چەند دانەیەکیان لێرە بڵاو دەکرێتەوە. سێ ئەندامی بەشداری ئەو تیمەی یەکیەتی لاوان بە داخەوە دواتر رێگای سووری شەهیدانیان گرتە بەر کە بریتین لە:ابراهیم سالک(سیاوەش)، ابوبکر خضری(کانی یەرەشی)، ابوبکر اسماعیل زادە(ساماڵ). ئەوانە هەموو لە دوستە هەرە بەنرخەکانی نێو جەرگەی خەباتم بوون و یەک یەک جێیان هێشتم و دنیایەک خەفەتیان لە سەر دڵی دانام. منیش بۆ زەجری زەمانە مامەوە و ئەوە لە خزمەت ئێوە دام.

**پرسیار**: ئایا دوابەدوای تیرۆری دوکتور قاسملوو هیچ کارێک یان پێداچوونەیەک لەسەر کار و توانستەکانی د. قاسملوو یانیش لەسەر ژیانی، لە ناوخۆ یان دەرەوەی حیزبی دێموکراتدا کراوە؟

**وەڵام**: لە وەڵامی ئەو پرسیارەت دا بەداخەوە زانیاری زۆرم لە بەر دەست دانیە بە روونی جوابت بدەمەوە. لە نێو حیزب دا کە شتێکی وا نەکراوە جگە لە کۆ کردنەوەی ئەو پەیامانەی بە بۆنەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بۆ حیزب هاتبوون، یان ئەو نووسراوانەی لەو پێوەندییەدا بڵاو کراونەتەوە. لە دەرەوەی حیزب و لە کوردستان وا بزانم چەند کەسێک ویستیان تێزی خوێندنی زانستگایان لەسەر دوکتوری شەهید بنووسن کە نازانم بە کوێ گەیشتن. لەدەرەوەی کوردستانیش بەم دوایی یانە خانمێکی رۆژنامە نووسی ئیسپانیایی بە ناوی "کارۆڵ پروون هۆبێر' کتێبێکی لەسەر دوکتۆر نووسیوە بەڵام من نەم دیوە. لە ئەمریکاش بە وتەی رێزدار عرفان قانعی فرد خەریکە لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادێمیک لە بارەی ناوبراو دەکرێ کە هێشتا دەستی پێنەکراوە. لەو پێوەندی یە دا من بە جیددی داوا لە هەموو دڵسۆزانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکەم بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ هەوڵ بدەن یارمەتی ئەو لێکۆڵینەوەیە بدەن هەتا سیمای راستینی دوکتۆر قاسملوو باشتر بۆ خەڵکی دنیا دەرکەوێ، چونکە بە لێدوانەکانی کاک عیرفان ئەو بەڵگانەی وەدەست هاتوون زۆریان سازکراوی دوژمنانی کوردن و بۆ خەوشدار کردنی سیمای ئەو شەهیدە ساز کراون.

**پرسیار**: کاک هەیاس با هێندێکیش لەسەر خودی وتووێژەکە بدوێین. بەرای جەنابت ئەو وتووویژە بیانوویەک بوو بۆ لەداو خستنی د. قاسملوو یانیش لە ئاساسدا وتووێژێکی ڕاستەقینە لە گۆڕێدابوو؟

* ئێستا پێم وانیە کەس لەوەدا شکی هەبێ کە ئەو دانیشتنە داوێک بوو بۆ تیرورکردنی دوکتور قاسملوو کە زۆر

زیرەکانە و وەستایانە گەڵالەی بۆ دارێژرا بوو. زیرەکی کۆماری ئیسلامی لە بواری گەڵاڵە دارێژی بۆ تیرۆر شتێکی چاوەڕوان نەکراو نیە و ئەوە فەرهەنگی بە جێماوی دەسەلاتدارانی پێشووی ئێرانە. لە مێژووی خەباتی کوردی رۆژهەڵات دا نموونەی لەو جۆرە خەیانەت لە ئەمانەت دا کردنە زۆرن. ئەوەی جێگای داخە، وەرنەگرتنی دەرسی مێژوو لە ئەزموونی چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن دەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران لە لایەن سیاسەتمەدارانی کوردە کە دوکتور قاسملووش دەگریتەوە. بەڵی بانگهێشتنی حیزبی دێمۆکرات بۆ دانیشتن لە سەرمێزی وتووێژ ئەویش لە پلەی سەرەوەدا تەنیا بۆ بڕینی سەری ئەم حیزبە بوو.

**پرسیار**: لە ڕاگەیەندراوەکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا لە کاتی تیرۆری دوکتور قاسملوودا، جۆرێک بێئاگا بوون لە شێوەی تیرۆری دوکتور قاسملوو، هەروەها عامیلانی ترۆری ناوبراو دەردەکەوێت، ئەوە چ هۆکارێکی هەبوو؟ ئایا بە ڕاست حیزب هەواڵی دروستی نەبوو لەم بارەوە، یان بە دروستیان نەدەزانی کە باسی ئەوە بکەن کە دوکتور قاسملوو لە سەر مێزی وتوووێژ و بەو جۆرەی کە دەزانین تیرۆر کراوە؟

**وەڵام**: چاکم لە بیر نییە راگەیاندراوەکە چۆن باسی رووداوەکەی کرد، بەڵام ئەوە شتێکی زۆر سەیر نیە ئەگەر بەو جۆرە جەنابت دەڵیی وا بووبێ. چونکە یەکەم، تەنانەت دەفتەری سیاسیش بە وردی لە سەر دانیشتنەکە و کات و شوێن و تەرکیبی بەشداران ئاگادار نەبوو هەتا وردە کارییەکانی باس بکا. دووهەم، راگەیاندراوەکە بەپەلە و لە فەزایەکی زۆر خەفەتباردا ئامادە کراوە کە ویستوویەتی خەڵک تووشی شڵەژانێکی بە پەلە نەکا. پاشان، لە راگەیاندراوی سیاسی دا وردە کاری زۆر باس ناکرێ و زیاتر جەوهەری مەسەلەکە دەردەبڕدرێ.

**پرسیار**: بە باوەڕی جەنابت ئەو خاڵە بە هێزو لاوازانەی کە دوکتور قاسملووی لە دیکەی سکرتێرەکانی حیزبی دێمۆکرات جیادەکاتەوە چین؟

**وەڵام**: بە بێ ئەوەی هیچ هەڵسەنگاندنێک لە نێوان سکرتێرەکانی حیزبدا بکەم، بە راشکاوی دەتوانم بلێم دوکتۆر قاسملوو نەک هەر لە چوارچێوەی حیزبەکەی خۆیدا بێهاوتا بوو، بەڵکوو لە رادەی هەموو کوردستانیش کەموێنە بوو. دوکتور قاسملوو پێویستە وەک خۆی هەڵسەنگێندرێ و لە محەک بدرێ نەک لە بەرانبەر کەسێکی دیکە دا. لێرە دا هەر چەند زۆر بە کورتیش هێندێک لە تایبەتمەندی یە بەهێزەکانی ئەو نەمرە باس دەکەم کە ببونە هۆی تاقانە بوونی:



سەرچاوە
Serchawe

* زۆر کەس ئیقراریان کردوە کە دوکتور قاسملوو شارەزاترین ڕێبەری کورد بوو کە بوعدی زانیاری و بۆچوونەکانی هەمە لایەنە بوون. ئەوەش وای لێکردبوو کە تەنانەت ناحەزانی کوردیش ڕێزی بگرن.

* دوکتور قاسملوو لە سیاسەت دا ئەخلاق و پرەنسیپی زۆر پی گرینگ بوون کە پێویستە ڕەچاو کرێن، ئەوەش شتێکە بەداخەوە کەم ڕێبەر یان سیاسەتمەدار خۆی لێ دەدا.

* دوکتور قاسملوو هەم ورد بین بوو هەم دوور بین. لە مەسەلە سەرەتایی یەکانی رۆژانە دا ورد بین و لە بەرژەوەندیی خەباتی کورد دا دوور بین بوو.

* خاڵی بە هێزی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە توانای تەفهیمی دا بوو کە دەی توانی بۆ چوونەکانی خۆی بسەپێنێ. هەڵبەت زەفەری بە کۆماری ئیسلامی نەبرد.

دوکتور قاسملوو ڕاستە بۆ گەیشتن بە مەبەست تاکتیکی دەگۆڕین بەڵام قەت ئامادە نەبوو بەرژەوەندی یە گشتی یەکانی کورد فیدای قازانجی کاتی بکا. ئەوەش شتێکە بە هەموو کەس ناکرێ. هەر نێوەرۆکی قسەکانی دەگەڵ نێردراوانی ڕێژیم لە ڤییەن سەلمێنەری ئەم ڕاستی یە.

بەڵام لە وەڵامی ئەو پرسیارەتدا کە بۆ خاڵە لاوازەکانی دەگەڕێی، پێمخۆشە بە بێ دەمار گرژی پێت بڵێم خاڵی لاوازی ئەوەندە کەمن کە ناتوانن لە کەسایەتی یە بەرزەکەی کەم کەنەوە. دیارە چونکە ئەویش ئینسان بوو و ئینسانیش قابیلی خەتایە بێگومان لە کەم و کووری بێ بەش نەبوو. لەبەر ئەوەی لە کاتی سکرتێریی ناوبراو دا لەحیزبی دێمۆکرات قسەی ئەو زۆری بڕ دەکرد دەتوانین هەم بۆ شتە باشەکان و هەم بۆ خراپەکان بەشی زیاتر بدەین بەو. هەر بۆیە ئەگەر لە شانازی یەکانی حیزب دا ناوی دوکتور قاسملوو لە لای سەرەوەیە، ناکرێ لەو قۆرت و بازانەی بە سەر حیزب هاتوون ئەوی بشارینەوە. بۆ وێنە کاتێک شەڕی کوردکوژی لە کوردستان بەرپا دەبێ و حیزبی دێمۆکرات لایەنێکی شەڕەکەیە و قاسملووش ڕێبەری ئەو حیزبەیە، بێگومان قامکی تاوان بۆ لای ئەویش بەرز دەبێتەوە و زیاتریش. بە تایبەت من وەک خۆم دانی دەستووری شەر بە دژی هاوڕێ یانی جیا بۆوە لە کۆنگرەی ٨ بە خەتایەکی گەورەی ئەوکات دەزانم کە دیارە ناکرێ نەخشی دوکتور لەو پێوەندی یەدا پاساو بدرێ. لە بەر ئەوەی من بە دل قاسملووم خۆش ویستوە و خۆش دەوێ، ڕەنگە نەتوانم هەڵەو کەمو کووری یەکانی بە باشی دەربرم. هیوادارم کەسانی دڵسۆزی بێ لایەن لەو بوارە دا هەنگاوی پێویست هەڵگرن. هەڵبەت خۆ مەبەست ئەوە نیە هەر بۆ ئەوەی بڵێن فلان کەس وێرای ڕەخنە لە دوکتور قاسملوو بگرێ خاڵی مەنفی بۆ ریز کەین بێ ئەوەی وا بێ. لێرە دا شەرت "نقد'ی دروستی قاسملوویە. من لە وتارێکی دیکەدا باسم کردوە کە بۆ وێنە پشتیوانیی



سەرچاوە Serchawe

بێ بناغە لە هێندێک کەس لە نێو حیزبدا و بردنە سەریان هەتا رادەی خۆ لێ گۆرین لە هەنگاوە هەڵەکانی دوکتور قاسملوو بوون. هەر وەها برەو پێدان بە دیاردەی جیناحبەندی و ئەمەم دەوێ و ئەوەم ناوێ هەر لە زەمانی رێبەریی ئەو نەمرە دا سەری هەڵدا و هەوڵی پێشگریشی نەدرا. لە لایەکی دیکەوە بە داخەوە هەر لە کاتی رێبەریی ناوبراوەوە دیاردەی دیپلۆماسیی نێو خۆیی دەستی پێکردو نەبرایەوە و دواتر پەرەشی گرت. ئەوەش بەو مانایە کە رێبەری دەگەڵ بەدەنە بەو جۆرە کە پێویستە ئاڵ و گۆری بۆچوون نەکا و شتەکان لە نێو خۆی دا رەد و بەدەڵ کا.

**پرسیار**: دوکتور قاسملوو لە جیهانی دەرەوە دا زیاتر وەک دیپلۆمات و سیاسەتوانێکی کوردی ناودەوڵەتی دەناسرا تا بگات بە سکرتێری حیزبێکی کوردی، بەڵام کە بەدەستی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی ئوتریش تیرۆر کرا ئەو کاردانەوە گەورەیەی نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا، ئایا ئەوە چ هۆکارێکی هەبوو؟

**وەڵام**: دیارە لە نێو راگەیەنە گشتییەکاندا بە رادەی پێویست هاتە گۆرێ و لایەنە جۆراو جۆرەکانی شی کرانەوە، بەڵام بە داخەوە لە بواری دەوڵەتان دا پەردەیەکی ئەستووری بەسەر کشا و بێدەنگەی لێکرا. هۆیەکی ئەوە بوو ئەو کات ئورووپا بە گشتی چاوی بریبوە ئەو قازانجە ماددی یانە کە لە توجارەت دەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەگیری دەکەوت. هەر بۆیە ئامادە نەبوو بە خاتری خوێنی رێبەرێکی کورد دڵی مەلاکانی ئێران لە خۆی بێشێنێ. حیزبی دێمۆکراتیش لەو توانا ماددی و تەبلیغاتی یە بەهرەمەند نەبوو هەتا ناوەندە بریاربەدەستەکان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی و سەرنجیان راکێشێ. ئەو کات رادەی کوردی دەرەوەش ئەوەندی ئێستا نەبوو کە تەکانێک بدەن و هەرایەک ساز کەن. بەڵام بە گشتی جگە لە راگەیەنە گشتی یەکان کە باسی تیرۆرەکەیان کرد، زۆر کەسایەتیی گرینگیش وەجواب هاتن و هاودەردی یان نیشان دا.

**پرسیار**: بە دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و دوولەتبوونی ئەو حیزبەدا زۆر جارلە لایەن ئەو دووباڵەوە لە سەر ناوبراو کێشە پەیدا بووە، تەنانەت زۆر جار وشەی خەیانەت بە خوێنی دوکتور قاسملوو بەکارهێنراوە، یان باسی بازرگانی بە خوێنی ناوبراوەوە کراوە، بە ڕای جەنابت ئەم کارە چ خزمەتێک بە دوکتور قاسملوو و ئامانجەکانی دەکات"؟

**وەڵام**: شتێکی سروشتی یە لە نێوان ناخۆشیی دوو لایەندا هەر لایەنەی دەیەوێ گورزی قایمتر بوەشێنێ و

بەرانبەرەکەی مات کا. لە کێشەی نێو خۆیی حیزبدا زۆرترین کەڵک لە ناوی دوکتور قاسملوو وەرگیرا کە بە باوەری من نەدەبوو بکرێ. من نازانم مەسەلەکە چۆن دەربڕم کە بە ئاژاوە گێری لێک نەدرێتەوە، بەڵام ناچارم چۆنی لێ حاڵیم باسی بکەم. بەرێز کاک مستەفای هیجری و لایەنگرانی لەو کێشەیە دا ئەگەر ناوی دوکتور قاسملووت لێ ئەستاندبانەوە شتێکی وایان پێ نەبوو هێرشی پێ بکەن. ئەوان پێ یان وابوو هەر کەس دەگەڵ وان نەبێ دەگەڵ دوکتور قاسملووش نیە و کە وابوو دەگەڵ کوردیش نیە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە جگە لە چەند کەسێک لەو هاورێ بەرێزانە دوکتور قاسملوویان هەر دووراودوور دەناسی و کەمتر وابوە هەڵس و کەوتیان دەگەڵی بووبێ. لە کاتێک دا دوکتور دەگەڵ زۆرێک لەو کەسانەی ئێستا لە حدک دان دۆستایەتی گەرمی بوە و لە نیزیکەوە هاوکار بوون. هەر چەند بە دروستی نازانم دەست نیشانی ئەوە بکەم کە کێ دڵسۆزی دوکتور قاسملوویە و کێ نادڵسۆز چونکە هەر لە جێ دا لە توانای من دانیە، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە با لێ گەرێین قاسملوو وەک ملکی گەل سەیری بکرێ و کەس بۆی نەبێ دەخالەتی بێ جێ لەو ملکەدا بکا. ئەو شەهیدی رێگای ئازادی یە و هەر بۆیە هەموو خەباتکارانی رێگای ئازادی دەبێ دڵسۆزی بن.

**پرسیار**: یەک پرسیارم هەیە کە پێم خۆشە بە روونی وەڵامم بدەیەوە؛ بۆچی لە ناو رێزەکانی حیزبدا بە هەر دوو باڵەوە ئەو حەساسییەتەی کە سەبارەت بە ناوی دوکتور قاسملوو هەیە سەبارەت بە پێشەوا قازی و دیکەی سەرکردە شەهیدەکان نییە؟ ئایا بایەخی زیاد لەوەی کە دەبێ هەبێ بە دوکتور قاسملوو دەدریت؟ بۆ نموونە هەردووک باڵ دەڵێن قازی ، قاسملوو، شەرەفکەندی بەڵام کە کار دەگاتە موناقشە ئەو لایەنگرییە توندەی کە لە دوکتور قاسملوو دەکرێت لەوانی دیکە ناکرێت...

**وەڵام**: رێگام بدە لە دەربرینی دەستە واژەی "هەردووک باڵ"دا لەگەڵت هاودەنگ نەبم. ئێستا ئیدی کاتی ئەوە بەسەر چوە دوو حیزب کە بە دوو ناوی جیاواز خەریکی تێکۆشانن بە دوو باڵی حیزبێک لە قەڵەم بدرێن. ئەگەر هەتا بەر لە کۆنگرەی ١٤ی حدک وەزعەکە زۆر روون نەبوو، ئێستا ئیتر شتێکی جێگای پرسیار نەماوەتەوە. ئەوە راستە هەر دووک لا مێژوویەکی پر لە خەباتی هاوبەشیان هەیە و چاک و خراپی پێشوویان تێکەڵە، بەڵام ئێستا ئیدی واباشە هەریەکەو بەناوی خۆی باس بکرێن و قەزاوەتیان لە سەر بکرێ. کە وابوو من ئەو دوو حیزبە وەک دوو باڵی لایەنێک نابینم هەتا قەزاوەتی لە سەر بکەم. پاشان بۆیە بە ناوی دوکتور قاسملوو حەساسیەت هەیە چونکە کێشەکان درێژەی زەمانی رێبەرایەتی ئەوە و هەر نەبراوەتەوە. لایەک دەیەوێ بە زۆری قاسملووی بکاتە هی خۆی و نەیەڵێ کەس خۆشی بوێ، لایەکەی دیکەش ئەوە بە غەدر دەزانێ و لە ئاکام دا جۆرێک موناقەشەی

لەسەر ساز بوە. هەرچی پێشەوایە لەو کێشە و بەزمانە دانەبوە هەتا حەساسیەت ساز بکا و جارێ بە خۆشی یەوە کەس نەیتوانیوە لەو حەرێمە کەڵکی خراپ وەرگرێ. دوکتور شەرەفکەندیش کە دیارە ماوەی سکرتێریەکەی زۆر درێژ نەبوو هەتا حەساسیەت دروست بکا هەرچەند کەم و زۆر ناوی ئەویش کەڵکی لێ وەرگیراوە. شتێکی دیکەش کە نابێ لە بیری بکەین ئەوەیە کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر ئەندام و کادر و پێشمەرگەی حیزب بەرادەیەک زۆر بوو کە زەحمەتە بەم زوانە لە بیر بچێتەوە. بە دڵنیایی یەوە دەتوانم بڵێم ئەو هاورێ یانەش کە لە کۆنگرەی ٨ بە هۆی دوودەستەیی ریزی خۆیان جیا کردەوە و بە دژبەری دوکتور قاسملوو ناسران، رێز و خۆشەویستی تایبەتیان بۆی هەیەو من قەت ناتوانم باوەر بکەم بۆ وێنە کاک جەلیلی گادانی بە دڵ قاسملووی ناخۆش بوێ.

**پرسیار**: حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە نۆزدەیەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا داوا لە خەڵک دەکات کە لە ١٠ی شەودا بۆ ماوەی ٣ خولەک چرای ماڵەکانیان بکوژێننەوە و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش دەڵێت لە هەمانکاتدا مۆمیک داگیرسێنن؟ بە رای جەنابت کامیان دروستترە؟ ئایا ئەوە سەر لە خەڵک شێواندن نییە؟ ئایا پێتوانیە ئەوە جۆرێک بانگەشەیە بۆ لێکهەڵاواردنی هەڵوێسیتی جین و توێژەکانی خەڵک تەنانەت بۆ شێوەی رێزگرتن لە شەهیدەکانیش؟

**وەڵام**: بۆ سەر لەخەڵک شێواندنە؟ لێگەرێ با هەر کەس و لایەنەی چۆنی بۆ دەلوێ و سەلیقەی چۆن پێ دەشکێ ئاوا رێزی لێ بگرێ. کەسێک پیی خۆشە مۆمی بۆ داگیرسێنی با بۆی داگیرسێنی. ئەوەش کە دەیەوێ چرا بکوژێنێتەوە با بیکا. رەنگە یەکێک لە پەنایەک چەن دڵۆپ فرمێسکی بۆ برێژێ(وەک من)، یان یەکی دیکە لە ماڵ نەیەتە دەر و دەگەڵ رووحی قاسملوودا ئارام بگرێ. رێگا بۆ رێز گرتن لە شەهیدان و یەک لە وان شەهید قاسملوو زۆرە. رەنگە هەموو کەس بۆی هەڵنەسوورێ وەک یەک خۆی نیشان بدا، بە باوەری من هەمووی جێگای رێزن. ئەو حیزبانەش کەداوا لە خەڵک دەکەن ١٩ ساڵەی شەهید بوونی قاسملوو رێز بگرن هەر لە رووی دڵسۆزی یەوەیە جا چۆن بانگەشەی بۆ دەکەن لە گرینگیی مەسەلەکە ناگۆرێ. من لەوە ناترسم یەک مۆمی بۆ داگیرسێنێ و ئەوی دیکە چرا بکوژێنێتەوە، ترسی من لەوەیە رێز گرتن لە شەهیدانمان لە بیر بچێتەوە.

**پرسیار**: کاک جلیل گادانی دوو ساڵ لەمەوبەر لە وتووێژێکدا لە گەڵ رۆژنامەیەک لە باشووری کوردستان گوتی رێبازێکمان بە ناوی رێبازی دوکتور قاسملوو نییە، رێبازی ئێمە رێبازی حیزبی دێمۆکراتە، لە سەر ئەم قسەیە زۆر

**به توندی له لایەن خەڵکانێکەوە هێرشی کرایه سەر، ڕای جەنابت له سەر ئەم وتەیەی ناوبراو چییه؟**

**وەڵام:** پێم وایه کاک جەلیل دروستی لێکداوەتەوە. کاتێک دەڵێین ڕێبازی شەهیدان، یان ڕێبازی نەمر دوکتور قاسملوو، بەو مانایه نییه ڕێچکەیەکی تایبەت بۆ وان دەستنیشان بکەین و له باقی خەباتکارانیان جیا بکەینەوە. به شێوەکی گشتی ڕێبازی هەر تێکۆشەرێکی کورد، ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەیەتی له پلەی یەکەم دا. پاشان ئەوانەی له چوار چێوەی لایەنێکی سیاسیی نەتەوەیی دا خەبات دەکەن هێندێک ئامانجی دیکەشیان هەیه که له بەرنامەی حیزبەکەیان دا ڕەنگ دەداتەوە و بۆ هەموان وەک یەکه. دوکتور قاسملوو ج وەک تێکۆشەرێکی مەیدانی کوردایەتی و چ وەک هەڵسوورێکی حیزبی ڕێبازەکەی دەگەڵ هی دیکه هاوبەش بوە. خۆ دیاره بۆ خۆی خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەت نەبوو هەتا مریدی له دەور هاڵێن و زیکری بۆ بکەن. ئەوە ڕاسته ئەو نەمره زۆر شتی نوێی هێنایه نێو سیاسەتی کوردی و به تایبەتی حیزبی دێمۆکراتی له سەر ئوسلووبێکی نوێ دارشتەوە و سەرمایەیەکی مەزنی مەعنەوی بۆ هاوسەنگەرانی بەجێ هێشت، بەو حاڵەش ئەوانه ناچنه خانەی ڕێبازێکی تایبەتەوە. پێم وایه دروست هەر ئەوەیه بڵێین ڕێبازی قاسملوو هەمان ڕێبازی کوردایەتی، ئازادی و دێمۆکراسیه.

**پرسیار: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئینشعابی دوای کۆنگرەی هەشت، که له لایەن "ڕیبەراییەتی شۆڕشگێر"ەوە کرا، به خیانەتکردن به دوکتور قاسملوو چاو لێدەکا، بەرای جەنابت ئەو ئینشعابه هەڵوێستێکی سیاسی ـ تەشکیلاتی بوو یان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ خەیانەتکردن بوو به دوکتور قاسملوو؟**

**وەڵام:** من ئەو غیرەته دەخۆمدا شک نابەم ناوی خەیانەتی لەسەر دانێم. ناشڵێم هەڵوێستی سیاسی و تەشکیلاتی چونکه ڕێبەرایەتی شۆرشگێر سیاسەتێکی تازەی نەهێنایه نێو بازاری سیاسەتەوە هەتا بڵێین لەسەر ئەوە دابران. ڕەنگه دروستتر ئەوە بێ که بڵێین پەله تووشی هەڵەی کردن و پێشی هەڵچوونی هەستی نارەزایەتیی خۆیان پێ نەگیرا. ئەگینا هەر لەو هاوڕێ یانه زۆر کەسیان نزیک و دۆستی کاک دوکتور بوون و باشیش دەیان توانی بەیەکەوە کار بکەن. هەڵبەت فەزای ناسالمی نێو حیزب و ئەوە که ڕێبەرایەتی هەر بۆ خۆی دەشی ڕست و دەشی پێچا ئەو ڕووداوانەی لێ دەکەوتەوە. خاڵی جێگای داخ هەر جیا بوونەوەی ڕێبەرایەتی شۆرشگێر نەبوو، بەلکوو هەڵگیرسانی شەرێکی بێ مانا و بێ هوودە بوو که توند ئاژۆیەکان کەیفیان پێ دەکرد.

**پرسیار: بەڕای جەنابت کاک مستەفا هیجری وەک سکرتێری باڵێکی حیزبی دێمۆکرات و کاک خالید عزیزی وەک**



سەرچاوە
Serchawe

وتەبێژی فەرمی کۆمیتەی ناوەندی باڵەکەی تر، کامیان لە کار و کردەوە و کەسایەتیدا لە دوکتور قاسملوو نزیکترن؟ یان ئەگەر بە کورتیش بێت جیاوازی ئەم دوو کەسەمان لە گەڵ دوکتور قاسملوو بۆ باس بکەیت؟

وەڵام: کاک مستەفا هیجری ئێستا سکرتێری حدکا و کاک خالید عەزیزیش وتە بێژی حدک. هیچیان نوێنەرایەتی لاباڵیان پێ نییە. دیسان دووپاتی دەکەمەوە وا باشە هەر حیزبەی بە ناوی خۆی هەڵدەین و وەک خۆی حیسابی لەسەر بکەین. بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت:کاک مستەفا ماوەیەکی زۆر لە نزیک دۆکتور قاسملوو کاری کردوە و بەرپرسایەتی قورسیشی پێ بوە. بەڵام ئەوەندی من لێی حاڵی بم بەداخەوە شتێکی وای لێ فێر نەبوە بەکاری بێ. هەر بۆیە کاتێک کەسێک چەند ساڵ لە تەنیشت کەسایەتیەکی بەرزی وەک قاسملوو کار بکا و بەدەیان و سەدان جار گوێ بیسی وتەکانی بێ و شتێکی وای لێ فیر نەبێ، ناکرێ بڵێی لەو کەسایەتی یە نزیکە. لە راستی دا سەلیقە و هەڵس و کەوت و شێوەی بەرخوردی کاک مستەفا دەگەڵ دوکتوری شەهید عەرز و ئاسمانی جیاوازە و بە هیچ جۆر ناکرێ خاڵی هاوبەشی تێدا وەبینی. کاک خالید کەمتر لە تەنیشت دوکتور بوە و باوەر ناکەم هەستان و دانیشتنی زۆریان بە یەکەوە هەبووبێ. من پێم وایە کاک خالید ئینسانێکی "خۆدساختە" یەو هەوڵیکی زۆری لە پێناو فێر بوون دا داوە. دروست ئەوەیە هەر کەس وەک خۆی هەڵسەنگێنین نەک بە بەراورد دەگەڵ دوکتور قاسملوو. من هەر چەند کاک مستەفام ناخۆش ناوێ و بە کەسێکی پاکی دەناسم، بەڵام بە تەواوی دەگەڵ شێوەی بەرێوەبەری یەکەی موخالیفم و بە هیچ جۆر وەری ناگرم. زیاتر لایەنگری سەبکی کاک خالیدم کە نەرم و مەنتیقی یە.

پرسیار: کورتترین و پڕماناترین وەسف بۆ دوکتور قاسملوو لە لای جەنابت چییە؟

وەڵام: دوکتۆر قاسملوو رۆڵەی بە وەفا و بە ئەمەگی نەتەوەی خۆی بوو کە هەموو زانست و توانای خۆی بۆ ئازادی وەکار خست

پرسیار: با لەم هەلە کەڵک وەرگرم و لە سەر چەند مەسەلەیەکیتر چەند پرسیارێکیت لێبکەم. چەند مانگێک بە سەر کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا تێدەپەرێت، ئەو ریفۆرمانەی کە لە کۆنگرەدا بڕیاریان لەسەر درابوو تا چەند جێبەجێکراون؟

**وەڵام:** ئەو ریفۆرمانەی کە باسکراون و لە کۆنگرە دا بریاری جێبەجێ کردنیان دراوە بەشیکیان لە جەرەیانی کاری یەک ساڵ و نیوەی ئەو حیزبە دا کەم و زۆر پیادە کراون و خەریکی تەمرین کردنیانن وەک: ئازادی رادەربرین و کۆبوونەوەی بە ئاشکرا بۆ دەربرینی بیری جیاواز، وەک سەراحەت لە دەربرینی رەخنە لە خۆ، وەک گرینگی دان بە پتەو کردنی ریزی خەباتکارانی ریی کوردایەتی و زۆر شتی دیکەش. بەشێکیان پیویستان بە زەمان هەیە کە دەبێ دەگەڵ وەزعی مەوجوود تەتبیق بدرێن کە وا دیارە ئێستا کاریان لەسەر دەکرێ. بە راشکاوی دەبێ بڵێم ئەگەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بیەوێ گەمە بە وشەکان بکا و ئاڵ و گۆری رووکەشی ئەنجام بدا، ئەو خەڵکەی چاوی تێ بریوە و هیوای پێیەتی لێی دەکشیتەوە. هەر بۆیە پێویسە بە جیددی خەریکی خۆ نوێ کردنەوە بێ و لەو پێناوە دا لە هیچ باکی نەبێ. هیوادارم هەمووومان گوێبیستی هەواڵی باش لەو پێوەندی یە دابین.

**پرسیار:** جەنابتان تا چەند باوەرتان بە یەکگرتنەوەی دووبەشەکەی حیزبی دێمۆکرات هەیە؟ پێتوایە کە یەکگرتنەوە دەتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە پێش دوو لەتبوونی حیزب لە گۆڕی دابوون؟

**وەڵام:** من کاتێک باوەرم بە دوولەتبوون نەبوو کە گوێ بیسم کەم بوو. ئەو مەسەلەیەم کە حیزبی دێمۆکرات پێویست نییە ببێتە دوو بە گوێی زۆر کەس هەڵێنا و نەزەری ئاشکرای خۆم گوت. ئێستا کە بە کردەوە دەگەڵ دوو حیزبی جیاوز بەرەو رووین و منیش سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانم، هیچ هەوڵیک بۆ یەکگرتنەوە نادەم. ئەوەی بۆیە ناڵێم کە باوەرم بە یەکیەتی کورد و خەباتەکی نەبێ نا. بە پێچەوانە لە بەر باوەری قووڵم بەو مەسەلەیە بۆیە باسی دەکەم. من وای بۆ دەچم بزووتنەوەی کورد یان دەبێ خاوەنی یەک حیزبی تاقانەی بەهێزی بە بڕشت بێ کە بۆ ئێستا وەک خەیاڵ دێتە بەر چاو، یان چەندین حیزبی جیاواز لە باری فیکری بەڵام یەکگرتووی بەکردەوە بێ. ئەوە زیاتر وەگ گەمەی منداڵان دەچێ کە چەند ساڵ هەوڵی لێک ترازانی ریزەکانی حیزب بدرێ دوایەش کە سەری گرت فەوری باسی یەکگرتنەوە بدەی! رەنگەی ئەوانەی باسی یەکگرتنەوە دەکەن شتێکی زیاتر لەمن بزانن ئەگینا سووژەی یەکگرتنەوە، واتە بوونەوە بە یەک حیزبی جاران پێم وانیە باسی رۆژ بێ. دیسان دەڵیم بەڵی بۆ یەکگرتن، نا بۆ یەکگرتنەوە (هەڵبەت لە فەزای ئەمرۆ دا).

**پرسیار:** جەنابت لە ماوەی پێشوودا وتارێکت بڵاو کردەوە لە ژێر سەردێری:" دیاردەیەک بە ناوی عەبداللە حەسەنزادە" کە تێیدا وەسفی ناوبراوت کردبووو، هەرلەم وتارەتدا بریارت دابوو کە باسی کەسایەتییەکانی تری ناو حیزبیش بکەی، بۆچی وەک کەسی یەکەم عەبدوڵا حەسەنزادەت هەڵبژارد بۆ باس کردن؟ ئایا ناوبراو


سەرچاوە
Serchawe

شیاوترین وموستەحەقترین کەس بوو یان نزیکایەتێکی تایبەتیت لە گەڵی هەیە؟

وەڵام: بەڵی راستە من بە نیشانەی ئەمەگناسی بەرانبەر بە خەبات و تێکۆشانی کەسایەتی یەکی مەیدانی خەباتی کوردایەتی وتاریکم لە ژێر ناوی "دیاردەیەک بە ناوی عبدالا حسن زادە لە ماڵپەری "بۆ رۆژهەلات دا بلاو کردەوە کە پێم وایە توانیومە تەنیا ئاماژە بە چەند گۆشەیەکی چووکی کەسایەتی ناوبراو بکەم. هەر لە وێش دا گوتوومە بە پیی توانا لەسەر کەسایەتی یەکانی دیکەش ئەو رەوتە درێژە دەدەم. من ویستوومە لەو وتارە دا مامۆستای ئاوا بناسێنم کە بۆخۆم دەیناسم و لەوەش زیاتر چاوەروانی ناکرێ مەگەر بە یارمەتیکۆری لێکۆڵەرەوان. بۆیە مامۆستام وەک یەکەم کەس هەڵبژارد چونە یەکەم، دوای کۆنگرەی ١٤ خۆی لە رێبەری کشاندەوە و رێگای بۆ کەسانی دیکە خۆش کرد. دووهەم چەند دیاردەیەکی نوێی هیناوەتە نیو سیاسەتی حیزب کە ئاماژەم پێ کرددون. سیهەم دەیناسم و خۆشم دەوێ.

پرسیار: هێندێک کەس دەڵێن وەسفی کەسانی زیندوو زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوە کە کەسەکە تووشی خۆ بەزلزانی بێت و هێندێک کەسیش دەڵێن کەسانی زیندوو داهاتوویان ڕوون نییە بۆیە باش نییە کە وەسفیان بکرێ، تۆ لەم بارەوە بۆچوونت چۆنە؟

وەڵام: ئەزقەزا کەسی باش هەر دەبێ بە زیندوویی رێزی لێ بگیرێ و هەتا ماوە لە کارنامەی کردەوەکانی خۆی ئاگادار بکرێ. ئێمە بۆ کەسانی خیلافکار دادگامان داناوە و بە پێی تاوانەکەیان سزایان بۆ دیاری دەکەین، بەڵام پێمان وایە ئینسانی خزمەتگوزار دەبێ لەو دنیا چاکەی خۆی وەرگرێ کە هیچ مەعلووم نیە وەری دەگرێ یان نا. پێم وایە ئەوە فەرهەنگی ولاتێکی پێشکەوتوو نیە کە پێی وابێ وەسفی ئینسانی زیندوو خراپەو لەخۆبایی دەکا. بە پێچەوانە پێم وایە دەبێتە هۆی هان دان بۆ کاری باشتر و بەکەڵکتر. پاشان رێبەرانی خەباتی کورد ئەگەر لە کاتی مانیان دا هەڵنەسەنگێندرێن و باسی چاکە و خراپەیان نەکرێ ئەدی کەی؟ وەسف یان زەم بۆ کارێکی کردەیە و داهاتووی ئەو ئینسانە چۆن دەبێ ئەو داهاتوو قەزاوەتی لەسەر دەکا.

پرسیار: داهاتووی جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بێ پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**وەڵام:** بەرە خۆی لە خۆی دا ناتوانێ داهاتووی بزووتنەوە دەستە بەر بکا بە بێ بەرنامەیەکی روونی گونجاو. هێزە سیاسی یەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەر لەوەی بەرە پێک بێنن پێویستە خۆیان ئیسلاح و خاوێن کەنەوە و بە بیرییکی بە هێزی کوردانە دەگەڵ یەک پێک بێن. ئەگەر پێک هێنانی بەرە بۆ ئەوەیە شەرە بەشی لەسەر بکرێ و هەر لایەنەی لە ژێرەوە خەریکی فرت و فێڵ لەوی دیکە بێ، نەبوونی زۆر باشترە. ئەوکات وەک حیزبی دێمۆکراتی پێش لەت بوونی لێ دێ کە ئەوەش ئاواتی هیچ دڵسۆزێک نیە. پێکهێنانی بەرە دەبێ ویستی خەڵک و زەروورەتی خەبات و بریاری لایەنەکانی دەگەڵ بێ دەنا سەرناگرێ. پێم وابێ خەڵک خوازیاریەتی. وەزعی ئەمڕۆی خەباتیش کە هەموومان دەزانین چۆنە. ماوەتەوە بریاری لایەنەکان کە ئەوەیان ئیدی بۆ خۆیان دەزانن. رەنگە راوەستابن خاتوو مادلاینی ئەمریکایی ببێتەوە وەزیری دەرەوە و لە دەفتەرەکەی خۆی لێکیان کۆ کاتەوە. هیوادارم کار بەو جێگایە نەکێشرێ.

**پرسیار:** تا لە بیرم نەچۆتەوە تۆ لە سەرەتای وتووێژەکەدا باسی "زەجری زەمانە" و "خەفەت" و "لە دەستچوونی ڕفیقەکان"ت کرد مەبەستت چی بوو؟

**وەڵام:** جا برا کورد ماوە وەبەر شالاوی دوژمن نەکەوتبێ؟ من هەر بە بنەماڵە بەدەست ئەو رێژیمەوە جەفامان زۆر دیوە. برای گەورەترم لە کۆشتاری بە کۆمەڵ دا زۆر بێ بەزەییانە گیانی لێ ئەستێندرا. کچیکی هەر ئەو برایەم وەبەر گولله تۆپی رێژیم کەوت و جوانەمەرگ بوو. برازایەکی دیکەم لە ریزی پێشمەرگەدا گیانی فیدا کرد. چەند ئامۆزا و خاڵۆزاو و پوورزام رەگەڵ کاروانی شەهیدان کەوتوون. دوای تەنیا دوو مانگ زەماوەند هاوسەرەکەم بە سەختی بریندار کرا کە بۆ ماوەی چەند ساڵ گولله لەسەر مۆرەی پشتی گیری کرد. بۆ خۆشم کە نەدەبوو بمێنم لە پەلامارێکی سامناکی تیرۆریستی دا گیانم رزگاری بوو، بەلام چ رزگار بوونێک. ئێستاش دوای ١٧ ساڵ هەروا خەریکی چارەسەرکردنی برینم. رووداوەکە وا بزانم خەزەڵوەری ١٩٩١ بوو کە باشووری کوردستان رووی ئازادی بە خۆیەوە دیت. لەو سەر و بەندە دا رێژیمی مەلاکان رمبازێنی دەکرد و بە تەواوی ئەسپی خۆی لینگ دەدا. رۆژ نەبوو دەستەی تیرۆریستی نەنێری و مین و بۆمبمان بۆ دانەنێتەوە. رۆژێک کە وەک هەمیشە ئێمە ژمارەیەک کادر و ئەندامانی رێبەری بۆ کاری رۆژانەی حیزبی لە گوندی "ئێندزێ"را دەچووینە "بۆڵێ" و سواری مینی بووسێک ببووین کە سەرجەم ٢٦ کەس بووین، لە نیوەی رێگایە تووشی تەقینەوەیەکی بەهێز بووین. دوژمن کە دەیزانی ئەو رێگایە مەسیری هاتوو چوی بەیانی و ئێوارەمانە، بۆمبێکی بەهێزی لە پشتی نیسانێکی بارهەڵگر دا جێسازی کردبوو. دەوری بۆمبەکەشی پر کردبوو لە بۆشکەی بەنزین بۆ ئەوەی چاک گر بگرێ. ماشینەکە لە قەراغ جادە راگیرابوو بە



سەرچاوە
Serchawe

رواڵـەت وای دەنواند تـایـەی پەنچـەر بـوە. دوو کـوردی پیـاو چـاکی بەخۆفرۆشی فێـریش بـە ریمـۆت کۆنترۆڵێکەوە لەسەر لووتکەی کێوێکی رووبەروو داندرابوون بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست دا دوگمـەی کۆنترۆڵەکە داگرن و گیـانی ٢٦ کەس وەرگرن. هەر واشیان کرد. بەر لەوەی ماشێنەکەی ئێمە بگاتـە ماشێنە پـارک کراوەکە هـەر ئەوەنـدەمان زانی دەنگێکی بەسام و ئیتر هیچ. مینی بووس بەتەواوی ئاگری گرت. ٣ شەهید و ٢٣ بریندار ئاکامی ئەو هێرشـە بوو. ئەو رووداوە ئەگەر لە وڵاتێکی دیکە رووی دابا دنیـای دادەگـرت و بـۆ بـاسی مەسـەلەکە لـە کـۆڵ برینـدارەکان نەدەبوونەوە. کە چی لە وێ نەک هەر لە دەرەوەی حیزب دەنگی نەدایەوە لە نێو حیزبیش زۆر زوو لەبیر کرا. نەک هەر دەنگدانەوە، بگرە لە بواری ئینسانیشەوە هەر وەپشت گوێ خراین. من بـۆ خۆمکـە ماوەیـەکی زۆر بـە برینـەوە دەمناڵاند و توانای کارم نەبوو بە داخەوە لە هاوکاری یەکی ئینسانی ئەوتۆ بەهرەمەند نەبووم. ئـەو خەمـە هـەر لەسەر من بار نیە و دەزانم برینداری دیکەش هەر وا بوون. ئێستاش کە ئێستایە کـەس نـە حیزبـی و نـە غـەیری حیزبی جارێک لەسەر ئەو کارەساتەی نەنووسی و قووڵیی ئەو جینایەتەی نەخستە روو. ئێستا کە جەنابت وەبیرت هێنامەوە تەنانەت رۆژ و مانگەکەشی نازانم. کە دەڵێم خەزەڵوەر دڵنیـا نیم. هیـوادارم کەسێک وەبیـرم بێنێتـەوە. سوپاسی تۆش کە ئاورت لێ دایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێنێسانس - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠٠٨

---------------------------------------------

# پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کورد و دوکتۆر قاسملوو.

پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و تێکۆشان لەپێناوی دەستەبەرکردنی قازانجە هاوبەشەکانی نەتەوەی دابەشکراوی کورددا وێڕای ئەوە کە لێکدانەوەی جۆراوجۆری لەسەرە،لەهەمانکاتدا کارێکی چەتوون و پڕدەردیسەریشە. ئەگەر مەبەست لە بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد هەوڵدان بۆ وەسەریەکخستنەوەی هەموو پارچە لێکدابڕاوەکان و دروستکردنەوەی وڵاتی سەربەخۆی کوردان بێ،بەداخەوە هەتا ئێستا نە هیچ لایەنێکی سیاسی و نە هیچ کەسایەتی‌یەکی خاوەننفووزی کورد بە کردەوە خۆی لە قەرەی نەداوە. ئەگەر لێرولەوێ بینیومانە،یان بیستوومانە هێندێک دروشمی جوانی خەڵکپەسند بەرز کراونەتەوە و ترووسکەی هیوایەکیان لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا دروست کردوە، ئەوە قەت لە مەیدانی کردەوەدا خۆی نەنواندوە و تەنانەت دروشمەکانیش پاش قەدەرزەمانێک کاڵ و کاڵتر بوونەوە، هەتا وای لێهاتوە بە فەرامۆشی سپێردراون. هۆ یان هۆیەکانی هەوڵنەدانی بە کردەوە لەو بوارەدا هەرچی بێ مەبەستی جێی باسی ئەم نووسینە نیە. بەڵام بێتو مەبەست لە پاراستنی قازانجە گشتی‌یەکانی کورد هەوڵدان بۆ کاری هاوبەش لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو و جێی پەسنددا بێ، ئەوە دەکرێ دوکتۆر قاسملووی وەک یەکێک لە شێلگیرترین تێکۆشەرانی ئەو ڕێگایە بە حیساب بێنین. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بۆ ڕێزگرتن لە یادی ٢٠ساڵەی شەهیدبوونی دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو، هەوڵە بێوچانەکانی ناوبراو لەو پێناوەدا بێنمە بەرباس.

دەکرێ هەوڵەکانی دوکتۆر قاسملوو لە پێناو پاراستنی قازانجە گشتی‌یەکانی بزووتنەوەی کورددا لە سێ بواری جیاوازدا لێک بدەینەوە کە ئەمانەن:

١- نووسین و وتاری زارەکی(شفاهی)
٢- دیپلۆماسیی دەرەکی و نێوخۆیی.
٣- مەیدانی خەباتی بەکردەوە .

**یەکەم:** نووسین و وتاری زارەکی. دوکتۆر قاسملوو لە پێشەوەی ئەو رووناکبیر و تێکۆشەرانەی کوردە کە زۆر زوو

هەستیان بە گرنگیی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کورد کردوە و لەو بوارەدا قەڵەمیان گێڕاوە. ناوبراو هەر لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی ژیانی سیاسیی خۆیدا بە لێکدانەوەی وردی ڕەوتی گەشەی شعووری نەتەوایەتی پێی لەسەر ڕەوابوونی یەکگرتنەوەی کوردستان داگرتوە و بە هەموو لایەکی نیشان داوە کە کورد یەک نەتەوە و کوردستان یەک وڵاتە.. کتێبی "کوردستان و کورد" کە وەک نامەی دوکتۆرای نەمر قاسملوو بۆ یەکەمجار بە زمانی چێکی نووسراوە و لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینیدا بڵاو کراوەتەوە و دواتریش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی دیکە، ڕوانینی ئەو تێکۆشەرە بەرانبەر بەو مەسەلەیە بەروونی دەردەخا. دوکتۆر قاسملوو هەر چەند ئەو کتێبەی بۆ باسی پێوەندییە ئابووریەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاغایەتیدا نووسیوە، بەڵام لەگرنگیی مەسەلەی سیاسیی نەتەوەی کوردیش خافڵ نەبووە و هەربۆیە بەشیکی گرنگی کتێبەکەی بۆ ئەو باسە تەرخان کردوە. تێگەیشتنی ئەوکاتی ئەو تێکۆشەرە لە وەزعی گشتیی کورد و مەسەلە هاوبەشەکەی، دەربڕی هەڵسەنگاندنی زانستییانەی کێشەی نەتەوەی کورد بە پێوانەی ئەو کاتیە.".. هەمووی ئەوانە بوونە هۆی پێکهێنانی وەزعیکی زۆر تایبەتی. نەتەوەیەکی دابەشکراو دەبینین کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی خەبات دەکا و سنووری چەند دەوڵەتێک هێزەکانی لێک دابڕیوە و لە کاتی گرنگ و ناسکیشدا لەگەڵ هێزی یەکگرتووی ئەو دەوڵەتانە و تەنانەت هێندێ دەوڵەتی تریش بەرەوڕوو دەبێ".(کوردستان و کورد.ل ٢٧٨.کوردی). یان لە جێگایەکی دیکەدا نووسیویەتی: "کەوابوو جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بەهیچ جۆر بە مانای لێکدابڕان نیە و بەپێچەوانە، پاش ئەو سەربەخۆییە هەلومەرجی پێویست بۆ پێکهێنانی یەکیەتی لە نێوان هەموو دەوڵەتەکانی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێکدێ کە دەکرێ بە شێوەی فیدڕاسیۆن بێ".(هەمان سەرچاوە.ل ٣١٢).بە گشتی خەمی نەتەوەیەکی مافپێشێلکراو بە جۆرێک مێشکی قاسملووی لاوی بە خۆیەوە مەشغووڵ کردبوو کە بە نووسسینی تێزی زانستگایی خۆی ویستبووی ڕەوابوونی ئەو مەسەلەیە بە گوێی خەڵکی دنیا بگەیەنێ. باسکردن لە مەسەلەیەکی ناسکی وەک سەربەخۆیی کورد لە کتێبی "کوردستان و کورد" دا، وەک شکڵگرتنی بیرکردنەوە قووڵەکانی ناوبراو خۆی دەرخست کە لەڕاستیدا جەوهەری باوەڕە نەتەوەییەکانی ئەوی نیشان دا. لە کتێبی "کوردستان و کورد" دا دوکتۆر قاسملوو بۆ یەکەمجار و بۆ هەمیشە دوو ئەسڵی خەبات هاوکات دێنێتە گۆڕێ کە دواتریش پێی وەفادار دەمێنێتەوە. ئەو دوو ئەسڵەش بریتین لە: خەبات بۆ ڕزگاریی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

دواتریش و لە هەموو ئەو کاتانەدا کە دوکتۆر قاسملوو لە ڕێگای نووسینەکانیەوە هاواری بۆ کورد کردوە و ویستوویەتی نیوەرۆکی خەباتەکەی شی بکاتەوە، قەت لەو ئەسڵە لای نەداوە و هیچ بەربەستێک ڕێگای دەربڕینی

ئەو راستی‌یەی لێ نەگرتوە. هەرچەند ئاشکرایە ناوبراو بەکردەوە لە بەشێکی کوردستاندا خەباتی کردوە و هەموو هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بەلانی کەمی ماف و داخوازەکانی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان وەگەڕ خستوە، بەڵام هەر کات پێویست بووبێ ئاوڕی لە کێشەی هاوبەشی هەموو کورد داوەتەوە. لەبەر ئەوە کە دوکتۆر قاسملوو دەیەویست لە ڕێگای سیاسی‌یەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە گونجاوترین ڕێگای مومکین بە ئاواتەکانی بگا، لە نووسینەکانی‌دا بەدایم هەلومەرجی لەبەر چاو گرتوە و قەت توندڕۆیی نیشان نەداوە. نێوەرۆکی وتارە چاپکراوەکانی، وتووێژە رادیۆیی و چاپەمەنی‌یەکانی، کۆنفرانسە خەبەری‌یەکانی،دەربڕینە رەسمی و دیپلۆماسی‌یەکانی و بەگشتی ئەوەی پێی دەگوترێ دەڵانی(تراوش) بیروبۆچوونەکانی قاسملوو، هەمووی باس لە پێویستیی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ گەیشتنی کورد بە ئازادی دەکەن. دیارە نووسینی ڕێبەری حیزبێکی سیاسیی بەرپرس ناتوانێ وەک نووسینی ڕووناکبیرێکی دەستئاواڵە باسی گیروگرفتەکانی کورد بکا. بەو حاڵەش هەرکەس نووسراوەکانی شەهید قاسملوو بخوێنێتەوە دەتوانێ پەی بەجەوهەری بۆچوونی ناوبراو لەو پێوەندی‌یەدا بەرێ.

**دووهەم**: دیپلۆماسیی دەرەکی و نێوخۆیی. لەو بوارەدا کارنامەی دوکتۆر قاسملوو ئەوەندە بەرجەستەیە کە هەر بۆ ئافەرین دەبێ. ئێستا پاش تێپەڕینی بیست ساڵ بەسەر شەهیدبوونی‌دا و دوای ئەوەی هەزاران بابەتی لەسەر نووسراوە و قسەی زۆری لەسەر کراوە، ڕەنگە کەمکەس لە هەوڵی ئەو تێکۆشەرە بۆ ناساندنی مەسەلەی گشتیی کورد لە دەرەوە بێ ئاگا بێ. بەڵام بەداخەوە ئەوکات کە ناوبراو کەلێن و قوژبنی وڵاتانی ئورووپایی دەکرد بۆ ئەوەی دۆستێک بۆ کورد بدۆزێتەوە و لەسەر مافی کورد وەقسەی بێنێ، کەمکەس لێی بەئاگا بوو. گرنگ ئەوە بوو کە هەرچەند دوکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و بە مەئمووریەت لە لایەن ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەوە خۆی بێروبەوێ‌دا دەدا، بەڵام دەردی هەموو کوردی دێنایە بەرباس و دۆستی بۆ هەموو کورد پەیدا دەکرد. بنیاتی فرانس لیبرتێ بە سەرۆکایەتیی خانمی دانیال میتران یەک لەو ناوەندە یارمەتی‌دەرە فەرانسەیی‌یانەیە کە لە ڕێگای دوکتور قاسملووەوە خزمەتەکانی بەکورد دەست پێکرد و دواتر پەرەی پێدان. نفووزی شەهید قاسملوو لە نێو حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێمۆکراتەکانی ئورووپادا کارێکی وای کرد کە پێی کورد بۆ ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بکرێتەوە، بەچەشنیک کە هەتا هاتوە نەخشی کورد لەو تەشەکولە نێونەتەوەیی‌یە دا پەرەی پێدراوە. ناسیاویی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ چەندین لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووسی ئورووپایی، هاندەری وان بۆ هاتن بۆ کوردستان و ئاگادارکردنی بیرورای گشتی لەسەر وەزعی ئەم گەلە چەوساوەیە بووە. بەشێک لەو ڕۆژنامەنووسانە دواتر وەک دۆستی زۆر نزیکی کورد دیفاعیان لە مافە ڕەواکانی ئەم گەلە کردوە بە جۆرێک کە بەشێکیان ئێستاش هەر درێژە بەو کارە دەدەن. دوکتۆر قاسملوو چونکە لە هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی

خۆیدا بەرژەوەندییە گشتییەکانی کوردی لەبەر چاو بوو، قەت لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانیدا خۆی یان حیزبەکەی بەزیانی لایەنەکانی دیکەی کورد وەپێش نەدەدا. بەردەوامی و نەگۆڕیی بۆچوونی نەمر قاسملوو لەو پێوەندییەدا وای کرد کە ئەوە ببێتە نەریتی حیزبی قاسملوو لە دارشتنی پێوەندییە دۆستانەکانیدا. هەر بۆیەش بۆ وێنە پێوەندیی دوورودرێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەگەڵ حکوومەتی عیراق، قەت چووکترین زیانی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردەکانی باشوور نەگەیاند. بە گشتی بناخەی هەوڵە بەربڵاوەکانی شەهید قاسملوو لە چوارچێوەی تێکۆشانی دیپلۆماسیدا بەمجۆرە دارێژرابوو کە: بە بیرکردنەوەی سەربەخۆ، بە بڕیاری سەربەخۆ، دەگەڵ هەرکەس و لایەنێک کە پێویست بێ پێوەندی بگرە. لە هەموو پێوەندییەکاندا سنووری قسە و باس و بڕیارەکان بەجۆرێک دیاری بکە کە وێڕای ئاوەلاهێشتنەوەی مەیدانی خۆنواندن، قەت هێڵی سووری بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد نەبەزێ. لەو چوارچێوەیەدا ئەگەر چاو لە رابوردووی دوکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی بکەین دەتوانین دەرسی فیداکاریی لێ فێر بین. وەنەبێ ئەو تێکۆشەرە هەر لە پێوەندییە دەرەکییەکانیدا ئەسڵی پیرۆزی بەرژەوەندیی گشتیی کوردی لەبەرچاو گرتبێ، بەڵکوو پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ هەموو رێکخراو و کەسایەتییە کورد و ئێرانییەکانیش هەر بە پێی ئەو معیارە دادەرێژرا. دوکتۆر قاسملوو ئەگەر دەگەڵ لایەنێکی کوردی دادەنیشت مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی شەخسی یان حیزبی نەبوو. بە پێچەوانە هەمیشە ئامادە بوو ئیمتیاز بدا بەشەرتێک کاردروستایی بۆ مەسەلەی کورد بەگشتی بکرێ. ئەو کە سیاسەتمەدارێکی وشیار و دیپلۆماتێکی کارامە بوو دەیزانی رایەڵوپۆی پێوەندییەکان چۆن بەیەکەوە گرێ بدا بە جۆرێک کە وێڕای پاراستنی ئەسڵی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، خەباتی هەر پارچەیەکی کوردستانیش پەکی نەکەوێ.

**سێهەم**: مەیدانی خەباتی بەکردەوە. مەیدانی بەکردەوەی خەبات بۆ دوکتۆر قاسملوو چوارچێوەی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هەر چەند بوعدی بیر و روانینی ئەو نەمرە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا مەیدانێکی زۆر بەرینتر لە حیزبایەتی داگیر کردبوو، بەوحاڵەش تێکۆشان لە ریزەکانی ئەم حیزبەدا بۆ وی مایەی شانازی بوو. ناوبراو کاتێک رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گرت کە حیزب بەدەست رێبەرایەتییەکی ناکارا و بێ پلان و هیوا دەیناڵاند. حیزبی دێموکراتی پێش رێبەرایەتیی قاسملوو- دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان- نە خاوەنی بەرنامەیەکی روون و دیار بوو، نە لە تەشکیلاتێکی کارا و یەکگرتوو بەهرەمەند بوو. بەوانەشەوە، تووشی ترازان لە خەتی سەربەخۆیی و لادان لە پرەنسیپی حیزبایەتی ببوو. هەوڵەکانی شەهید قاسملوو بە هاوکاریی دۆستانی نزیکی، بوون بەهۆی ئەوە کە بەرنامەو پێڕەوی سەردەمییانە بۆ حیزب گەڵاڵە بکرێ، ئوسوولی دروستی حیزبایەتی جێگای سەرەڕۆیی بگرێتەوە، خەتی سەربەخۆبڕیاردان جێگیر بکرێ،رێکوپێکی و ئوسوولی تەشکیلاتی لەبەرچاو



سەرچاوە
Serchawe

بگیرێ، ئەندامانی حیزب دەگەڵ ماف و ئەرکەکانیان ئاشنا بکرێن و بە گشتی ئەو کەرەسانەی بۆ بەڕێوەبردنی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێر لازمن فەراهەم بکرێن.

حیزبی تازەزیندووبۆوەی ژێر ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو دەبوایە وێڕای نەزمدان بە پێوەندییە نێوخۆییەکان و هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی ئوسوولی حیزبایەتیی مودێرن، تاکتیک و ستراتێژیی خەبات و تێکۆشانیشی دیاری کردبایە. بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی تایبەتیی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چووکترین هەڵە لە دارشتنی ستراتێژیی نەتەوەییدا دەیتوانی زەبری قەرەبوونەکراو لە ویجهە و ئیعتیباری ئەو حیزبە بوەشێنێ. یەکێک لە خاڵە هەرە ناسک و گرنگەکانی پێوەندیدار بەو ستراتێژییە، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوایەتی بوو بە بێ‌ئەوەی وڵاتانی دەوروبەری دژ بەکورد بهاروژێنێ. دارشتنی سیاسەتێکی ئاوا لە هەلومەرجی حاستەمی ئەوکاتدا بە بێ بوونی کەسایەتییەکی وەک دوکتۆر قاسملوو زۆر زەحمەت بوو. ناوبراو کە زۆر زووتر و لەدەورانی خوێندنی لە ئورووپادا خۆی بە چەکی بیروباوەڕی نەتەوەیی تەیار کردبوو، بڕیاری پەسندکردنی ئەو خاڵەی وەک "ئەسڵێکی نەگۆڕ" لە سیاسەتی داهاتووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا جێگیر کرد. واتە حیزبی دێمۆکراتی ژێر ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو بڕیاری دا و بەرنامەشی بۆ دارشت کە وێڕای کاری بەردەوام لە چوارچێوەی کوردستانی ژێردەستی ئێران و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان، بە هیچ پاساو و بیانوویەک و لەژێر کاریگەریی هیچ هێز و لایەنێکی دەرەکیدا،دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد هەنگاو نەنێ و پلان دانەڕێژێ. ئەوە هەرچەند بە زەقی لە نێو بەرنامەی حیزبدا خۆی دەرنەخست، بەڵام چونکە لە باوەڕێکی قووڵەوە سەرچاوەی گرتبوو زۆر زوو بوو بە فەرهەنگ و ئیتر تەشکیلات و بەدەنەی حیزب لەسەر قەوارەی ئامووزشی ئەو هێڵە خۆی قایم کرد. خەتێک کە هەم بۆ حیزبی دێمۆکرات شانازیی بەدواوە بوو،هەم هەتا ڕادەیەکیش لەسەر دامەزرانی پێوەندییە دۆستانەکانی لایەنە سیاسییەکانی کورد شوێنی دانا. شانازیی ئەو ئیدە و ڕێبازە دروست و نەتەوەیییەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش دەپێشدا بۆ بیری تیژی دوکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە کە سەرەتایەکی باشی بۆ داهاتوویەکی روون دەست پێکرد. هەر وەک ساڵەکانی دواتری تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات و تەنانەت دوو دەیە دوای شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرە مەزنەش دەریخست، حیزبی قاسملوو لەو ئەسڵە پیرۆزە لای نەداوە و هەروا بۆ پاراستنی قازانجە هاوبەشەکانی کورد ئامادەیە لەخۆی مایە دانێ. بەوەش نەک لە تواناو و حورمەتی کەم نەبۆتەوە بەڵکوو بۆتە ئۆلگووی ئەو ڕێبازە.

ئەوانەی فەرمانی شەهیدکردنی قاسملوویان دەرکرد لە ڕادەی نفووزی مەعنەویی ئەو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی



سەرچاوە Serchawe

کوردستان باش ئاگادار بوون. ئەگەر بەشێک لە خۆشەویستیی قاسملوو بۆ خەباتگێڕیی ئەو، بۆ زانایی ئەو، بۆ دووربینیی ئەو، بۆ دیپلۆماتبوونی ئەو، بۆ خەڵکیبوونی ئەو و بۆ کارامەیی ئەو دەگەڕێتەوە، بێگومان بەشێکی بەرچاویشی هەڵقوڵاوی پابەندبوونی ناوبراو بە ئەسڵی "پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوایەتی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانە". ئەسڵێک کە قاسملوو کردیە چرای ڕێگای تێکۆشانی و هەتا ما پێی وەفادار مایەوە.

سەرچاوە: لە ژمارە ٥١٤ ی "ڕۆژنامەی کوردستان"،(١٣ی ژووئیەی ٢٠٠٩) تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٩

----------------------------------------------------

## ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوو،ڕێز لە خەباتی نەتەوایەتیمانە.

" گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادی‌یەش بدا"

ئەوە قسەی دوکتور قاسملوویە کە هەم ئازادیی دەویست و هەم نرخی گرانیشی بۆ دا.ئەو لە پێناو ئازادیی نەتەوەکەیدا گیانی بەخشی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٣ی جووڵای ١٩٨٩ی زایینی(ڕێک ٢٠ ساڵ لەوە پێش) لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئۆتریش(نەمسا) جینایەتێکی سامناک رووی دا. جینایەتەکە هەر بۆیە سامناک نەبوو چونکە کۆتایی بە ژیانی سێ کەسایەتیی کورد هێنا، بەڵکوو سامناک بوو چونکە وێڕای ئەوە کە یەکێک لەو سێ شەهیدە کەسایەتی‌یەکی بەرزی مەیدانی خەبات و سیمایەکی ناسراوی جیهانی بوو،لە هەمانکاتدا جینایەتەکە بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە و بەدوور لە هەر پرەنسیپێکی ئەخلاقی بەڕێوە چوو. بکوژانی دوکتور قاسملوو،سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و عەبدوڵڵا قادری، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ کوردی دانیشتووی ئۆتریش، لە کاتێکدا دەستیان بۆ چەک برد و خوێنی ئەو ڕۆڵە کوردانەیان ڕشت کە بە ناوی وتووێژ بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ مەسەلەی کورد، لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون. ڕێژیمی ئاخوندی بەو کارەی جارێکی دیکە سەلماندی کە لە دژایەتی دەگەڵ ڕەوتی بزووتنەوەی کوردستاندا هیچ سنوورێک ناناسێ و لە هیچ یاسایەک پێڕەوی ناکا.

بە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد بەگشتی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەتایبەتی کە قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، تووشی خەسارێکی قورس هاتن. چونکە هەرلەجێدا ناوبراو وەک بیرمەندێکی بە تواناو سیاسەتوانێکی کارامە، بەجۆرێک ڕەوتی خەباتی هیدایەت دەکرد کە دوژمنی لە سەرکەوتن بەسەر بزووتنەوەدا ناهومێد کردبوو. هەرچەند قاتڵانی شەهیدانی ڤییەن بە بێسزا مانەوە و پەلاماردەرانی مافی کورد لە درێژەدان بە پەلامارە تیرۆریستی‌یەکانیان جەسوورتر بوون، بەڵام خوێنی بەناحەقڕژاوی ئەو شەهیدانە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بۆ درێژەدان بە خەبات سوورتر کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا کە ٢٠ ساڵ تێدەپەڕێ، دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە شێوەی جۆراوجۆر یادی ئەو کارەساتە دەکەنەوە و لەو



سەرچاوە
Serchawe

ڕێگایەشەوە ڕێز لە خەبات و فیداکاریی قاسملووی شەهید دەگرن کە خۆی فیدای ئازادیی کوردستان کرد.

دەکرێ دوکتور قاسملوو لە ڕوانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگێندرێ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات و بیر و بۆچوونەکانی بێنە بەر باس. ئەوانەی لە نیزیکەوە ناسیویانە بە جۆریک لەسەری دەدوێن، ئەوانەی ئاشنای نووسراوکانی ئەون لایەنێکی دیکەی کەسایەتیی ئەو باس دەکەن، ئەوانەش کە لە ڕەوتی خەباتدا و لە نوختەی بەرانبەرەوە دەگەڵی ڕووبەڕوو بوون بە جۆریکی دیکەی هەڵدەسەنگێنن. تەنانەت لێکۆڵەرەوانی دنیای دەرەوەش، ئەوانە کە وەدوای مەسەلەی کورد دەکەون لە ڕوانگەیەکی دیکەوە باسی دەکەن. هەمووی ئەوانەش نیشانەی ڕۆڵی گرنگی ئەو زاتە گەورەیە لە سەر ڕەوتی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئازادیخوازین. دوکتۆر قاسملوو سالانێکی زۆر لە مەیدانی خەباتدا حزووری بەرچاوی هەبوو، سەرکردایەتیی حیزبێکی گرنگی کوردستانی دەکرد، بەردەوام دەگەڵ بزووتنەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پێوەندیدا بوو، لە دنیای دەرەوە هەم ناسرابوو هەم ناسیاویی زۆری هەبوو، تەنانەت لە نێو ڕووناکبیرانی نەتەوەکانی دەوروبەریشدا وای خۆنیشان دابوو کە نەدەکرا حیسابی بۆ نەکەن. دەگەڵ هەمووی ئەوانەش شێوەی شەهیدبوونەکەی و ساتوسەودایەک کە لەسەر خوێنی ئەو کرا هەڵدەگرێ زۆر لەوانەی زیاتر لەسەر بنووسرێ و بگوترێ. ئەگەر بۆ خەڵکی ناحیزبی ڕەوایە کە لە ڕوانگەی خۆیانەوە باس لە سەر ئەو شەهیدە بکەن، بۆ منی حیزبییش ناڕەوا نیە کە لە چاوی خۆمەوە سەیری کارنامەی دوکتوری ڕێبەر بکەم و لە باوەڕی خۆمەوە هەڵیسەنگێنم. منی ئەندامی حیزب کە دوکتۆر قاسملووم لە نزیکەوە دەناسی و تەنانەت لە قۆناغێکدا شانازیی کەڵکوەرگرتن لە ڕێنوێنییەکانیشیم بەنسیب بوو، وای تێدەگەم کە ئەو دەیەویست حیزب بە بیری نوێ و هەڵوێستی نوێ چەکدار بکا. ئەگەر سەیری نووسراوە و قسەکانی دوکتۆر بکەی بۆت دەردەکەوی کە چەندە لە دەمارگرژی و بەرچاوتەنگی و خۆبەزلزانی بێزار بوو. ئەو لە ماوەی ڕێبەرایەتیکردنی حیزبدا هەوڵی دا قۆناغ بە قۆناغ و پێبەپێ ستانداردە مودێرنەکانی حیزبایەتی لە کوردستان دابەزێنێ. هەرچەند هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستان کە کەوتبووە بەر پەلاماری دڕندانەی دوژمنی داگیرکەر ئەو مەجالەی نەڕەخساند کە کاک دوکتور بەو ئامانجەی بگا، بەڵام نیەتی پاکی شەهید سەبارەت بەو مەسەلەیە لە هەموو هەڵسوکەوتیڕا دیار بوو.

دوکتۆر قاسملوو لە چەند قۆناغی ژیانی سیاسیی خۆیدا بە دژی ڕەسمی باو هەڵوێستی گرت و بەمجۆرە ویستی ئەوراستیە بسەلمێنێ کە هەوڵدان بۆ گۆڕینی یاسای کۆنەپەرستانە، ئازایەتیی شۆرشگێرانەی دەوێ. لە ڕاستیدا ئەو مەلەوانێک بوو کە بە پێچەوانەی ڕەوتی چۆم مەلەی دەکرد و خۆی بە شەپۆلەکان نەدەسپارد. با بەیەکەوە سەیری چەند وێنەیەک بکەین:

- کاتێک لە وڵاتی فەرانسە خوێندکاری زانستگا بوو لە کۆبوونەوەیەکی خوێندکاراندا بە دژی شای ئێران قسەی کرد و لە ئاکامدا خوێندکارەکان نامەیەکی نارەزایەتی‌یان بۆ شا نارد. ئەو کارە بوو بە هۆی فشاری باڵوێزی ئێران لە پاریس و تەنەنەت دەوڵەتی فەرانسە بۆ سەر ناوبراو کە سەرئەنجام ناچار بوو ئەو وڵاتە جێ بهێڵێ.

※ ساڵی ١٩٦٨ کاتێک لە پراگی پێتەختی چێکۆسلۆواکی خەریکی وانەگوتنەوە لە زانستگا بوو، بە دژی هێرشی سوپای سۆڤیەتی جاران بۆ سەر حەرەکەتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئەو وڵاتە هەڵوێستی توندی گرت و لە ئاکامدا لەو وڵاتە دەرکرا.

※ دوای رووخانی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات تووشی قەیرانی سەرکردایەتی هات و لە چوارچێوەی دێمۆکراتیکی خۆی ترازا. دوای کۆنگرەی ٣ی حیزب کە دوکتۆر قاسملوو رێبەرایەتیی وەئەستۆ گرت، لە هەوڵێکی تەواو نوێدا و بە هاوکاری دۆستانی نیزیکی، دەستی بە نوێکردنەوەی حیزب کرد. هەوڵی دوکتۆر لەو بوارەدا ئاکامەکەی بوو بەوە کە حیزبێکی دێمۆکراتی وا دروست بێ کە دنیای دەوروبەر قبووڵی بکا و رێزی لێ بگرێ. لەڕاستیدا قاسملووی نەمر بە گیانوەبەرهێنانەوە و نوێکردنەوەی ئەوکاتی حیزب خزمەتێکی گەورەی بە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کرد.

※ لە هەلومەرجێکدا کە زۆربەی رێبەرانی بزووتنەوە رزگاریخوازیەکانی جیهان و رۆژهەلاتی نێوەراست چاویان لە لوتف و مەرحەمەتی یەکیەتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی بوو و سەرکەوتنی خۆیان لەهاوکاریی ئەواندا دەدیت، دوکتۆر قاسملوو بە بڵاوکردنەوەی "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم" مەشرووعییەتی "سۆسیالیزمی مەوجوود"ی هێنایە ژێر پرسیار و بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد، پێویستیی گۆرانکاری لە بۆچوونی زاڵ بەسەر رووناکبیرانی کوردستانیدا روون کردەوە. هەر چەند کاتی خۆی نووسەری کورتەباس لۆمە و تەشەری زۆری بۆ باری، بەڵام تێپەرینی رۆژگار دروستیی بۆچوونەکەی سەلماند کە ئەوەش خزمەتێکی گەورە بوو بە بزووتنەوەی کوردستان.

※ دوکتور قاسملوو رەنگە یەکەم سەرکردەی کورد بێ کە بەکردەوە توانیویەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد بە جووڵانەوە رزگاریخوازیەکانی جیهانەوە گرێ بدا. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە کاناڵەکانی گەیشتن بە ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستی دۆزیەوە و کارێکی کرد حیزبی دێمۆکرات و دواتریش لایەنە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان لەو رێکخستنە گرنگە نێونەتەوەییەدا ببنە ئەندام. ئەگەر ئەمرۆ سیمای رێبەرانی کورد لە هۆڵی



سەرچاوە Serchawe

کۆبوونەوەکانی ئەنتیرناسیۆنال سۆسیالیستدا دەبینرێ،زۆر ڕەوایە ئەمەگناسیی خۆمان بەرانبەر بەو هەولە دڵسۆزانەیەی دوکتۆری شەهید نیشان بدەین.

* دوکتۆر قاسملوو چاک هەستی بەو ڕاستییە کردبوو کە بوونی دۆستانی باش و خاوەنهەڵوێست بۆ کورد گرنگییەکی تایبەتیی هەیە. هەربۆیە لەو بوارەشدا توانای سروشتیی خۆی وەگەڕ خست و لەبواری نێونەتەوەییدا دۆستانێکی وای بۆ گەلی کورد پەیدا کردن کە بەشێکیان ئێستاش خۆیان بە مەسەلەی کوردەوە ماندوو دەکەن. بێجێ نیە لێرەدا ناوی چەند کەسێک لەو کورددۆستانە بێنم کە ڕەنگە بۆ بەشێک لە بەشداران نەناسراو بن. خانمی دانیال میتران، کە بە دایکی کوردان ناسراوە، ئاغای کرێس کۆچیرا کە ماوەیەکی دوورودرێژە لەسەر مەسەلەی کورد بەجوابە و شت دەنووسێ، خانمی جۆیس بلوو کوردناسی بەناوبانگ، ئاغای جاناتان راندل کە ئێستاش بە تەمەنی زۆرەوە خۆی لە نێو کوردستاندا دەبینێ، ئاغای دوکتۆر کوشنێر کە بە قسە و کردەوە هەرچی لەدەستی هاتوە بۆ کوردی کردوە، خانمی هێلا ئیشلۆمبورگی ئەلمانی و هەروەها دادە نەسرینی خێزانی خۆی و دەیان کەسایەتیی خاوەنهەڵوێستی دیکە.

* دوکتۆر قاسملوو بە قووڵی باوەری بە چارەسەری هەمەلایەنەی کێشەی کورد هەبوو. ئەو قەت نەیدەشاردەوە کە کوردستان وڵاتێکە و کورد یەک نەتەوەیە. کتێبی کوردستان و کورد کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ لەوە پێش بە قەڵەمی ئەو تێکۆشەرە نووسراوە دروستیی ئەو قسەیە دەردەخا. نەکهەر لەو کتێبەدا، بەڵکوو بەکردەوەش باوەڕی خۆی بەو ڕاستییە سەلماند. هەر بۆ وێنە لە ماوەی پێوەندیی سیاسیی خۆیدا وەک سکرتیری حیزبی دێمۆکرات دەگەڵ حکوومەتی عێراق، قەت مەجالی ئەوەی بە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە نەدا بەدژی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد کەڵکی لێوەرگرن.

دەرخستنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە و زۆر ڕاستیی دیکەش کە دەربری کەسایەتیی بەرزی ناو براون، هیچ بەو مانایە نیە دوکتۆر قاسملوو لە ئاوی شەو بە پاکتر بزانین و بەدوور لە هەر هەڵە و کەموکوڕییەکی وەسف بکەین. زۆر سروشتی یە کە ئەویش وەک هەر مرۆڤێکی دیکە تووشی هەڵە و کەموکوڕی بوو بێ و لە حیساباتی سیاسیی خۆیدا دروستی عەمەل نەکردبێ و لە ئاکامدا هەوڵەکانی ئاکامی پێچەوانەیان لێکەوتبێتەوە. دوکتۆر قاسملوو خۆی دژی دروستکردنی بوت بوو، هەر بۆیە هیچ پێویستیی بەوە نیە کە وەک بوت چاوی لێ بکەین. زۆر بەجێیە لێکۆڵەرەوانی کورد بەوردی ژیان و کار و کردەوەکانی قاسملووی شەهید هەڵسەنگێنن و بە ئینسافەوە لێکی

بدەنەوە. ئێمە ئەگەر نەزانین خاڵە بە هێز و لاوازەکانی رێبەرانی شەهیدمان چین، ناتوانین بە باشی قەزاوەتیان لە سەر بکەین و لە ئاکامدا بە دەمارگرژییەوە باسیان دەکەین. ئینسانە مەزنەکان پێویستییان بە پێهەڵلاگوتن نیە و ئەوانەی عەوداڵی ئەوەن لە نیوەرۆکدا کەمییان هەیە. دوکتۆر قاسملوو زۆر لەوە گەورەترە لە رەخنە بترسێ.

پێم خۆشە باسەکەم بەوە کۆتایی بێنم کە:

**یەکەم**: دوکتۆرقاسملوو بە شەهیدی رێگای ئازادیی کوردستان بزانین و سوننەتی رێزگرتن لە شەهیدانیش فێری منداڵەکانمان بکەین.

**دووهەم**: ڕەچاوکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا کە داهێنەرەکەی لە کوردستان شەهید قاسملوویە، بەکردەوە بەرێوە بەرین. ئەو ڕەچاوکردنە بێگومان پرستیژی سیاسەتی کوردی دەباتە سەرێ.

**سێهەم**: زانایی دوکتۆر قاسملوو کە تایبەت بە بوارێک و دوو بوار نیە، وەک هاندەری خۆپێگەیاندنی نەوەی نوێ بگێرینەوە. کوردستان پێویستیی بە ئینسانی زانا هەیە بۆ ئەوەی رێگاکانی زووترگەیشتن بە ئازادی بدۆزنەوە.

**چوارەم**: دوکتور قاسملوو بە موڵکی تایبەتیی کەس نەزانین و خۆمانی پێوە رانەنێین. لەسەر حیسابی خوێنی ئەو خەبات نەکەین و هەوڵ بدەین لە ئامۆژگاریەکانی کەلک وەرگرین. کردەی هەر کەس دەربڕی نرخی ئەو کەسەیە.

**پێنجەم**: قاتڵی دوکتۆر قاسملوو کە رێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، وەک دوژمنی ماف و ئازادییەکانی خەلکی کوردستان سەیر بکەین و هەوڵ بدەین لە خەبات دژی ئەو دوژمنە و باقی داگیرکەرانی کوردستان خافڵ نەبین.

رێگای خەبات درێژ و پڕکارەساتە. بۆ ئەوەی ئەو رێگا سەختە بە چاکی ببڕین پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە. دەبا یەکگرتوو بین بۆ ئەوەی رووحی شەهید قاسملوو و هەموو شەهیدانی کوردستان لێمان رازی بن

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢ - ٢٠١٣

-----------------------------------

## کاتێک بەفر خوێن دەگری!

(١)

من "هەور"م دیوە بگری، چاویشم لەپێکەنینی "گوڵ" بووە. من "ئاسمان"م بە ڕەشپۆشی دیتوە و سەمای "گەڵا"شم چاو لێکردوە. من "دار"م دیوە هەڵ لەرزێ، "ڕووبار"م دیوە تووڕە بێ و "دەریا"شم لە شیرین خەودا تەماشا کردوە. من گوێم لەگۆرانیی "باران" ڕاگرتوە، هەستم بەسوژدە بردنی "دار" بۆ "زەوی" کردوە. من سرنجم داوەتە چاو داگرتنی "ئەستێرە" لەکچی "بەیان" و زیز بوونی "مانگ"یشم لە"ڕۆژ" تەماشا کردوە. من چاوم لەبە یەک گەیشتنی "هەرد" و "ئاسمان" لەسەر سینگی "دەریا" کردوە و لێک جیا کردنەوەی تراژیکیی دوو دڵداری ناسراو: "ڕەگ" و "خاک"م بەهەموو وجوودەوە هەست پێکردوە. من گوێم لە ناڵەی "شەو" ڕاگرتوە ڕاست لەو کاتەدا کە سوپای "ڕۆژ" دەوری داوە. من "بەفر"م لە کاتێک دا کە هەنیسکی دەدا و بەڕیز فرمێسکی دەڕشت، چاو پێکەوتوە. هەر بەڕاستی "بەفر"م دیوە "خوێن" بگری. چ وێنەیەکی جەرگبڕ!

سروشت بەدایم لە ئینسان تووڕەیە. لەڕادەی تێکدەرییەکانی، لەشەڕ و شووڕ و ئاژاوەکانی، لە ناعەداڵەتییەکانی، لەدرۆ و دەلەسەکانی، لەخەیانەت و جەنایەتەکانی، لەخۆ بەزۆر زانینەکانی، لەوێک هەڵنەکردنەکانی، لەدزی و فزییەکانی، لەڕوو هەڵماڵاوییەکانی. سروشت بەگشتی لەکردەوە نالەبارەکانی ئینسان کە یەکو دووش نین، زۆر تووڕەیە. سروشت ئەو تووڕە بوونەی خۆی بەشکڵی جۆراوجۆر دەردەبڕێ و بەردەوامیش دووپاتی دەکاتەوە. ئەو ساڵەی سروشت بڕیاری دا بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی لەخوێن ڕشتنی ئینسان کارێک بکا. کارەکەش ئەوە بوو کەهەر لەنێوەڕاستی پاییزێ‌ڕا فەڕشێکی سپیی ئەستووری لەسەر عەرز ڕاخستبوو بۆ ئەوەی دنیایەکی یەکڕەنگ پێشانی

بنیادەم بدا. لەهەموو ماوەی پاییزو زستانێ دا فەڕشی سپی بۆ جارێکێش هەڵنەگیرا و ئەگەر جارو بار، لێرو لەوێ پەڵەیەکی ڕەشی تێ دەکەوت، سروشت بە لێزانیی خۆی پینەی دەکردەوە و هەر بینا دەت دیت دنیا سەرتاپا سپی هەڵگەڕاوەتەوە. وادیار بوو ئەو ساڵەی سروشت بڕیاری دابوو دەرسێکی باش بدا بە ئینسان.

بەڵام نەسلی "بنیادەم" بێ کار دانەنیشت. لەکاتێکدا کە گۆی زەوی لەژێر ڕایەخی سپیی دەستکردی سروشت دا وێک هاتبوو، بیری "تیژ"ی؟! "ئینسان"؟! پەنای بۆ دژ کردەوەیەکی سەیر برد. نوێنەری "خودا" لەسەر "عەرز" بە ڕاوێژ دەگەڵ سەرتۆپەکانی دیکە، باشترین ڕێگای بەربەرەکانی دەگەڵ سروشتی لەوەدا دیتەوە کە بە"خوێن"ی هاوڕەگەزی خۆی سپیایی سەر هەرد بسڕێتەوە. ئەو ویستی دەرسێک بدا بەسروشت کەئیدی جارێکی دیکە بیر لەشتی وا نەکاتەوە. زانایانی بیرمەندی!؟ سەرتۆپ بەو ئاکامە گەیشتن کە خوێن دەتوانێ وا بەهەناوی بەفردا بچێتە خوار و لەنێوەوە گەرمی دابێنی کە مەجالی خۆڕاگرتنی لێ بستێنی. هەر بۆیە: ڕاوێژ کرا، پلان داڕێژرا، شوێن و کات دیاری کرا، وەسیلەی بەڕێوە بەردن دەست نیشان کرا و نامەی "دەستوور" مۆر کرا.

(٢)

## دایکم بۆی گێڕامەوە:

"...ئای کوڕم چیت بۆ بگێڕمەوە؟ خەمێکە سەر دڵمی گرتوە و بەهیچ شتێک هەڵناقەندرێ. ئەوە ڕۆژی نەهامەتیی کورد بوو. ئەوان (چەکداری دوژمن) هاتن، گرتیانن، بردیانن، کوشتیانن. ئەوان هاتن، وێگەڕان، ئەوەی وەبەر دەستیان کەوت گرتیان و کۆیان کردنەوە. لەوە نەفکرین کێ چکارەیە و چی کردوە. چاویان لەتەمەن نەکرد. ڕادەی باوەڕمەند بوون بە خودا و پێغەمبەر هیچ گرینگ نەبوو. ئەوان تەنیا کاریان بەژنان نەبوو، ئەوەی نێرینە بوو کۆیان کردنەوە. بەسەر بەفردا ڕایان کێشان، لێیان دان و جنێویان دانێ. کەس دەرنەچوو. ئەوەی پێشتر هەڵاتبوو، باش بوو دەرباز بوو. ئەوەی لەدێ مابۆوە هەمووی گیرا. پیر، منداڵ، ژندار و بێ ژن، ڕەحمیان بەکەس نەکرد. "کامیل" منداڵێکی ١٠ - ١٢ ساڵانە لەدەستیان هەڵات، خۆی دەماڵی ئێمە هاویشت و داوای پەنای کرد. خۆی خستە پشت من و ئارامی گرت. عەجەم خۆیان بەزۆوردا کرد و هەرچی پاڕامەوە فایدەی نەبوو. ئەویشیان گرتو بردیان. هەتا کامیل زیاتر هاواری بەرز دەبۆوە زیاتری وێ دەکەوت. "مەلا عەلی" ئەو پیاوە بەئیمان و خەڵک خۆشەویستە، دەپاڕایەوە و سوێندی دەدان. باسی خودا پەرستیو ڕەحم و شەفەقەتی بۆ دەکردن. ئەوان گاڵتەیان

بەو قسانە دەهات و ئەویشیان ڕاکێش کرد و بردیان. "عومبەر"ی کوڕم چونکە هیچی دەخۆی دا شک نەدەبرد و قەت ئازاری بە مێروولەش نەگەیاندبوو، وای دەزانی کاریان بە کاری ئەو نەداوە. هەر بۆیە هەڵ نەهات و وەبەر دەست کەوت. ئەویشیان ڕاکێش کرد و بردیان. "مەلا سمایل"، ئەو پیاوە نوورانی‌یە کە بەو دەنگە سیحراوییەی تەنیا یاسین خوێنی ئاوایی بوو، چەندی پاڕایەوە کە لەجیاتی "کامیل"ی کوڕی ئەوی بەرن، بەڵام فایدەی نەبوو هەر دووکیان بردن. "حاجی محەممەد"، بەو تەمەنە زۆرەوە دەرنەدەچوو، دەلەرزی و دەکەوت. ئەوەندیان ڕاکێش کرد بەفریان هەموو پێ تەخت کرد. ئای کوڕم چ ڕۆژێکی تاڵ و تاریک بوو!

پاسدار ئەم سەر و ئەو سەری دێیان گرتبوو، کەس نەیدەتوانی دەرباز بێ. کۆڵان بە کۆڵانو ماڵ بەماڵ دەگەڕان، ئەوەی دیتیانەوە. دوای لێدانو کوتانی زۆر، ڕاکێشیان کرد و لەو بەری ئاوایی هەموویان کۆ کردنەوە. لەسەر ئەو بەفرەی، بەو سەرمای زستانەی. ئی وا بوو لیباسی دڕا بوو، ئی وا بوو کەوشی بەجێ مابوو، بەو حاڵەش ئەوەندەیان ڕاگرتن هەتا هەموویان کۆکردنەوە. هەرچی ژن بوو هاتبوونە مەیدانو دەیان قیژاند و داوای باب و برا و کوڕ و مێردیان دەکردەوە. خۆڕنین و لەخۆ دانێک بوو مەپرسە، دەت گوت ڕۆژی حەشرە. هاوار و فغان، ناڵە و شین و گریان، پاڕانەوە و کڕووزانەوەی ژنان هیچی فایدەی نەبوو. ئەوان گوێیان بەهیچ نەدەبزووت. ئەوەی فکریان لێ دەکردەوە هەڵڕشتنی ڕق و قینی خۆیان بوو. ئەوان دژی کورد بوون و بۆ نابوودیی کورد هاتبوون. خەڵکیان بەلێدان و کوتان کۆ کردەوە، ڕیزیان کردن و وەک مێگەلە مەڕ وەپێش خۆیان دان. بردیانن و ئێمە نەمانزانی بۆ کوێیان دەبەن و چیان لێ دەکەن. بەڵام دڵمان ئاگای دەکرد ڕووداوێکی ناخۆش دەقەومێ. سەرتاپای ئاوایی خەمو گریان بوو. کەس هیوای بە هاتنەوەی ئەو خەڵکە نەبوو. هەموو دەمانزانی چ ڕوو دەدا، بەڵام دڵمان نەیدەویست باوڕ بکا. هەرچی بوو قەوما. بردیانن و بەشی زۆریان نەگەڕانەوە....".

(٣)

بۆ بە چۆک داهێنانی سروشت و لابردنی فەڕشی سپی لەسەر زەوی، نوێنەرانی دەسەڵات، بەشی ئەوەندەیان خەڵک کۆ کردبۆوە کەدڵی بەفری پێ کون بکەن. ئەوان لەپاکترین و دڵ سافترین و بێ زەرترین کەسەکانیان بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردبوو، چونکە دەیانزانی خوێنی گەرمی ئەوانە کاریگەرترە و باشتر بە هەناوی بەفردا دەچێتە خوارێ. منداڵی لە شیر پاکتر، مەلای بەدایم ڕوو لە خودا و قورئان بە دەست، حاجیی مەککە زیارەت کردووی تاڵی و سوێریی ژیان چێشتوو، شوانی هەردەم هاودەمی مەڕ و لەفێڵ و فەرتەنەی ئینسان بە دوور، وەرزێری

چەماوەی نێو کێڵگە و هاودەمی داس‌و جەنجەڕ و مەڵەغان، لاوی تازە ژن خواستووی بەئاوات نەگەیشتوو، کوڕی تازە پێ گەیوی هەزاران ئاوات لەدڵ دا مردوو و... هەمووی ئەوانە دەبوایە ببنە گەرم داهێنەری دڵی بەفر و دڵۆپ دڵۆپ بیتوێننەوە و بەنێو جۆگە و جۆباردا ڕەوانی بکەن و بیرژێننە نێو دەریاکان.

بەم جۆرە رۆژی جێژنی سەرکەوتن نزیک دەبۆوە و ئوبووهەتی ئینسان زیاتر دەردەکەوت. هەموویان لەسەر بەفر ڕیز کردبوون. ئەوانیان لەسێ گوندڕا کۆ کردبوونەوە. بەشی زۆری هی "قەرەگۆل" و ئەوانی دیکە ئی "سەرچنار" و "سەوزی" بوون. یەک لە یەکێ چارە ڕەشتر و بێ گوناحتر. هیچ یەک لەوانە قەت رۆژێک دەگژ دەسەڵات رۆ نەچووبوون و مەترسییان بۆ پێک نەهێنابوو. قەت دانەیەکیان دەفکری"سەربزێوی"!؟ دانەبوون و بیری هەڵگەڕانەوە خانەکانی مێشکی نەتەنیبوون. هەمووی خەڵکی ئاسایی و خەریکی ژیانی ڕۆژانەی خۆ بوون. هەمووی چەماوەی ژێر باری قورسی ژیان و دەست قەڵشیوی نێو پەرێز و شێوەرد و بەیار و بەراو و دێمە کار. هەمووی هاوڕێی خەم و دەرفکری پەیدا کردنی پاروە نانێک بۆ سبەینێی منداڵ. گشتی بێزار لەشەڕ و ئاشقی ئاشتی و پێکەوە ژیان. بەڵێ، هەمووی ئەو ئینسانە دڵ گەرم و هەناسە ساردانە، ئەو کوڵ کێشە کۆش بەتاڵانە، ئەو زەحمەتکێشە ڕەنج بەخەسارانە دەبوایە ببنە گەرم داهێنەری دڵی بەفر و وەڕێ خەری جۆگەلەی ڕەنگ سوورهەڵگەڕاو.

فەرشی سپی لەژێر پێی چەک بەدەستانی قین لەدڵ دا حەجمینی نەبوو. هەرچی خۆی وێک دێنا و دەیویست سپیایی وەک لۆکەی خۆی لەبەر چاوان جوانتر بنوێنێ، چەکمە و پۆتینی داپۆشراو بەقوڕ و چڵپاوی نێردراوانی دەسەڵات، زیاتر دەی پەستاوت و ڕەشی دادەگێرا.

هەموو بەڕیز کرابوون. گشتیان لەسەرمان و لەترسان وەک مێژووکە هەڵ دەلەرزین. ئی وا بوو ورەی بەرزتر و کەسی واش بوو حەجمینی نەبوو. یەک خەمی منداڵی بەجێ ماوی بوو. یەکی دیکە بۆ نوێ بووکی بەئاوات نەگەیشتوو بەداخ بوو. یەک خەمی دایک و باوک دڵی ڕێک دەگوشی و ئەوی دیکە چارەنووسی نادیاری ژنی بە تەنیا بەجێ ماو پشتی شکاندبوو. یەک بۆ ڕەنجی بەبادا چووی دەیان ساڵەی فرمێسکی دەڕشت و یەکی دیکە خەمی نەدیتنی خوشکو برای لێک دابڕاو بەربینگی پێ گرتبوو. هەموو دەفکری خۆ ڕزگار کردن دابوون جگە لە یەک کەس. ئەویش "مەلا سمایل" بوو. ئەو لەتاوی "کامیل"ی کوڕی خۆی لەبیر چوو بۆوە. تەنیا شتێک کە بیری لێ دەکردەوە یان پاراستنی ئەو لەمەرگ، یان نەدیتنی مەرگی ئەو بوو. ئەوە چڵەپۆپەی گەورەیی ئینسان بوو. دڵڕەقیی سوپای هێرش بەریش، نوێنگەی هیچ و پووچ بوونی ئینسان بوو. ئای چەند بەرزە ئاواتی ئینسان. وەی

چەند نزمە کردەوەی ئینسان.

تەقەیەک و لەشێک بە سەر بەفردا کەوتن. گرمەیەک و دڵێک لە لێدان خستن. ڕەگبارێک و چەند ئینسان بێ گیان کردن. ١...٢...٥...١٠...١٥...٢٠... هەر فەرمان بوو دەردەچوو، هەر ڕق بوو نیشان دەدرا، هەر ئاگر بوو لە لوولەی چەک دەهاتە دەر، هەر دڵ بوو کون دەکرا، هەر خوێن بوو دەڕژایە سەر بەفر و هەر بەفر بوو خوێنی دەخواردەوە و خوێن دەگریا. ئەو ڕۆژەی، ئاشی لەش هاڕین و خوێن وەڕێ خستن چاک دەگەڕا. بیری تیژی ئینسان بۆ بەچۆک داهێنانی سوپای بەفر لە پلانی خۆی دا سەرکەوت. هەرکە گەرمیی خوێنی ئاڵی ئەو لەشە دڵ پڕلە ئاواتانە دەگەیشتە سەر بەفر، بەفر بەخۆی نەبوو، دڵۆپ دڵۆپ دەتوایەوە و ئاگری دەگرت. بەفر لە شەرمی ئەوجی دڕندەیی و بێ بەزەیی ئینسان لەلایەک و لە خەمی بێ دەرەتانی و چارەڕەشیی ئینسان لە لایەکی دیکە، بەکوڵ دەگریا. هەر دڵۆپە خوێنێک کە لەدڵی گەرمی ئەو ئینسانە بێ دەرەتانانە دەڕژایە سەر بەفر، بەفر هەڵی دەلووشی و بە هەناوی خۆی دا دەیبردە خوار و دەگەڵ دنیای پاکی خۆی ئاشنای دەکرد. پاشان سووراییی خوێن، تنۆک تنۆک بە سیلەی چاوی بەفردا دەهاتە خوار و کە هەموو کۆ دەبوونەوە، ڕێچکەیەکی سوور و سپیی جوانیان دروست دەکرد. ڕێچکە هەر دەهات و گەورە و گەورەتر دەبوو تا وای لێ هات جۆبارێک ساز کرا، جۆبار بوو بەجۆگە و جۆگە بوو بە ڕووبار و ڕووباریش گەورە و گەورەتر بۆوە و سەرئەنجام خۆی لە نێو دڵە گەورەکەی دەریا دا دیتەوە. دەریاش باوەشی بۆ کردنەوە و هەموو پێکەوە بوون بە وەدی هێنەری ڕزقی گیان لەبەران.

"ڕووح"، بەرەو ئاسمان فڕین. "خوێن"، ڕێگای دەریایان گرتە بەر."لەش" بە قووڵایی خاک دا ڕۆچوون. دواتر ئاسمان و زەوی لەسەر سینگی دەریا یەکتریان ملاقات کرد و هەرسێک پێکەوە پەیمانی شەرمەزار کردنی ئەو جینایەتەیان مۆر کرد. لەو کاتەوە، سروشت ڕووی خۆی زیاتر لە ئینسان وەرگێڕاوە و بەتەواوی لێی نائومید بووە. بەفر ئێستاش هەر وا بۆ ئینسان دەگری و هەنیسکان دەدا. دڵی بەفر وا گەرم داهاتوە کە شاخە سەهۆڵبەندانەکانیشی گرتۆتەوە. وێ دەچێ گەرم داهاتنی تۆپی زەوی لەوەڕا سەرچاوەی گرتبێ.

ئوستڕالیا

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

# شەرەفکەندی، نموونەی مودیرێکی مودێڕن

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان"(ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

بۆ ڕاگرتنی نەزمی کۆمەڵ و هەڵسووڕاندنی چەرخی ژیانی کۆمەڵایەتی، مودیر و مودیرییەت وەک پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر خۆی دەنوێنێ. لە چووکترین ئۆرگانی کۆمەڵ ڕا کە بنەماڵەیە هەتا دەگاتە بەربڵاوترین بەشی کە دامودەزگای حکوومەتییە، مودیرییەت وەک ئەسڵێکی گرینگ حیسابی بۆ دەکرێ و نەبوونی، نەزمی ژیان تێک دەدا. بە تایبەت لە کاری سیاسی و ئابووری دا مودیرییەت دەتوانێ ڕۆڵی یەکجار گرینگ لە بۆپێشەوە بردن یان بۆ دواوە گێڕانەوەی ڕەوتی ژیانی کۆمەڵ دا بگێڕێ و هەر بۆیە چووکترین هەڵە لەو بوارەدا زیانی قورسی بەدواوە دەبێ.

حیزبی سیاسی مەیدانێکی باشە بۆ خۆ تاقی کردنەوە لە بواری مودیرییەت دا چونکە ئیدەی دامەزرانی حیزبی سیاسی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی نەزمی کۆمەڵە. حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانیش کە دەیان ساڵە لە پێناوی گەیاندنی خەباتی خەڵکی کوردستان بە سەر مەنزڵی مەقسوود دا خەبات دەکا، ئاساییە لە بواری مودیرییەت دا ئەزموونی باشی وەسەر یەک نابێ و گرینگیی زۆری پێ بدا. لە نێو ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکڕات دا دوکتۆر شەرەفکەندی وەک مودیرێکی وشیار، بە بڕشت و دووربین بە حیساب دێ.

ئەمن کە شانازیی ئەوەم پێ بڕاوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە ژێر مودیرییەتی دوکتۆر شەرەفکەندی، لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکڕات دا کار بکەم بە قووڵی لە تواناکانی مودیرییەت و بەڕێوەبەریی ئەو مرۆڤە حاڵی بووم. لەو تایبەتمەندییانەی کە مودیرێکی سەرکەوتوو دەبێ هەیبن و لە دوکتۆر شەرەفکەندی دا هەبوون دەتوانم ئەوانە ناو بەرم کە خۆم لە نیزیکەوە هەستم پێ کردوون:

١- دوکتۆر شەرەفکەندی هەتا بڵێی مرۆڤێکی بە هۆش و زیرەک و زانا لە بواری جۆراوجۆردا بوو. مامۆستا

حەسەنزادە کە خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر هاوکاری نیزیکی بووە لە بارەی زیرەکیی ناوبراوەوە دەڵێ: « هیچ بێ ئەدەبی نییە لە بەرابەر ڕووحی دوکتۆر قاسملوودا کە بڵێم لەباری ئەوەی پێی دەڵێن زەکاوەت و بیر تیژی، زۆر لە پێش دوکتۆر قاسملووی بوو. لەو بارەیەوە ئەو زیرەکتر بوو. لە هێندێ کاری مودیرییەتیش دا لە دوکتۆر قاسملووی بە بەرنامەتر و ڕێک و پێکتر بوو. قابلییەت و خەسڵەتی ئەوەی کە ببێتە ڕێبەر تێدا هەبوو». (وەرگیراو لە کتێبی ئەزموونی خەبات، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەن زادە). دوکتۆر شەرەفکەندی لە دانی زانیاری بە ئەفرادی ژێر مودیرییەتی خۆی دانەدەما. بۆ هەر مەبەستێک و لە هەر بوارێک دا پرسیارت لێ کردبا شتی بۆ گوتن هەبوو. ئەوەش وەنەبێ هەر لەخۆوە وەڵامی دابنەوە، بەڵکوو هەمووی لە سەر بنچینەی فاکت و سەرچاوەی باوەڕپێکراو بوو. من بۆخۆم چەندین جار شاهیدی ئەوە بووم کاتێک پرسیارم لێ دەکرد تەنیا بۆ لە کۆڵ خۆ کردنەوە وەڵامی نەدەدایەوە بەڵکوو دەیویست لەو ڕێگایەوە زانیاریی پێویستم بداتێ. ئەو باش لەوە ئاگادار بوو تیمێک کە کارێکی هاوبەش دەکەن هەتا زانیاریی زیاتریان هەبێ کارەکەیان باشتر ڕادەپەڕێنن. بۆیە گرینگیی زۆری بە زانیاری و ئاگادار بوون دەدا. بەتایبەت کە ئەوکات خۆی بەرپرسی ڕاگەیاندن بوو و دەبوو زانیاریی دروست تەحویلی خەڵک بدا. لەو ماوەیەدا کە لە ژێر مودیرییەتی دا کارم دەکرد قەتم هەست نەکرد جارێک شتێکی لە بیر چووبێتەوە. یانی هەر شتێکی پێی دەگوترا یان داوای لێ دەکرا، یان هەر بڕیارێکی دەدرا و دەبوو بەدواداچوونی بۆ کرابا محاڵ بوو لە بیری بچێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەو جێگری سکرتێری گشتیی حیزبیش بوو کە لە باری فکرییەوە زۆر سەرقاڵ بوو. لە کاری مودیرییەت و بەڕێوەبەری دا هۆش و زیرەکی زۆر گرینگە کە دوکتۆر شەرەفکەندی بە زیادەوە لێی بەهرەمەند بوو.

٢- دوکتۆر شەرەفکەندی ئەهلی کار و خۆ ماندوو کردن بوو. لەو ماوەیەدا کە لە نیزیکەوە ناسیومە و کارم دەگەڵ کردوە قەت نەمدیت بێکار بێ. بەدایمە خەریک بوو. بەڕاستی سەرم سوڕ دەما ئەو کابرایە چۆن دەتوانێ ئەوەندە کار بکا. مودیری باش دەبێ خۆی سیمبولی کار و خۆماندوو کردن بێ ئەگینا خەڵکی ژێر مودیرییەتی خۆیان لە کار دەدزنەوە. ئەمن کە زاتەن ئینسانێکی پڕ کار و هەڵسوور نەبووم، ئەو ماوەیەی لە خزمەتی دا کارم کرد شەرمم دەکرد خۆم بخافڵێنم، چونکە هەتا ئەوم دەدیت خەریکی کارێکی بەسوود بوو. بەڕاستیش هەوڵم دا ئەو نەمرە بکەمە سەرمەشقی کار و ئەوەندەی بتوانم خۆم ماندوو بکەم. ئەو کات کە من لە ڕادیۆ و چاپەمەنی کارم دەکرد و ئەو نەمرە بەرپرس بوو پڕکارترین و بە بەرنامەترین و ڕێکوپێکترین بەشەکانی حیزب ئەو دوو بەشە بوون. بەشی زۆری ئەو ڕێکوپێکییەش وێڕای ئەوەی کە سروشتی کار لەو بەشانە دا ئەوەی دەوێ، پڕ کاری و ماندوویی نەناسیی بەرپرس و کارگێڕەکانی بوو. لە بیرمە بێ ئەوەی کاری من لە ڕادیۆ وتار نووسین بێ، هەر بۆ ئەوەی بێکار نەبم

ڕۆژێک دەستم بە نووسین کرد و یەکەم وتارم بۆ ڕادیۆ بە ناوی «ڕێگای قودس لە کەربەلاوە نیزیکترە» نووسی و تەحویلی کاک سەعیدم دا. ئێواریٚ کاتێک من لە بەر سێبەری دیواری دیوی کاری ڕادیۆ ڕاوەستابووم دیتم وتار بەدەست و بە پێکەنینەوە بۆ لام هات. فەرمووی «وادیارە دەستی تەنز نووسینت هەیە و من نەمزانیوە. ئێمە لە ڕادیۆ پێویستیمان بەو جۆرە وتارانە هەیە کە بە زمانی تەنز سیاسەتەکانی ڕێژیم لە قاو بدەن. ئەمن تەشویقت دەکەم درێژەی پێ بدەی و زەحمەتی منیش بڕێک کەم کەیەوە». پاشان باسی لاوازییەکانی وتارەکەی بۆ کردم و نیشانی دام چەندەی خەتی سوور پێدا هێناوە و لە ژێرەکەی شتی دیکەی نووسیوە بە جۆرێک کە نووسراوی من بە کەمی بەرچاو دەکەوت. بەڵام بەو حاڵەش وای لێکردم درێژە بە نووسین بدەم و لەو ڕێگایەوە هەم خۆم فێر کەم هەم بەشێک لە زەحمەتەکانی ئەو نەمرە کەم کەمەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم مودیری باش و پڕکار نەک هەر دەتوانیٚ دەزگای ژێر مودیرییەتی خۆی بە چالاکی هەڵسووڕێنیٚ، بگرە بۆی هەیە دەوری ڕێنوێن و مامۆستاش بگێڕیٚ و کەسانی ژێر مودیرییەتی فێری کاری بە بەرنامە و بەردەوام بکا.

٣- دوکتۆر شەرەفکەندی مودیرێک بوو ناحەقی و بێ نەزمی لە کەس قبووڵ نەدەکرد. لەئۆرگانی ژێر مودیرییەتی ئەو نەمرە دا کەس بۆی نەبوو بێ نەزمی بکا و کاری ئێستا بۆ سبەی بێڵێتەوە. ئەو کە خۆی ڕێک و پێک و بە بەرنامە بوو لە کەسانی ژێر مودیرییەتی خۆشی دەویست بە نەزم و بە دیسپلین بن. ناوبراو بۆ گەیشتن بە پلەی سەرتر خۆی بە قەرزداری کەس نەدەزانی و هەوڵی نەدەدا لە کاری مودیرییەت دا خۆبەخۆیی و دەستەبەندی پێک بێنیٚ. سەراحەت و ڕووک ویژی لە وتە و کرداری دا بە تەواوی خۆی دەنواند و لەو بارەوە کەسێکی کەم وێنە بوو. ئەو نەمرە وێڕای بوونی ئەو خسڵەتە، هەوڵی دەدا چوارچێوەی شوێنی کار لەو پەڕی گەرمی و دۆستانە دا ڕابگریٚ و هەستی خۆ بەکەمگرتن و لێک نامۆ بوون بەتەواوی لەنێو بەریٚ. نەزمێک کە ئەو دەیویست نەزمێکی ویشک و سەربازی نەبوو، بەڵکوو نەزمێکی وشیارانە و لەڕووی مەیل و بۆ گەیشتن بە ئاکامێکی باشتر و بە سوودتر بوو. هەربۆیە لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ئەو نەمرە بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب بوو و من لە نیزکەوە ئاگام لیٚ بوو کەس بۆڵەی نەدەهات و تاقە کەسێک گلەیی نەبوو. کەس خۆی وەپاش نەدەدا و لەپشت سەری یەکدان مانای نەبوو. هەموو وێکڕا بۆ کاری هاوبەش هەنگاویان هەڵدێنا و هەرکەس دەیزانی ئەرکی چییە و چۆن دەبیٚ بەڕێوەی بەریٚ.

٤- سادەیی و خۆمانە بوون تایبەتمەندییەکی بەرزی نەمر دوکتۆر شەرەفکەندی بوو کە لە کاری مودیرییەت دا یەکجار گرینگە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە چۆنیەتیی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان دا هەیە. کاک سەعید کە لە باری

خوێندەوارییەوە بەرزترین پلەکانی بڕیبوو و لە نێو کۆمەڵی دانیشگایی ئەوکاتی ئێران دا کەسێکی ناسراو بوو و جگە لەوەش لە نێو دەزگای شۆڕش دا کەسایەتییەکی خاوەن نفووز بوو، کەچی لە نێو کۆڕی هاوکارانی دا چووکترین ئاسەواری خۆبەزلزانینی تێدا بەدی نەدەکرا. لە کاتی کاردا خۆمانە و دۆستانە بەرخوردی دەکرد و هەوڵی دەدا لێکحاڵیبوون و تەفاهوم جێگای دەمەقاڵە و ملبەملە بگرێتەوە. لە کاتی حەسانەوە دا وێڕای هاوسەنگەرانی دیکەی بەو ئیکماناتە کەمەی لە بەر دەستیان دا هەبوو قەناعەتی دەکرد و هەوڵی دەدا شادی و خۆشی باڵ بەسەر کۆڕەکەدا بگرێ. ئەو کە هاوخەرجی چەند کەس لە وێژەران و بەرێوەبەرانی دەنگی کوردستان بوو (نەمر کاک تەها عەتیقی، بەرێز کاک ئەحمەد شێربەگی، تێکۆشەر خەدیجەی مەعزوور و کاک مەنسوور خوسرەوی)، دواتر کاک مەنسوور ماڵی پێکەوە نا و لێیان جودا بۆوە، وێڕای ئەوان لە کارەکان دا بەشداری دەکرد و هەمان خواردنی هەبوو کە بۆ هەموویان ساز دەکرا. ژووری کاری ڕادیۆ هەمان ژوور بوو کە ئەوان بۆ نان خواردن کەڵکیان لێ وەردەگرت و تەنانەت ژووری میوانیش بوو. هەموو بەیانان کە ئێمە لە شوێنی ژیانمانەوە دەچووین بۆ کاری ڕادیۆ، دەمدیت ئەو چەند کەسە لە سەر سفرەیەکی سادەی چووکەڵە دانیشتوون و زۆر جار نان و پەنیر و گوێزیان لە پێشە. کاک سەعید زۆر بە ئیشتیا بابۆڵەی پەنیری کووپەی دروست دەکرد، گوێزی ڕەگەڵ دەخست و بە چای شیرین دەی خوارد. من هەتا ئەوکات قەت نەم دەزانی نان و پەنیر و گوێز بە یەکەوە دەخورێن بەڵام لە لای ئەو بەڕێزانە فێر بووم و زانیم خواردنی خۆش بە گران بوونی نییە بەڵکە بە چۆنیەتیی خواردنیەتی. لەبەر ئەوە زەبتی بەرنامە بەیانان زوو بوو هەموو ڕۆژێ کە ئێمە دەگەیشتینێ چاوم لێ بوو کاک سەعید هەم نانی دەخوارد و هەم بە بابەتەکانی بەرنامەی ڕۆژ دا دەچۆوە. لە پێداچوونەوەش دا بە ڕادەیەک ورد و دەقیق بوو کە کەم واهەبوو هەڵەی لە ژێر دەستی دەربچێ. بەو جۆرە ئەو مرۆڤە مەزنە ژیانی سادەی نێو شۆڕشی کردبووە مەیدانی هەڵسووڕانی بەردوام بۆ بردنە پێشی کاروباری حیزبی و لەو ڕێگایەشەوە خزمەت بە ئامانجەکانی کورد. بەو سادەیی بوونەی وای کردبوو هەموو وەک ڕەفیق چاومان لێ دەکرد و هەر پێمان دەگوت «کاک سەعید».

٥- دوکتۆر شەرەفکەندی کەسێکی دووربین بوو. لە کاری مودیرییەت دا و بەتایبەت بۆ کاری سیاسی دوور بینی گرینگیی زۆری هەیە. کاک سەعید پێشڕەفتی کارەکانی تەنیا لەو کاتەدا نەدیت کە سەرکەوتنێک مسۆگەر دەبێ، بەڵکوو داهاتووی ئەو هەوڵانەی لێک دەدایەوە و پێش بینیی زۆر ڕووداوی دەکرد کە بۆ ئێمەمانان لەو کاتەدا چاوەڕوان نەکراو بوو. لە بیرمە بەرەبەری ئاشتیی نێوان ئێران و عێراق دوای شەڕی هەشت ساڵەیان، من لە وتارێکی ئاگرین دا لۆمەی هێندێک هێزی دیکەم کردبوو کە بە کردەوە شەڕی چەکداری ناکەن و تەنیا قسەیان هەیە. هەر لەو وتارەدا زۆرم بە بەژن و باڵای شەڕی چەکداری هەڵلا گوتبوو و حیزبی دێمۆکراتم بە تاقە سواری



سەرچاوە
Serchawe

ئەو مەیدانە ناو بردبوو. دوکتۆڕ شەڕەفکەندی وتارەکەی ڕەت کردەوە و وێرای ناردنەوەی وتارەکە بۆخۆم ئەم کورتە نووسراوەشی دەگەڵ ناردبوو: « کاک هەیاس گیان! لە گەڵ سڵاو و سوپاس. لە هەل ومەرجی ئێستا دا کە درێژەی خەباتی چەکدارانە داهاتوویەکی ڕوونی نیە، پێ هەڵگوتن بەو شێوە خەباتە و بە تەنیا ڕێگای مبارزەی عملی دانانی، کارێکی دروست نیە. باشترە بە کردەوە بیکەین، بێ ئەوەی بە ظاهر زۆر پێی هەڵبڵێین. چونکە ئەگەر مثلا هەتا بەهار سوڵح بینی ئێران و عێراق کرا، ئەودەم ئەو سازمانانە کە ئێستا قسەیان پێ دەڵێی سوارن و ئەتۆ پیادە! هەر خۆش بی. برات سەعید ١٠ - ٧ - ٦٨». ئەوە یەک لە دەیان پێش بینیی ئەو نەمرە بوو کە خۆم لە نیزیکەوە لێم دەبیست کە ڕادەی وردبینیی ناوبراویان دەر دەخست.

ئەو چەند خاڵەی لە بارەی مودیرییەتی کاک سەعید باسم کردن تەنیا لە بواری بەڕێوەبەریی ئۆرگانێکی وەک ڕاگەیاندنی حیزب دا بوو و تەنیا ئەوانەش بوون کە خۆم هەستم پێ کردبوو. هەر وەک دیتمان دواتر دوکتۆر شەڕەفکەندی جێگای شەهید دوکتۆر قاسملووی گرتەوە و بوو بە کەسی یەکەمی حیزبی دێمۆکرات. لەو بەرپرسایەتییە دا بوو کە ڕادەی لێوەشاوەیی ناوبراو زیاتر دەرکەوت و دیقەت و وردبینی و دووربینییەکانی ناسران. لەو ماوە کەمەی پێش شەهید بوونی دا کە ڕۆڵی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی دەگێڕا هەر بەو لێزانی و متمانە بەخۆ بوون و خۆمانە بوونەی خۆی توانی متمانەی هەموو لایەک وەربگرێ و حیزبی دێمۆکڕاتی دوای دوکتۆر قاسملوو لە مەترسیی ورەبەردان و شل بوونەوە لە برینی ڕێگای سەختی خەبات بپارێزێ. نموونەی دوکتۆر شەڕەفکەندی ئەوەمان پێ دەڵێ کە گەورەیی کەسایەتییەکان بە شوێندانەر بوونیان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕادەی کارتێکردوویان لە سەر کۆمەڵگا دا دەردەکەوێ. دوکتۆر شەڕەفکەندی بێ ئەوەی خۆی سوور و شین هەڵگێڕێ و شەو ڕۆژ دەفکری کرینی دەنگی لایەنگر دا بێ، توانیبووی تواناکانی خۆی بسەلمێنێ و وەک مودیرێکی سەرکەوتوو ڕێبەریی حیزبێکی گەورە وەئەستۆ بگرێ. هەر بۆیەش دوژمنی دڵڕەق ڕەحمی پێ نەکرد، لێی خەفتا هەتا مەجالی لەداو خستنی وەدەست هێنا و ئەو کەسایەتییە لێهاتوویەی کوردی شەهید کرد.

ئوستڕالیا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## سۆفیزادە، تەزوویەک بە لەشی کوردستانەوە! هەیاس کاردۆ

لەو تێکۆشەرانەی کەمم دیون و زۆریان گیرۆدە بووم، سۆفیزادە لە ڕیزی پێشەوەیانە. ئێستاش نازانم چۆن وا زوو کونجی دڵی داگیر کردم و بۆ ئاوا سەرسەختانە پێیەوە نووسا. بۆم پرسیارە چ شتێک دەو مرۆڤە دا هەبوو کە منی هاندا خۆشم بوێ و لە خۆمی نیزیک بزانم. ئاخر ئێمە نەک هەر خەڵکی ناوچەیەک یان شارستانێک نەبووین تەنانەت شوێنی کار و تێکۆشانیشمان لێک دوور بوو. ئەوەی دەزانم هەموو تێکۆشەرانی ڕێی ئازادیی کوردستان خۆشەویستن و دڵ دەخوازێ لە ئامێزیان بگرێ، بەڵام لێدانی ترپەی دڵ بۆ هێندێکیان توندترە. ڕەمزی ئەوە دەچی دایە، نایزانم. جاری وایە بە یەکەم نیگا دڵت کەسێک دەگرێ، بەڵام دوایە کە لە هەڵسوکەوتی ورد دەبییەوە دڵت دەگۆڕێ. هەشە سەرەتا خۆتی لێ نادەی، کەچی بەرەبەرە لە خۆتی بە نیزیک دەزانی و خۆشت دەوێ. بەڵام جاری وایە هەر کە کەسێکت دیت یەکجێ وەبەر دڵت دەکەوێ و دوایەش هەتا دێ زیاترت خۆش دەوێ. ڕەحمانی سۆفیزادە بۆ من شکڵی سێهەمی هەبوو.

چەند شت دە ڕەحمانی سۆفیزادە دا هەبوون کە زوو وەبەر چاویان دەخست و خەڵکیان بۆ لای ئەو ڕادەکێشا. لەوانە دەتوانم بڵێم: لاوێکی باڵا بڵێندی جوان چاک بوو. ئاخر پێشمەرگە بۆ ئەوەی کۆڵێک ڕەخت و فیشەکدان لە خۆی بار بکا دەبوو چەندین میتر پشتێند ببەستێ هەتا پشتی تووشی ناڕەحەتی نەبێ. جا بۆیە زۆریان لە بن ئەو بارە قورسە دا وێک دەهاتن و کورتیان دیاری دەدا. ڕەحمان یەک لەو پێشمەرگانە بوو پشتێند و فیشەکدان لە باڵای بەرزی دیاری نەدەدا و هەر دەتگوت هیچی پێوە نییە. ئەوە نیعمەتێک بوو سروشت پێی دابوو و کەسیش حەسوودیی پێی نەدەهات. دووهەم شت کە زۆر و زوو سەرنجی ڕادەکێشا سەرلووتی هەمیشە ئارەقاویی کاک ڕەحمان بوو. دەگەڵ ئەو باڵا بەرزی و توند و تۆڵییەی هەیبوو، بە سەهۆڵبەندانی زستانیش سەرلووتی دایمە ئارەقەی دەکرد کە زۆری لێ جوان بوو. ئەوەش وای دەکرد زوو بکەوێتە بەر دڵ. دەگەڵ ئەوەش شێوەی بەستنی ئاغابانۆکەی کە توند بە سەرییەوە دەنووسا و لکێکی درێژی بە لایەک دا شۆڕ دەبۆوە لانی کەم بۆ من سەرنجڕاکێش بوو. شتێکی دیکەی کە ئەو مرۆڤەی زوو خۆشەویست دەکرد، دەم بە پێکەنینی و ڕووخۆشیی ئەو بوو. کاک ڕەحمان بۆی گرینگ نەبوو ئەوەی دەگەڵیەتی کێیە و چ مەنسەبێکی هەیە. دەگەڵ گەورە و چووک و سەر و خوار وەک یەک دەجووڵایەوە و دایم بزەی لە سەر لێوان بوو. شاد بوون، یان بڵێم خۆ بە شاد نیشان دان خسڵەتێکە هەموو کەس ناتوانێ

هەیبێ. ئەوانەی دەم بە بزە و کەیف سازن زووتر دەنێو کۆمەڵ دا جێگا دەگرن و دۆست و ڕەفیق لە خۆیان دەهاڵێنن. ڕەحمانی سۆفیزادە لەو نیعمەتەش بەهرەمەند بوو کە دەبێ بڵێم خەنی لە خۆی. ئەوانەی باسم کردن لەو شتانە بوون کە لە یەکەم نیگا دا سۆفیزادەیان وەبەر چاو دەخست و وایان لێ دەکرد بەرچاو بێ.

بەڵام ئەوانەی شانسی ناسیاوی و دۆستایەتیی ڕەحمانی سۆفیزادەیان پەیدا دەکرد دواتر دەیان زانی کەسایەتیی ئەو مرۆڤە چۆنە. ئەمن بەو ماوە کەمە کە لە نزیکەوە ناسیم چەند خسڵەتی زۆر بەرزی ناوبروام بۆ دەرکەوت کە ئەوانەن:

- سۆفیزادە بە نیسبەت تەمەنی کەمی (ئەوکات لە خوار ٢٥ ساڵی دا بوو) زۆری دەزانی. لە نێو ئەو هەموو لاو و تازە لاوانەی کە تازە ڕوویان کردبووە ڕیزەکانی شۆڕش، ژمارەیەکیان زۆر دیار و بەرچاو بوون. ڕەحمان یەک لەوانە بوو کە چاوەڕوانیی زۆری لێ دەکرا و بۆچوون و زانیارییەکانی جێگای لێ وردبوونەوە بوون. ئەو کە لە یەکیەتیی لاوانەوە دەستی بە خەبات کرد وەک کەسێکی خۆش فکر و خاوەن ڕا چاوی لێ دەکرا و هەر بۆیە بە پەلە جێگای خۆی لە ڕێبەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەدا کردەوە و تەنانەت بە هۆی زیرەکی و لێزانی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەستی بە گەڕان کرد و بە قازانجی شۆڕش تەبلیغی دەکرد. ئەوە بوو بە هۆی زیاتر خۆشەویست بوونی ناوبراو و جێگایەکی تایبەتی بۆ کردەوە. چاکم لە بیرە لە ڕێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ دا کە خەڵکی چەند گوندی ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد لە نێو باغەکانی "قەرەگۆل" کۆببوونەوە، قسەکانی ئەو کوڕە باڵا بەرزە سەرلووت ئارەقاوییە گفتولفت خۆشە سەیر کاری تێکردن. ناوبراو هەمیشە قسەکانی بە شیعرێکی شۆڕشگێری دەست پێ دەکرد کە من لەتە بەیتێکیم هەر لە بیرە کە دەڵێ: بیری مێژوو ژیلەمۆی ئازادیخوازی تێکۆشان... سۆفیزادە لە ناوچەی پیرانشارەوە خۆی گەیاندبووە نیزیک میاندواو هەتا بە وتاری ئاگراوی تۆوی خەبات و خۆڕاگری بچێنێ و دەرسی چۆنیەتیی ژیان بڵێتەوە.

- سۆفیزادە لە کاری حیزبی و دۆستایەتی و هاوڕێیەتی دا سەداقەت و دڵپاکیی تەواوی هەبوو. هەرکەس ماوەیەک دەگەڵی با بۆی دەردەکەوت ئەو ئینسانە چەندە پاک و بێ گرێ و گۆڵە. هەن کەسانی وا کە خۆیان بە سادق نیشان دەدەن و پێیان خۆشە خەڵک ئاوایان بناسن، بەڵام چونکە ئەو تایبەتمەندییەیان تێدا نییە زوو دەناسرێن و لە بەر چاو دەکەون. بەڵام ئەوە بۆ کاک ڕەحمان بە پێچەوانە بوو، یانی هەتا زیاترت ناسیبا سەداقەتی ویت باشتر بۆ دەردەکەوت و زۆرترت خۆش دەویست.

- سۆفیزادە مەجلیس خۆش و کۆڕگێڕی چاک بوو. لە نێو کۆڕی پێشمەرگان دا ئەوانەی شتی زیاتریان بۆ گوتن پێیە و هونەری ڕازاندنەوەی مەجلیسیان زیاترە، زووتر و زیاتر وەبەر دڵان دەکەون و خەڵک پێی خۆشە لێیان نیزیک بێ. کاک ڕەحمان لەو نیعمەتەش بەهرەمەند بوو کە قسەی لێ نەدەبڕا و لە بواری جۆراوجۆر دا دایم شتی تازەی بۆ گوتن هەبوو.

- سۆفیزادە هونەری بەڕێوەبەری و مودیرییەتی بە تەواوی تێدا بوو. هەرچەند مودیرییەت ڕشتەیەکی خوێندن لە زانستگایە و خەڵک دەبێ بە خوێندن فێری بن، بەو حاڵەش هێندێک کەس زاتەن لەو توانایە بەهرەمەندن و هەر لە منداڵییەوە دەتوانن وەک سەرگرووپ یان سەردەستە خۆیان بنوێنن. لە نێو ڕێزەکانی پیشمەرگە دا کاک ڕەحمان زۆر زوو ئەو هونەرەی خۆی نیشان دا و بە بێ خوێندن توانی وەک مودیرێکی باش عەمەل بکا. ئەوە بە تایبەت بۆ تەمەنی کەمی ناوبراو زۆر گرینگ بوو.

- سۆفیزادە کوڕی کردەوە و جێ متمانەی ڕۆژی تەنگانە بوو. ناڵێم هەڵ ناکەوێ، بەڵام زۆر نین ئەوانەی هەم لە بواری فکری و نەزەرییەوە خاوەن توانا و بەهرەن و هەم لە هەمان کات دا لە مەیدانی کردەوە و سەنگەری بەرگرییش دا فیداکار و خۆ بەختکەرن. بە خۆشییەوە کاک ڕەحمان وەک تێکۆشەرێکی کورد لە هەر دووکی ئەو سفەتانە بەهرەمەند بوو. یانی کەسێک نەبوو تەنیا قسە بکا و کردەوە بۆ خەڵکی دیکە جێ بێڵێ. ئەو بە باشی لەو ڕاستییە گەیشتبوو کە پێشمەرگەی باش دەبێ هاوکات هەردووکی ئەو مەیدانانە پڕ بکاتەوە کە هەر وەک دیتمان بە خوێنی خۆی ئەوەی سەلماند.

دەزگای شۆڕش پێویستیی زۆری بە فکر و کردەوەی ڕەحمانی سۆفیزادە هەبوو. ئەو بڕیاری دابوو بەشێکی زۆر لە باری گرانی خەبات لە سەر شانی دابنێ و شاخەو شاخی پێ بکا. کاک ڕەحمان هەوڵی ئەوە بوو بیری ورد و توانای لە بڕان نەهاتووی خۆی بخاتە خزمەت بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی کورد. سۆفیزادە هاتبوو ببێتە باخەوانی ئەو باخە ساوایەی کورد کە تازە ڕیشەکانی نێژرابوون و پێویستیی بە خزمەتی چاک هەبوو. کاک ڕەحمان ئەلحەق لە توانای دا هەبوو لە دانانی بناخەکانی کۆشکی سەروەریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەوری ئەندازیار بگێڕێ. جووڵە و تەکانەکانی ئەو لاوە دڵ گەرمە خەریک بوو تەزوویەکی خۆش بدا بە لەشی کوردستان کە دەستی ڕەشی زاڵم دڵی گەرمی لە لێدان خست.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ من بیرکردنەوە لە ڕۆڵەیەکی وەک ڕەحمانی سۆفیزادە بیر کردنەوە لە هەوڵدانی بێ سنوورە لە پێناو گەیشتن بە ئاواتەکان دا. باسی ڕەحمانی سۆفیزادە یانی باس لە نموونەی ئەخلاقی بەرز، سەداقەت، داوێن پاکی، پڕکاری، فیداکاری و بە گشتی هەموو ئەو شتانەی پێناسەی مرۆڤی خەباتکاریان پێ دەکرێ. ئێستاش پاش دەیان ساڵ بە سەر شەهید بوونی دا، یادەکانی، قسەکانی، خوو و خدە و هەڵسوکەوتەکانی و گفت و لفتە شیرینەکانی تامی خۆیان هەر ماوە و وێ ناچێ قەتیش تەواو بن. ڕەحمانی سۆفیزادە چاک دەستی پێ کرد، باش هەوڵی دا، زوو پێ گەیی و بە داخەوە زۆر زووش لە دەست چوو. باش دەزانم هەموو ئەو کەسانەی ناسیویانە و هاوخەباتی بوون بە ڕێزەوە یادی دەکەن و خۆشەویستییەکەی لە دڵ و دەروون دا ڕادەگرن. کاک ڕەحمان ئۆلگوو بوو. ئۆلگوو بۆ هاوڕێیەتی و هاوسەنگەری، بۆ خۆ ماندوو کردن و هەوڵی بێ بڕانەوە، بۆ سازان دە کاری بە کۆمەڵ دا و ڕێز گرتن لە سەلیقسە و بۆچوونی جیاواز و بە گشتی ئەو ئۆلگووی سەداقەت و خەباتگێڕی و متمانە و ئیدامەکاری بوو.

خۆم یەکجار بەختەوەر دەبینم کە دۆستایەتیم دەگەڵ کەسایەتییەکی ئاوا هەبووە و بۆ ماوەیەک هاوسەنگەری بووم. زۆر خۆشە لە پەنا ئەو کەسانە کار بکەی کە دەکرێ دەرسیان لێ فێر بی و بە بوونیان غیرەت و توانا وەربگری. لە هەمان کات دا لە دەست چوونی کاک ڕەحمان بۆ من ئەوجی ناخۆشی و خەم و خەفەت بوو، چونکە هاورێ هەتا خۆشەویستر بێ شەهید بوونەکەی خەم هێنەرترە. دیارە لێم ڕوونە هەر کەس کاک ڕەحمانی ناسیبێ و ماوەیەک کاری دەگەڵ کردبێ شەهید بوونەکەی بە خەسارێکی گەورە بۆ بزووتنەوە دەزانێ و ناتوانێ لە بیری بکا.

ئوستڕالیا - ٢٠١٢ - ٤ - ١٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٢

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## با کۆڵەکەیەکی قایمی ڕۆژنامەی «کوردستان» زیاتر بناسین!

وادیارە ڕۆژنامەی «کوردستان» ئەمڕۆژانە جێژنی چەند جێژنی هەیە چونکە چەند بۆنەی جۆراوجۆری لێ کەوتوونەوە سەر یەک. لە لایەک ٦٠٠ەمین ژمارەی لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، لە لایەک ٦٧ەمین ساڵی بڵاو بوونەوەیەتی و هەروەها ٤٢ ساڵ لە دەوری نوێی بڵاو بوونەوەی کوردستان تێپەڕ دەبێ. دەگەڵ ئەوانەش دا، ٢٥ ساڵ لە کاری بەردەوامی کەسێک ڕادەبرێ کە لەو ماوەیەدا زۆرترین زەحمەتی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان کێشاوە و زیاترین بەرهەمی پێشکەش کردوە. بۆ هەموو ئەو بۆنانە و بۆ بەردەوامیی بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێشکەشی بەرپرسان، بەڕێوەبەران و کارگێڕانی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەم و بۆ زەحمەت و ماندوو بوونی بێ بەرانبەریان سەری ڕێز دادەنوێنم.

ئەوانەی کاری ڕۆژنامەگەری دەکەن لە هەموو کەس باشتر دەزانن بۆ نووسین، چاپ و بڵاو کردنەوەی تاقە یەک ژمارەی ڕۆژنامە چ زەحمەت و ماندوو بوونێک پێویستە. جا بۆ کەسێک کە بەردەوام و بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر ئەو کارە بکا دەبێ ئەو زەحمەت و ماندوو بوونە هەتا چ ڕادەیەک بێ؟ تێکۆشەر کاک قادر وریا کەسێکە لەو بارەوە سنووری ماندوو بوونی بڕیوە و لە دیواری بەرزی زەحمەت و تێکۆشان وەسەر کەوتوە. بە بۆنەی ٢٥ ساڵ کاری بەردەوامی کاک قادر بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» کە بەشی زۆری ئەو ماوەیەش بەرپرسایەتیی گرینگی تێدا هەبووە، بە پێویستی دەزانم باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەم و بە چاوی ڕێزەوە لەو ٢٥ ساڵە بڕوانم کە ناوبراو ژیان و توانای خۆی بۆ تەرخان کردوە.

ساڵەکانی دەیەی شەستی کۆچی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە مەیدانی خەباتی چەکداری گەرم بوو و ژیانی تێکۆشەران لە مەترسیی دایمیی دا بوو، نووسین بۆ ڕۆژنامە، ئەویش بۆ ڕۆژنامەیەکی حیزبی کارێکی هاسان نەبوو. چونکە لە لایەک بە نەبوونی ئەمنییەتی گیانی، نووسەر نەی دەتوانی بە مێشکێکی ئارامەوە دەستبداتە قەڵەم و ئەوەی دڵی دەخوازێ بیهێنێتە سەر کاغەز. تەنیا ئەو کەسانە لە قووڵیی ئەو گرفتە حاڵی دەبن کە وەک کاک قادر وریا ژیابن و سنووری نێوان مەرگ و ژیانیان تەنیا هەنگاوێک بووبێ. لە لایەکی دیکەوە نەبوونی ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو گرفتێکی دایمیی بۆ نووسەر بوو کە دەکرێ بڵێم نووسەری ئەوکات نەی



سەرچاوە
Serchawe

دەتوانی زۆری ئاگا لە دنیای دەوروبەری خۆی بێ. لەو ساڵانەدا، بەناچار بەشی زۆری نووسینەکان یان بۆ ئەو باسانە تەرخان دەکران کە پێویستییان بە سەرچاوە نەبوو، یان نووسەر دەبوایە خەو و خۆراکی لە خۆی حەرام کردبا و شەونخوونیی زۆری چێشتبا بۆ ئەوەی سەرچاوەیەک بدۆزێتەوە و پشتی پێ ببەستێ. لەوبارەوە کاک قادر سنووری ماندووبوونی نەدەناسی. جگە لەوانە کار کردن دەگەڵ نووسەرانی وەک شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی، شەهید دوکتۆر قاسملوو، یان تێکۆشەر مامۆستا حەسەنزادە کە لە کاری نووسین و وردبینیی دا لێهاتوو بوون کارێکی هاسان نەبوو. ئەوانەی لە دەستەی نووسەرانی ئەوکات دا کاریان دەکرد لەڕاستی دا وەک قوتابیی قوتابخانە دەبوایە وەڵامدەری دەرسی مامۆستا بن و جاری وابوو چەند جار نووسینەکەیان پێ دەنووسرایەوە.

تێکۆشەر قادر وریا لەو ساڵە سەخت و بێ ئیمکاناتانەدا کاری دایمیی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان دەست پێ کرد، درێژەی دا و هەروەک دەبینین ئێستاش تێیدا بەردەوامە. هەڵبەت ناوبراو کاتێک دەستی بەکار لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کرد لە کاری نووسین دا بێ ئەزموون نەبوو. چونکە وێڕای ئەوە کە خۆی شاعیر بوو، پێشتر یەک لە لاوانی هەڵسووڕی بواری نووسین بۆ گۆڤارەکانی یەکیەتیی لاوان بوو. دەتوانم بڵێم کاری نووسین بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئەو لاوە هەڵسووڕە لەو ساڵە سەختانەی خەباتدا بوو کە کەمتر کەسی دیکە لەو تایبەتمەندییە بەهرەمەند بوون. کاک قادر تەنانەت ئەگەر مەجالی بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاریش نەبووبا خۆی بە ڕۆژنامەی دیوارییەوە خەریک دەکرد و هەر جار ناجارێک هێندێک کاری لەو بارەوە دەکردن. ئۆگریی کاک قادر بە نووسین بە ڕادەیەک بوو کە هیچ وەرەقەیەکی کاغەزی سپی بە ساغی لەبەر دەستی خەلاسیی نەدەبوو چونکە هەر نەبێ شیعرێک یان قسەیەکی لەسەر تۆمار دەکردن. لەبەر ئەوەش خەتی خۆشە و لە نووسین دا زۆر بە حەوسەڵەیە و بە تایبەت زۆریش بە سەلیقە سووژە هەڵ دەبژێرێ، هەر کورتە نووسینێکی وەبەر چاوی لاوانی دیکە کەوتبان سەرنجی زۆریان ڕادەکێشا.

ئەوە ڕاستە زەوق و ئیستیعداد بۆ نووسین بناغەیە، بەڵام خۆماندوو کردن و هەوڵی بەردەوام چەکێکی کاریگەرە کە دەتوانێ نووسەر پێ بگەیەنێ. بۆ نووسینی باش دیارە خوێندنەوەی بەردەوام پێویستە. لەو بارەوە ئەمن کەم کەسم دیوە وەک کاک قادر بە تامەزرۆییەوە خۆی ماندوو بکا و لە خوێندنەوە و نووسیندا بەردەوام بێ. حەز و خولیای کاک قادر بۆ نووسینێکی جوان بە ڕادەیەک بوو کە جێگای لێ فێر بوون بوو. با ئەوە بڵێم ئەوکات کە ئەو بەڕێزە دەستی بە کار لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کرد تەنیا سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری، یان ڕادیۆکانی فارسی زمانی وەک بی بی سی و ئەوانە بوون یان تاق و لۆق ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە دەرەوەڕا بە هۆی تیمە پزیشکییەکانی

فەڕانسەوی دەهاتنە سکرتاریای حیزبی دێمۆکڕات. ئەو ڕۆژنامانەش پاش کۆن بوون و ئەم دەست ئەو دەست کردن دەچوونە دەستەی نووسەران و جا نۆرەی کاک قادر و هەڤاڵانی دەهات تامیان لێ بکەن. حەوسەلەی کاک قادر بۆ خوێندنەوەی ئەو گۆڤارانە لە تاریف نایە چونکە وەک مێشەنگوین کە دەکەوێتە سەر کۆگای شەکر ئاوا سەری بەسەر دادەگرتن و هەتا قرتەی لێ نەبڕیبان لە کۆڵیان نەدەبۆوە. لە ڕاستیدا دەستپێکی کاری کاک قادر لە ڕۆژنامەی کوردستان دا هەم لە باری زەمانی و هەم لە باری ئیمکاناتەوە سەختی و چەرمەسەریی زۆری تێدا بووە و ئەگەر توانا و خۆڕاگریی لە ڕادەبەدەری ئەو کەسانە نەبوایە ڕۆژنامە قەت نەی دەتوانی بەردەوام بێ.

توانای کاک قادر لەو کاتانەدا تەنیا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان تەرخان نەدەکرا و لە ڕۆژنامەش تەنیا لە نووسین دا خۆلاسە نەدەبۆوە. کاک قادر هاوکات بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستانیشی دەنووسی و تەنانەت بەرنامەیەکی حەوتووانەی لەو ڕادیۆیەدا هەبوو. پاشان بەرپرسی گۆڤاری لاوان بوو کە بەشێک لە بابەتەکانی هەر خۆی دەینووسین و کاری پێدا چوونەوە بە هەموو بابەتەکانیشی هەر لە ئەستۆ بوو. هاوکات کاک قادر ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «تێکۆشەر» بوو کە هەر سێ مانگ جارێک چاپ دەبوو. ئینجا لە ڕۆژنامەی کوردستانیش دا جگە لە نووسین کاری وەرگێڕانیشی لە ئەستۆ بوو کە زۆربەی بابەتە فارسییەکانی دەکردنەوە کوردی. لەوانەش گرینگتر و ماندوویی هێنەرتر کاری هەڵەچنیی پاش تایپ کردنیش هەر لە ئەستۆی کاک قادر بوو کە بەڕاستی هەر لە حەوسەلەی ئەودا بوو. گێڕانەوەی هەمووی ئەوانە بە قسە خۆشن، بە تایبەت ئێستا کە من دەیان گێڕمەوە وەک بیرەوەریی خۆش و لەبیر نەکراو دێنە بەرچاو کە دڵنیام کاک قادریش ڕابوردووی وەبیر دێنەوە. بەڵام لە مەیدانی کردەوە دا تاقەتبڕ و ماندوویی هێنەر بوون و ئەگەر کەسانی وەک کاک قادر نەبوایەن بڕیان نەدەکرد.

گرینگیی ڕۆژنامەی کوردستان لەو ساڵانەدا (ساڵە سەختەکانی خەباتی چەکداری)، هەر لە چاپ و بڵاو کردنەوەی دا نەبوو. بەڵکوو ڕۆژنامەی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ خاوێنیی زمانی کوردی سەیری دەکرا و خۆی قوتابخانەیەک بوو بۆ فێر بوونی زمان. ئەوکات وەک ئێستا زمانی کوردی تەراتێنی پێ نەدەکرا و ئەوانەی دەیاننووسی بە هەست بە بەرپرسایەتیی تەواو دەیاننووسی. ڕاستە بوونی کەسانی وەک مامۆستا حەسەنزادە لەو ڕۆژنامەیەدا ئەو گرینگییەی پێدا بوو، بەڵام دیققەت و کارجوانی و خێرایی فێر بوونی کاک قادر لەو بوارەدا هۆکارێک بۆ ئەو سەنگینییەی ڕۆژنامەکە بوو. حەوسەلەی کاک قادر لە پێداچوونەوە بە ڕۆژنامە بە ڕادەیەک بوو کە ئەوانەی لە دەوروبەر دەیاندیت خۆیان لێی ماندوو دەبوون. هەموو ئەو خۆ ماندووکردنانە ئیمکانی نەبوو مەگەر حەز و خولیای زۆر بە کاری ڕۆژنامەگەری و قبووڵکردنی بەرپرسایەتییەکی زۆر لەو بوارەدا. ئەوەش شتێک بوو

تێکۆشەر وریا بە وشیارییەوە هەڵی بژاردبوو و بە لێزانییەوە درێژەی دەدا.

لە ماوەی ٢٥ ساڵ کار لە ڕۆژنامەی کوردستان دا، بێگومان کاک قادر ئێستا بۆتە خاوەن ئەزموونێکی لە بن نەهاتوو کە دەتوانێ بیخاتە خزمەت زمان و ڕۆژنامەگەریی کوردی. ڕەنگە هەتا ئێستا هیچ کەس وەک کاک قادر بۆ ماوەیەکی ئاوا بەردرێژ و بەردوام لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کاری نەکردبێ. لە ماوەی مانەوەی کاک قادر لەو ڕۆژنامەیە دا هەم حیزبی دێمۆکرات چەند قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕ کردوون و تووشی ئاڵوگۆڕی زۆر هاتوە، هەم ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە دیوە. دیارە ڕۆژنامەی کوردستانیش بە خۆشییەوە ئێستا بە کادری زیاتر و لێزانتر و بە ئیمکاناتێکی دەوڵەمەندترەوە درێژە بە ژیان دەدا. ئەوەی گرینگە کاک قادر دەنێو هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە دا بووە و پێ بە پێ دەگەڵیان ڕۆیوە. ٢٥ ساڵ کاری بەردەوام لە ڕۆژنامەیەک دا کە زمانی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێڕە و بەرپرسانە هەڵوێست دەگرێ، کارێکی هاسان نیە. ئەگەر کاک قادر لەو بارەوە شانازیی ئەوەی پێ بڕاوە کە ئەو ماوە بەردرێژە تێیدا بمێنێتەوە و بۆی بنووسێ و سەرپەرستیی بکا، نیشانەی تەحەممولی زۆر و هەست بە بەرپرسایەتیی شۆڕشگێڕانەیەتی. ڕەنگە تێکۆشەر وریا وەک هەر مرۆڤێکی دیکە لە کاری حیزبی و سیاسیی خۆی دا خاڵی جێگای گلەیی هەبن و تەنانەت لە کاری تیمییش دا ڕەخنەی بێتەوە سەر، بەڵام هیچکام لەوانە لە گرینگیی خۆڕاگریی ئەو مرۆڤە لە کاری بەردەوامی ڕۆژنامە نووسیی کەم ناکەنەوە.

بۆ ٢٥ ساڵ کاری بەردوامی تێکۆشەر قادر وریا لە ڕۆژنامەی «کوردستان» دا، وێڕای پیرۆزبایی لێ کردنی، ئاواتی سەرکەوتنی هەرچی زیاتری بۆ دەخوازم و هیوادارم لە داهاتووش بتوانێ ئەو ڕەوتە هەروا درێژە بدا. لەهەمان کات دا داوای لێ دەکەم ئەزموونە بە نرخەکانی خۆی لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی دا(٢٥ ساڵ کاری بەردوام) بخاتە بەردەستی خوازیارانی ئەو بوارە بۆ ئەوەی نەسلێ نوێ دەرسی لێ وەرگرن.

لە ژمارە ٦٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئەوەی حیزبێک دەبوو بیکا تاکێک کردی!

بوون بە پێشمەرگە و بۆ ماوەیەک لە ڕیزی پێشمەرگایەتی دا مانەوە، ئەو شانسە بە مرۆڤ دەبەخشێ دەگەڵ ڕووحی سەرکێش و جەستەی قەت نەحەساوەی کۆمەڵە خەڵکێک ئاشنا بێ کە دیتن و ناسینیان لە دنیای ئاسایی دا کەمتر دەست دەدا.

منیش وەک زۆری دیکە ماوەیەک هەوای ساف و بێگەردی شاخم هەڵ مژی و بە لاسایی کردنەوەی پێشمەرگە چەکی خزمەت بە ئامانجەکانی گەلم دەست دایە. ئەگەر لەو ڕێگا پڕ هەوراز و لێژەدا بە داخەوە ئەسپی سەرکێشم بڕی نەکرد و هەنگاوی ماندووم زیاتر لە دوو نەهات، لانیکەم توێشەی خۆم لە ئەزموونی ژیانی سەربەرزانە پڕ کرد و بە ناسینی کەسانی پۆڵا ئاسا لە مانای قووڵی هەستان، ڕاوەستان و هەدا نەدان حاڵی بووم. خەنی لە خۆم لەو ماوەیەدا "برایم چووکەڵی"یەکانم ناسین و بە بوون لە تەنیشتیان دا قەت نەمزانی ترس کێیە و ماڵی لە کوێیە.

داخی گرانم نە من توانای ڕاوستان لە شاخم ما و نە لەشکری خەباتکارانی ئەو ڕێگا پڕ لە سەروەرییە مەجالی مانەوەیان لەوێ بۆ ڕەخسا. ئەوان مزڵێک ئەولاتر، داگەڕانە دەشتایی و منیش سەری خۆم هەڵگرت و دووری دوور کەوتمەوە. بەڵام چێژی ژیان لە پەنا ئەو چاوەنەترس و سەنگەر پارێزانە وای کرد ئاڵقەی پێوەندیی من و ئەو کۆمەڵە خەڵکە نەپسێ و لەو ڕێگایەوە هەروا بتوانم لە دوورەوە ئومێد و توانا و بەرچاو ڕوونییان لێ قەرز بکەم. گەیشتنی کتێبی "ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات" بە دەستم لە ماوەی یەک، دوو مانگی ڕابوردوو دا ئەم ئەزموونەی دووپات کردەوە.

کتێبی ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات دەبوایە حیزبێک کە خاوەنی هەزاران شەهیدە چاپ و بڵاوی بکاتەوە کەچی هاوسەنگەرێکی ئەو شەهیدانە کە شانسی ئەوەی هەبووە درێژە بە ژیان بدا بە تاقی تەنیا نووسیویەتی و چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. بەڵێ دیسان برایم چووکەڵی دێتەوە مەیدان، بەڵام ئەمجار لە سەنگەرێکی دیکە و بەو بەرهەمە جوان و بەڕاستی پێویستەوە.

کتێبی "ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات" کە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی لە لایەن تێکۆشەر برایم چووکەڵییەوە نووسراوە و لە هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاو کراوەتەوە، لە ٤٣٦ لاپەڕ دا ژیان و خەباتی ٢٤٨ خەباتکاری ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی تۆمار کردوە کە لەڕێی ئاواتەکانی کورد دا شەهید بوون.

ئەو کتێبە کە بە نووسینێکی بە پێزی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە ڕازاوەتەوە و خودی نووسەریش پێشەکییەکی بۆ داناوە، نیزیک بە هەموو شەهیدەکانی شاری بۆکان و دێهاتی سەر بەو شارستانەی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە کە یان لە ڕیزەکانی هێزی "بەیان"ی سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا تێکۆشاون و گیانیان بەختی ئازادیی کورد کردوە، یان لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان خزمەتیان کردوە و شەهید بوون. خاتوو بەیان چووکەڵی کچی نووسەر، زەحمەتی تایپ کردنی ئەم کتێبەی کێشاوە، کاک ئەیووب شەهابی ڕاد مۆنتاژی کردوە و دیزاینەکەشی لە ئەستۆی کاک ئاسۆ مامزادە بووە.وێڕای ئەوانە کۆمەڵێک لە دۆست و هاوسەنگەرانی تێکۆشەر چووکەڵی بۆ چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەو کتێبە هاوکارییان کردوە کە ناوی هەموویان بە پێزانینەوە هاتوە.

کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢ی زایینی لە سەر ڕاسپاردەی کاک برایم و بە زەحمەتی دۆستی بەڕێز کاک یۆسف شامحەممەدی ئەم کتێبەم بۆ بەرێ کرا و ڕۆژی ٥ی دیسامبر گەیشتە دەستم. هەرچەند بەشێکی بەرچاو لەو کۆمەڵە شەهیدەم پێشتر دەناسین و تەنانەت دەگەڵ ژمارەیکیان دۆستایەتی و هاوکاریی نیزیکم هەبوو و ژیان و سەربوردەی بەشێکی زۆری دیکەشیانم بیستبوو، بەڵام زیاتر بۆ ئەوەی ڕێز لە زەحمەتی ئەو نووسەرە ماندوویی نەناسە بگرم بە تامەزرۆییەوە دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکە کرد و هەتا تەواوم نەکرد لە کۆڵی نەبوومەوە.

دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات، هەستێکی سەیر دای گرتم کە بە نووسین ناتوانم وەسفی بکەم چونکە نازانم چۆنە. هەر ئەوەندە دەزانم هەموو وجوودم بوو بە حورمەت بۆ کاری کەسێک کە ٢٤٨ شەهیدی ئەم کوردستانەی لە بیر نەکردوون و بڕیاری داوە ژیان و خەباتیان بڵاو بکاتەوە. بۆیە بڕیارم دا شتێکی لە بارەیەوە بڵاو بکەمەوە کە بەداخەوە هەرچی دەم کرد دەخۆم ڕا نەدەدیت، چونکە نەم دەزانی کام لایەنی مەسەلەکە زەق کەمەوە. سەرەنجام وام بە باش زانی واز لە نیوەرۆکی کتێبەکە بێنم و باسی ئەوە بکەم چۆنە کارێک کە حیزبێک، لایەنێک یان کۆمەڵە کەسێک دەبێ بیکەن، تاکێک وەئەستۆی خۆی دەگرێ و ئەنجامی دەدا.

ناوی تێکۆشەر چووکەڵی لە کتێبی "مێژووی زیندوو" دا کە ژیان و بیرەوەرییەکانی ٢١ فەرماندەی قارەمانی تێدا کۆ



سەرچاوە
Serchawe

کراوەتەوە، ژمارە ٥ی بۆ خۆی تۆمار کردوە. لەوێدا باسی خەبات و خۆراگرییەکانی تێکۆشەر چووکەڵی کراوە کە لێرەدا ناچمەوە سەری. بەڵام دواتر باسی ئەوە کراوە کە: "چووکەڵی هەر بە شەرکەرێکی نێو سەنگەر و فەرماندەرێکی بەوەج و کادرێکی تەشکیلاتی نەناسراوە. ئەو هەوڵی داوە لە کاروان جێ نەمێنێ و خۆی دەگەڵ ڕەوتی زەمان بگونجێنێ.کاک برایم ئێستا بەرپرسایەتیی فێرگەی سیاسی-نیزامیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە ئەستۆیە کە هەم کارێکی قورسە و هەم پڕ کێشە.

ناوبراو لە بواری دیکەش دا خۆی و بیر و قەڵەمی تاقی کردۆتەوە کە چەند بەرهەمی لێ کەوتۆتەوە و وەک بۆ خۆی دەڵێ هی دیکەشیان بەدوو دادێ: "لە وەختی بێکاری دا خەریکی نووسینی خاتراتم. ٣ کتێبم بەو ناوانە چاپ بوون:

١- چەپکێک گوڵاڵە سوورە

٢- لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە

٣- ئەزموونەکانی مودیرییەتی فەرماندەهی لە شەڕی پارتیزانی دا. ئێستاش کتێبی "قەڵای بەرخۆدان"و هەروەها "قارەمانانی نەتەوەی ژێر دەست" ئامادەی چاپن ئەگەر دەرەتان بێ چاپیان دەکەم." دیارە کاک برایم قەولی خۆی بردۆتە سەر کە گوتوویەتی "هی دیکەشیان بەدوو دا دێ"، چونکە ئەم کتێبەشیان بە دوودا هات کە نرخێکی زیاتری هەیە. کەوابوو جێی خۆشحاڵییە کە شەرکەرێکی کە پاشماوەی ئەو هەموو شەهیدەیە خۆی لە بواری دیکەدا تاقی دەکاتەوە و کتێب دوای کتێب بە کتێبخانەی کوردیی زیاد دەکا.

بەڵام گرینگیی کاری کاک برایم تەنیا ئەوە نیە چەند کتێبێکی نووسیون، بەڵکوو زیاتر ئەوەیە کە لەو مەیدانەش دا گەل و وڵات و خەباتەکەی هەر لە بیرە و توانای خۆی بۆ خزمەت بەو بوارە تەرخان دەکا. هەڵبەت لە تێکۆشەرێکی کە دەیان جار هەتا لێواری مەرگ چۆتە پێش و ئەو هەموو هاوسەنگەرەی لە بەر چاوی شەهید کراون هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکرێ. قۆڵ هەڵمالین بە مەبەستی تۆمار کردنی ژیان و خەباتی ئەو پۆلە شەهیدەی ڕێگای ئازادی کارێکی هاسان نیە و تەنیا لەوانە دەوەشێتەوە کە هەموو وجوودیان عیشق بە خەبات و تێکۆشانە.

ڕەنگە کۆ کردنەوەی ژیاننامەی ئەو شەهیدانە بۆ کەسێکی وەک چووکەڵی زۆریش زەحمەت نەبووبێ، چونکە هەر وەک مامۆستا حەسەنزادە بە دروستی نووسیویەتی "...چونکە پێشمەرگەیەکی لە مێژینەیە و زۆر بیرەوەریی بەنرخی

لە ژیـان و خەبـاتی شـەهیدەکان لە نـاوچەی خـۆی واتە بۆکـان هەیە: لەگەڵ هێنـدێکیان منـداڵی گەڕەک بـووە، هاوپۆل و هاوقوتابخانەی بەشێکیان بووە، بۆ زۆرانیان هاودەورە و هاوسەنگەر و هـاوڕێ و هـاوڕاز و تەنـانەت بـۆ هێندێکیان هەمووی ئەمانەش بووە". چووکەڵی بە تەمەنی کەمەوە دەستی دایە چەکی بەرگری و ئەو ڕێگا سەختەی بڕی هەتا ئاخر پلەکانی فەرماندەریی نیزامی تێپەڕ کرد.

لەو مـاوەیەدا دیـارە سەدان کەسی لە نیـزیکەوە ناسیون و دەگەڵیـان لە سـەنگەرێک دا شـەڕی کـردوە. زۆرێـک لەو شەهیدانە لە بەر چاوی ئەو و ڕەنگە لە باوەشی خۆی دا دوا ماڵ ئاواییان لە ژیان کردبێ و هەر بـۆیەش بـۆ کـاک برایم لە بیر کردنیان کارێکی ئاسان نیە.

ڕاستییەکەی بۆ دەبێ تاقە کەسێک دەفکری ئەوەدا بێ کە ژیاننامەی ٢٤٨ شەهید کۆ بکاتەوە و بە خەرجی خۆی لە چـاپی بـدا؟ لە وەش گرینگتـر هەر بە هەوڵـی خـۆی و دۆسـتانی ئەوەنـدی دەست دەدا دانە دانە وەک دیـاری بـۆ بنەماڵەی شەهیدەکانیشی بنێرێ. بـۆ مەگەر حیزبێـک کە خـاوەنی ئەو شەهیدانەیە لە مەیـدان دا نەمـاوە، توانـای کار و تێکۆشانی نیە، یان ئیمکانی چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەو جۆرە کتێبـانە لە خۆیـدا شک نابـا؟ بەڕاستی کێ دەبێ مشووری ئەو کارانە بخوا، تـاک یـان کـۆ؟ حیـزب یـان ئەنـدام؟ من دەبیـنم ئەوە چەنـدین سـاڵە تێکۆشەرێکی دیکەی کورد( کاک سەلاح شەشە) لە وڵاتی سوئێد بە هەوڵ و ماندوو بوونی خۆی خەریکی تۆمار کردن و ڕاگرتنی ژیـاننامەی شەهیدانە کە ئەلحەق لەو ڕێگایەدا زەحمەتێکی زۆری کێشاوە.

ماڵپەڕێک کە ئەو مانـدوویی نەناسە بە نـاوی "شـەهید" سـازی کـردوە و بەردەوام نـوێی دەکـاتەوە نـاوی هەزاران شەهیدی ڕێی ئازادیی دەخۆی دا جێ کردۆتەوە. یان سایتی خاکەلێوە کە بە هەوڵ و هیممەتی کـاک بـرایم ڕۆستەم نەژاد لە سوید پێی گرتووە. کەسانی وەک چووکەڵی و شەشە و ڕۆستەم نەژاد خزمەتکاری ئەم کوردستانەن و دڵیان دایـمە لە لای تێکۆشـانە بـۆیە هەوڵـی ئەو جـۆرە کـارانە دەدەن. نـابێ چـاپ و بـڵاو کـردنەوەی کتێبـی ئەسـتێرە گەشەکانی ڕێی خەبات تەنیا وەک چاپی کتێبێکی ئاسایی چاو لێ بکەیـن. ئەم کتێبە ناسنامەی خەبـاتی کـوردە و گەورەترین سەرمایە و دەستە چیلەی شۆڕشی تێدا جێ کراوەتەوە.

ئەمە نە باسی مـاچ و مووچی سەرکانی دەکـا و نە تـۆران و ئاشت بـوونەوەی دوو دڵـدار نمـایش دەدا. ئەمە باسـی مردن لە پێناو ژیانی نەتەوەیەک دەگێڕێتەوە. لێرە ٢٤٨ گوڵاڵە سوورە ڕوان کە بۆن و بەرامەیان ئەو ناوەی

داگرتوە. ئەم کتێبە گوڵزارێکە بە خوێنی ٢٤٨ مرۆڤ ئاو دراوە بۆیە قەت لە بۆن ناکەوێ.

بە بۆنەی نووسینی کتێبی ئەستێرە گەشەکانی رێی خەبات پیرۆز بایی گەرم لە تێکۆشەر چووکەڵی دەکەم و دەستی ماندووی بە گەرمی دەکوشم. سوپاسی دەکەم کە هاوڕێ شەهیدەکانی لە بیر نەکردوون و بە کۆ کردنەوەی ژیان و خەباتیان و چاپ و بڵاو کردنەوەیان ئەمەگی خۆی بەرامبەر نیشان داون.

خۆزگە حیزبی خاوەنی ئەو شەهیدانە و هەزارن شەهیدی دیکە خەمی ئەو جۆرە کارانەی خواردبا و دەستەیەکی وەک کاک برایمی کردبا مەئمووری نووسین و چاپی ژیاننامەی هەموو شەهیدان لە هەموو ناوچەکان. کاک برایم بەو کارەی سەلماندی تاک ئەگەر بیەوێ دەتوانێ کاری گەورە بکا و منەتیشی بە کەس نەبێ.بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ کاک برایم و هەموو ئەو کەسانەی رێز لە شەهیدان دەگرن و وەفایان بۆیان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٣

------------------------------------------------ -

## زایەڵەی هاوارێک، مانای ڕاپەڕینێک، ئاکامی غەدرێک!

ئەی قارەمانان، ئەوە خوێنی ئێوەیە کە لە دڵم دا وەک ئەستێرە خوشی و ئەوینی لە من دا پەروەردە کرد. چ لەشێک بەو خوێنە ئاڵە پاک نابێتەوە؟" (شیعری: سنیە صالح، وەرگێڕانی هەیاس کاردۆ) ئارامیی دەریا جوانە، بەڵام دەریای بێ شەپۆل هەیبەتی نییە. ئاسمانی ساو دڵگوشایە، بەڵام شریخەی هەورە برووسکە و هاتنە خواری فرمێسکە بە گوڕەکانیەتی کە بێدەنگی دەشکێنێ و جموجۆڵ ساز دەکا. دەشتی ساف و بێ سنوور پیاسەی لێ خۆشە، بەڵام ئەوە کێو و تەلان، کەند و لەند و هەوراز و نشێوە کە تین و تاقەت زیاد دەکا و لەش چالاکتر ڕادەگرێ. ڕووباری ئارام و مەند هەرچەند ڕەنگێکی جوانی هەیە و سوکنایی هێنەرە، بەڵام چۆم بە کەف هەڵخڕاندن و هاش و هووشەکەیەوە مانا دەدا و ئوبووهەتی خۆی دەنوێنێ.

وەک چۆن تامی ژیان بۆ خەڵک جیاوازە، ماناکانیشی لای ئەوان فەرقیان هەیە. بەشێک، هەموو ڕۆژێ دەمرن بۆوەی ژیانی ڕواڵەتیی خۆیان ڕاگرن. بەڵام ژمارەیەک مردن دەکەنە بەڵگەی چۆنیەتیی ژیان و منەت هەڵ ناگرن. هێندێک ژیانیان بۆ سەربەردانەوە دەوێ، کەچی ژمارەیەک بە سەری بەرزیان سەر بە ژیان دادەخەن. کەسانێک مانەوە لەنێو ئاوی مەند و چەقبەستوو دەکەنە فەلسەفەی ژیان، لەکاتێکدا خەڵکانێک پێیان خۆشە دەریای ڕووح و ڕووباری لەشیان شەپۆلان بدەن و قەت بۆ تاقە ساتێک نەوەستن. بەشێک وا بە قازانج دەزانن ڕایەڵی تەونی بیر و مێشکیان بدەنە خەڵکی دیکە هەتا بە کەیفی خۆیان بۆ یان بادەن، کەچی خەڵکانێک کلیلی قفڵی بیریان وە کەس نادەن و تەنیا خۆیان دەزانن چۆنی بەکار دێنن.

ئەوانەی ٤٥ ساڵ پێش ئێستا بزووتنەوەی سەربەرزانەی ٤٦ - ٤٧ یان وەڕێ خست و گۆمی مەندی ئێرانیان شڵەژاند، لەڕاستی دا ئەو دڵە جەسوور و بیرە تیژ و لەشە بەهێزانە بوون کە تەنیا مەرگ دەی توانی ڕایان وەستێنێ. ئەوان زایەڵەی هاوارێک بوون خەریک بوو بخنکێندرێ. ئەوان مانای ڕاپەڕینێک بوون خەریک بوو سەر ببڕدرێ. ئەوان بڕیاری گەلێک بوون غەدری لێ دەکرا.

بەهەر پێوانەیەک بیگرین و لەهەر دەربیجەیەکەوە چاو لە پێکهێنەرانی بزووتنەوە سەربەرزانەکەی ٤٦ - ٤٧ی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین ناتوانین هەیبەتی جوامێرانە و ڕووحی خۆڕاگری و بڕیاری کوردانەی ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرە لەبەر چاو نەگرن. ئەوان ڕابوون بۆ ئەوەی شەق لەترس هەڵدەن و تابووی "نەتوانین" بشکێن. ئەوان لووتکەی بەرزی چیایان بۆ ژیان هەڵبژارد چونکە لەنزمایی بۆنیان دەگرت و لێی وەڕەز بوون. ئەوان شەقیان لەملکەچی هەڵدا و "سەربزێو"ییان کردە پیشە. ئەوان دەستیان بە خەبات کرد چونکە خەریک بوو ملیان بە داوی باریکی غەدر ببڕدرێ. ئەوان ویستیان بە دەنگی بەسامی چەکەکانیان خەڵکی لەخەوی زستانی هەستێنن و بێدەنگیی شەو بشکێنن.

کەسێک برسی بێ قەت بۆ تامی خۆش و پڕ ویتامینی خواردن ناگەڕێ، ئەو دەفکری تێر کردنی زگی دایە. ئەوەی لە ژێر ئەشکەنجەی بەردەوامی جەستەیی دایە بیر لەتاریک یان ڕووناک بوونی ژووری مانەوەی ناکاتەوە، ئەو دەفکری کەمکردنەوەی ئازارەکانی دایە. فرمێسک تەنیا ئەو کاتە دێتە خوار کە دڵ هەڵ دەقرچێ. بزەش ئەو کاتە خۆی وەدیار دەدا کە گوڵی دڵ شکۆفە دەکا. مەگەر کەسانی لەژیان وەڕەز یان مالیخولیا، دەنا کەس پێی خۆش نییە خوێنی بڕژێ یان خوێن بڕێژێ. ژیان هێندە خۆشە کەس پێی خۆش نییە بە ئاسانی بەجێی بێڵێ. مادام وایە دەبێ پەی بەو ڕاستییە بەرین ئەوانەی دەستیان بۆ خەباتی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ برد و چوونە نێو سەنگەری بەرگرییەوە دەبێ چەندە کەوتبنە نێو تەنگەژەی ژیانەوە.

سەرکەوتن یان شکست، دروستیی یان هەڵە بوونی خەبات یان کردەوەیەک دەر ناخا. دەکرێ زۆر خەباتی ڕەوا و کردەوەی دروست بە ئاکام نەگەن و شکست بخۆن. پێچەوانەی ئەوەش هەر ڕاستە. واتە دەکرێ - دیتراویشە - گەلێک هەوڵی نابەجێ و کردەوەی ناردوست بە ئاکام بگەن و سەرکەون. کۆمەڵگای ئێمە دەوەدا بەداخەوە کێشەی هەیە. یانی کاتێک ڕێز و خۆشەویستیی خۆمان بۆ خەباتێک یان هەوڵێک دەر دەبڕین کە سەرکەوتن وەدەست بێنی ئەگینا دەکەوینە پاشملە کوتانی. ئێمە کەمتر بیر و فەلسەفەی گەڵاڵە داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی خەبات دەخوێنینەوە، زیاتر ئاکامی هەوڵەکانیان چاو لێ دەکەین.

فیدڵ کاسترۆ و هاوڕێیانی لە کووبا خەباتێکی چەکدارانەیان وەڕێ خست و لەماوەیەکی نە زۆر درێژدا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا و دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەیان گۆڕی. سولەیمانی موعینی و دۆستانی بەهەمان سەبک و لەسەر هەمان نەزم بەڵام بۆ ئامانجی کوردایەتی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی چەکدارانەیان وەڕێ خست و دوای ماوەیەک خۆڕاگری و قارەمانەتی نواندن شکستیان خوارد و بەشی زۆریان شەهید بوون. ئەگەر کاسترۆ و چێ



سەرچاوە
Serchawe

گوارا بوونە ڕەمزی ژیانی سەربەرزانە و بۆ هەتا هەتایە ناو و یادیان مایەوە، جێی پرسیارە بۆ نابێ موعینی و شەیفزادە و ئەوانەی خۆمان ئاوا بن؟ ئایا دەکرێ بڵێین ڕێگای ئەوان دروست بوو بەڵام هی ئەمان هەڵە؟ داخوا دروستە ئەوان بە ئازا و چاونەترس و پێشڕەو ناو بەرین و ئەمان بە ترسەنۆک و خوێڕی و دواکەتوو؟ ئەگەر خوێندنەوەمان بۆ فەلسەفەی ژیان و خەبات ئەوە بێ کە فیداکاری لەپێناو ئازادیدا قارەمانەتییە، ئیدی چاو لە ئاکامی خەباتی ئەوانە ناکەین. لە دەستپێکی کارەکەیان دەڕوانین و لەپشت سەریان ڕادەوەستین. ئەگەر سەرکەوتن خەنی لەخۆیان و شانازیی هەتا هەتاییان پێ دەبڕێ. ئەگەر شکستیان خوارد و شەهید بوون دەبنە ڕەمزی بەردەوامیی خەباتمان و خوێنیان دەبێتە ڕوون کەرەوەی ڕێگامان.

بە هەموو پێوەرێک خەباتی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتێکی ڕەوا، ئامانجدار، خەڵکی، بە پرەنسیپ و بیرلێکراوە بوو. یەکەم، ڕەوا بوو چونکە کورد زوڵمی لێ دەکرا و مافی زەوت دەکرا، هەر وەک ئێستاش هەروایە. بۆیە دەبوو لەبەرامبەر زوڵم و زاڵمدا ڕاوەستان و خەبات هەبێ. دووهەم، ئامانجدار بوو چونکە دەیویست لە چوارچێوەی ئێرانی ئەو زەماندا ئازادیی ژیان و مافی نەتەوەیی بۆ کورد دابین بکا. سێهەم، خەڵکی بوو چونکە لە دەرەوەڕا ساز نەکرابوو و بەرهەمی ڕاپەڕینی ڕۆڵە ئازاکانی گەل بوو. لەڕاستیدا خەڵک و پێشمەرگە یەک مانایان هەبوو و لێک جوێ نەدەکرانەوە..

چوارەم، بە پرەنسیپ بوو چونکە بۆ دیفاع لەخۆ و تێکۆشانی خۆ ساز کرابوو و تەنیا دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ڕادەوەستا و شەڕی دەکرد. ئەو بزووتنەوەیە لەسەداقەت و داوێنپاکی و کارجوانی دا نموونەی کەم بووە. پێنجەم، بیرلێکراوە بوو چونکە ڕێگاکانی دیکە تاقی کرابوونەوە و بە ئاکام نەگەیشتبوون. دەبێ لە بیرمان بێ خەباتی ئەو ڕۆڵە قارەمانانە پاشماوەی خەباتی مەدەنیی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لەماوەی دامەرزانی کۆماری کوردستان و پێش ئەودا بوو کە دیتمان چۆن بێڕەحمانە سەرکوت کرا. ئینجا بەداخەوە لەباشووری کوردستانیش تەنگ بە خەباتکارانی ڕۆژهەڵات هەڵچنرابوو و ژیانیان لێ حەرام کرابوو. هەربۆیە دوای بیر کردنەوەی زۆر و هەڵسەنگاندنی هەموو پێشهاتەکان دەست بەو خەباتە کرابوو.

ڕاستە خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ بەداخەوە سەرنەکەوت و دوای ماوەیەک تێک شکا، بەڵام ڕادەی شوێندانانی ئەو خەباتە و بەتایبەت خەباتکارانی ئەو دەورەیە لەسەر نەوەی دواتر بەڕادیەک بوو کە هەتا ئێستاش لەبیر و زەینی خەڵکدا ماوەتەوە. کەم نین ئەو کچ و کوڕە کوردانەی بە چاولێکەریی پێشمەرگەی ٤٦،٤٧

دواتر ڕێگای خەباتیان گرتە بەر و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشی. کەم نین ئەو دایک و باوکانەی لەعیشقی خەباتکارانی ئەو بزووتنەوەیە منداڵی خۆیان بەناو دەکردن و هانیان دەدان ڕێگای ئەوان بگرنە بەر. کەم نین ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە کورد و غەیرە کوردانەی نیوەرۆکی خەباتی چەکدارانەو کەسایەتیی قارەمانانی ٤٦ - ٤٧ یان کردۆتە بابەتی نووسینەکانیان و هەرکام بە شێوەیەک لێکیان داوەتەوە. کەمیش نەبوون ئەو جاش و جاسووس و خۆفرۆش و داڵدەدەر و وەدوو کەوتووانەی لەسایەی بوونی خەباتکارانی ٤٦ - ٤٧ خۆشخزمەتیی تەواوی خۆیان بە هێزەکانی دوژمن نیشان دا و ژیانێکی سەرشۆڕانەیان بۆخۆیان دابین کرد. هەرچی بوو ئەو ڕاپەڕینە نوورێک بوو لە تاریکیدا و ئەستێرەیەک بوو کە خوشی و بەداخەوە زوو ون بوو.

دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانەی ٤٧،٤٦ لووتکەی هەڵوێستی کۆمەڵە مرۆڤێک بوو کە هەرچەند ئاسۆی سەرکەوتنیان بەڕوونی نەدەبینی بەڵام بڕیاریان دا هەوڵ بدەن تیشکی خۆر بڕژێننە نێو ژووری ژیانی کورد. ئەوان بە بەلەمێکی چووکەی بێ ئیمکان، خۆیان بە نێو دەریایەکی تۆفاناوی داکرد و ویستیان لێی بپەڕنەوە. هاوارێک کە ئەوان وەڕێیان خست هەرچەند زوو دەگەروودا خنکێندرا، بەڵام زایەڵەی ئەو هاوارە ئێستاش دەگاتە گوێی ئەوانەی دەیانەوێ ببیسن. ڕاپەڕینێک کە خەباتکارانی ٤٦ - ٤٧ دەستیان پێ کرد و سەربەرزانە درێژەیان دا هەمان مانای چۆنیەتیی ژیان و مردنە. مانای ئەو خەباتە دەبێ لەم ڕستەیەدا بەدی بکەین: بە ئومێدەوە بۆ ئاسۆی سەرکەوتن ڕوانین. غەدرێک کە لەو ڕاپەڕینە و خەباتکارانی ئەو سەردەمە کرا غەدری مێژووییە و هیچ چاوێکی بینا و مێشکێکی وشیار نابێ لەبیری بکا. ئەوانەی لە دژی خەباتکارانی ٤٦ - ٤٧ جووڵانەوە و بۆ تێک شکاندنی ئەو خەباتە هەوڵیان دا، دەبێ لە خۆیان و بارەگای گەل شەرم بکەن.

یاد و ناوی خەباتکارانی بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ دەبێ وەک یاد و ناوی خەباتکارانی ئەمریکای لاتین و باقیی گەلانی ڕاپەڕیو لە نێو دڵەکاندا بمێنێتەوە کە نموونەیەکی ئەوەی خوارەوەیە:

"یادی لە پرۆسەی ژیانی بێ باکانەی دا وەبیر دێنینەوە،
کە زایەڵەی هاوارەکانی،
وەک ناقووسی بەربەیانی،
خەوی لە چاوی ئەم قاڕەیە دەزڕاند.
ئەو میراتی هاوڵاتییانی پێخواس،

ڕۆڵەی بێ هاوتای خەڵکی لاتین،

ویکتۆر خارایە".

ئوسترالیا؛ ١٨ - ٤ - ٢٠١٣

**ئەم بابەتە لەسەر داوی من بۆ نامیلکەی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ نووسراوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٣**

---------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# هەفپەیڤین بەبۆنەی ٨ی مارس.

## ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

**پرسیار: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟**

**هەیاس کاردۆ:** لە گوندی قەرەگۆل سەر بە شارستانی مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم و دوایە چوومەتە شار. دوای شۆڕشی ئێران ڕێی خەباتم گرتۆتە بەر و هەتا ساڵی ١٩٩٤ی زایینی لە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا تێکۆشاوم. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە لە وڵاتی ئوستڕالیا دەژیم.

**پرسیار: پرسی ژن ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**هەیاس کاردۆ:** پرسی ژن و کێشە جۆراوجۆرەکانی هێندە ئاڵۆزە لە بابەتێکی ئاوادا وەڵام وەر ناگرێتەوە. بە تایبەت ئەگەر باسی ژن لە کوردستان بکەین ئاڵۆزییەکە زیاتر دێتە بەرچاو. بە گشتی ژنانی کوردستان هەرچەند زۆر هەنگاوی بە کەڵکیان بۆ چوونەپێش هەڵێناوەتەوە، کەچی جارێ زۆریان ماوە بەو شوێنە بگەن کە دەبێ پێی بگەن. ڕەنگە هۆی جۆراوجۆر هەبن کە دەبنە بەربەستی ئەوە ژنی کورد جارێ نەتوانێ بە ئاواتەکانی خۆی بگا. گرینگترینی ئەو هۆیانە بە باوەڕی من دەکرێ ئەمانە بن: یەکەم، کورد جارێ بۆخۆی گرفتی گەیشتن بە ئازادیی هەیە و ناچارە زیاتر بیر لە ڕزگاریی نەتەوەیی بکاتەوە تا مافی بەرابەری. دووهەم، باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد بە جۆرێک دەگەڵ فەرهەنگی زاڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکەڵە کە خۆی بە تەنیا ناتوانێ بەرابەریی کۆمەڵایەتی دابین بکا. سێهەم، نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ یان ناوچەی ڕزگار کراو هۆیەکی دیکەی ئەو نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەیە کە بە زەرەری ژنان ماوەتەوە. چوارەم، نەبوونی بازاڕی پێویستی کار بۆ ژنان لە کوردستان کە بتوانن لە باری ئابوورییەوە لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن دیسان هۆیەکی گرینگی دیکەیە کە ئاسۆی گەیشتنیان بە ئازادیی تەواو لێل دەکا. پێنجەم، دەگەڵ ئەوانەش نەبوونی بزووتنەوویەکی بەهێزی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی کە تایبەت بێ بە بەرابەریی ژن و پیاو هۆیەکی گرینگی دیکەیە کە ڕێگای لە گەیشتنی



سەرچاوە Serchawe

ژنان بە ئازادی و بەرابەری گرتوە. بە گشتی لە حاڵی ئێستا دا لە هەموو کوردستان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشەی بەرابەریی ژن و پیاو زۆر بە شلی کاری بۆ دەکرێ و ئەگەر بە مەودا حیسابی بکەین جارێ زۆری ماوە دڵمان پێی خۆش بێ.

**پرسیار**: چ لە ڕیزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و ڕۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**هەیاس کاردۆ**: من بزووتنەوە یان ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بە هێزی ژنان لە کوردستان نابینم و ئەگەر هەشبێ ئاگام لێی نیە. ئەوەی هەیە هەموو ئەو ڕێکخراوانەن کە یان ڕاستەوخۆ سەر بە حیزبە سیاسییەکانن، یان لە پەنا ئەوان و بە یارمەتیی ئەوان درێژە بە ژیان و خەبات دەدەن. ئەوەی وەک ڕێکخراوەکانی ژنان لە تەنیشت حیزبە سیاسییەکان دیارە خۆی لە خۆی دا پێم شتێکی خراپ نیە چونکە لانیکەم هانیان دەدا هەوڵێک بدەن و خۆیەک نیشان بدەن. لە غەیری ئەوەدا چونکە خۆیان ڕێکخراوێکی سەربەخۆی یەکگرتوویان نیە مەجالی کار و چالاکییان بۆ نامێنێتەوە. وەک کەسایەتی و ئەفرادی سەربەخۆ دیارە ژنانی زۆر چالاک و وشیار و ماندوویی نەناس هەن و بەردەوام پرسی ژنان دێننە گۆڕێ و هەوڵی بۆ دەدەن. جگە لەوە هەرچەند زۆر بەرچاو نیە بەڵام ژنانی کورد لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکانیش دا بۆ مافی نەتەوەیی و چینایەتی و هی دیکە خەبات دەکەن و حزووریان هەیە. ئەوە قسەی من نیە، بەڵکوو ژنان بۆخۆشیان دەزانن حزووریان لە کار و چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بەرچاو نیە و هەتا ئێستاش ڕۆڵی سەرەکی هەر پیاو دەی گێڕێ. دیارە ئەوە بەشێکی خەتای ژنان خۆیان نیە و نەزمی کۆمەڵ بە سەری دا سەپاندوون، بەڵام دەبێ قبووڵی بکەن بەشێکی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە و دەبێ زیاتر بیری لێ بکەنەوە.

**پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**هەیاس کاردۆ**: چ پیاو ئەو قسانە بکا و چ ژن خۆیان، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو مەیلەی بۆ کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پیاوان دا هەیە لە ژنان دا نیە. نەک هەر لە کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو لە سەرتاسەری دنیا دا ڕێژەی بەشداریی پیاوان لە کاری سیاسی دا بەرزترە لە ژنان. ئێستا ئەگەر لە وڵاتانی دێمۆکرات و ئازاد دا ژنان بە هۆی دیکە نایانەوێ زۆر خۆ لە کاری سیاسی بدەن، لە کوردستان بەشێک لە

هۆیەکانی جیاوازن و زیاتر گرفتی فەرهەنگی و کۆمەڵاتییە ئەو مەیلەی تێدا کوشتوون. بەپێی ئەزموونی خۆم کە ماوەی سێ ساڵ ڕاستەوخۆ کارم دەگەڵ ژنان کردوە، ژنانی کوردستان هێندەیان دەرد و مەینەت هەیە وێڕا ناگەن بیر لە بەشداریی لە خەباتی بەرابەریخوازانە دا بکەنەوە. بەشی زۆری ئەوان کاتی خۆیان بۆ منداڵداری، ماڵداری و میوانداری و ئەو جۆرە شتانە تەرخان دەکەن و هیچ چاری دیکەشیان نیە. جگە لەوەش زۆر بەداخەوە بەشێک لە ژنانی کورد سەبارەت بە یەکتر حەسادەتیان هەیە و لە کاری بە کۆمەڵ دا کەمتر خۆیان ڕێک دەخەن. هەڵبەت ئەوەی دەیڵێم بەو مانایە نیە هەموو ژنان بگرێتەوە. نا بە خۆشییەوە ژمارەیەکی زۆرمان ژن هەن کە لە کاری ڕێکخراوەیی دا دەستی باڵایان هەیە و توانای ڕێبەریکردن و سازماندانی باشیان تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام ئێمە باسی گشتی دەکەین کە هەموو ژنانی کوردستان دەگرێتەوە.

جگە لەوانە لە کوردستان بە گشتی هەتا ئێستاش قانوون پیاوانەیە و لە زۆر بواردا دەستی ژنان بۆ کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبەستێ. جا مادام سەرەڕای ئەو هەموو بەربەستەی دیکەی سەر ڕێی ژنان، قانوونیش لە بەرامبەریان ڕاوەستێ ئیدی دیارە توانا و مەیلی تێکۆشانیان زۆر کەم دەبێتەوە و بەشی زۆریان ناهومێد دەبن. ئەوانەش کە کۆڵ نادەن و دەخوازن بەربەرەکانێ بکەن تووشی گرفت و سەختیی زۆر دێن و بەو جۆرەی پێویستە بەرهەمی خەباتەکەیان وەچنگ ناکەوێ. بە باوەڕی من بۆ ئەوەی بتوانین هۆیەکانی لاوازیی کاری هاوبەشی ژنان و خەباتی بەردەوامیان بۆ ڕزگاری دەستنیشان بکەین دەبێ لێکۆڵینەوەی زیاترمان هەبێ و وردەکاریی زیاتر بە خەرج بدەین. ئەوەی من لێرە باسم کردوون زیاتر ئاکامی ئەزموونی خۆم و هێندێک ماتاڵای تایبەت لە بارەی ژنانە.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

**هەیاس کاردۆ**: ئەوە ڕاستە بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە پەنا دەستی خۆیان ڕێکخراوێکی تایبەت بە کار و چالاکیی ژنانیان هەیە، هەر وەک بۆ لاوانیش هەیانە. هەر وەک باسم کرد ئەوە خۆی کارێکی چاکە و لانیکەم نوقتە هومێدێکە بۆ بەردوامیی کار و چالاکیی ژنان. بەڵام ئەو ڕێکخراوە کوردییانە نە دەتوانن و نە دەیانەوێ قورسایی کار و خەباتەکەیان بۆ مەسەلەی ژن تەرخان بکەن. لە ڕاستی دا ئەوان بۆیە ڕێکخراوی

ژنانیان هەیە هەتا لەو ڕێگایەوە ئەندام بۆ خۆیان زیاد بکەن و پۆزی لایەنگریی لە مافی ژنیش لێ بدەن، ئەگینا کاری ئەسڵیی ئەوان خەبات بۆ بەرابەریی ژن و پیاو نیە. لە بەر ئەوەش بەشی هەرە زۆری دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوانە و تەنانەت بەدەنەکەشیان پیاون، سروشتییە مەیلی هەوڵی زۆر لە پێناو بەرابەریی ژن و پیاویان تێدا نەبێ.

بەو حاڵەش هەموو ئەو ڕێکخراوانە و هەر کام بەش بە حاڵی خۆی لانیکەم بوونەتە پاڵپشتێک بۆ بەردەوامیی خەباتی ژنان و لە باری ماڵی و تەبلیغاتییەوە یارمەتیدەریان بوون. هەر خودی ئەوەش کە ئەو ڕێکخراوانە دەیانەوێ کچ و کوڕ وەک یەک لە خەباتی نەتەوەیی دا بەشدار بن و بۆ مافە ئینسانییەکانیان تێ بکۆشن خۆی خزمەتێکە بە چالاک کردنی ژنان لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا. هەر بە هەوڵی ئەو ڕێکخراوە کوردییانەشە دەنگی ژنانی کورد ئێستا لە بەشێک لە تریبۆنە نێونەتەوەییەکان دەبیسرێ و خەڵکی دنیای دەرەوە لە دەرد و مەینەتەکانیان ئاگادار دەبن. بەڵام هیچی ئەوانە نابنە ئەوە کە ژنان خۆیان ڕێکخراوێکی بە هێزی سەربەخۆ دامەزرێنن و هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆیان بۆ لە بەین بردنی نابەرابەریی جینسی تەرخان بکەن.

**پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**هەیاس کاردۆ**: وەک خۆم ڕەنگە سەیر بێتە بەرچاو ئەگەر بڵێم هەر لە منداڵییەوە دەرد و گرفتی ژنانم هەست پێ کردوە و دەگەڵی ژیاوم. قەتم لە بیر ناچێ کاتێک زۆر منداڵ بووم دەگەڵ فرمێسکەکانی دایکم کە بە هۆی زوڵم و زۆری باوکم هەڵی دەوەراندن، فرمێسکم دەڕشت. قەتم لە بیر ناچێ کاتێک برا گەورەکەم تەنیا لە بەر ئەوەی چڵە موویەکی سەری دە نێو چێشتەکە دا دیتەوە، چۆن هەڵی کوتایە سەر براژنم و ئەگەر من نەبوایەم ڕەنگ بوو هیلاکی کردبا. ئەمن هێشتا تازە لاو بووم کە لە ڕێگای خوێندنەوەی گۆڤای "جوانان" دەگەڵ دەرد و خەم و فرمێسکی ژنانی "خۆفرۆش" ئاشنا بووم. لە جەنگەی کاری سیاسی و خەباتی نەتەوەییش دا یەک لەو پیاوە کەمانە بووم بە دڵ لایەنگری بەرابەریی ژن و پیاو بووم و هەوڵیشم بۆ داوە. کاتێکیش لە لایەن شەهید دوکتور شەرەفکەندی سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە داوام لێ کرا لە نیزیکەوە هاوکاریی پەرەگرتنی یەکیەتیی ژنان بکەم، بە دڵ قبووڵم کرد و کارەکەشم ئاکامی باشی بە دواوە بوو. لە کاری نووسینیشم دا ئەوەندی بۆم کرابێ ئاوڕم لە کێشەی ژن داوەتەوە و لە ڕوانگەی خۆمەوە ڕێگا چارەسەرم بۆ دەستنیشان کردوە. بۆیە حەق بەخۆم دەدەم کاری هەتا ئێستای ژنانی کورد، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوی ڕەخنە سەیر بکەم و

ڕادەی بەشدارییان لە خەباتی بەرابەریخوازانەدا بە کەم بزانم. ئەوەندەش کە لە چوار چێوەی حیزبە سیاسییەکان یان لە پەنا ئەوان دا هەیە بە هیچ جۆر وەلامدەری کێشەی پڕ گرێ و گۆلی ژنانی کورد نیە و ناتوانێ هەولەکان لەو پێناوەدا چڕتر کاتەوە. بۆیە وابزانم یەکەم هەنگاو دەبێ ئەوە بێ ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ژنان دامەزرێ کە تێیدا بە بێ لەبەر چاو گرتنی بیر و باوەڕی سیاسی تەنیا بۆ وەدەست هێنانی مافی ژن خەبات بکا.

نابێ ژنان ئەوەشیان لە بیر بچێ کە خەباتی ئەوان بە بێ هاوکاریی پیاوان نەک هەر بە ئاکام ناگا بگرە ئاکامی پێچەوانەی دەبێ. بۆیە گرینگترین کاری ژنان دەبێ ئەوە بێ هێرشی بێ جێ نەکەنە سەر پیاوان و هەوڵ نەدەن فەزای نێوان ئەو دوو جینسە گرژتر لەوەی هەیە بکەن. ئەمن پێم وا نیە بە تۆلەکردنەوە بکرێ خەباتێکی مافخوازانە بەرێوە ببردرێ یان سەرکەوێ. بەدەستەوە دانی مانای هەلە لە "فیمینیزم" و پەیتا پەیتا دووپات کردنەوەی هێندێک دروشمی توند و تیژ ناتوانێ یارمەتیدەری خەباتی ژنان بێ. کۆمەڵ لە دوو جینسی ژن و پیاو پێک هاتوە و بە بێ هاوکاری و هاوهەنگاویی ئەو دوو جینسە کۆمەڵ نوقسانی هەیە. کەوابوو ئا بۆ بەردەوامیی خەباتی ژن هەتا وەدەست هێنانی هەموو مافەکانی. نا بۆ هەرچەشنە هەولێکی ئاژاوەگێڕانە و خۆ بە میحوەر دانانە.

ئوستڕالیا

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## دە ساڵ کاری بەردەوامی "گیارەنگ"!

چەند خۆشە دە ساڵی بەردەوام خوێنەری ماڵپەڕێکی کوردی بی کە بۆ خزمەت بە زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردی دامەزراوە و درێژە بە ژیان دەدا. چەند خۆشە لە ڕێگای گیارەنگەوە دەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری کورد ئاشنا بی کە بە نووسینەکانیان خزمەت بە کورد و خەباتەکەی دەکەن.

چەند خۆشە کەسێک گیارەنگ بەڕێوە بەرێ کە نموونەی مرۆڤی خەباتکار و ماندوویی نەناسە. چەند خۆشە کورد لەو جۆرە ماڵپەڕانەی زۆر بن کە نموونەی نەزم و زمان پاراوی و پرەنسیپە.

درۆ ناکەم هەرچەند لە باری نووسینەوە هاوکارێکی بە ئەمەگی گیارەنگ نەبووم، بەڵام بەردەوام سەرم داوە و کەڵکم لەو بابەتانە وەرگرتوە کە تێیدا بڵاو بوونەتەوە. یانی ئەگەر هەموو ڕۆژێ سەری گیارەنگم نەدابێ لانیکەم حەفتەی چەند جارم کردۆتەوە و ئەو بابەتانەی دەگەڵ سەلیقە و زەوقم هاتوونەتەوە خوێندوومنەوە. لەو بارەوە سوپاسی زۆر هەم بۆ بەرپرسانی و هەم بۆ نووسەرانی. بە تایبەت سوپاسی زۆر بۆ کاک حەمەڕەسووڵ دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری دایمیی ئەو ماڵپەڕە.

بەڵام گرینگیی کاری گیارەنگ هەر ئەوە نیە من سەری دەدەم. گیارەنگ لە مێژە بۆتە سەنگەرێکی قایم بۆ خەبات و بنکەیەکی باش بۆ پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی. ئەوە ڕاستە گیارەنگ ڕۆژانە نوێ ناکرێتەوە، ئەوە ڕاستە گیارەنگ خۆی لە بڵاو کردنەوەی هەواڵ دەبوێرێ یان بەردەوام بڵاوی ناکاتەوە، ئەوە ڕاستە گیارەنگ زۆری پەل ناویشتوە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان و بە تایبەت هەموو بوارەکانی نووسین. هەڵبەت گیارەنگ خۆشی قەت ئیدیعای نەکردوە تاقە سواری مەیدانە و هیچ گرفتی نییە. بەڵام ئەوەش هەر ڕاستە کە ئەو ماڵپەڕە لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوو دا قەت پەکی نەکەوتوە، قەت لە ڕێ لای نەداوە، قەت هەڵەی وای نەکردوە تووشی کێشەی قانوونی بێ یان داوای لێ بووردن بکا، قەت نەبووە خەت و ڕێباز بگۆڕێ و چاولێکەری بکا، قەت زمانی بازاڕیی و سووکی بەکار نەهێناوە و قەت کورد و خەبات و پێشمەرگە و سەنگەر و هاوسەنگەری لە بیر نەبردوە.

بە بۆنەی دە ساڵ کاری بەردەوام، دە ساڵ خزمەت بە ئەدەب و زمانی کوردی، دە ساڵ پێوەندیی بەردەوام بە بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەواری و دە ساڵ دروست کردنی کۆشکی ڕۆژنامەگەریی کوردی، پیرۆزبایی گەرم لە "گیارەنگ" و گیارەنگییەکان دەکەم. هیوام وایە ئەو ڕەوەتەی گرتوویانەتە بەر نەک هەر درێژەی بدەن، بگرە دەوڵەمەندتر و پڕ نێوەرۆکتر و ڕەنگینتریشی بکەن. خۆشحاڵم کە لە سەرەتاوە دەگەڵی ئاشنا بووم و لەو ماوەیەدا لێی دا نەبڕاوم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

-------------------------------------------

## پەنجا و نۆ گەڵای وەریو!

جۆزەردان مانگی خێڵ و خێڵاتچییانە، مانگی ڕەشماڵ و بێری و شمشاڵی شوانە. جۆزەردان مانگی فەریکە بوونی گوڵە گەنمەکان و تیژ کردنی داس و مەڵەغانی سەپان و وەرزێڕانە. جۆزەردان، مانگی وەبەرهاتنی دار و درەخت و زەوی و زاری جووتێرانە. جۆزەردان مانگی فڕینی باڵندە

ئازادەکان بە ئاسمانی شین و بێ گەرد دا و دروست کردنی هێلانەی ژین بۆ ڕاگرتنی نەزمی هەرمانە. جۆزەردان مانگی هیوا بە دەسکەوتی خوێندنی خوێندکاران و تامەزرۆ بوونی پشوویەکی درێژی هاوینانە.

ئەو ساڵە داسی مەرگ زوو تیژ کرا و پێش ئەوەی گوڵە گەنمەکان زەرد بن دروێنە کران. ئەو ساڵەی وەیشوومەی سەرما نەی هێشت چادر و چیغ لە کوێستانان هەڵدرێن، دەستی بێری لە گوانی مەڕ بڕی و شمشاڵی شوانەشی بێدەنگ کرد. ئەو ساڵەی تەیرەکان نەیان توانی لە شەقەی باڵان بدەن و هەوای ساف و بێگەردی ئەو ناوە هەڵمژن. ئەو ساڵەی هێلانە دروست نەکران و سروشت لە ڕەوتی ئاسایی خۆی بێبەش کرا. جۆزەردانی ئەو ساڵە قوتابییان لە جیاتی هیوا بە داهاتوویەکی گەش، فرمێسکی خەم و حەسرەتیان هەڵەوەراند و ئامێزیان بۆ هەڵوەرینی گەڵا سەوزەکان کردەوە. جۆزەردانی ئەو ساڵە وەک بەهار نەدەچوو، ڕێبەندانێک بوو دڵەکانی دەگوشی و لەشەکانی سیس هەڵ دەگێڕا.

ئاخر چۆن دەبێ لە نێو وەرزی بەهاری ژین دا پەنجا و نۆ گەڵای تازە سەوز بوو بە جارێک هەڵوەرێندرێن و پاییزی خەم پێک بهێندرێ؟ بۆ دەبێ پەنجا و نۆ گوڵی بۆنخۆشی بەهاری بە جارێک پەڕپەڕ بکرێن و باخچەی ژیان بە جارێک بڕووتێندرێتەوە؟ ئاخر کەی ڕەوایە لە جۆزەردانی مانگی هیوا و هومێد دا فرمێسک جێگای بزە بگرێتەوە و ترووسکەی هیوا لە چاوەکان بتارێ؟ کەی ڕەوایە سەرزەویی کوردەواری لە بەهاری جوانیی بێبەش بکرێ و پاییزی خەمی بەسەر دا زاڵ بێ؟

ئەو ڕۆژەی مانگی جۆزەردان خەریک بوو بە دوازدەهەمین تیشکی خۆر برازێتەوە و باوەشی گەرمی بۆ وەرزێران

بکاتەوە نەزمی سروشت گۆڕا و دنیا تاریک داهات. ئەو کاتەی دوازدەهەمین ئێوارەی بەهاری ژین خەریک بوو ژوانی پێک گەیشتن بۆ دڵداران ساز بکا و کاتێکی خۆشیان بۆ پێک بێنێ، دڵی دڵدار گۆڕا و ژوانگە بە چۆلی مایەوە. ئەو ڕۆژەی خاڵەی جووتێر خەریکی تیژ کردنی داسی ژین بوو هەتا لە جۆزەردانی خێر و بەرکەت دا دروێنەی هیواکانی بکا، ڕەوتی ژیان گۆڕا و ناهومێدی جێگای هیوای گرتەوە. ئەو ڕۆژەی گوڵە بۆنخۆشەکانی باخچەی ژیان خەریکی سەما بوون و بۆنی خۆشی خۆیان بڵاو دەکردەوەتۆفانی نەهامەتیی هەڵی کردێ و هەوای بەهاری گۆڕا. ئەو ڕۆژەی پەنجا و نۆ لاوی مەهابادی لە کاتێکدا خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی ئەزموونەکانی خوێندنی یەکساڵەیان ئامادە دەکرد و تیشکی هیوا لە پەنجەرەی دڵی دەدان کەوتنە بەر خەنجەری جەور و دڵیان کون کون کرا، ڕوانینی مرۆڤ لە یەکتر گۆڕا.

لەو ڕۆژەوە (١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی) کە داسی مەرگی کۆماری ئیسلامیی ئێران گوڵی تەمەنی پەنجا و نۆ لاوی مەهابادی پەرپەڕ کرد ئیتر بەهار مانای جارانی نەماوە. هەموو ساڵێ لەو ڕۆژ و مانگ و وەرزە دا بای خەزان هەڵی دەکاتێ و گەڵای دارەکان دەست بە وەرین دەکەن. هەموو ساڵێ لەو ڕۆژ و مانگ و وەرزە دا کانیی چاوەکان دەزێنەوە و کونی فرمێسکەکان دەکرێنەوە. هەموو ساڵێ لەو ڕۆژ و مانگ و وەرزە دا چاوی چاوەڕوانەکان دوور دوور دەڕوانن بۆ ئەوەی ئەو داسی مەرگ هێنەرە لە دەشتی پڕ پیت و بەرەکەتی نیشتمانەکەیان نەمێنێ و هیچی دیکە گوڵە تازە پشکووتوەکانیان پەرپەڕ نەکرێن. هەموو ساڵێ لەو ڕۆژ و مانگ و وەرزە دا مرۆڤ و مرۆڤ دۆستەکان یادی ئەو پەنجاو نۆ گوڵە پەرپەڕ کراوە دەکەنەوە و بە یادی ئەوان هەزاران نەمامی تازە دەنێژن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوونی ٢٠١٣

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی کاک هەیاس کاردۆ

## ڕێز لە مامۆستا حەسەنزادە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانە

هاوڕێیانی بەڕێزی پێکهێنەری کۆڕی ڕێزگرتن لەمامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە! سڵاوی گەرمی منتان پێشکەشو بە هیوای سەرکەوتنتان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. پێم خۆش بوو بەم نامە کورتەوە ڕێگای هەزاران مایلی ببڕم و هەستی خۆم تێکەڵ هەستی ئێوە بکەم بەشکەم بتوانم لەو کۆڕەدا بەشدار بم و منیش وەک ئێوە ڕێز لەخەباتکارێک بگرم کە ماندوویی نەناسە. سوپاستان دەکەم کە بۆ کارێکی ئاوا پێشقەدەم بوون چونکە باوەڕی من وایە مرۆڤە بە کەڵک و خزمەتکارەکان لە کاتی ژیانیاندا دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ و قەدری خزمەتەکانیان بزانرێ. بەدڵ حەزم دەکرد شانسی بەشداریی لەو کۆڕەمدا بە نسیب بووایە و منیش وەک ئێوە بەشێک لە قورسایی بەڕێوەبردنیم خستبایەتە سەرشان. مخابن دوورەدەستی و ژیانی سەختی ڕۆژانە ئەو دەرفەتەی نەدامێ.

من عادەتم نیە بە کەسانی خاوەن‌پلەوپایە هەڵبڵێم و بۆ قازانجی تایبەت لێیان نیزیک بمەوە. هەتا مامۆستا ئەندامی دەفتەری سیاسی، جێگری سکرتێر یان سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکڕات بوو هەرچەند گرینگیی کار و زەحمەتەکانیم هەست پێ‌دەکرد، بەڵام قەت هەوڵم نەدەدا تاریفی بکەم. هەرچەند پێشتر باسی توانای مامۆستام بیستبوو، بەڵام کاتێک زیاتر دەگەڵی ئاشنا بووم کە دوای کۆنگرەی هەشت لەپۆستی ڕێبەریدا نەبوو، بۆیە دەمتوانی زیاتر لێی نیزیک بمەوە و باشتری بناسم. ئەوکات من و چەند هاوڕێی خۆشەویستی دیکە لەپەنا دەستی مامۆستا خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسیی بووینو ڕۆژانە ئاگام لەهەڵسوکەوتەکانی بوو. لەو ماوەیەدا تواناو زەرفییەتەکانی مامۆستام بە باشی بۆ دەرکەوتن و زانیم دەگەڵ کێ هاوخەباتم. جگە لەوە لەنیزیکەوە دڵنەرمی و لەسەرەخۆیی و سۆزی ئەو مرۆڤەم سەبارەت بە بنەماڵەی خۆیو هاوکارانی بۆ دەرکەوت. بۆیە شاییم بە خۆ بوو کە لێی نیزیکم و دەتوانم شتی لێ فێر بم.

دوای کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێمۆکڕات کە مامۆستا نەریتی وازهێنانی داخوازانەی لەپۆستە سیاسی و تەشکیلاتی‌یەکان هێنایە ئاراوە و دەگەڵ ئەوەدا کە جێ‌باوەڕی بەشی زۆری ئەندامانی حیزبەکەی بوو بەڵام وازی

هێنا، زیاتر لەپێشوو کەوتە بەردڵم و گەورەیی ئەوم باشتر بۆ دەرکەوت. لەو ماوەیەش دا کە بۆ وەبەرهێنانی کتێبی "ئەزموونی خەبات" بۆ ماوەی ٣٦ سەعات قسەم دەگەڵ کرد ئەو باوەڕەم زیاتر پتەو بوو کە سەبارەت بەو مرۆڤە هەمە.

دۆستانی خۆشەویست! ژیانی ئینسان هەر هاتنی کۆرپەیەک و ماڵئاوایی بەساڵداچوویەک نیە. ژیان ئەگەر تێکەڵ بەکاری بەسوودو خزمەت بە باوەڕ و لەخۆ بوردوویی بە تایبەت کاریگەربوون لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نەبێ لەمانا بەتاڵ دەبێ و وەک ژیانی بوونەوەرەکانی دیکەی لێدێ. مامۆستا یەکێک لەو کەسانەیە کە مانای دروستیان بە ژیانی خۆیان داوە، چونکە ژیانی بۆ خەڵک و باوەڕەکانی خۆی تەرخان کردوە. ئەو لە توانا و بەهرەکانی خۆی بۆ قازانجی تایبەت کەڵکی وەر نەگرتوە، بەڵکوو خستوونیەتە خزمەت دۆخی خەباتی گەلەکەی بۆ گەیشتن بە ئازادی. جا ئەگەر کەسێکی ئاوا قابیلی ستایش و تەقدیر و خۆشەویستی نەبێ ئەدی کێ دەتوانێ قابیلی ئەوە بێ؟ بۆیە ئێستا کە ئێوە قۆڵی هیممەتتان هەڵماڵیوە و ئەو ئەرکەتان وەئەستۆ گرتوە، جێگای ڕێز و پێزانینن و دەستخۆشیتان لێدەکەم.

سڵاو لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە دەگەڵ ئازارەکانی گەلەکەی دەژیو بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئازارانە چی بۆ کراوە کردوویەتی. سوپاس بۆ مامۆستا کە لەڕێگای جۆراوجۆرەوە توانا و زەرفییەتەکانی خۆی خستۆتە خزمەت خەباتی گەلەکەی و وازی لەخۆشی‌یەکانی ژیان هێناوە. تەمەندرێژی بۆ مامۆستا و بە هیوای کاری زیاتر و خزمەتی بەرچاوتری. هەر لێرەشەوە سڵاوی گەرم بۆ شەریکی ژیانی مامۆستا خاتوو ئەستی " یان بەو جۆرەی بەناوبانگە "مەلاژن" کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا پێ بە پێی مامۆستا کۆڵی نەداوە و شەریکی شادی و ناڕەحەتی‌یەکانی بووە. هیوادارم هەردووکیان ماوەی تەمەنیان بە ساغی و سەلامەتی تێپەڕ بکەن و چێژ لە ژیانیان وەرگرن.

سەرچاوە: نامیلکەی ڕێزگرتن لە مامۆستا حەسەن زادە - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

-------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## "خەباتی مەدەنی"، باوەڕ یان پۆز لێدان؟

هەرکە باسی خەباتی مەدەنی لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە تایبەتی لە کوردستانی بندەستی ئەو وڵاتەدا دەکرێ بزەیەکی تاڵ دەکەوێتە سەر لێوەکانم و بە خۆم نیە بە گاڵتەی دەزانم. با بە ڕاشکاوی دەلیلەکانی خۆم باس بکەم و پێشم خۆشە ئەم بابەتە بکەوێتە

بەر ڕەخنەی بە بەڵگە و باسێکی جیددی لەسەر بکرێ.

وەکی باس دەکرێ مهاتما گاندی بۆ ڕزگار کردنی وڵاتەکەی "هیندوستان" لەدەستی ئینگلیس شێوەی خەباتێکی نوێی گرتە بەر کە ناوی لێنرا خەباتی مەدەنی. گاندی باوەڕی قووڵی بەو شێوە خەباتە هەبوو و هەر بۆیە هەتا کۆتایی ڕێگا پێی وەفادار مایەوە و سەرەنجامیش وڵاتەکەی پێ ڕزگار کرد. گاندی داوای لەخەباتکارانی هیندی دەکرد بە هیچ بیانوویەک و لەژێر کاریگەریی هیچ کردەوەیەکی داگیرکەران¬دا دەست بۆ توند و تیژی نەبەن و سەبر و لەسەرەخۆیی خۆیان بپارێزن. ئەوە باوەڕێک بوو کە لەدڵەوە سەرچاوەی گرتبوو، بۆیە کردەوەی توندی داگیرکەران بۆی نەبوو ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێنێ. مەبەستی ئەم نووسینە ئەوە نییە هۆیەکانی سەرکەوتنی خەباتی مەدەنی لە هیندوستان بێنێتە بەر باس کە دیارە یەک و دوو نین. مەبەست ئەوەیە بڵێم گرتنە بەری خەباتی مەدەنی دەبێ ببێتە باوەڕ و کە بوو بە باوەڕ نابێ بگۆڕێ.

ئەوانەی لەئێرانی ئەمڕۆدا باسی خەباتی مەدەنی دەکەن هێشتا وەک باوەڕ ئەو جۆرە خەباتەیان قبووڵ نەکردوە بۆیە هەر ڕۆژەی بە جۆرێک لێکی دەدەنەوە و قەت نەیان توانیوە ستراتیژییەکی ڕوونی بۆ دیاری بکەن. هەموو سەرانی خەباتی مەدەنی (مەبەست ناوەند نشینەکانە) کەم تا زۆر پێشینەی کاری توند و تیژییان هەیە و هی وایان تێدایە جینایەتکار بووە. مووسەوی و کەڕوبی کە ئاڵای ئەو شێوە خەباتەیان هێنایە گۆڕێ خۆیان لە بەڕێوەبەرانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بوون. زۆری ئەوانەی باسی خەباتی مەدەنی دەکەن وەختێک لە دەسەڵات دان خراپترین جۆری توند و تیژی بەکار دێنن و هەر دەنگێکی ناڕازی سەرکوت دەکەن. کەسێک دەتوانێ باسی خەباتی مەدەنی بکا کە ئازاری بە مێرووڵەش نەگا و ئینسان دۆستی و پاراستی مافی مرۆڤ بکاتە باوەڕێکی

قووڵ. شتی ئاوا بۆ تاکتیک دەست نادا و زوو ڕیسەکەی دەبێتەوە خوری. خەباتی مەدەنی پێویستیی بە ڕێبەرانی لەخۆ بوردوو، پشوو درێژ، بە سەبر و تەحەمول، وشیار و وردبین، خەڵکی و خەڵک دۆست، سادە و بێ تەکەلوف و هەروەها دڵ ئاوەڵا هەیە. ئەوانەی ئیدیعای ڕێبەریی خەباتی مەدەنی لەئێران دەکەن هەتا ئێستا هیچیان نەیان توانیوە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بن. کۆماری ئیسلامی هێندە ساویلکە نییە نەزانێ کێن ئەوانەی ئیدیعای خەباتی مەدەنی دەکەن چونکە هەموویانی لەژێر چەتری خۆی دا پێ گەیاندوە.

بەڵام سەیر ئەوەیە کوردە حەیاتەکەی خۆمان باسی خەباتی مەدەنی لەئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا دەکا. ئەوەیان ئیدی هەر بۆ پێکەنین دەبێ. پێش ئەوەی لێم تووڕە بن ڕێگام بدەن تۆزێک شی کەمەوە بۆ وا دەڵێم.

جارێ با لە چالاکانی نێو خۆڕا دەست پێ بکەم. بەشێکی زۆر لەو کوردانەی نێو خۆ کە باسی خەباتی مەدەنی دەکەن و ئامادەش نین هیچ نرخێکی بۆ بدەن، پاشماوەی دەوڵەتی "ئیسلاح و تەدبیری" ئاغای خاتەمی و هاوڕای کلیل بەدەستەکەی ئێستان کە کارنامەی 'خاتەمی" مان دیت و کلیل بەدەستەکەش هەر لەئێستاوە دیارە چمان بۆ بە دیاری دێنێ. کەوابوو کورد بێ و شانازیت ئەوە بێ هاوکار و هاوڕای ئەوانەی چۆن دەتوانی خەباتی مەدەنی بکەی!؟ ئینجا تۆ کە دەتەوێ خەباتی مەدەنی لەچوار چێوەی کۆماری ئیسلامی دا بکەی دەبێ باش بزانی خۆ لەسوئێد و فەڕانسە ناژی. باش دەزانی ئەو ڕێژیمە جوابی توندت دەداتەوە چونکە گاڵتەی بەو جۆرە گەمانە دێ و تۆش باش دەناسێ و دەزانێ زوو مل کەچ دەکەی. لەوەتی باسی خەباتی مەدەنی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە گۆڕێ داواکان هەر هاتوە چووک و چووکتر بوونەوە و ئێستا وای لێ هاتوە پێشەنگانی خەباتی مەدەنی لەجیاتی کۆماری ئیسلامی تاوانبار بکەن زیاتر هێرش دەکەنە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەرەوە. ئەوان خەباتی چەکداری دەکەنە ڕێگری گەیشتن بە ئاواتەکانی کورد لەحاڵێک دا باش دەزانن زیاتر لەبیست ساڵە خەباتی چەکداری نەماوە و بەرهەمی ئەو خەباتەی ئەوانیش ئیدیعای دەکەن هەتا ئێستا سیفرە. خەباتکاری مەدەنی نابێ ڕقی لە کەس بێ، نابێ بۆ دڵخۆشیی لایەک هێرش بکاتە سەر لایەنی دیکە، نابێ بە نرخی ڕۆژ نان بخوا، نابێ لە تەنگو چەڵەمەی سەر ڕێگا بپرینگێتەوە و پێویستە بە سەبر و لەسەرە خۆیی ڕێگای خۆی ببڕێ. ئینجا جێی پرسیارە خەباتی مەدەنی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەتا ئێستا نەی توانیوە پەرە بگرێ؟ بۆ پەل و پۆی ناویشتوە، بۆ تەنگی بە ڕێژیم هەڵنەچنیوە؟ بۆ نەبۆتە هۆی یەکگرتوویی خەڵک؟ کەس لە مودەعیانی خەباتی مەدەنیی نێوخۆ جوابی ئەو پرسیارانە دەداتەوە؟

لەوانەش خۆشتر حیزبە سیاسییەکانی کوردن کە لەهەموو ئەستێرەکانی ئاسمانی ئێران یەک دانەشیان پێ ڕەوا نابینرێ کەچی باسی خەباتی مەدەنی دەکەن و خەریکن ڕاستی، ڕاستی لێمان بکەنە ئاشە خۆشەکەی کە گەرمە و زارمان دەسووتێنێ. کەس نیە لەو حیزبانە بپرسێ تۆ کە شەو و ڕۆژ باسی خەباتی مەدەنی دەکەی ئەو مەشق و ڕێژە ڕۆیشتنی پێشمەرگەت لەچیە و دەتەوێ کێ فریو بدەی؟ هەر بەڕاستی بۆخۆشتان دەزانن چیتان دەوێ؟ لە لایەک بۆ پاساوی کار لێ نەهاتوویی خۆتان و دەستەوەستانیتان لەحاند چاوەڕوانییەکانی خەڵک و ئەندام و لایەنگرانتان پەیتا پەیتا باسی خەباتی مەدەنی دەکەن بێ ئەوەی بە کردەوە هیچی بۆ بکەن و هیچ بەرهەمێکیشی بۆتان بووبێ. لە لایەکی دیکەشەوە چونکە باوەڕتان بە خەباتی مەدەنی نیە و گاڵتەتان پێی دێ، دەمانچە لەقەد خۆتان نیشان دەدەن، دەورەی سەربازی دەکەنەوە، پێشمەرگە ڕادێنن و مەشقی پێ دەکەن، بە شان و باهۆی پێشمەرگە هەڵدەڵێن و هیوای ئەوەیان دەدەنێ تەنیا ئەوانن پارێزەری خاکی وڵاتن. باشە بەڕاستی چیتان دەوێ و بۆ بەرەنگاری دەگەڵ ئەو ڕیژیمە چ ڕیگایەک دەگرنە بەر؟ خەبات ئاوا ناکرێ و دۆست و دوژمن لێتان وەشک دەکەون. دوژمن باش دەزانێ ئەو باسی خەباتی مەدەنی کردنەتان لە بێ هێزیتانە دەنا هەلتان بۆ هەڵکەوێ بە شەوێک سەت پێگەی دوژمن دەگرن و وێرانی دەکەن. کەوابوو بە هیچ جۆر باوەڕتان پێ ناکا و هەتا زیاتر بپارێنەوە کەمتر ڕوحمتان پێ دەکا. خەڵکیش لێتان بە گومانن بۆیە جوابی هیچ داوایەکتان نادەنەوە. خۆ خەڵک دەگوێی گای دا نەخەوتوون. هەموو کەس دەزانێ جووڵە نەکردنی پێشمەرگانەتان لەبەر ئەوە نیە باوەڕتان پێی نیە، بەڵکوو دەستتان بەستراوە. هەر بۆیە باسی خەباتی مەدەنییەکەتان بۆ خەڵک وەک فشە دەچێ و ئەوانی پێ نایەتە مەیدان.

قسەی کۆتایی- هەر چەند وەک خۆم وای نابینم لەئێرانی ژێر دەستی کۆماری ئیسلامی دا خەباتی مەدەنی دەتوانێ کارێکی گەورە بکا و هەر بۆیە دڵم پێی خۆش نیە، بەڵام مەبەستی ئەم نووسینە لە ڕەددی ئەو شێوە خەباتەدا نییە. هەر وەک بە ڕوونی باسم کردوە خەباتی مەدەنی پێویستیی بە هێندێک پرەنسیپ هەیە کە لە پێش هەموویان دا باوەڕە. هەتا بە دڵ باوەڕت بەو شێوە خەباتە نەبێ ناتوانی درێژەی بدەی و پەرەی پێ بدەی. ئینجا مەبەستم ئەوەیە بڵێم دوو ڕوویی نامان گەیەنێتە سەر مەنزڵی مەقسوود. یان ئەم، یان ئەو. بە کام ڕێگادا دەڕۆی ئازادی بەڵام درۆم دەگەڵ مەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

# پێشمەرگە و پێشمەرگانە ژیان

پێشکەشە بە هەموو ئەو پێشمەرگانەی خۆیان سووتاند هەتا مۆمی ژیانی کورد نەکوژێتەوە. ٢٦ی سەرماوەزتان پیرۆز!

لە "هەڵۆ" یان پرسی جیاوازیی خۆت دەگەڵ پێشمەرگە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ هەڵۆ گوتی: هەردووکمان بەرز دەفڕین چونکە نزمایی‌یمان پێ تەحەمول ناکرێ. من شادم کە پێشمەرگە بە من دەشوبهێنن، بەڵام دەبێ بیدرکێنم ئەو زۆر لەمن لەپێشترە. ڕاستە هەردووکمان بەرز دەفڕین و لە نزمایی گیر نابین بەڵام من بۆ مەسڵەحەتی خۆمە کە دوندی چیاکان دەکەمە هێلانە کەچی پێشمەرگە بۆ مەسڵەحەتی گشتی و لەپێناو قازانجی خەڵک دا ئەو کوێرەوەرییە دەبینێ.

چوونە لای"باز" و لێیان پرسی خۆت لەبەرامبەر پێشمەرگەدا چۆن دەبینی؟ باز گوتی کاتێک هەڵمەتی پێشمەرگە دەبینم خۆم لەبەر چاو دەکەوێ. ئاخر من هێرش دەبەمە سەر بوونەوەری لەخۆم بێ هێزتر و ئەوەش شانازیی زۆری پێوە نیە. بەڵام پێشمەرگە هێرش دەکاتە سەر دوژمنێک کە زۆر لەخۆی بە هێزتر و پڕ چەکترە، کەچی لەپێی دەخا و چۆکی پێ دادەدا. خۆزگە منیش توانیبام وەک پێشمەرگە بم.

پرسیان بە "کارمامز" کرد و گوتیان تۆ و پێشمەرگە دایم بە شاخانەوەن و هەڵدەسووڕێن. داخوا هیچ شتێک لێکتان جیا دەکاتەوە؟ کارمامز لە شەرمان سوور هەڵگەڕا و ئارەقەی کرد. پاشان بە شەرمەوە گوتی : هەموو ژیانی من لەچیاکان بە ترس و لەرزەوە تێپەڕ دەبێ و قەت بە دڵی خۆم ناتوانم بحەسێمەوە چونکە ترس هەموو گیانی داگرتووم. خۆزگە لەو دەریای غیرەت و نەترسییەی پێشمەرگە دڵۆپێکم پێ دەبڕا بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی ئەم شاخ و ئەو شاخم کردبا. تکایە قەت من و پێشمەرگە مەیەننە ڕیزی یەک. ئەو لە ئاسمانە و من لە زەوی.

ڕوویان لە "بەفر" کرد و لێیان پرسی تۆ توورە نابی کاتێک سەفی دوور و درێژی پێشمەرگە بە سەرت دا دەڕوا و پێخوستت دەکا؟ حەیف نیە ئەو نەرمییەی تۆ لە ژێر کەوشی پێشمەرگە دا بپەستێورێ؟ بەفر سەری هەڵبڕی و پڕ

بە گەرووی هاواری کرد بۆ من سەر بەرزییە فەرشی سپیی خۆم لەژێر لاقی پێشمەرگە ڕابخەم هەتا ئازاری پێ نەگا. مخابن دەزانم زۆر جار ساردیی من لاقی پێشمەرگە ئازار دەدا و لەو بارەوە شەرمەندەم. ئاخ پێشمەرگە لە کوێی کە یادت دەکەم.

لە "پۆڵا" یان پرسی تۆ پێت ناخۆش نیە پێشمەرگە بە تۆ دەشوبهێنن، ئاخر سەختیی تۆ لە کوێ و پێشمەرگە لە کوێ؟ پۆڵا وەجواب هات و گوتی : شتی وا بە من مەڵێن هەر خۆم دەزانم ئەو چەند لە من خۆڕاگرتر و سەختترە. من بە تینی ئاگر دەتوێمەوە کەچی پێشمەرگە لەنێو گڕی ئاگر دا هەڵمەت دەبا و شەڕ دەکا. خۆزگە تۆزێک لەو خۆڕاگرییەی پێشمەرگە بە من بڕابا.

ئینجا ڕوویان لە خودی پێشمەرگە کرد و لێیان پرسی کەست پێ شک دێ لەخۆت بەرزەفڕتر، هەڵمەت بەرتر، بە غیرەتتر و خۆڕاگرتر بێ؟ پێشمەرگە پێویستی بە بیر کردنەوە نەبوو چونکە ناوی خۆی بۆ ئاشنا بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ دێسەمبەری ٢٠١٣

---

## چەند پرسیارێک!

ئەم بابەتە نە ڕووی دە کەس، یان کەسانێکی تایبەتە و نە هیچ مەبەستێکی "تێکدەرانە"ی لە پشتە. وەک هەر کوردێک ئەم پرسیارانەم بۆ هاتوونە پێشو خۆشحاڵ دەبم کەسانی پێوەندیدارو بەتایبەت هاوحیزبییەکانی خۆم ئەگەر وەڵامیان بۆی هەیە جواب بدەنەوە کە سوپاسیان دەکەم.

وەک کاری دیپلۆماسیو هەوڵدان بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە نەتەوەی باڵا دەستی ئێران بەردەوام کۆڕو کۆبوونەوە دەگیرێو هاتوچۆ گەرمە. هەڵبەت ئەوەندەی باسی کۆبوونەوەکانو نیشاندانی وێنەکان دەکرێ قەت قسەیەک لە ئاکامەکانی ناکرێ. بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانم ئەم پرسیارانە بکەم:

**یەکەم**: هەتا ئێستا ئەو دانیشتنو کۆبوونەوانە تا چ ڕادەیەک مەیلو بۆچوونی فارسیان بۆ لای مەسەلەی کورد گۆڕیوەو وای لێکردوون بە خۆیاندا بچنەوەو کێشەی ئێمە دەرک بکەن؟

**دووهەم**: ئەگەر هیچ کاریگەرییان نەبووە هۆی چیە لە کۆڵیان نابنەوەو فکرێکی دیکە بۆ کورد ناکەنەوە؟ باشە ٣٤ ساڵو بگرە پێشتریش بەس نیە بۆوەی هەڵوێستی نابەجێ بگۆڕدرێ؟

**سێهەم**: ئەگەر توانراوە ئەو ئاڵوگۆڕە بکرێ، پێم خۆشە بزانم هەتا ئێستا چەند فارس بە هۆی قسەو دەلیلو ئیستدلالی دیپلۆماتەکانی کورد نەزەریان گۆڕاوە؟ ئەگەر کەسی واتان پێ شک دێ داوا دەکەم ناوی بێننو پێشم بڵێن لەکام هەڵوێستی بە ئاشکرایدا ئەو گۆڕانەی دەربڕیوە. با باسی ئەوانە نەکەین بۆخۆیان نییەتیان پاکەو بە تێگەیشتنی خۆیان دیفاع لە کورد دەکەن کە ئەوە هیچ پێوەندیی بە هەوڵی دیپلۆماتەکانی کوردەوە نیە. بۆ نموونە لە تورکیە ئیسماعیل بێشکچیمان هەیە کە ئەو خۆی کوردەکان فێر دەکا چۆن دیفاع لە مافی خۆیان بکەن. ئەگەر کەسی وا هەیە با بیناسینو ئینجا ئەوە شاکاری کاری دیپلۆماسییش نیە.

**چوارەم**: کاتێک دەگەڵ کەس و لایەنی ئێرانی دادەنیشن قەت هەبوە ویستو داخوازەکانی کوردیان بە تۆکمەیی

لەبەر دەست بنێن. ئەگەر ئەو کارەتان کردوە هەڵویستی وان چ بووە؟ داخوا قەت وا بووە کەسێک لەوان بڵێ باشە قبووڵمە؟ ئەگەر وای گوتوە ئامادەیە ئیمزای بکا؟

**پێنجەم:** پێم وایە لە هەموو کارێک دا ئاکام وەرگرتن زۆر گرینە. ئێوە کە بەردەوام هاتوچۆی ئەو دۆستە ئێرانییانە دەکەن، داخوا دوای هەر کۆبوونەوەیەک هیچتان دێتە دەست کە چەند چوونەتە پێش‌و چەند بۆ دواوە گەڕاونەتەوە؟ بۆ نموونە ئاغای بەنی سەدر کە وەکی دەڵین ٣٤ ساڵ پێش تەرحی خودموختاری قبووڵ کردوە، چۆنە ئێستاش دەبێ بچنە لای‌و داوای لێ‌بکەن کورد بناسێ؟ داخوا ئەوە بۆپێشەوە چوونە یان بۆ دواوە گەڕانەوە؟ چەند کەسی واتان پێ شک دێن کە زەمانێک بە ئاشکرا دیفاعیان لەمافی کورد دەکرد، بەڵام ئێستا بە پێچەوانە دەجووڵێنەوە؟ مانای ئەوە لە چی دەزانن؟ پێتان وا نیە باوەڕمەند بوون بە مافی گەلان دەبێ لە ناخی مرۆڤەکاندا بێ نەک بە دانیشتن‌و شەڕە قسە؟

**شەشەم:** پێتان وا نییە لە جیاتی دانیشتنی بەردەوام‌و بێ هوودە لەسەر ئەوە کە فلان سمینار چۆن بگیرێ‌و فیسارە تەرحی هاوبەشی ئێرانییەکان چۆن کاری لەسەر بکرێ، ئەگەر هەر قەرارە بچنە لایان - کە دیارە قەت ئەوان نایەنە لای ئێوە - زیاتر باسی مەسەلەی کورد بە ئاشکرا بکەن‌و هەوڵ بدەن بەرنامەی خۆتانیان پێ بسەلمێنن‌و پاشان ئەگەر بە قسە سەلماندیان - کە وێ ناچی شتی وا بکەن- پێشیان ئیمزا بکەن.

**حەوتەم:** حەز دەکەم بزانم ئەو هاتوچۆ و داوەتو داوەت کارییە بێ ئاکامانە هەتا کەی بەردەوام دەبن‌و داخوا بە خۆدا چوونەوەیەک دەخۆتان دا شک دەبەن؟

دەگەڵ ڕێز و سوپاس

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ دێسەمبەری ٢٠١٣

----------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## پێشمەرگە، هەر دەبێ پێشمەرگە بمێنێتەوە!

٢٦ی سەرماوەز و ڕۆژی پێشمەرگەی ئەمساڵیش تێپەڕی و ساڵێکی دیکە بە تەمەنی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات زیاد بوو. لە دەوروبەری ڕۆژی پێشمەرگە دا زۆر لایەنی جۆراوجۆری ژیانو خەباتو مانای پێشمەرگە لێک درانەوەو هەرکەس لەڕوانگەی خۆیەوە پێشمەرگەو ئەرکەکانی پێناسە کرد. بە تەواو بوونی ڕۆژی پێشمەرگە ئەو باسانەش لەکوڵ کەوتنو ئیدی ڕەنگە هەتا ساڵێکی دیکە ئەو دەفتەرە نەکرێتەوە.

بەڵام ڕێگا بدەن باسی پێشمەرگە نەبرێتەوە چونکە باوەڕم وایە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچارە دیسان پەنا بۆ هێزی پێشمەرگە بەرێتەوە.

بۆ من پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە کوردەیە - کچ یان کوڕ - کە سەنگەری لەدوژمن گرتووە پارێزگاری لەخاکی وڵاتەکەیو کەرامەتی نەتەوەکەی دەکا. ڕەنگە پێشمەرگە بە زۆر هۆ نەتوانێ دوژمن بە چۆک دابێنێ و نەبێتە بەربەستی داگیرکارییەکانی، بەڵام هەموو هەوڵی خۆی لەو ڕێگایەدا دەدا و تەنانەت ئامادەیە گیانی بکاتە پردەبازی گەیشتنی کورد بە ئاواتەکانی. هەر لەسەرەتای دروست بوونی هێزی پیشمەرگەوە ئەوە مانای بووە و چەند نەسلی ڕابوردووش هەر بەو مانایە لێی حاڵی بوونو ئێستاش زۆری وەک من هەر وای لێ حاڵین. هەتا ئێستا هەزاران و دەیان هەزار کوڕ و کچی کورد بە حەماسەتەوە خۆیان گەیاندۆتە ڕیزی پێشمەرگەو چەکی شانازییان کردۆتە شانو بە هەزارانیش هەر لەو ڕیزەدا گیانیان فیدای ئامانجەکانیان کردوە. زۆر حەیف و غەدرو بێ ئینسافییە لەپێناو هەڵوێستی سیاسی دا یان بە هۆی ئاڵوگۆڕی زەمان و یان تێک چوونی پارسەنگی هێز مانای پیشمەرگە دەستی تێوەردرێ و شتی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە.

ساڵانە لەچوار قورنەی دنیا سەدان ڕۆژنامە نووس و هەواڵنێر گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و زۆریشیان دەکوژرێن و دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، بەڵام کەس ناڵێ ئەوانە پێشمەرگە بوون و لەسەر پێشمەرگایەتی وایان لێ هات. ساڵانە زۆر خەباتکاری مەدەنی دەگیرێ، بێ حورمەتیی پێ دەکرێ، لەکار دەر دەکرێ، و تەنانەت دوکوژرێ بەڵام قەتم نەبیستوە بەوانە بڵێن پێشمەرگە. لەوەتا وەبیرم دێ تووێژی قوتابی و مامۆستا و خوێندکار دایمە ناڕازی



سەرچاوە
Serchawe

بوون و هەر جارە ناجارێک خۆنیشاندانیان وەڕێ خستوە و مانیان گرتوە. قەت نەگوتراوە ئەوانە پێشمەرگەن و ئەرکی پێشمەرگە بەجێ دێنن.

هەتا ئێستا هەزاران کرێکار بۆ گەیشتن بە مافەکانیان خەباتی نەپساوەیان کردوە و زۆریشیان بێکار کراون، گیراون و تەنانەت کوژراون، کەچی هەر بە ناوی کرێکار باسیان کراوە و قەت نەگوتراوە پێشمەرگە بوون. جا ئەوە بۆ باقیی چین و توێژەکانی دیکەش دووپات کەوە.

ئەمرۆ بەداخەوە دەوری مەیدانی خەباتی پێشمەرگە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تێل دڕوو گیراوە و هێزی پێشمەرگە "زەمینگیر" کراوە. ئەوە پێشمەرگە خۆی نیە مەیدانی چۆڵ کردبێ و وازی لە بەرەنگاری هێنابێ، بەڵکوو بڕیاری سیاسییە وای لێ کردوە. ئێستا هەر بڕیاری سیاسیشە خەریکە پێشمەرگە لەمانا دروستەکەی خۆی بەتاڵ بکا و بەرگێکی دیکەی بە بەردا بکا کە زۆر نامۆ و نەناسراوە. بۆ من ئەو مانایە هەزم ناکرێ چونکە هەر سیاسەت وای فێر کردووم پێشمەرگە بە مانا دروستەکەی خۆی بناسم. بۆ من پارلمانتار پارلمانتار، مامۆستا مامۆستایە، ڕۆژنامە نووس ڕۆژنامە نووسە و پێشمەرگەش پێشمەرگەیە. ڕەنگە کەسێک هەم پێشمەرگە بێ و هەم ڕۆژنامە نووس بەڵام هەر ڕۆژنامە نووسێک نابێتە پێشمەرگە.

ڕاستە لەنێو ریزی پیشمەرگەدا یەک فەرماندەیە، یەک کادرە و تەبلیغ دەکا، یەک ڕۆژنامە چاپ و بڵاو دەکاتەوە، یەک لەڕادیۆ کار دەکا، یەک لەنەخۆشخانەیە و هەتا دوایی. بەڵام لە بیرمان بێ هەموو ئەوانە دەپێشدا هاتوون ببنە پێشمەرگە و هەر لەڕیزی پێشمەرگەش دا ئەو ئەرکانە بەڕێوە دەبەن. ئەوانە فەرقیان زۆرە دەگەڵ خەباتی مامۆستایەکی شار یان ڕۆژنامە نووسێکی ئازاد. ڕاستە خەباتی ئەوانیش پیرۆزە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ بەڵام ئیدی هەمووی بکرێنە پێشمەرگە بەڕاستی بێ ئینسافییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٥ دێسەمبەری ٢٠١٣

-------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ - ٢٠١٥

-----------------------------------

### دیپڵۆماسیی کورد لە ئێران چەندە سەرکەتوە؟

زیاتر لە ٣٥ ساڵە کوردی ڕۆژهەڵات بە هەموو شێوەیەکی مومکین و بە هەر ڕێگایەک دا بۆی کرابێ ویستوویەتی دەسەڵاتدارانی ئێران، بیروڕای گشتیی ئەو وڵاتە، هێزو لایەنە سیاسییەکانیو تەنانەت تاک بە تاکی خەڵکی ئێران لە بوونی چەند شت بگەیەنێ: ئەوە کە ئێران لە نەتەوەی جیاجیا پێکهاتوە.

ئەوە کە نەتەوەکانی جگە لە فارس زوڵمیان لێکراوەو دەکرێ. ئەوە کە کورد یەکێک لە بێبەشترین نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەیە. ئەوە کە ئێران بەبێ لەبەر چاو گرتنی مافی بەرابەر بۆ هەموو نەتەوەکان ناتوانێ درێژە بە یەکپارچەیی خۆی بدا. ئەوە کە دەسەڵات دەبێ لە نێوان نەتەوەکانی نیشەجێی ئێران دابەش بکرێو زۆری دیکەش.

بۆ ماوەیەکی زۆر، کورد هەم توانای خۆڕاگریی لە مەیدانی بەربەرەکانیی هەبوو هەم توانای خۆنیشاندان لە مەیدانی دیپڵۆماسیو شەڕی سەر مێزی وتوویژ. هاوکات زۆر هێزو لایەنی ئێرانی بە هۆی گرینگیی ڕۆڵی کورد ڕوویان لە هێزە سیاسییەکانی دەکردو هەوڵیان دەدا خۆیانیان لێ نیزیک کەنەوە. تەنانەت بۆ ماوەیەک گەورەترین حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە هاوپەیمانی گەورەترین ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو لەیەک ڕیزدا هەوڵی تێکڕماندنی دیواری تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامییدا. هەر لەو ساڵانەشدا زۆر هەوڵ بۆ لێک کۆ کردنەوەی هەموو هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دراو بۆ ئەم مەبەستە ڕێگا نەما تاقی نەکرێتەوە.

هەتا توانای کورد لە مەیدانی خۆڕاگریدا لاوازترو خوێنی ڕۆڵەی کورد بۆ دامەزرانی "ئێرانێکی دیمۆکڕات" کاڵتر

بۆوە، نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی "ئێرانییەکان"یش جوانتر خۆی دەرخست. لەو ڕۆژەوە کە مەیدانی خەباتی چەکداریی کورد کەم ڕەنگتر بۆتەوە هەتا ئەمڕۆ کە ئەم دێڕانە دەنووسرێن ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ ڕادەی موخالیفانی مافە نەتەوایەتییەکانو بەتایبەت مافی ڕەوای کورد کە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیەتی، لە نێو ئێرانیەکاندا زیاتر بووەو ژمارەی دۆستانی کورد لە نێو ئێرانییەکاندا کە زەمانێک بۆ دیتنی ڕێبەرانی سیاسیی کورد نۆرەیان دەگرتەوە کەمتر بۆتەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە دیپلۆماسیی کورد دوای ٣٥ ساڵ هەتا چ ڕادەیەک توانیویەتی کارایی خۆی بنوێنیو بۆچوونی کۆمەڵی ئێرانی بە نیسبەت ماف و ئازادییەکانی بگۆڕێ؟

با بەوە تاوانبار نەکرێم کە دژی دیالۆگو وتوێژم. با ناسەرکەوتوویی خۆمان لە مەیدانی دیپلۆماسیدا بەوە پاساو نەدەین کە تەنیا ڕێگامان درێژەدان بەو شتەیە. با جارێک لە خۆمان بپرسین لەو ماوەیەدا چەندە چووینەتە پێشو چەندەمان پاشە کشە کردوە. با قەڵەمو کاغەزێک هەڵگرینو حیسابێکی سەرپێی بکەین بزانین چەند ئێرانیمان ڕازی کردوە دەگەڵمان بێنو چەندەشمان لێدوور کەوتوونەتەوە. با بزانین ئیشکالی کارمان لە کوێ دایەو بۆ ئەو دیپلۆماسییەمان بڕ ناکا. با جارێک بە وردی بە خۆماندا بچینەوەو ئەگەر پێویست بوو ڕێگای خۆمان بگۆڕین. مەگەر ناڵێن سیاسەت هونەری مومکینات؟ دەی با پێشقەدەم بینو هەوڵ بدەین شتێک کە وەک نامومکین دێتە بەرچاو مومکینی بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٦ جوولای ٢٠١٤

-------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ پیاوێک کە ماندوویی نەدەناسی!

پێم خۆشە بۆ تاوێک چاو بقووچێنم و بیر و هۆشم بگەڕێنمەوە نێو باوەشی گەل. دڵم دەیەوێ بۆ چرکە ساتێک وەک بای شەماڵ بە دۆڵ و دەرەکانی کوردستان دا خول بخواتەوە و وێنەی ئەو بیرەوەرییانە بگرێ کە ساڵهایە بەجێی هێشتوون. میشکم تینی بۆ هێناوم ئەو خۆشەویستانە وەبیر بێنمەوە کە سەردەمانێک لە تەنیشتیان بووم و پێکەوە و لە پەنای یەک بۆ ئامانجێکی هاوبەش خەباتمان دەکرد. بیرم سەرقاڵە و خەریکە فیلمی ژیان و خەباتی سێلاوی ئەو تێکۆشەرانەم بۆ نیشان دەداتەوە هەتا جارێکی دیکە لە گەورەیی و خۆ نەویستییان بگەم و بەڵێن بدەم هەتا سەر لێوی قەبر ناو و یادیان فەرامۆش نەکەم.

ئێستا دیمەنی ئەو کاتانەم لەپێش چاوە کە بە قرچە قرچی گەرمای نیوەڕۆیە کاک تەها باڵتۆیەکی قورسی دەبەر دایە و لە بنکەی ڕادیۆ ڕا بەرەوە هەوراز هەڵ دەکشێ. لێی نیزیک دەبمەوە و دەڵێم بۆ کوێ بەو گەرمایەی؟ دەڵێ وەدوام کەوە بزانم هەتا کوێ بڕ دەکەی. ناچار بە بزنە ڕێگای بەرەو لووتکە دا وەدوای دەکەم و توانای خۆم تاقی دەکەمەوە. هەتا دێ باوی لاقی کاک تەها خۆشتر و خێرایی ڕۆیشتنەکەی زیاتر دەبێ. لە پشتەوەش ڕا مەودای هەنگاوەکانی من کورتتر دەبنەوە و هەتا دێ لە کاک تەها دوورتر دەکەومەوە. ئەو بە مەبەستی دابەزاندنی کێش بڕیارێکی سەختی داوە کە مخابن لە توانای من دا نیە. هەر بۆیە زۆری پێ ناچێ بێ ئەوەی پێم بزانێ سەر بەرەو خواری دەدەمێ و خۆ دەگەیەنمەوە دیوە لە بەر تاو سوور بۆوەکەی ڕادیۆ.

دیسان باڵی خەیاڵ هەڵم دەگرێ و لەنێو کۆڕی هاوسەنگەران دا بە عەرزیم دادەدا. لە نێو سیمای سەدان تێکۆشەردا کە هەرکام سەرقاڵی کارێکی شۆڕشن، لە گۆشەی دیوە ڕەق و تەقەکەی ڕادیۆ چاوم بە کەک تەها دەکەوێ کەهەردووک لاقی درێژ کردوون و کۆڵێک نامەی چووکەی گلۆڵە کراوی لە پێشن و بە تیغەڵەیەک خەریکی کردنەوەیانە.هەرکام لەونامانە لە لە شار و دێهاتی کوردستانەوە بە قاچاغە ڕێیاندا و بەشی هەرە زۆریشیان لە نێو کۆڵەپشتیی پێشمەرگەدا گەیشتوونەتە دەستی کاک تەها. کاک تەها بە حەوسەلەی یەکجار زۆرەوە کە هەر خۆی جوان بوو هەموو نامەکانی دەخوێندنەوە و بۆ هەمووشیان وەڵامی پێویستی پێ بوو. هەر



سەرچاوە Serchawe

بۆیەش ڕۆژانی هەینی بە هەزاران کەس لە ئۆگرانی بەرنامەی "وەڵامی نامەی گوێگرەکان" دڵە کوتەی ئەوەیان بوو گوێیان لە وەڵامی نامەکانیان بێ کە بە دەنگی خۆی – کاک تەها- و خەجیجە خاتوونی هاوکار و دۆستی نیزیکی بڵاو دەبۆوە.

کاک تەها لە کاردا وچاندانی نەبوو. بۆ ماوەی دەیان ساڵ بێ پشوودان بەشێکی زۆری بەرنامەکی ڕادیۆی نووسین. کاری بەردەوام و بێ پسانەوەی ڕادیۆ کە حەوت ڕۆژ لە حەوتوودا بوو کاری کەسێک و دوو کەس نیە. بەڵام ئەو پیاوە ماندوویی نەناسە بەردەوام دەی نووسی و بێ پسانەوە کۆنترۆڵی بڵاو بوونەوەی بەرنامەکانی دەکرد. ئەو دەگەڵ ڕادیۆ پێوەندییەکی ڕووحیی وای گرێدا بوو کە بە کەس لێک نەدەبوونەوە. گەڕان و خۆش ڕابواردن لای کاک تەها فشە بوو. ئەوەی بیری لێ نەکردبایەوە سەیران و گەڕان بوو. بە ساڵ پشووی وەر نەدەگرت و قەت لە ڕادیۆ دوور نەدەکەوتەوە. گوێی لەوەی نەبوو خەڵکی دیکە چۆن کار دەکەن و چەندە خۆیان ماندوو دەکەن. ئەو وا ڕاهاتبوو کە ماندوو بوون نەناسێ. کاک تەها چاوی لە پلە و پایە و تەشویق و پێدا هەڵگوتن نەبوو. بە هیچ جۆر پێی خۆش نەبوو دەستوور بدا و خەڵکێک گوێڕایەڵی بن. ئەوەی بۆ ئەو گرینگ بەرنامەکانی ڕادیۆ ڕێک و پێک بڵاو بنەوە و وەدرەنگ نەکەون. ئەو دەیزانی گرینگیی ڕادیۆ بۆ شۆڕش چەندە زۆرە، بۆیە هەموو ژیانی ببوە کاری ڕادیۆ. توانا و بەردەوامیی ئەو مرۆڤە سنووری نەدەناسی. تاقەتێک کە بۆ ئامادە کردنی بابەتەکانی ڕادیۆ هەیبوو نایەتە حیساب کردن.

کاک تەها عەتیقی نموونەی پیاوێکی مەند و خاوەن خسڵەتی بەرزی ئینسانی بوو. قەت دەنگی بەسەر هاوکارانی دا بەرز نەدەکردەوە. کەم دوێ و پڕ کار بوو. هێندێک کەس ئەو کەم دوێیەی کاک تەهایان بۆ خۆ گرتن لە قەڵەم دەدا کەچی وانەبوو. ئەو نەی دەویست کاتی زێڕینی خۆی بە قسەی بێ ئاکام پڕ کاتەوە. لەو کاتانەدا کە دەبوو کار بکرێ بەڕاستی کاری دەکرد و هەتا بەرنامەی ڕادیۆ تەواو نەبووبا گوێی بە هیچی دیکە نەدەبزووت. بەڵام کاک تەها هێندەش کەم دوێ نەبوو. ئەو دەیزانی کاتی قسەی خۆش کەنگێیە و دەبێ لە کوێی بکەی. قسە خۆشیی کاک تەهای بە نێوبانگ بوو. زۆر کەس حەزیان دەکرد سەردانی دیوی ڕادیۆ بکەن بۆ وەی گوێیان لە قسە خۆشەکانی کاک تەهای بێ. بۆ هەموو تەمەنێک قسەی تایبەتی خۆیانی پێ بوو. ئەو مامۆستانی قسەی خۆش بوو.

کاک تەها هەستێکی بەرزی هاودەردی و هاوخەمیی لێقەوماوانی دە وجوودی دا هەبوو. هێندە خۆ نەویست بوو کە دەیتوانی بە کەمترین ئیمکاناتی سەرەتایی ژیان تێپەڕ بکا.بەڵام چاوی دیتنی خەڵکی هەژار و لێقەوماوی نەبوو.

زۆر دژی ئەوە بوو کە ئیمکاناتی شۆرش بۆ قازانجی دەستەیەکی تایبەت تەرخان بکرێ و بەشێکی دیکەش چاو لەدەست بن. ئەو یەکسانیخوازێکی بە تەواوی مانا بوو. کاک تەها زۆر بێ منەتانە کاری خۆی دەکرد و ڕێگای بە هیچ بەرپرسێک نەدەدا خۆ دەوکاری وی هەڵقورتێنن. چونکە زۆریش بە نەزم کاری دەکرد کەس نەی دەتوانی بەربینگی پێ بگرێ. خۆشەویستیی کاک تەها لە نێو هاوسەنگەرانی نموونەی کەم بوو. بۆ هەموو کۆنگرەیەک دایمە لە ڕیزی پێشەوەی نوێنەرەکان دەنگی دەهێنایەوە و لە هەموو کۆنگرەیەکیش دا هەرکات خۆی کاندیدا کردبا دەنگێکی یەکجار زۆری دەهێنایەوە. بەڵام خۆ نەویستیی ئەو مرۆڤە وای کردبوو وەدوای پۆست و نێو نەکەوێ و کارێک کە بە باشی لە دەستی دەهات ئەنجامی بدا.

بەرە بەیانیی ئەو ڕۆژەی هەواڵی مەرگی کاک تەهام بیست بە خۆم نەبوو ڕێژنەی فرمێسک بە لا چاوەکانم دا هاتنە خوار. کۆچی زۆر زووی کاک تەهام بە کۆستێکی گەورە زانی و لە دوورە وڵاتی ئەژنۆی خەمم دەباوەشت. بۆ کەسێک گریام کە خزمەتەکانی بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێێ ڕێز و پێزانینن. بۆ کەسێک گریام کە لێێ فێر بووم بەردەوامی و پشوو درێژی لە کاردا مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنە. ئێستا کە بە دنیایەک تاسە و خەمەوە یادی ئەو پیاوە گەورەیە دەکەمەوە خۆزگە دەخوازم قەدری ئەو جۆرە کەسانە لە کاتی خۆی دا بگیرێ و بۆ پاش مەرگیان وەدوا نەخرێ.

ناو و یادی کاک تەها عەتیقی بۆ هەمیشە لە لام دەمێنێ.

هەیاس کاردۆ - ئوستڕالیا ٢١ی دێسامبری ٢٠١٤

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.

---------------------------------------------

# ئەمن دەیڵێم و بێ باکم

### کورتەیەک لەبارەی ئەم نووسینەی خۆم:

بەهاری ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی ژمارە ٢٧ی گۆڤاری "گزینگ"م بە دەست گەیشت کە بە هیممەتی کۆچکردوو کاک سولەیمانی چیرە لەسوئێد چاپ دەکرا و منیش خۆم ئابوونە کردبوو. لەو ژمارەیەی گزینگ دا بابەتێک چاپ کرابوو بە ناوی : "ژیان و بەسەرهاتی د.سەعید خانی کوردستانی و ناساندنی کتێبی، نزانی مزگانی".

دوای چەند جار خوێندنەوەی ئەو بابەتە، پرسیارێک کە لەمێژ بوو مێشکی بە خۆیەوە خەریک کردبووم دیسان هەڵسوونی هێنایەوە و وای لێ کردم باسی د. سەعید کوردستانی بکەمە بیانوو بۆ وەرد دانەوەی مێژوویەکی سەرپێی ئیسلام. وتارەکەم نووسی و بۆ کاک سولەیمانم فاکس کرد و چاوەڕوانی چاپ کردنی مامەوە. دوای ماوەیەک بەرێز چیرە ئاگاداری کردم لەبەر هەستیار بوونی بابەتەکەم و ئەوە کە ڕەنگە گۆڤارەکەی کێشەی بۆ دروست بێ لە چاپ کردنی خۆی بوارد. منیش وازم هێنا و هەوڵی چاپ کردنیم لە جێگای دیکە نەدا. چونکە ماڵپەڕ و شتی واش نەبوو ئیتر کەوتە نێو پووشەی کوتە کاغەزانەوە. ئەو ڕۆژانە کە خەریکی پشکنینی کۆنە نووسراوە بەدەست نووسراوەکانم بووم وتاری گۆڕین لە بەر دەمم قوت بۆوە و تینی بۆ هێنام وازی لێ نەهێنم. منیش سێ و دووم لێ نەکرد و دەستم بە تایپ کردنی کرد. ئەوە ئێوە و کۆنە نووسراوەیەکی خۆم کە ١٦ ساڵ پێشتر نووسراوە: لەگزینگی ژمارە ٢٧ دا دەگەڵ ژیان و بەسەرهاتی دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی ئاشنا بووم کە بە خامەی بە بڕشتی هێژا کاک ئەحمەدی شەریفی نووسراوە. خوێندنەوەی ئەو بابەتە دوو هەستی دژ بە یەکی تێدا وەجۆش هێنام کە ئەمانەن:

**یەکەم**: داب و نەریت و دەمارگرێژیی دواکەوتوانەی کۆمەڵە خەڵکێک چۆن تەنگ بە مرۆڤێک هەڵدەچنێ، لە کونجی ماڵێ دا زیندانی دەکا، لەکۆمەڵ دای دەبڕێ و سەرئەنجام تینی بۆ دێنێ شەوەکی زێد و ژینگەی خۆی جێ بێڵێ و ڕوو بکاتە هەندەران.

**دووهەم**: گۆڕینی بیروباوەڕ و ئیدئۆلۆژی بە چ شێوەیەک کار دەکاتە سەر ڕەوتی ژیانی هەمان مرۆڤ، پلەکانی سەرکەوتنی پێ دەپێوێ، دەی گەیەنێتە مونتەها دەرەجەی خزمەتگوزاری و لە کۆتاییش دا هەمان کۆمەڵە خەڵکی دەمارگرژ ناچار دەکا هانی بۆ بەرن و داوای یارمەتیی لێ بکەن. هەستی یەکەم مێشکی ئینسان ئاڵۆز دەکا، دڵی ڕێک دەگوشێ، لەشی وێک دێنێ و تووشی قین و نفرەتی دەکا. بەڵام هەستی دووهەم خاوت دەکاتەوە، وەک دەرمانی ئارام کەرەوە برینت سارێژ دەکا و توانا و هێزت وەبەر دێنێ.

دەگەڵ خوێندنەوەی بەسەرهاتی نەمر سەعید خانی کوردستانی، نەقڵی "تڵیش"ی هەرمەنیم وەبیر هاتەوە کە مامۆستا هەژار لە چێشتی مجێور دا بەم جۆرە باسی کردوە: " پیرە ئەرمەنییەکی فەقیر لەسابڵاغ کاسبی یەکی(کاسبی یەکەی) ڕەژی دابێژتن بوو. گوتیان (تڵیش) موسڵمان بە، پوڵت بۆ کۆ دەکەینەوە، خانوت بۆ دەکڕین، ژنت بۆ دێنین. هەرکە شادەوئیمانی هێنا، سونەتیان کرد. بەڵام ژن و ماڵ و خانوو نەبو. تڵیش زۆر بە کوڵ لەسوچی دوکانەکەی دەگریا، دەیگوت "کیرەکەشم چوو، دینەکەشم چو" (چێشتی مجێور لاپەڕە ٤٤٠)

پێوەندیی نەقڵی تڵیش بە ژیانی دوکتۆر سەعید هەر ئەوەندەیە کە ئەمیان شادەوئیمانی هێناوە بەشکەم شتێکی دەست کەوێ، کەچی شتێکیشی لەدەست داوە و هیچی بە هیچ نەکردوە. بەڵام ئەویان پشتی لەئیسلام کردوە و لە دینی نوێدا یارمەتیی دراوە، ڕێگای سەرکەوتنی بۆ خۆش کراوە و ئیمکاناتی خزمەتگوزاریی وەبەر دەست نراوە. با پێکەوە بزانین د. سەعیدی کوردستانی کێ بوە، چی کردوە و کاری بە کوێ گەیوە، جا دوایە دەچینە سەر ئەسڵی مەتڵەب:

کوڕە هەژارێکی سنەیی لە تەمەنی ١٣ساڵیدا بێ باوک دەمێنێتەوە. مێر منداڵی بێ ئەنوا لەجێی باوکی کە مەلای مزگەوتێکی کۆن و چووک لە گەڕەکێکی هەژارنشین دەبێ، دەکرێتەوە پێشنوێژ و بەر لەوەی خۆی بە باشی بناسێ ناچار دەکرێ ڕێگای دروست نیشانی موسوڵمانان بدا. مەلا سەعید بە هۆی ئاشنا بوونی دەگەڵ چەند قەشەیەکی مەسیحی لەدین وەر دەگەڕێ، ئیسلام بە خێر و بیریەوە بۆ موسوڵمانان بەجێ دێڵی و خاچی عیسا دەمل دەکا. خەڵکی ڕەش و ڕووت و دەمار گرژ بە تین دانی مەلا و شێخی دەوروبەر هەرکە پێ دەزانن هەڕەشەی مەرگی لێ دەکەن. مەلای بێ ئەزموون ماوەیەک لەماڵێ دا خۆی زیندانی دەکا و سەر ئەنجام هێندەی تین بۆ دێ شەوەکی شار و ماڵ جێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە هەمەدان و لەلای قەشەیەکی مەسیحی وەک ئامۆژگاری زمانی فارسی دادەمەزرێ. دواتر لەلای دوکتۆرێک کە ئەویش لەڕوانگەی موسوڵمانانەوە بێ دینە، بەڵام نەخۆشخانەی کردۆتەوە و نەخۆشی



سەرچاوە Serchawe

موسوڵمان تیمار دەکا، دادەمەزرێ و بەوجۆرە دەروازەی شاری بەختەوەریی بۆ دەکرێتەوە. مەلا لەلای ئەو دوکتۆرە فێری عیلمی پزیشکی دەبێ و لە ماوەی چەند ساڵان دا وا بار دێ دەست لە وەستای دەستێنێ. بۆیە بە ڕەسمی دەکرێتە دوکتۆر و کچی مامۆستاکەشی دەخوازێ و ئیتر ڕێگای خزمەت بگرە و هاتم. د. سەعید دواتر دەنێردرێتە ئوروووپا بۆوەی دەرسی زانستیی زیاتر بخوێنێ و ببێتە دوکتۆری چاو. لێ بەڵێ، د. سەعید بە سەرکەوتوویی خوێندن تەواو دەکا و وەک پزیشکێکی کوردی خاچ پەرەست دەگەڕێتەوە کوردستان. دوکتۆر بە دێهاتی کوردستان دا دەگەڕێ و بە خۆڕایی نەخۆشان چارەسەر دەکا. شێخی بیارە کە خەڵکی فریو دەدان و تفی زاری خۆی دەرخوارد دەدان هەتا وەک مەڵحەم کەڵکی لێ وەرگرن، کچەکەی ئازارە باریکە دەگرێ و هانا بۆ دوکتۆر سەعیدی "بێ دین" دەبا. دوکتۆر چاری کچی شێخی پێ ناکرێ و کچە دەمرێ، شێخ دەهری دەبێ و دەماری ئیسلامەتیی زیاتر دەبزوێ و قەستی سەری دەکتۆر دەکا کە "سانی" هەورامی دەفریای دێ.

دوکتۆر سەعید خان نەک هەر وەک پزیشک، بەڵکوو لەڕێگای دیکەشەوە قۆڵ بۆ خزمەتی خەڵکی کورد هەڵ دەماڵێ. لەهێرشی بە پڕتاوی ڕەزا خانی میرپەنج بۆ سەر عێل و عەشیرەتەکانی کوردستان، زۆر سەرۆک عێل گیران و زۆریش دوور خرانەوە. د. سەعید پێوەندیی دەگەڵ بنەماڵەکانیان دەگرت و ڕێگای یارمەتیی پێگەیاندنیانی دەدۆزییەوە. ڕەزاخان پێی زانی و قۆڵبەستی کرد و ماوەی ٩٩ ڕۆژ بەندیی کرد. هەواڵ بە ناودارانی ئەمریکا و ئوروووپا گەیشت، سەرکۆماری ئەمریکا داوای ئازاد کردنی لەڕەزاخان کرد و سەرئەنجام دەزگای شا ناچار بوو ئازادی بکا ( سەیر کەن کاری کورە هەژارێکی کورد گەیوەتە کوێ). سەعید خانی کوردستانی لەبواری ئەدەب و فەرهەنگیش دا قۆڵی هیممەتی هەڵماڵیەوە و دوو بەرهەمی بە نرخی لەپاش خۆی بە جێ هێشتوون بە ناوەکانی: نزانی مزگانی، شیعر بە زاراوەی هەورامی. فەرهەنگی کوردی بە زاراوە سەرەکییەکان.

بەسەرهاتی سەعید خانی کوردستانی هانی دام شتێک کە لەمێژە لەدڵمدا پنگی خواردۆتەوە و نەم وێراوە بیدرکێنم هەڵی ڕێژم و وەک دەڵێن سفرەی دڵ بکەمەوە. هەر بەڕاستییش هەتا ئەو نوکتە باریکانە باس نەکرێن و ڕێگاکانی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیانی خەڵک نەدۆزرێنەوە، محاڵە کۆمەڵ پێش بکەوێ و ئاڵوگۆڕی پێشکەوتووانەی تێدا بکرێ. ڕاستە لەسەر داب و نەریتی دواکەوتوانەی نێو کۆمەڵ زۆر شت نووسراوە و گوتراوە، بەڵام داخوا قەت بە ڕاشکاوی نەخشی دین لە بە دواکەوتوویی ڕاگیرانی کۆمەڵ دا باس کراوە؟ ئەگەر باس کراوە چ پێگەیەکی پێ دراوە و چ ڕێوشوێنێک گیراوەتە بەر بۆ وەی نەخشی دین لە کۆمەڵ دا کەم بکرێتەوە؟ داخوا ئێمە هاتووین بیر لەوە بکەینەوە ئەگەر هەوڵێک بۆ پێک هێنانی ئاڵوگۆڕ لەو بەشەدا بدەین چ زیانێکی بۆ ژیان و داهاتوومان دەبێ؟



سەرچاوە
Serchawe

مەسەلەن زیانەکانی چ دەبن؟ من کە پێم وا نیە زیانی هەبێ. ئیسلام زیاتر لە ساڵە ١٤٠٠ شارەگی ژیانی فەرهەنگی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریی بەشێکی زۆر لەخەڵکی سەر تۆپی ئەم زەوییەی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵ و لەجیاتی هەموو کەس و بۆ گشت خەڵک بیر دەکاتەوە. لەو ماوە دوورودرێژەدا کە عەرش و فورش گۆڕانی بەسەردا هاتوە و تەنانەت ساردی و گەرمیی تۆپی زەوییش وەک خۆی نەماوە، ئایە و حەدیس و دەستوور و قانوونی دین لەجێگای خۆی چەقیوە و بەهیچ جۆر نابزوێ. وەرن سەیر کەن لەهەموو وڵاتانی موسوڵمان نشین دا شوێنێک دەست ناکەوێ خەڵک هەوایەکی ئازادی تێدا هەڵمژن و نەفەسێکی بەئاسوودەیی بکێشن. دەسەڵاتە ئیسلامییەکان خراپترین و ناپەسندترین شێوەی حوکمدارییان هەڵبژاردوە و کارێکیان کردوە هیچ دەرەتانێک بۆ دەرباز بوون لەگەمارۆی بیرتەسکی، دەمارگرژی و ڕابوردوو پەرستی نەمێنێتەوە. خەڵکی ڕەش و ڕووت، فەقیر و هەژار و تێکەوتوو لەنێو گێژاوی خورافە و خەون و خەیاڵاتی پڕوپووچ، ناچارن بە پێڕەویی لەدەستوور و یاسا داسەپاوە دینییەکان ژیانێکی سەخت و پڕ لەدەردی سەری تێپەڕ بکەن. ئەوان دەبێ منداڵ و زارۆکان بە ڕەش و ڕووتی گەورە بکەن، بیر لەخۆشی و سەیر و سەیاحەت نەکەنەوە، داهاتوو نەبینن و تەنیا بۆ ڕابوردوو بژین و هەموو فکر و زیکری خۆیان تەرخانی نوێژ و تاعەت و زەکات و سەرفترە و حەقو خێر و خێرات بکەن. ئەوان ناچار دەکرێن تەمەنێک بە زەلیلی بژین بە هیوای گەیشتن بە قیامەتێکی خۆش.

با وا بیر نەکەینەوە تەنیا هۆی دواکەوتوویی و بێ بەشیی خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی حکوومەتە سەرەڕۆیەکانیانە و بەس. ڕاستە دەسەڵاتی نا بەرپرس و خۆ سەپێن هۆیەکی گرینگە لە دواکەوتوویی ڕاگیران دا، بەڵام خۆ ئەو حکوومەتانەش لە ئاسمانەوە بەرنابنەوە و هەر بە چەپڵە و سەرشۆڕ کردنی خەڵکی ئەو وڵاتانە خۆ دەگرن و دەمێننەوە. لەشوێنێک کە دین چارەنووسی کۆمەڵانی خەڵک دیاری دەکا و تەنانەت شێوەی نان خواردنیشیان نیشان دەدا، دیارە مانەوەی دیکتاتۆر و سیستمی داسەپاو زۆر هاسانە و هەر ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی خۆ گێل کردنی کۆمەڵ لە بەرامبەر زوڵم و زۆری دا. هەرکەس بۆی هەیە بپرسێ و ،منیش یەک لەوان، ئەم دینی ئیسلامە کە دواترینە و دەبوایە پێشکەوتووتریش و دڵ فرەوانتریش و خاوەن داهێنانی زۆرتریش با، بۆچی هەر بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و کوێرە ڕێگایەک نادۆزێتەوە هەنگاوێکی بۆ پێشەوە بەرێ؟ باشە ١٤٠٠ ساڵ بۆ دەورانی تاقیکاری و خۆ گونجاندن دەگەڵ نەزمی کۆمەڵ بەس نیە؟ خەڵک دەبێ کێ بە بەرپرسی ئەو هەموو نەهامەتییە بزانن کە لە ڕێگای دینەوە تووشی دەبن؟ ڕابوردووی دینی ئیسلام زوڵم، کوشتار، خەیانەت، تاڵان، و ملهوڕیی حکوومەتە سەرەڕۆیەکانی وەک ئومەوییە، بەنی عەبباس، عوسمانی، سەفەوی و هی دیکەمان وەبیر دێنێتەوە کە هەرکامیان لە ماوەی سەدان ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان دا، جگە لەڕۆژڕەشی و نگبەتی چی دیکەیان بۆ کۆمەڵ بەدیاری



سەرچاوە
Serchawe

نەهێنا. سەردەمی ئێستای دنیای ئیسلامیش چاو لێ بکەن بزانن چ دەگوزەرێ؟ کام وڵاتی ئیسلامی و کێهە کۆمەڵی موسوڵمان داگرتووی ئەمڕۆ دەگەڵ سەردەمی ئێستا دەژی؟ لەکامیاندا ئاسەوارێک لەپێشکەوتن و خۆ گونجاندن دەگەڵ پێویستییەکانی ئەم سەردەمە دەبیندرێ؟ بەڕاستی جیاوازیی نێوان شێوە هەڵسو کەوتی حکوومەتە دینییەکانی ئێستا دەگەڵ ئەوانی زۆر کۆنتر لەچیدایە؟ کام دەستوور و کێهە قانوون گۆڕانیان بەسەردا هاتوە؟ خۆ ئەگەر ڕابوردوو و ئێستای دەسەڵاتی ئیسلامی حاڵی شپرزەیە و ڕووی مەجلیسی نیە، بۆ داهاتووش هیچی لەجانتادا نیە. ئەوانەی ئێستا خۆیان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی دینی لەوڵاتانی ئیسلامی دا خۆش کردوە و دەخوازن نموونەی دڵخوازی خۆیان نیشان بدەن، هەر لەئێستاوە نێوەرۆکیان دیارە و هیچ پێویست بە خۆ تاقی کردنەوە ناکەن. با بیر لەو ڕۆژە بکەینەوە موجاهیدینی خەڵق لە ئێران، مەجلیسی ئەعلا لە عێراق، بزووتنەوەی ئیسلامی لە باشووری کوردستان،حەماس لە فەلەستین، حیزبوڵلا لەلوبنان و... کورسیی دەسەڵات داگیر بکەن، جا ئەوکات ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی ئیسلامی خۆی دەر دەخا و بەردی خاتر جەمیمان دەخاتە بن سەری کە بێهوودە وەدوای کڵاوی بابردوو نەکەوین.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی نەیان توانیوە و ناش توانن خۆیان دەگەڵ هەلومەرجی ڕۆژ بگونجێنن و ئاڵوگۆڕ لەکۆمەڵدا پێک بێنن، خەتای خۆیان نیە و ئەوە بنەماکانی دینە پێیان دەڵێ پێ لەبەرەی خۆیان درێژتر نەکەن. من شکم لەوەدا نیە ئەگەر جار و بار هێندێک هەوڵی ڕیفۆرمخوازانە لێرە و لەوێ و لەژێر تەوژمی دنیای دەوروبەردا بەرچاو دەکەون، چونکە گۆڕینی بنەماکانی دینیان دەگەڵ نیە بەردەوام نابن و دایمە مەترسیی ئەوە هەیە پێخوست بکرێن کە دیارە نموونەش زۆرن. لەدرێژەی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی کە لەئیسلام دەکرێ و هەتا دێ ئەو خوێندنەوانە زیاتریش دەبن، ئێستا بە قایمی خۆی سەپاندوە و لەعەرزی واقیعدا دیارە، ئەو خوێندنەوەیە کە دینی ئیسلام بەو جۆرە دەناسێنێ کە ڕۆژانە دەیبینین و هەستی پێ دەکەین. ڕادەی شوێن دانانی دین، لێرەدا مەبەست دینی ئیسلامە، لەسەر سیاسەت و بەگشتی لەسەر بیروباوەڕی کۆمەڵانی خەڵک لەپێوەندی دەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتیدا و بەتایبەتیش بۆ ئێمەی کورد شەرم هێنەر و بێز هەستێنە. ئەو کاریگەرییە لەڕەوتی مێژوودا بەجۆرێک خۆی سەپاندوە کە دین بۆتە ئامرازی سەرکوتی هەر بیرێکی نەتەوەخوازی لە هەموو شکڵەکانی خۆی دا. کوردی لێقەوماو بەزۆر یان بە خواهیش ملی کەوتۆتە ژێر نیری قورس و ئەستووری عارەبانەی دین و بێ ئیرادە بێرو بەوێدا دەدرێ. ئەگەر چاو لەمێژووی پێکەوە ژیانی کورد و ئیسلام بکەین دەبینین زۆرتری شێخ و مرید، مەلا و فەقێ،خەلیفە و دەروێش و چی و چی لەکورد پەیدا بوون بۆ وەی ماڵی خۆیان وێران کەن و دیواری بڵێندی دینی پێ بەرزتر کەنەوە. لەشەڕی دینیدا کورد گورز وەشێنی چاک بوە. سوپای تایبەتی لێ پێک

هێنراوە و بۆ کوشتاری غەیری موسوڵمان ڕەوانەی بەرەی شەڕ کراوە. چەند جار وڵاتی کوردان لەلایەن غەیری موسوڵمانەوە بە بیانووی هاوکاریی خەلیفەی ئیسلام داگیر کراوە و کوشتاری زۆری لێ کراوە. چەند جاریش خودی خەلیفە خاکی کوردانی داگیر کردوە و گۆمی خوێنی لێ وەڕێ خستوە بە بیانووی هاودەست بوون دەگەڵ کافر. بۆ ڕێز گرتن لە دین، کورد مەجبوور کراوە زمانی خۆی لەبیر بکا و زمانی عارەبی بکاتە ئامرازی پێوەندی چونکە "لە کۆشکی خودا کەس کوردی نازانێ" هەتا شەفای بۆ بکا. کورد بە شانازییەوە نێوی عارەبی و ئیسلامیی بۆ کوڕ و کچی خۆی داناوە و پێی وابوە کلیلی دەرگای بەختەوەریی بەو نێوانەوەیە. بەگشتی هیچ نەماوە کورد بۆ پەرە گرتنی دینی ئیسلام نەیکا. دین شیلەی لەشی کوردی داتەکاندوە و تەنیا قالۆرێکی لێ هێشتۆتەوە کە بە کزە بایەک بەلادا دێ.

بەڵام با بزانین لەجوابی چاکەی کورد دا دین چی بۆ کردوە و چۆن ڕێزی لەمەقامی بەرزی ئەو خزمەتگوزارە گرتوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر کورد شادە و ئیمانی بۆ محەممەدی عەرەبی نەهێنابا و ڕێگای خۆی جیا ڕاگرتبا، درێژ عەیامێک بوو خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی خۆی دەبوو و ئەویش ئێستا شانازیی بە کەسایەتیی خۆیەوە دەکرد. بەڵام دەسەڵاتی دینی ڕاست بە پێچەوانە دەگەڵ کورد جووڵاوەتەوە و کوردی کردۆتە کەرەسەی خۆ زل کردنەوە. ئیمپراتۆرییەکانی دنیای ئیسلام هیچ غەدر و خەیانەتێک نەما دەرحەق بە کورد نەیکەن و بێ وەفایی نەما لە حاندی دا دەری نەبڕن. بە درێژایی مێژووی ئیسلام، لەو کاتەوە ماڵی کوردی کردۆتە هەوارگەی خۆی، قەت ڕووی خۆشی بە کورد نیشان نەداوە و بۆ جارێکیش هەنگاوی خۆی دەگەڵ هەنگاوی کورد ڕێک نەخستوە. بە پێچەوانە دایمە کوردی ناچار کردوە گوێڕایەڵێکی بێ دەردی سەر بمێنێتەوە.

بەگشتی ئیسلام هەم بە تیئۆری و هەم بە کردەوە وەک بەربەستێکی بەهێز لەبەرامبەر کۆمەڵگای لەحاڵی چوونە پێشدا خۆی دەر خستوە و قەت جارێک دەگەڵ ڕەوتی زەمانە نەچۆتە پێشێ. بە تایبەت بۆ کورد جگە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی و دواکەوتوویی هیچی دیکەی بەدیاری نەهێناوە. بۆیە حەق وایە کورد زیاتر لەوە کە دەفکری بە پیرۆز ڕاگرتن و پەرە پێدانی ئەو دینەدا بێ، وا باشە بیرێک لەحاڵی شڕی خۆی بکاتەوە و جارێک بۆ هەمیشە بێتە سەر ئەو قەناعەتە کە ڕێگای دیکەش بۆ ژیانی بەختەوەرانە هەن کە واباشە تاقی کرێنەوە.

جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر د. سەعید خانی کوردستانی و وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەڵوێستی بوێرانەی و خزمەتە لەبیر نەکراوەکانی، ئەو پرسیارە دەکەم: داخوا ئەو ئینسانە هەر بە مەلا سەعید

مابایەوە، لەگۆشەی مزگەوتێک خەریکی نوێژ و تاعەت بایە و کڵاوی شەرعی بۆ پەرەپێدانی نەزانی دۆزیبایەوە باشتر بوو یان ئەو ڕێگایە کە هەڵی بژارد و پێیدا ڕۆیشت؟

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٥**

----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## سوارچاکێکی بە پەلە!

تیژ هات و زوو تێ پەڕی. وەک با دەخوشی و بە تیژیی خۆر تێ دەپەڕی. کە هات بزەی بۆ هێنـاین و فرمێسکی بۆ جێ هێشتین. دەگەڵ گزینگی بەیان هات و وێڕای زەردەی خۆرئاوا ماڵ ئـاوایی لێ کردین. بە ئۆمێدەوە هـات و دنیایەک نائومێدیی بۆ جێ هێشتین. کە هات تیشکی خۆری ڕژاندە نێو ماڵەکانمان. هەرکە ڕۆیشت شەوی تار لێمان میوان بوو. ئەو هات و باوەشێک ڕیحانەی بۆنخۆشی بە دیاریی بۆ هێنـاین. کە ڕۆیشت بە سەر سارایەکی ویشک و برینگدا کەوتین .

کە هـات، کـولێرەی بـۆ جـووتێرە مانـدووەکان پـێ بـوو. ماسـتاوی بـۆ پاڵەکـان هێنـابوو، شمشـاڵی کـردە دیـاریی شوانەکان و مێخەکی لە بەرۆکی بێـرییە شۆخ و شەنگەکان دا. بـۆ دایکـان خەنەی پـێ بـوو و گۆچانیشی بـۆ پیـاوە بەسـاڵدا چووەکـان هێنـابوو. کە منـداڵە چـاو گەشـەکانی بەسـەر کـردەوە هەناسـە و پێکەنینـی پـێ بەخشـین. بـۆ قوتـابییـان قەڵەم، بەشــی مامۆســتایان زانســت و مەتــانەت، بــۆ کاســبکاران ڕاســتیی و بەردەوامــی و بەشــی کاربەدەستانیش خەڵکی بـوون و خۆمانـدوو کردنـی هێنـابوو. هەرکە تیشکی خـۆر لە ئاسۆ سـەری وەدەرنـا، دەستی بەگەڕان کرد و هیچ کەس و لایەنێکی بێبەش نەکرد. هەتـا زەردەی خۆرئـاوا مـاڵ بەمـاڵ گەڕا و دیـاریی بـۆ هەموان برد. سوارێکی بە پەلە بوو. دەتگوت ڕاسپاردەیەکی کـاتییە و دەبـێ زوو وەگەڕێ. کەس نەی زانـی چـۆن هـات و بـۆ وازوو ڕۆیشت.

کە هات گوڵ هەمووی پشکووتن. دار بەریان هێنا و گەنم باڵایان کرد. بە گەیشتنی، چۆمەکـان پـڕ لە ئـاو بـوون، کانیـاوەکـان بـووژانەوە، کوێستـانەکان سەوزاییان تـێگەڕا و پێدەشتەکان دیمەنێکی جوانیـان بەخـۆوە گـرت. دەگەڵ هاتنی، هەوایەکی سازگار ئەو هەرێمەی گرتەوە. بـایەکی فێنـک هەڵـی کـردێ و بـارانێکی خـۆش دەستی پـێ کـرد. هەر لە بەیـانی ڕا کە دەستی بە گەڕان کـرد هەتـا خۆرئـاوا کە بە جێـی هێشـتین، دەرگـای ماڵەکـان کرابـوونەوە، گوڵدان لە بەر پەنجەرەکان داندرابوون و حەوش و حەسار خاوێن کرابوونەوە. کوچە و کۆڵان ئاوپرژێن کرابوون و دووکان و بازاڕ قەڵەبـاڵغ ببوون. منداڵەکان وەجووڵە کەوتبوون و بە پۆل وەدووی ئەو سوارە دەکەوتـن. پیاوەکـان کۆ دەبوونەوە و خەبەری هاتنی ئەو سوارەیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.. ژنەکان بۆ مانەوەی دەستەو دوعا ڕادەوەستان

و خۆزگەی دیداری ئەویان هەبوو.

ڕۆژێک کە ئەو سوارە میوانمان بوو کەس خەمی نەبوو. کەس دڵی نەگیرابوو. هەموو ببوونە یەک دڵ و یەک زمان. تیشکی هیوا دە دڵەکان گەڕابوو، ورە بەرز ببۆوە و غیرەت شەپۆلی دەدا. کەس نەی دەزانی ئاوا زوو دەڕوا، بۆیە هەموو پلانی جۆراوجۆریان بۆ دوارۆژ دادەڕشت و باسی ئەوەیان دەکرد چ بکەن ئەو سوار لێیان ڕازی بێ. بە هاتنی، تیشکی هیوای دە دڵەکان خست. تۆوی یەکیەتی و یەک دڵیی چاند و نەمامی سەربەستیی بۆ چاندین. دەشتە ویشک هەڵاتوەکانی بۆ ئاو داین و بارانێکی فێنکی بەسەردا باراندین.

هەموومانی بووژاندەوە. هەموومانی لە خەو هەستاند و فیرِی کردین کەم بخەوین و زیاتر بە خەبەر بین. پێی گوتین ئاگاتان لەخۆتان بێ، بە کوێرە ڕێیان دا سەفەر مەکەن، بێ تاقی کردنەوە لە دەراوان مەپەڕنەوە و بێ هۆ وە هەورازان هەڵ مەگەڕێن. پێی گوتین دۆست و دوژمنی خۆتان بناسن و متمانەتان تەنیا بە خۆتان و گەلی خۆتان هەبێ.

کە ئێوارەی نەگبەتی داهات، کۆی کردینەوە. ماچی کردین، منداڵەکانی دەباوەش گرت و هەموومانی بە یەکتر سپارد. پێی گوتین دەبێ بڕوا چونکە بە چوونی ئەو، ئێمە دەپارێزرێین. ئومێدی داینێ لە دوارۆژ دا سواری دیکە بە هەمان نێو و هەمان ڕێباز پەیدا دەبن و ڕێگاکەی درێژە دەدەن. پێی گوتین یەک بن و بۆ یەک بژین. وەبیری هێناینەوە بە کوێرە ڕێیان دا سەفەر نەکەین، بە بێ تاقی کردنەوە لە دەراوان نەدەین و بێ هۆ بە هەورازان دا هەڵ نەگەڕێین. ئەوەشی بە گوێ دا چرپاندین کە دۆست و دوژمنی خۆمان بناسین و وەک خۆیان هەڵس و کەوتیان دەگەڵ بکەین.

کەس نەیزانی چۆن هات و بۆ وا زوو ڕۆیی. هەر ئەوەندەمان زانی پەیامێکی خۆشی پێ بوو. ئومێدی داینێ و زیندووی کردینەوە. ئێستاش هەموومان چاوەڕێین ئەو سوارچاکە بۆ خۆی یان بە ناوێکی دیکە بگەڕێتەوە لامان. پێمان خۆشە دەگەڵ گزینگی بەیان خۆمان نیشان بدا و لە هیچ ئێوارەیەکی نگبەتیی دا بەجێمان نەیەڵێ.

ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## کتێبێک بۆ پێشەوا!

پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی هەمە لایەنەی هەبوو. لەزۆر بواردا تاقانە و سەرتۆپ بوو. تەنیا کەسێک بوو زۆر پێش کاتی خۆی لەدایک ببوو. هیممەتی بەرزی، لەخۆبوردیی لەڕادەبەدەری، وردبینی و دوارۆژ خوێندنەوەی، وشیاری و ڕووڕاستیی دەگەڵ خەڵک و زۆر سیفەتی بەرزی دیکەش ئەو مرۆڤەیان کردبوە تاقانە. قازی محەممەد کارێکی بۆ کورد کرد کە بۆ هەتا هەتایە لەبیر ناچێتەوە. ئەگەر هەموومان ڕێزی دەگرین و وەک پێشەوا قبووڵمانە هۆی ئەوەیە بەڕاستی پێشەوایەتیی نواند و خزمەتی لەبیر نەکراوی بە کورد و کوردستان کرد.

هەتا ئێستا زۆر شت لەبارەی پێشەوا قازی نووسراون و بڵاو بوونەتەوە. نووسەری کورد و غەیرتی کورد لە جەهەتی جۆراوجۆرەوە باسی پێشەوایان کردوە و ئەو دەسکەوتە کەم تەمەنەی کۆماریان لێک داوەتەوە کە بە هیممەتی ئەو زاتە پێک هات. بێگومان هەتا ئێستاش زۆر قسە لەسەر کۆمار و شەخسی پێشوا ماون کە دەبێ بکرێن چونکە ژیانی قازی و کارنامەی کۆمارەکەی هێشتا بە تەواوی نەخراونەتە بەر نەزەر.

ئەم کتێبەی کە بە هیممەتی تێکۆشەر کاک ڕەحمان نەقشی بڵاو کراوەتەوە، هەوڵێکە بۆ کۆ کردنەوەی نەزەر و ڕای جۆراوجۆر لەسەر پێشەوا قازی محەممەد لەتوێی بەرگێک کتێب دا. چاکیی ئەو کارە ئەوەیە پێویست ناکا خوێنەر خۆی زۆر ماندوو بکا و وەدوای سەرچاوەی زۆر کەوێ هەتا چەند باسی جیاواز لەبارەی پیشەوا بدۆزێتەوە. ئەم کتێبە دەتوانێ بەشێک لەو زانیارییانە دابین بکا کە خوێنەرێکی ئۆگری پیشەوا و کۆمارەکەی وەدوای دەکەوێ.

لەم کتێبەدا کەسایەتیی پێشەوا و نەخشی ئەو مرۆڤە لە بردنە پێشی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باس کراوە. هەرچەند لێکۆڵینەوەکان ڕەنگە زیاتر دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیی بۆ جەنابی قازی و هەوڵە لەبیر نەکراوەکانی بن، بەڵام دەلاقەیەکن بۆ چوونە نێو ژووری هزر و بیر کردنەوەکانی ئەو کەسایەتییە. کاک رەحمان نەقشی زەحمەتی کێشاوە و هەموو ئەو نووسینانەی کۆ کردوونەتەوە و بە دیزاینێکی جوان لە پەنا یەکی داناون هەتا کاری خوێنەر هاسان بکا.

بەش بە حاڵی خۆم سوپاسی ئەو هەوڵەی کاک ڕەحمان دەکەم و کارەکەی بەرز دەنرخێنم. کاک رەحمان ئەوە یەکەم کاری لەو جۆرەی نیە و بۆ زۆر شتی دیکەش زەحمەتی لەو جۆرەی کێشاون کە هەموویان جێێ بایەخن. هیوادارم ئەوە دوا کاری کاک ڕەحمان نەبێ و بۆ کۆ کردنەوە و لە پەنا یەک دانانی نووسراوەی جۆراوجۆر لە سەر ڕووداو یان بابەتێکی تایبەت بەردەوام بێ .

ڕێکەوتی ٧ی جولای ٢٠١٥

---------------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦

-----------------------------------------

## وتوویژی یەک لایەن و دوو لایەن لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کەشی تەوەهووم لە نێو تێکۆشەرانی کورد دروست دەکا

ئەزموونی خەباتی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان پاشەکشەی بەرچاوی بە زۆرداری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە ئاماژەو دەسکەوتەکانی لەوانە رێگەنەدان بەکولتووری کۆنەپەرەستانەی زۆرداری،وەگەرخستنی هێزی لەبڕان نەهاتووی داهێنەریی جەماوەری بۆ بەربەرکانێی دیکتاتۆڕی و خستنەگەڕی توانایەکانی خەباتگێڕانە لەخۆرهەڵاتی کورستان ئەو دەرئەنجامن کە قەیرانی مەشروعیەتی رەوانی، لۆژیکی، ئەخلاقی، سیاسی، کۆمەڵایەتیو... بۆ کۆماری ئیسلامی بە شوێنەوە بووە بە چە شنێک کەئەمڕۆ لە ئاکامی ململانێی بزاڤیی رزگاریخوازانە ینەتەوەیی . دێموکراتیکی کورد یەکلابوونەوەیەک بە هاوکێشەی سیاسی لە نێوان کورد و دەسەڵات دەبیندرێ نە کۆماری ئیسلامی کورد و مافەکانی دان پێدادێنی نە کوردیش دەسەڵاتەی تاران دەسەڵمێنێت.

لە پانتایی وڵاتی ئێرانیشدا دەسەڵاتی سەرکوتکەری وڵایەتی فقیە، لێئەستاندنەوەی دەسەڵات لە تاک بە تاکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگاو پاوانکردنی بە هۆی تاکێک لە پێگەی دەسکردی وەلی فەقیە، کە وەک نوێنەری خواو بەرێوەبەری راسپاردەکانی ئایینی پێناسە کراوە،بابەتێکی ئاسایی بووە. پێخوستکردنی شوناسی سیاسی تاکو کۆمەڵگا بە هۆی دیکتاتۆرەوە تەنیا بە رەهەندی دەسەڵات وەرگرتنەوە لە خەڵک نەبەستراوەتەوەو پێشێل کردنی هەمان شوناسی باڵو لایەنەکانی هاوبەرە، هاوچارەنووسو هاوهەڵوێستی دەسەڵاتیش بە هۆی رێبەری ئایینییەوە پەیرەو کراوە. بە مەودای تەمەنی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران کێشەو پێکهەڵپرژانی باڵە دەسەڵاتسالارەکان گرینگترین کێشەی سیاسی لە ئێراندا بووەو باڵەکان لە ژێر ناوو ناتۆرەی جۆراوجۆرو پێناسەی هاوبەشدا وەک باڵەکانی مام ناوەندی، توندئاژۆ، چاکسازیخوازو... خۆیان دەرخستووە.

بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر ئەو مژارە لە گەڵ نووسەر، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی ڕێزدار " هەیاس کاردۆ چاوپێکەوتنێکمان کردووە بۆ شیکردنەوەی وەڵامی ئەو پرسە ئاوڕمان لە تێڕوانینی داوەتەوە

**ڕۆژی کورد**: تکایە پێناسەیەک لە کۆماری ئیسلامی ئێران بفەرموون

**کاردۆ**: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆی دا ڕیژێمێکی تۆتالیتار، سەرکوتکەر، ماف زەوتکەرو دواکەوتوویە. ئەم ڕیژیمە بە ناوی مەزهەب پارێزگاری درێژەی دەسەڵاتی تەک نەتەوەیی لەئێران دەکا. لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا شتێک بە ناوی بەرابەریی نەتەوەیی یان مەزهەبی ناتوانێ وجوودی هەبێ، چونکە ئەگەر ئەوە بوو یانی فەلسەفەی وجوودی ئەو ڕیژیمە تووشی گۆڕان دەبێ. کەوابوو کاتێک باسی کۆماری ئیسلامی دەکەین مەبەست بەم قانوون و ڕێوشوێنانەوەیە کە ئێستا پێرەویان دەکا.

**ڕۆژی کورد**: بەو پێناسە گشتیەی لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ باستان کرد لە بنەڕەتدا چاوەڕوانی ماف و پێدانەوەی ماف و ئازادی بۆ کورد ئیمکانی هەیە؟

**کاردۆ**: ماف شتێکە دەبێ بستێندرێ نەک سواڵی بۆ بکرێ. کە باسی ئەستاندنیش کرا مەوزووعی توانا و قودرەت دێتە گۆڕێ. لە بێتوانایی دا قەت ناتوانی چاوەڕوان بی شتێک وەدەست بێنی. پاشان دەبێ ساغ بینەوە مافی ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە ئێران چیە؟ ئەگەر بەوە ڕازیین کە لێمان گەڕێن وەک هاوولاتییەکی بێ کێشە بژین و بە زمانی خۆمان بخوێنین و کولتووری خۆمان پێرەو بکەین، ئەوە دەکرێ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە گوشار بخەینە سەر دەسەڵاتی ناوەند و بە شەرتێک توانا و قودرەتی مانۆڕمان زۆر بێ ڕەنگە ناچاری بکەین مل بۆ بەشێک لەو داخوازانە کەچ بکا. بەڵام ئەگەر مەبەست لە مافی کورد ئەوەیە کە ئێمە نەتەوەیەکی سەربەخۆین و خاکمان داگیر کراوە و وەدووی ئەوە دەکەوین بەو مافە ڕەوایەی خۆمان بگەین، نەخێر ئەوە بە کۆماری ئیسلامی دابین ناکرێ و دەبێ ڕێگای دیکە بگرینە بەر.

**ڕۆژی کورد**: هەنووکە هێزە کوردییە نەیارەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەر دوو بەرەی جیاواز دابەش بوون بەشێکیان لایان وایە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شتێک بەر کورد ناکەوێ کە خەونە نیشتمانییەکانی پێ بخەملێنێ لایەنی دیکەش لایان وایە دەکرێ لە چوار چێوەی ئەو سیستمەشدا بۆ کورد

دەسکەوتێک هەبێ... بەرێزتان لێرە و لە زۆربەی نووسینەکانتاندا باستان کردووە کورد تەنیا بە هێزی خۆی دەتوانێ پشتبەستوو بێ و کێشەی لایەنەکانی دەسەلاتی تاران بە بابەتێکی نەرێنی بۆ کورد هەلدەسەنگێنن دەمهەوێ لە سەر ئەو بابەتە لە پێگەی نووسەرێک راوەستان و شرۆڤەیەک بکەن.

**کاردۆ**: وەلامی پرسیاری پێشوو بەجۆرێک ئەوەشی تێدایە. یانی دەبێ ساغ بینەوە چیمان بۆ کورد دەوێ. بەلام دیسان دووپاتی دەکەمەوە لە چووکترین داوا هەتا زیاترینی، بەبێ هێز و توانا محاڵە هیچ دەست کەوێ. قەت دەسەلاتی ناوەند خێرمان پێ ناکا و لەخۆڕا نایە وەپێشت کەوێ و بلێ ها ئەوەی هەتا ئێستا لێت زەوت کراوە بت دەمەوە. بۆ شتە چووکەکان دیسان دووپاتی دەکەمەوە دەکرێ پاشە کشە بە ڕیژیم بکەین و لە هێندێک بواردا هێندێک شت وەدەست بێنین، بەشەرتێک توانا و هێزمان هەبێ و ڕیژیم حیسابمان بۆ بکا. یەکگرتوویی و هاودەنگی شەرتی یەکەمە لەو بوارەدا. دانیشتنی یەک لایەنە و دوو لایەنە دەگەڵ ڕیژیم لە حالێکدا ناتوانی هیچ گوشارێکی بخەیە سەری جگە لە دروست کردنی فەزای تەوەهوم و نیگەرانی لەنێو تێکۆشەرانی کورد، شتێکی دیکەی لێ پەیدا نابێ. بۆ کاری ئاوا هەماهەنگی، یەکگرتوویی و بەرنامەی تۆکمە لازمە.

بەلام بۆ قەزیە گەورەکە کە سەربەخۆیی کوردە و منیش ئەوە بە ماف دەزانم دەبێ فکری دیکە بکەینەوە. بەهێز کردنی بیری نەتەوەیی و دروست کردنی ڕێچکەیەک کە لەداهاتوودا ڕێڕەوانی ئەو داوایەی پێدا بڕوا، ئەرکی حیزبە سیاسییەکانی کوردە. بە باوەڕی من کێشەی باڵەکانی نێو دەسەلات نابێ ببێتە خەمی ڕۆژانەی ئێمە. ئەوان چۆن دەگەڵ یەک تەعامول دەکەن، کەیفی خۆیانە. ئەوە ئێمەین دەبێ بزانین چۆن دەگەڵ یەک دەجوولێینەوە و بە چ شکلێک خۆمان تەیار دەکەین. ئەوەی هەتا ئێستا کردوومانە و گوتوومانە بەداخەوە تەنیا بۆ شتە چووکەکان بوە. قەت خەمی قەزیە گەورەکەمان نەخواردوە.

**ڕۆژی کورد**: پێکناکۆک بوونی ڕواڵەتی باڵەکانی دەسەلاتی تاران دەتوانێ پێکناکۆک بوونێک لە بەرەی نیشتمانی خۆرهەلاتی کوردستان ڕێک بخا ؟ ئەوە دەتوانێ خەسارێکی مەترسیدار بۆ داهاتووی کورد بێ؟

**کاردۆ**: کارێکی زۆر خراپ و زیانبارە ئەگەر لەسەر کێشەی باڵەکانی نێو ڕیژیم ئێمە کات و وزەی خۆمان بەفیڕۆ بدەین. ئەزموونی دەیان ساڵ تاقیکردنەوە دەبێ فێری کردبین بە عەینەکێکی دیکە بڕوانینە ئەو ڕیژیمە و باڵەکانی. ئەویش ئەوەیە کێشەی خۆیان بۆخۆیان، با ئێمە دەفکری خۆماندا بین. بەداخەوە حیزبەکانی خۆمان



سەرچاوە Serchawe

بەشی زۆری کار و هەڵوێستەکانیان بۆ ڕقەبەرایەتیی یەکتری دەکەن. یانی یەک بڵێ خراپە ئەوی دیکە دەڵێ چاکە. یەک شەڕی دەگەڵ بکا، ئەوی دیکە دەگەڵی دادەنیشێ. یەک بڵێ وادەبێ، ئەوی دیکە دەڵێ وانابێ. بەڕاستی خەبات ئاوا ناکرێ و تەنیا خۆ خافڵاندنە.

**ڕۆژی کورد**: تکایە ئەگەر بابەتێکی وا هەیە لە پرسیارەکاندا ئاماژەی بۆ نەکراوە سەربەستن تیشکی بخەنە سەرو باسی بکەن؟

**کاردۆ**: بە باوەڕی من زەمانی ئەوە تێپەڕیوە تەعەسوبی حیزبایەتی پێشی بیر کردنەوەی سەربەخۆمان لێ بگرێ. کەس لە خەتا بێ بەری نیە. ئەوەی بە هەموومان دەکرێ قەت بە لایکمان جێ بەجێ نابێ. کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵات زۆر لەوە ئاڵۆزترە بیری لێ دەکەینەوە. کردنەوەی ئەو گرێ پووچکەیە تەنیا بە هاودەنگی و یەکگرتوویی دەکرێ. حیزبایەتی باشە بەڵام بە چاوی ئاوەڵا و بۆ مەبەستێکی گرینگتر لەخودی حیزبەکە. بەشی زۆری خۆڕاگرتنی کۆماری ئیسلامی لە بێ هێزیی ئێمەدایە. بەهێزش نابین مەگەر یەک بگرین. یەک گرتن باشە بەڵام ئەویش بە بێ پلانی ڕون و نەخشە ڕێگایەکی نەتەوەیی بەکاری هیچ نایە. با کوردایەتی ببێتە ئامانجی گشتییمان و حیزبایەتیی فیدا بکەین. با لەوە زیاتر ترس و خۆف دامان نەگرێ و بە ئاشکرا بڵێین کورد لە ڕۆژهەڵات ئێرانی نیە و کوردە.

**سوپاس کە بەسەرتان کردمەوە.**

**ڕۆژی کورد: بەڕێز کاک "هەیاس کاردۆ" سپاس بۆ کات و ڕاتان**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوونی ٢٠١٦**

-------------------------------------------

## بازگەکانی ژیان (١): "قەرەگۆل" وەک سروشت

"قەرەگـۆل"، گونـدێک لە هەزاران گونـدی ئەم کوردسـتانە دڵـڕفێنە، ژمـارەیەک مـاڵی بەقـوڕ وبەرد دروسـتکراوی قەدپاڵی تەپۆڵکەیەکی پشت کووڕی تەفتەفانە. ڕوو بە پێش، جۆگەیەک (قۆپی) ماڵەکان لە دەشتاییەکی جوان و دڵڕفێن جودا دەکاتەوە. دەشتایی، هەمووی زەوی و زاری پڕپیت و بەرەکەتی بەراوە. چەند باریکە ڕێگای بەزستان قوڕ وچڵپاو و بەهاوین تەپ وتۆزاوی بەنێو ئەو دەشتە سەرسەوزەدا قەرەگۆل بەگوندەکانی دەوروبەر دەبەستنەوە. بەرهەمەکانی ئەو کێڵگە دەوڵەمەندە وێنجە، چەوەندەر، بێستان، و گەنم و جۆیە. کەمێک ئەولاتر لەنێو ئەو دەشتاییە بەدیمەنەدا، ڕیزە باغاتێکی یەک لەدوای یەک هەڵکەوتوون کە چاو لەدیتنیان تێر نابێ. چنار سەریان گەیوتە تەشقی ئاسمانێ. شۆڕە بی سەریان چەماندۆتەوە و کڕنۆش بۆ زەوی دەبەن. قانە مێوەکان بەترێی ڕەش وسپی وکشمیشی داپۆشراون. سێو، هەڵووچە، قەیسی، بێ، وهەرمێ سرنجی هەر ڕێبوارێک بۆلای ئەو باغاتە ڕادەکێشن. هەمووی ئەو زەوی وزار وباغاتە بە ئاوی "جۆگەی چکۆلە" پاراو دەکرێن کە ئەویش لە"جۆگەی گەورە" جیا دەبێتەوە وئەو جۆگەیەش لەچۆمی "تەتەهوو" سەرچاوە دەگرێ.

لایەکی دێ، "قۆڕغی قەرەگۆل"ە. ئەو قۆڕغە زستانان پڕ لەئاوە و هاوینـان تەڕایی لێ دەبڕێ. سەرچاوەی ئاوی قۆڕغ، چۆمی تەتەهوویە. قۆڕغ، لەسێ لاوە بەکێو وتەپۆڵکە دەور دراوە ولایەکیشی دەگەڵ بەشێک لەماڵەکانی قەرەگۆل تێکەڵ بۆتەوە. پانایی وبەرینایی قۆڕغ ٣، ٤ کیلۆمیتری چوار گۆشەیە و قووڵاییەکەی لەزستاندا دەگاتە میتر ونیوێک. قۆڕغ هەمان "گۆل"ە کە گوندەکەشی بەنێو کراوە: قەرەگۆل، واتە گۆلی ڕەش. (زەمانێک سوپای مەغول ئەو دەوەرەی گرتوە وناوی زۆر شوێن و گوندی گۆڕیون وکردوونیە تورکی. لەو لاتری ئاوایی گۆلێکی دیکە هەیە ناوی "جینگز گۆل" یان چەنگیز گۆلە.)

جوانیی قۆڕغ لەزستاندا لەتاریف نایە. وردە شەپۆلەکانی دەگەڵ خۆیان "ئاوماڵک" دێنن و لەقەراغ ئاوەکە بەجێیان دێڵن. ئاوماڵک بەشێک لەسەرچاوەی سووتەمەنیی خەڵکی دێیە. لەنێوەڕاستی قۆڕغ "سیپە" دروست کراون وڕاوچی بە تاپڕەوە خۆیان لەنێو ئەو سیپانەدا مات کردوە. مراوی، قاز، ڕەشبەشە، کەڵک وچرگ لەو باڵندانەن قۆڕغیان کردۆتە مەکۆی ژیانی خۆیان. "وسێن لەیلێ" ناسراوترین ڕاوچیی نێو قۆڕغە وسێ بەشی ژیانی دەنێو

سیپەدا تێپەڕ دەکا. "قامیش"، "جەگەن" و"سێسوو" ڕوەکی ئەسڵیی نێو قۆڕغن. لە گوڵی قامیش بۆ گەسک و لەلاسکەکەی بۆ داپۆشینی خانووبەرە کەڵک وەردەگیرێ. لەجەگەن بۆ دروست کردنی "حەسیر" کەڵک وەردەگرن و سێسووش دەبێتە بەنداوی چۆمی تەتەهوو کە بەشێک لەئاوەکەی دەبێ داببردرێ وبخرێتە نێو جۆگەی گەورە هەتا زەوی وزاری خەڵکی گەندەکانی "چۆمی مەجیدخان" تێرئاو بکا. بەهاران نێو ئەو قامیش وجەگەن وسێسوویە لەبەر هێلانەی باڵندەکان ڕێی ڕێداری نیە. تالان کردنی هێلانەکان ودزینی هێلکەکانیان سەرگەرمیی ئەسڵیی منداڵانی گوندە. "خدرە کوێر" قۆڕغچیی قۆڕغە وهەرجارە ناجارێک بەسواری ئەسپ لەمنداڵان پەیدا دەبێ. "دایکتان بە بابتان بەگان دەدەم ئەوە بۆ وەنێو قۆڕغێ دەکەون؟" ئەو خەمی هێلکە وباڵندەکانی نیە، بۆ پێخوست بوونی جەگەن و سێسووەکان لەدین دەهری دەبێ.

بەشێکی دیکەی گوند، پشتی بەشاخەوە نووساوە. شاخەکان لەپەنای دێ نەوین وزیاتر تەپۆڵکەن. هەتا لەدێ دوورتر دەبیەوە بەرزیی چیاکان زیاتر دەبن وجوانتر دەردەکەون. بەشێکی زۆری قەدپاڵی ئەو شاخانە زەویی "دێمەکار"ن وگەنم وجۆ ونۆک ونیسکیان لێ دەچێنندرێ. بەشی زیاتری داوێنی شاخەکان لەوەڕگەی مەڕ ومالاتی خەڵکی ئاوایین. کشتوکاڵ ومەڕداری سەرچاوەی بژیوی خەڵکی قەرەگۆلن. مەڕدارە ناسراوەکانی قەرەگۆل گەرمێن وکوێستان دەکەن. کوێستانی "ماینبلاغ" لە هەوشار هاوینە هەواری ئەو خێڵانەیە. بارەکان لەوشتران دەنێن و مەڕی وەپێش خۆ دەدەن. حەتوویەک دەگرێ هەتا دەگەنە جێ هەوار. سەرەتاکانی بەهار دەڕۆن ونێوەڕاستی هاوین دێنەوە. کە دەگەڕێنەوە لەدەوروبەری ئاوایی "ڕەشماڵ" هەڵ دەدەن وهەتا هەوا ساردی نەکا نایەنەوە نێودێ. بوونی ئەو ڕەشماڵانە لەقەراغ ئاوایی جیلوەیەکی جوان بەخانوە قوڕینەکان دەبەخشێ. شوان وبێری، هەرچەند بۆ خەڵک ناسراون کەچی وەک تازەهاتوو دێنە بەرچاو.

شاخ، گۆل و باخ دەوری قەرەگۆلیان تەنیوە. ئەم گوندە وەک دوڕگەیەک دەچێ لەنێو دیمەنی جۆراوجۆردا. ئاو، لەداوێنی کێوەکان وردە شەپۆلان دەدا. باخ عەتر و بۆن بڵاو دەکاتەوە و شاخیش بەهەیبەتەوە نیگابانی ئەو دەوەرەیە. عەوعەوی سەگەلی شوانان، باعەباعی بەرغەل وکاڕەکاڕی کاریلە، جریوە جریوی باڵندە جۆراوجۆرەکانی نێو قۆڕغ، هازەی هەزاران مێشوولە وقیڕەی لەبڕان نەهاتووی بۆقە زۆرەکانی نێو قۆپی خەو وخۆراک لەخەڵک هەڵ دەگرن. تەنیا تەقەی تاپڕی وسێن لەیلێ دەتوانێ جریوەی چەند باڵندەیەک کەم کاتەوە. "سەولە"ی بەردەمی سەگەکان بۆ ماوەیەک لە عەوعەویان دەخا. دووکەڵی "دەوە" و"تەپاڵە" مێشوولەکان دوور دەخاتەوە. شیری گوانی مەڕ و بزنەکان دەنگی بەرخ و کاریلەکان دەبڕێ. بەڵام هەیهات قیڕەی لەشکری بۆقان بڕانی بۆ نییە.

# بازگەکانی ژیان (٢): "قەرەگۆل" وەک خەڵک

"قەرەگـۆل" درێژاودرێـژ هەڵکەوتـووە. پانـایی زۆر کەم و بـۆ درێژایـی مەودای زیـاترە. کـۆڵانێکی درێـژ و نارێـک ڕۆژهەڵاتی بە ڕۆژئاوایەوە گرێ دەدا. باکووری دێ بە دەشتاییەوە نووساوە و باشووری پشتی بە شاخەوە بەستووە. هەموو گونـد ٧٠، ٨٠ مـاڵ دەبـێ. ماڵەکـان زیـاتر بە بەرد و قـوڕ، یـان تەنیـا بە "خشتی کـاڵ" دروست کـراون. پێکهـاتەی ئـاوایی لە دوو تـایفەی سەرەکی و ناسـازگار، وێـک هەڵـنەکەر و کەڵەوەکـێش پێـک هـاتووە. تـایفەی "حاجی عەولا" کە بەشی زیاتری خەڵکی گونـد پێـک دێنن و " دوو قڕانیـان لەبەری دەستییە بـۆ شەڕێ". تـایفەی "مەرزینگان"، بەژمار کەمتر، بەڵام دەوڵەمەندترن. ئەوان لاشەڕتر، کەچی بە فێڵترن. لەنێوان ئەو دوو تـایفەیەدا ژمـارەیەک خەڵکـی دیـکە هەن کە چارناچـار دەبـێ لە بەرەیەکـدا بـن و پشـتی خۆیـان قـایم ڕاگـرن. دەو نێـوەدا ژمارەیەک خەڵکی بەڕەچەڵەک تورک لەو گوندە دەژین کە ئەوانیش بۆ مانەوەی خۆیان دەبێ سەر بەلایەنێک بن.
لە دوازدە کوڕ و دوو کچی "حاجی عەولا" تەنیا یەکیان (میرزا ئەحمەد) کەچە سەوادێکی هەیە و بـاقیی بەپـانەوە دەرگـای خوێنـدنیان بەڕوودا داخـراوە. کـوڕانی "حـاجی عەولا " هەمـووی خەریکـی کـاری کشـتوکاڵـی و مەڕداریـن و سەفەری دووریـان کوێسـتانەکانی مـاینبلاغە. ئەوان بەرەی سێ دایکـانن و پـاش فەوتـی حـاجی، هەموو لێک جوێ بـوونەتەوە. تـایفەی "مەرزینـگ"ان ژمـارەیەک بنەمـاڵەی دەوڵەمەنـدی خـاوەن زەوی و زار و مەڕی زۆرن. لەنێـو ئەوانیشدا تەنیا چەند فەقێیەک هەڵکەوتوون کە دواتر وەلایان ناوە و بوونەتە مووچەخۆری حکوومەت. پێکهاتەی قەرەگۆل وەک حکوومەتی هەرێمی ئێستایە. دوو مزگەوت، دوو گاوان، دوو مەلا و دوو مجێور. هەرچی ئەملا بیکـا، ئەولا دژایەتیـی دەکـا و شەڕ سـاز دەبـێ. ژن و ژنخـوازیی نییە. میوانـداری و سـەردانی یەکتـر نییە. مل بەملە و کەڵەوەکێشی لەوپەڕی خۆیدایە. هەر جارە ناجارێک شەڕە پێمەڕە و شەنە و داس و گۆپاڵ دەست پێ دەکـا و سـەر و گوێلاکی چەند کەس دەشکێ. شەڕ لەسەر هەموو شتێک هەڵدایسێ: لەسەر ئاو بەشکردن، لەسەر زیانی لێککردن، لەسـەر منـداڵ، لەسـەر زەوی و زار و لەسـەر هەمـوو شـتێک. قەرەگـۆل بـووەتە مەیـدانی ڕمبـازێنی دژبەرەکـان و ناشیرینیی خەڵکەکەی، جوانیی سروشتەکەی ون کردووە.

تەنیا سەرچاوەی ئاو خواردنەوەی گوند، "بیر"ە. بیر لەوبەری قۆپی هەڵکەوتووە و کچان و ژنانی دێ دەبـێ سەتڵ بەدەست و گـۆزە لەشـان لەو بیـرەڕا ئـاو بکێشـنەوە. قـووڵایی بیـر هەر ٣، ٤ میتـر دەبـێ و دەورەکەی هەمـووی وردە بەردی دەنێو قوڕدا نوقم بوویە. ئاو دەبێ بە سەتڵ هەڵێنجدرێ. سەتڵەکان هەر یەکەی بە پەتکێکەوە گرێ دراون



سەرچاوە
Serchawe

و ڕۆ دەهێڵدرێنە نێو بیر. هەرجارەی چەند سەتڵ بە یەکەوە شۆڕ دەبنەوە وبە پڕی دێنەوە سەرێ. دەوری بیر قوڕاوییە و بەشی زۆری قوڕاوەکە دەگەڵ سەتڵەکان دەچێتەوە نێو ئاوەکە. سەربیر مەکۆی قسەوباسی ژنانە و تەنیا شوێنێکە بۆ دەردی دڵکردن و قسە هێنان و بردن. باسی دڵداریی کچانی تازە پێگەیشتووش هەر لەو دەوەرە گەرمە. سەر ڕێی بیر و ماڵان بە جحێڵانی گرفتاری ئەوین تەنراوە. هەر گۆشەیەیەک ڕووی تێدەکەی لاوێکی پێچ لەسەری کاکۆڵ داهێندراوی عەتر لەخۆدراو کەمینی لێ گرتووە و چاوەڕێی کچانی گۆزە لەشانە بگەڕێنەوە. ئەوان تەسبێح هەڵدەسووڕێنن و لەژێر لێوانەوە نارەیان دێ. هەمووی بە ئاواتن لە نیزیکەوە مەعشووق ببینن و ئەگەر کرا "هەی بەقوربانت بم"ێکیان ڕێ هاڵێنن. ئەوان تەنیا بۆیان هەیە چاو لەو کچانە بکەن لەبەرەی ماڵی بابی خۆیان دان. لێرە دڵدارییش بەش کراوە.

خەڵکی قەرەگۆل بە پانەوە کاسب وزەحمەتکێشن. مەڕداری لێرە ڕەمێنی زۆرە. ئەوانەش زەوی وزاریان هەیە بەسەختی پێیەوە خەریکن. لە دوو مزگەوتان هیچیان مەلای تەواو وەختیان نییە. سێ بەشی ساڵ مزگەوتەکان چۆڵن و دەرگایان گاڵە دراوە. بە پێچەوانەی دێهاتی دەوروبەر، دەروێشی هەر لێ نییە. ئەوانەش مریدی "شێخی بورهان"ن قەت نەبوونە سۆفی و تەرکە دنیا نەبوون. هەر دەڵێی کافرستانییە. زستانان مزگەوت ئاوەدانە ، بەڵام مەکۆی گێڕانەوەی حیکایەت و سەودا و معامەلەیە. مەلا هەر بەشی پێشنوێژییەکە ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ و لە ڕێنمایی دینیی وەڕەز بووە. لێرە ژیان بەسەختی تێدەپەڕێ و مەجالێک بۆ حەسانەوە و پشوودان نییە.

قوتابخانە بەسەبکی نوێ، تازە دامەزراوە و "سوپای دانیش" دەرسی لێ دەڵێتەوە. تەنیا قوتابخانە بەش نەکراوە و منداڵی هەردووک بەرە بەیەکەوە و لەسەر نیمکەتێک دادەنیشن. قوتابخانە کۆنە ماڵی ئاغای گوندە کە باری کردووە و لەوێ نەماوە. منداڵانی "مەرزینگان" دەبێ بە گەڕەکی تایفەی "حاجی عەوڵا"دا بچنە مەدرەسە. زۆر جار لە ڕێگایە شەڕ ساز دەبێ و شکایەت دەچێتە بەردەستی سوپای دانیش. سەر لەبەیانیی هەموو ڕۆژێک بەشێک لە قوتابییان دەبێ دیوی مامۆستا خاوێن کەنەوە. بەشێک بچنەوە ماست و نان و هێلکەی بۆ بێنن و بەشێکیشیان دەبێ بچنە سەر بیر و ئاوی بۆ بێنن. بە دوو منداڵ دارێکیان پێیە و دەسکی سەتڵەکەی تێدەکەن و هەر یەکەی لایەکی دارەکە دەگرێ. هەتا دەگەنەوە، هێندە جۆلانە بە سەتڵەکە دەکەن نیوەی ئاوەکە دەڕژێ. ناچار جارێکی دیکە دەچنەوە و هەتا وا دەکەن نێوەی ڕۆژەکەیان تەواو دەبێ. هەم ئەوان خۆشحاڵن و هەم مامۆستا ڕازییە. مەدرەسە لەوسەری دێیە و ڕووی دەقۆڕغە. سوپای دانیش فارسە و زۆر دەترسێ. شەوانە دوو منداڵی لە هەموان گەورەتر دەبێ لە لای بخەون نەکا جندۆکە لێێ وەژوور کەوێ.

قەرەگۆل بەو سروشت و خەڵکەیەوە قەرەگۆلە. لێرە ناحەز و جوان تێکەڵ بوون و ئەم گوندەیان کردووەتە جێی باس وخواس. هەرچی بێ، ژیان بەردەوامە و خەڵک بەرەوپێش دەچن. ئاڵوگۆڕ بە ئەسپایی بەڕێوەیە و هەنگاوەکان بەشلی ڕوو بە پێشەوەن.

-------------------------------------

## بازگەکانی ژیان (٣): "کانیی ژیان"

میرزا ئەحمەد چوارەمین کوڕی حاجی عەولایە. تەنیا کوڕیشیەتی لەقەبی میرزای پێ براوە. بەهۆی میرزا بوونییەوە تەمبەڵ و کارنەکەرە. لەو هەموو سەروەتەی بابی شتێکی وای پێ نەبراوە ژیانی دابین بکا. میرزا لەسوپای کۆماردا بەشدار بوە وبوەتە سەرپەل. دواتر سەری بەرداوەتەوە وبە خەیاڵ خەریکی کاسبیی بوە. ئەو نە جووتێریکی باشە، نە مەڕداری دەزانێ، نە لەسەودا ومعامەلە دەگا ونە تەنانەت مەیلی دەوڵەمەند بوونیشی هەیە. هێندێک کۆنە کتێبی "شانامە" و"گولستان" و"بوستان"ی هەیە خۆی پێیانەوە دەخافڵێنێ. گوێ گرتن لە ڕادیۆ "پەیک" و"بی بی سی" ش بەشێکی دیکەی کاتەکانی پڕ دەکاتەوە. دانیشتن دەگەڵ دۆستان وجەفەنگ لێدان بۆ وی نیعمەتێکی گەورەیە. ئەو سەری لەسیاسەت دەخورێ ودەگەڵ هێندێک کەس سرت وخورتی هەیە. نە هەڵۆ بە لووتکەکانەوە دیارە خۆیان بگەیەنێتێ ونە توانا وتەمەن ڕێگای دەدا وەجووڵە بکەوێ. گیرفانی میرزا هەمیشە پڕە لەتۆو گوڵەبەڕۆژە. ددانی پێشێشی نەماون ناچارە هەر بە نینۆک بیان ترووکێنێ. نینۆکی قامکی گەورەی لەنێوەڕاستدا کەت بوە هێندەی تۆو پێ قرتاندوە. ئەو عاشقی تۆوی سوێرە. شکانی کۆمار میرزای داهێناوە ونەتوانایی‌یشی لەکاری جووتێریدا بیانووی دیکەی داوەتێ. ئەو ڕقی هەموو نەهامەتییەکانی خۆی ومیللەتەکەی بە هاوژینەکەی دەڕێژێ.

"حومەیرا" هاوسەری میرزا ئەحمەدە. ئەو سەرەژنێکی ئاقڵ، بەدەست وبرد، کارجوان، ماڵدار و بە بەرنامەیە. حومەیرا کچی مەلا عەولا(مەلای ڕەش)ە کە لەمەلا بەنێوبانگەکانی سەردەمە. ئەو هەم کابانی ماڵییە وهەم نان هێنەوە. بژاری چەوەندەران دەکا، گوڵی بێستانان دەچنێ، دەچێتە دەسکەنەی نۆکان، تەونی دەکا، تەشی دەڕێسێ گۆرەوی بەن دەچنێ. ئاو ڕاوەستێ ئەو ڕاناوەستێ. وەکی دیکە دەبێ بەدەوری میرزایەوە بێ. نانی بۆساز بکا، چای بۆ لێ نێ وبۆی دە ئیستیکانان بکا، میوانی بۆ بەڕێ بکا. حەوش وحەساری گەسک بدا، تەندووری داخا و نانی

بکا، مانگای بدۆشێ وشیری هەوێن بکا، بە منداڵان ڕابگا وزگیان تێر بکا. بەو حاڵەش کەیخودای نێو ژنانە وهەرکەس گرفتی هەبوو ڕووی تێ دەکا. حومەیڕا کەیف خۆشە کە جارێک بەخزمەتی قازی گەیوە و شکایەتی خۆی بردۆتە لای. حومەیڕا ومیرزا دوو لەشی ناتەبا لەنێو جەستەیەک دان. لێرە هەرچی ژن پەیدای دەکا، پیاو بەهەدەری دەدا. لێرە ژن چەترێکە پێشی تەڕ بوونی پیاو دەگرێ. ژن لێرە وەک گەنم دەهاڕدرێ هەتا ژیانی پیاو بەردەوام بێ. ئەو هەرچەند لەهەموو گرفتەکانی میرزا ئاگادارە کەچی ملی بۆ "چارەنوس" ڕاکێشاوە. گەورەیی ژن لێرە وەدیار دەکەوێ.

شەش کەس لە ژوورێکی تاریک وتنۆکی بەقوڕ دروست کراودا ژیان تێپەڕ دەکەن. نێوەڕاستی ژوور تەندوورە. هەموو بەیانان تەندوور پڕ دەکرێ لەدەوە وتەپاڵە وئاگر دەدرێ. لەسەر تەندوور کەتری دەکوڵێ وچایی دێم دەکرێ. دواتر ئاگر دادەمرکێ وبۆ نانکردن ئامادە دەبێ. ئینجا کورسیی لەسەر دادەندرێ ولێفەی پێدا دەدرێ هەتا ببێتە گەرم کەرەوەی ژوور. لەگۆشەیەکی ژوور "موغاری" هەڵکەوتوە. موغاری بۆ چێشت لێنانی شەوانە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لای سەرووی ژوور "پێرک"ە. ژێرپێرک دانەوێڵە وخرت وپرتی لێ دادەندرێ. سەرپێرک جێگای نوێن وبانە. لەگۆشەیەکی دیکەی ژوور "کەندوو" هەڵکەوتوە. کەندوو عەمباری ئاردە. لەدەوری تەندوور "حەسیر" ڕاخراوە کە لەجەگەنی "قۆڕغ" دروست دەکرێ. دیواری ژوور بەدووکەڵی تەندوور ڕەش داگەڕاوە. بنی میچەکەی هەمووی "قورم"ە. هەر جارەناجارێک قورم بەر دەبێتەوە وسەروگوێلاکی دانیشتوانی ژوور ڕەش دادەگیرێ. دوو "کولانکە" دەمیچی ژوورەکەی کراون. ئەرکی کولانکەکان دەردانی دووکەڵ ودانی ڕووناکی بەژوورەکەیە.

لەکانیی ژیانی ئەو جووتە وێک نەچوویە، چوار کوڕ ودوو کچ پەیدا بوون. چارەنووسی کچەکان وەک دایکیان زوو بەمێرد دان ولەکۆڵ خۆ کردنەوەیە. یەکیان بۆ ئەو سەری کوردستان دەقۆچەقانی دەندرێ وبە دیاریی بەمەلایەک دەدرێ کەپێشتر دوو ژنی هێناوە. ئەو دەکەوێتە دەوەری "ئەزبەنی"یان و لەبن چیای ئاگری ماڵ پێکەوە دەنێ. لەمەوداو دەنگی سیحراویی "کاوەیساغا" و"مریەم خان" میوانی دایمە وەختی حومەیڕای دایکە ودەگەڵ چریکەی ئەوان، فرمێسکەکانی ئەمیش شۆڕ دەبنەوە خوارێ. ئەوی دیکەیان لەلایەن برا گەورەیەوە چاکەی پێ کراوە ونەدیدە مێردی بۆ دیاریی کراوە. ئەمیان چەند گوند ئەولاتر بەرەو خۆرهەڵات دوور خراوەتەوە. چارەنووسی ئەوجووتە خوشکە وەک دایکیان گەورەیی نواندن بۆ درێژەی ژیانە. بەسەرهاتی کوڕەکان بەڵام حیکایەتی حەوتخانی ڕۆستەمە. یەکەم وسێهەم کوڕ وەک ئەسپی سەرکێش حەجمینیان نیە. دنیا لەژێر پێیاندا دەلەرزێ وسەر بۆ هیچ یاسایەک نەوی ناکەن. ئەوان نەهاتوون ڕام بکرێن، هاتوون دەگەڵ سروشت و"قانوون" دەست وپەنجە نەرم بکەن. هەربۆیە



سەرچاوە
Serchawe

زوو دەگەڵ بابی لەخۆیان سەرکێشتر لێک هەڵدەبەزنەوە وچاری ناچار ڕێچکەی خۆیان بەو جۆرە دەگرنە بەر کە مەیلیان لێیە. دووهەم کوڕ وەک دایکی خۆی دەچێ. ئارام، کاسب، دووربین و بەتەحەممولە. دوای دایک، چەرخی ژیانی بنەماڵە بەو هەڵدەسووڕێ.

پاشەبەرەی کانیی ژیانی ئەو بنەماڵەیە چوارەمین کوڕ وشەشەمین منداڵە. ئەو، نە کەوتوەتە نێو شەپۆلە سەرکێشەکان، نە زووخاوی زوڵم وستەمی جینسیی بەگەروویدا کراوە ونە ئەسپی سەرکێشی نەحاوانەوەی لینگ داوە. ئەو، هەم وەک دوا منداڵ زیاتر بەرچاوە وهەم بەهۆی سەرقاڵیی بنەماڵە کەمتر ئاوڕی لێ دەدرێتەوە. دایک وەک ئاشی ئاوری دەبێ هەڵسووڕێ وچەرخی ژیانی بنەماڵە وەگەڕ بخا. باب ڕەواڵی خۆی دەبرێ ودەگەڵ وردە فکرەکانی خەریکە. خوشک بە دەردی خۆیانەوە گرفتارن و ناپرژێنە سەر گرفتی تازە هاتوو. لەو بێنە وبەرەیەدا کەس نازانێ کۆرپەی ساوا لەچ وەرزێک وچ مانگێکدا چاوی کراوەتەوە. دایک دەڵێ کاتی چەوەندەر هەڵقەندنەوە وکاتێک بە بەربووکیی سەفەری دێیەکی دوورتری کردوە لەداوێنی بەربۆتەوە. کەچی نێوکی کۆرپە بەیەکەم مانگی بەهاری دەبڕن وهەموو ساڵێ دەبێ مۆمی لەدایک بوونی سێ ڕۆژ دوای نەورۆز بۆ داگیرسێنن. کۆرپەی ساوا لەجیاتی شیری مەمک، قەنداوی بەگەورەدا دەکرێ وجێگای گەرمی قوون تەندوور وتەختی نەرمی حەسیری دەوری کورسییە. ئەو نەهاتوەتە سەر دنیا هەتا لەشی ئارام بگرێ وجەستەی قەدیلکە بدرێ. هاتوە دەگەڵ سەختییەکان بەربەرەکانێ بکا ولە کوورەی ژانی ژیاندا خۆی قاڵ بکا.

چۆمی ژیان وەرێ دەکەوێ وکۆرپە بێروبەوێدا دەدا. یەکەم هێرشەکانی سەر ژیانی چەند شەپۆلی نەخۆشیی سەردەم ومنداڵانەن کە خەریکن لەپێێ دەخەن. دەستی تەقدیر نەجاتی دەدا ولەو شەپۆلە سەرکێشانە ڕزگاری دەکا. ئینجا شەرمێونی ودووره پەرێزی خەریکە تەریکی دەخاتەوە. ئەو خۆی دەنێو دنیایەکی تایبەتدا دەبینێ کەچەرخی ڕۆژگار بە نابەدڵی بۆی دروست کردوە. بەو حاڵەش لەنێو ئەو شەپۆلە سەرکێشانەی ژیاندا خۆی فێری مەلە دەکا ودەگەڵ ڕەوتی زەمان خۆی ڕێک دەخا. لەمەبەدواو دڵی کۆرپە دەگەڵ ترپەی دڵی منداڵانی هاوتەمەنی تێکەڵ دەبێ و هەموو وێکڕا جوانیی و ناحەزییەکانی گوند تەکمیل دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٥، ٢٦ و ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# مێژووی زیندوو

----------------------------------------

## ئاوڕێک لەژیان و خەباتی تێکۆشەر عەبدوڵڵا شەخسە(شەقاز)




«هەورازی کووڕ پشتی شاخێکی بە عومرە
بۆ پێشمەرگە دانەویوە...»

(شێرکۆ بێکەس)

قەت ناتوانم بەوشەیەک، ڕستەیەک، پاڕاگرافێک و تەنانەت لاپەڕەیەکیش مانای پێشمەرگە لێک بدەمەوە. ڕەنگە باشترین و لەڕاستیدا تەنیا ڕێگا بۆ ئەوەی بزانی پێشمەرگە کێیە، مانای چیە و چی دەوێ ئەوەیە کە دەگەڵ خودی پێشمەرگە بدوێی. قسە کردن دەگەڵ پێشمەرگە و شۆڕ بوونەوە بەناخی قووڵ و بێ بنی دا بەشێک لەئاواتەکانت وەدی دێنێ کەتێگەیشتن لەپێشمەرگەیە. پێشمەرگەش هەتا پێشمەرگە فەرقی هەیە. ئەوەی جێگای باسی ئەم نووسراوەیە »پیشمەرگە» لە مانای تەواوی خۆی دایە.

من دەگەڵ ئەوە نیم کە دروستکردنی مێژوو تەنیا بۆ خاوەندەسەڵات ودەستڕۆیشتووەکان دەگەڕێتەوە. وەوپێش خستنی ناوی ئەوان لەدروست کردنی مێژوودا، زوڵمێکی مێژوویی لەو هەموو ئینسانە تێکۆشەرە دەکرێ کە قورسایی ڕەوڕەوەی مێژوویان لەسەر شانە. ئەگەر دروست کەرانی مێژووی ئاسایی وڵاتان ئینسانە ئاساییەکانن، پێکهێنەرانی مێژووی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان ئەو ئینسانە بێباک و لەخۆبوردوویانەن کە دەبنە پێشکاروانی چوونەپێش. لە کوردستان، ئەو کەسانە ناوی «پیشمەرگە»یان لەسەرە کە لەڕاستیدا بەشێکی گرینگ و بەرچاو لە پێکهێنەرانی مێژووی ڕزگاریخوازیی ئێمە پێک دێنن. ئەگەر ناوی ئەوانە بزر بێ، مێژووی ئێمە بزر بووە و هەرکات لەحاند ئەوانە ناسوپاس بین گاڵتەمان بە مێژووی خۆمان کردوە. بە تۆمار کردنی بیرەوەریی پێشمەرگە و ئاشنا بوون دەگەڵ دەریای زانیارییەکانی، دەتوانین بناخەی قایمی کۆشکی مێژووی زیندوومان بنیات بنێین. دەبا هەر کەس لە حاند خۆیەوە خەریک بێ.

***

ماوەیەکە کوردانی باشووری ئوستڕالیا چاویان بە دیداری یەکێک لەو ڕۆڵە بە وەفا و تێکۆشەرانەی مەیدانی حەماسە و نەبەزین ڕوون بۆتەوە کە لە مێژبوو تاسەی دیداریان هەبوو. ئێستا «شەقاز» لە نێو بەشێک لە کۆنە هاوڕێیانی شاخ و لێرەوارەکانی مەڵبەندی سەرسەوزی سەردەشت، لە وڵاتی ئوستڕالیا دەژی و بە قسەی خۆی «لە چنگ سەرمای نۆڕوێژ» خۆی ڕزگار کردوە.

کە بەمەبەستی پێشوازیکردن لەتێکۆشەرێکی دێرین خۆ دەگەیەنمە فرۆکەخانە، چاوم بەخەڵکێکی زۆر دەکەوێ کەهەموو چاوەڕوانی دیدار نوێ کردنەوە دەگەڵ شەقازن. شەقاز هێشتا وەدەر نەکەوتوە کەچی چاوەکان هەر کەلێن و قوژبنان دەپشکنن. پاش ماوەیەک ژنێک دێ و لە دۆستانی شەقاز دەپرسێ. هەموو وێکڕا وەڵام دەدەنەوە. ژنە چەند پرسیارێک دەکا و وەڵام وەردەگرێتەوە و دەڕوا. زۆری پێ ناچێ سیمای خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و هاوسەنگەرانی، هەر بەو توند و تۆڵییەی جاران دەردەکەوێ. هەموو بەرەو ڕووی دەڕۆن و بۆ لە ئامێز گرتنی پێشبرکەیانە. خەڵکێکی زۆر لەساڵۆنەکە دان و بەشێکی زۆریان چاومان لێ دەکەن و ئاگام لێیە دەڵێن ئەو شەخسە دەبێ زۆر گرینگ بێ(ڕاستیش دەکەن). شەقاز هەر بەدابی کوردستان و هەر بەو هەوایە کە تایبەتمەندیی خۆیەتی، تۆقە دەکا کە ئەوەش سرنجی خەڵکەکە زیاتر ڕادەکێشێ. پاش تاوێک مانەوە، وێکڕا بەرەو ماڵی دۆستی لەمێژینە وهاوسەنگەری شەقاز، واتە کاک حوسەین پەیرەوان وەڕێ دەکەوین کە شوێنی حەوانەوەی شەقازە. شەقاز ماندوویە (٣٢ کاتژمێر لە فرۆکە دابوە)، کە چی وەسەر خۆی نایەنێ. خەڵکی لەدەورە و بەوەش گەزبەگەز باڵا دەکا. هەڵ دەستێ، بەزمانێک کە تایبەتی خۆیەتی وهەر کاک حوسەین لێی حاڵییە قسان دەکا: «شوون دا،



سەرچاوە
Serchawe

کاترون. تورەمە نو ماکرۆن، وا ها .....» ناچار کاک حوسەین ئەرکی وەرگێڕی وەئەستۆ دەگرێ و مەبەستەکانی شەقازمان پێ رادەگەیەنێ. ئەو دەڵێ: کەم وا هەبوە ئەوەندە خۆشحاڵ بم. بەڕاستی نازانم چۆن سوپاستان بکەم. خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە پێشمەرگەی دێمۆکرات بووم و لەو ڕێگایەوە دۆستانی وەک ئێوەم پەیدا کردوە. ئەو پێشوازییە گەرمەی ئێوە هەموو شتێکی لەبیر بردمەوە و ئێستا خۆم وەک لاوێکی ١٨ ساڵە دەبینم....».

«شەقاز» (نازناوێک کە ئاوارەی کوڕی مامۆستا حەسەنزادە بۆی دیاری کردوە)، هەمان عەبدوڵا شەخسەی پێشمەرگە و فەرماندەی لکێکی هێزی بەهێزی گیارەنگە کە سەردەمانێک بە خۆی و هاوسەنگەرانییەوە تەنگیان بە سوپای داگیرکەر هەڵچنیبوو. کاک عەولا لەدایک بووی گوندی «کاژێ»یە وبە قسەی خۆی تەمەنی 55 ساڵە بەڵام هەر وەک ٣٠ ساڵە دەچێ. ئەو لەمەڵبەندێک سەری هەڵداوە کە مەکۆی کوردایەتی و تیکۆشانە. ئەو هەر لەمێرمنداڵیەوە خولیای شۆڕش بوە وبە بیری کوردایەتی گۆش کراوە. دواتر ڕێگای پیشمەرگایەتی گرتۆتە بەر و ئیتر داستانی ژیانی پڕ کارەساتی دەستی پێ کردوە.

«شەقاز» لەوە دوا کە چۆن بیری شۆڕش و کوردایەتی خانەکانی مێشکی تەنیوە و ناچاری کردوە چەکی پڕ لەشانازیی پێشمەرگایەتی تاو داتێ. باسی ئەو کەسانەی بۆ کردم کە ناسیونی و گیرۆدەیان بووە. لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی دوا بە باسی هەرکامیشیان کزە لە جەرگی هەڵدەستا. شەقاز منی بردەوە نێو کارەساتەکانی ساڵەکانی حەماسە خوڵقاندن و پۆل پۆل پێشمەرگەی بە بەرچاوم دا دەگێڕان. ئەو لەخەڵک و هەستی پاکی ئەوان دوا. باسی ئەوەی کرد چۆن پیشمەرگەیان وەخۆ گرتوە و ڕێگای سەرکەوتنیان بۆ هەموار کردوە. لەوەش دوا کە جار و بار دەگەڵ ڕووی گرژی خەڵک بەرەوروو بوون و چەند ڕۆژ لە ئامێزی گەرمیان بێبەش بوون. لەو حاڵەتانەدا دیارە هونەری شەقاز گوڵی کردوە و بە وەڕێ خستنی شانۆیەکی سەیر عبدوڵلا شەخسە (شەقاز)

هەم دڵی خەڵکی داوەتەوە و هەم هاوسەنگەرانی تێری نان کردوە. لێم پرسی «هۆی چی بوو لک و پەلی ژێر فەرماندەریی تۆ زۆربەی جارەکان سەرکەوتنی مەزنی وەدەست دێنا؟ ئەو هۆیەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە »خۆم بە چووکەی هەموو پێشمەرگەکان دەزانی و قەت پۆزم بەسەر دا لێنەدەدان. لە کاتی حەسانەوە دا خزمەتم دەکردن، کەچی لە کاتی عەمەلیات دا کەس بۆی نەبوو فەرمانی من ڕەت کاتەوە». هۆیەکی دیکەشی بۆ هاوکاریی بەربلاوی خەڵک گەڕاندەوە کە خۆشیان دەویست. لەهەمان کات دا باسی ئەوەشی کرد کە »پێش ڕۆیشتن بۆ شوێنی عەمەلیات هێندێکم گڵ هەڵ دەگرت و دوعایەکم بەسەردا دەخوێند و لەبەر خودای دەپاڕامەوە کە ئەگەر ئێمە ناحەقین

یارەبی کەسمان نەگەڕێتەوە، ئەگەر دوژمنیش ناحەقە یاخوا بەسەریدا زاڵ بین. پاشان گلەکەم بە پێشمەرگەکان دا دەکرد».

شەقاز هونەری شەڕی چاک دەزانی. ئەو دەڵێ: «هونەری شەڕ هەر ئازایەتی نییە کە ئەوە زۆر شەرتە. بەڵام دەبێ نەزم هەبێ. دەبێ ناسیاویی باش هەبێ. دەبێ دڵنیایی لەهاوسەنگەر هەبێ. پێویستە کات و شوێن و ماوەی شەر بزاندرێ و...». ئەو هەر چەند شەرکەرێکی باش بوو، فەرماندەیەکی باشیش بوو. لە هەمان کات دا کادرێکی باشیش بوو. ئەو دەیزانی چۆن دەگەڵ خەڵک قسە بکا وبە چ شێوەیەک سرنجیان راکێشێ. لە گوندێکی ناوچەی بانە کە خەڵکەکە بە هەڵە تێیان گەیون و نانیان نەداونی،خۆی لێ کردوونە مەلا و نوشتەی بۆ نەخۆشەکانیان نووسیوە. دوایە کەڵکی لەرۆژ ژمێری باخەڵی وەرگرتوە و یاسینی بەسەر نەخۆشدا خوێندوە. لەهەمان کاتدا بەدزی چۆتە مزگەوت و لەبەر خودای خۆی پاڕاوەتەوە کە ئەو نەخۆشەی بۆ چاک کاتەوە هەتا پێشمەرگەکان خواردنێکی باشیان وەگیر کەوێ. سەیر ئەوەیە نەخۆش چاک بۆتەوە و شەقاز بە شێخ لەقەڵەم دراوە وپێشمەرگەی هاوسەنگەری سینگە قەلیان نۆشی گیان کردوە. بەلام شەقاز دەڵێ: «لەو کاتە دا کە یاسینم بەسەر نەخۆشدا دەخوێند، بەزەییم بەو میللەتە دا دەهات کە من بەو نەزانییەی خۆم ،لەوان زاناترم». حەسرەتێکی قووڵیشی بەدوودا هەڵدەکیشێ.

**پرسیار: بەو هەموو هەستە خرۆشاوەی خۆتەوە هۆی چی بوو رێگای هەندەرانت گرتە بەر؟**

وەڵام: هەرچی بیرم لێ دەکردەوە کوردستان بەو وەزعەی کە هاتبووە پیش جێگای منی نابێتەوە. من کە مەیدانی بەربەرەکانیم لێ بەرتەسک کرابۆوە نەم دەتوانی بە بێ چەک هاتوو چۆ بکەم. سەریشم کە پرپشکەی تێدایە تووشی نارەحەتیی دەکردم.

باسی ژیان لە دوورە وڵاتیم لێ پرسی. وەڵامی دامەوە: لە نۆرویژیش هەر بانگەوازی یەکیەتی و برایەتی دەکەم. دەڵێم هاوزمانانم وەرن با بەهێزی یەکگرتن و گەرم و گوریی خۆمان ژیانێکی باش بۆ خۆمان و منداڵەکانمان دەستەبەر کەین. با هەستی کوردایەتی و گەلدۆستی لەنێو خۆماندا پەرە پێ بدەین.

شەقاز دەریایەکە لەبەسەر هات و زانیاری. سینگی وەک سەندووقێکی پۆڵایینە کە بە کردنەوەی، هەر گەوهەرە و

دەڕژێتە سەر هەرد. ئەو مێژوویە، مێژووی چەند ساڵ خەبات و خۆڕاگری و بەرخۆدان. مێژووی حەماسەو کارەسات. شەقاز ماموستایە، ماموستای لی فێربوونی دەرسی کۆمەڵایەتی. وانەکانی سادە و خۆماڵی، بەڵام پڕ ماناو و گرینگن. هەموو وتەکانی بۆ هەڵسەنگاندن دەبن و پێویستە لێک بدرێنەوە، ڕابوردووی بەرێز عەبدوڵا شەخسە، ڕابوردوویەکی پڕ لەسەروەرییە و ئێستاشی جێی شانازی. نازانم داهاتووی چۆن دەبێ، بەڵام هەر چۆنێک بێ لەو هەموو شانازییە کەم ناکاتەوە. هیوادارم تەمەنی درێژ و قالبی ساغ و بیری هەروا تیژ بێ.

لە ژمارە ٦٨٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦

-------------------------------------------

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حوسێن پەیرەوان




کە بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو زەویی زەمان وەرد دەدەمەوە، تووشی گەلێک بەڵگەی بابیدار دەبم کە نووکی گاسنی زەویکێڵم لەنێو دڵی گەرمی خاک وەدیاریان دەخا. ئەو دەمەی بیری ئالۆزم بە شەماڵ دەسپێرم هەتا سووڕی پێ بدا و دەگەڵ گەڕی زەمان ئاشنای بکا، لە هەر کەلێن و قوژبنێکا تووشی ناوێکی ئاشنا دەبم و یادێکی شیرینم بۆ زیندوو دەبێتەوە. هەرکات نووکی قەڵەم لە سەر سینگی سپیی کاغەز دادەگرم و بە نیازی تۆمار کردنی مێژوو وەگەڕی دەخەم، سەدان ناوی ناودار خۆیان دەخزێننە نێو پەردەکانی مێشکم و سەرم لێ تێکەڵ دەکەن کە لە چیرا دەست پێبکەم و چۆنی درێژە بدەم. ئەو دەمەی بۆ دۆزینەوەی دروستکەرانی مێژوو چاو لە سەریەک دادەنێم و دەگەڵ خەیاڵی خەواڵووم سرتەی دەکەم، هەر پێشمەرگەیە و، لە سەنگەری خەبات وەدیار دەکەوێ و قامک بۆ هاوسەنگەری تەنیشت خۆی درێژ دەکا. لە درێژەی گەشتی خەیاڵاوییم بەنێو دەریای بێ بنی خەباتاکارانی ڕێی ئازادیدا،ئەوەندە ناوی پیرۆز لە نێو خانەکانی مێشکمدا جێدەگرن کە مەجالی دەست پێکردنی بەپەلەم لێدەبڕن. هەر چۆنێک بێ خۆم دەگرمەوە و بڕیار دەدەم گەشتی خەیاڵ تێکەڵاوی دنیای زیندوو بکەم و بە نیشاندانی تابلۆی ڕەنگاورەنگ،"مێژووی زیندوو" بۆ ئەویندارانی بگێڕمەوە. لەو سەفەرەدا چەند سەر دەکەوم و دەسکەوتی خۆماندوو کردنم چی دەبێ، داهاتوو دەزانێ.

بەشداری ئەمجارەی تابلۆی مێژووی زیندوو، کەسێکی ناسراوی نێو مەیدانی خەبات و تێکۆشەرێکی بەردەوامی ڕێگای

ئـازادیی کـوردە. ئـەو، لـە بنەماڵـەی پێشـمەرگەدا چـاوی کردۆتـەوە، لـە سـەنگەری پێشـمەرگایەتیدا حەماسـەی خوڵقاندووە و لە کاری بەردەوامدا ئارەقەی ڕشتوە.

ڕۆژ و کاتی دیاری کراو سواری ماشێن دەبم و تـەنیا چەنـد شەقامێک ئـەولاتر لەبـەر دەرگـای مـاڵی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەبەزم. هێشتا لـە دەرگـام نـەداوە بنەماڵـەی تێکۆشـەر "حوسین پیـروان" بـۆ بەخێرهێنان بـەرەوڕووم دێن و هـەروەک نـەریتی خۆیانە، بـەڕێز ڕادەوەستن و یـەک بـەدوای یەکدا تۆقـەم دەگـەڵ دەکەن و بەگەرمی بـەخێرهاتنم پێـدەڵێن. من دەپرسم و کـاک حوسێن وەڵام دەداتەوە. ئەم داستانە زۆر کەلێن و قوژبنان دەکا کە کورتەیەکی لێرەیە:

"بەڕاستی بۆخۆشم نازانم کەی لەدایک بووم. دایکم تەنیا دەزانێ بـەفر لـە گۆڕیدا بـووە کـە مـن هاتوومەتـە دنیـا. نـازانم کـەی سجیلیان بـۆ وەرگرتـووم، بـەڵام وێـدەچی تەمەنی ئەسڵیی من نیشـان نـەدا. بـەو ناونیشـانانەی بـابم باسیان دەکا ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە دایک بـووم کـە وێـدەچێ ڕاست بـێ". ئـەوە گێڕانـەوەی فەرمانـدەری پێشووی هێـزی پێشمەرگەی کوردسـتان لـە بـارەی ڕێکـەوتی لەدایکبوونیـەتی. لـە گونـدی دڵـڕفێنـی "بێشاسپ"ی سەردەشت لە بنەماڵەیکی جووتیار و زەحمەتکێش چاوی بە دنیا هەڵێناوە و دواتر بە حوکمی ئاغای دێ دەر کراون و خۆیـان لـە ئـاوایی "بنـاوێ" گرتـۆتەوە. لـە بنـاوێ ڕووی کردۆتـە قوتابخانـە و دەگەڵ وشـە و پیتەکـان ئاشـنا بـوە. هـەر لە کاتی خوێندنی سەرەتاییدا ڕێبەریی هاندانی قوتابیـان بـۆ دەربڕینـی نـاڕەزایەتی لـە مامۆسـتاکەیانی وەئەسـتۆ گرتـوە کـە بووەتـە هـۆی دەرکرانـی لـە قوتابخانـەی گوندەکـەیان. لـە درێـژەی خوێنـدندا لـە شـاری سەردەشت گیرساوەتەوە و دەورانی دواناوەندیی تەواو کردوە.

حوسێن هێشتا منداڵە کە باوکی تێکەڵی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی دەبێ و بۆ گەیشتنی کورد بـە ئـازادی، دووری لە ماڵ و منداڵ و کەس و کار تەحەمول دەکا.لەو دەورانەدایە کە مێشکی حوسێن بە بیری کوردایەتی گۆش دەکرێ و بەرەبەرە لێی حاڵی دەبێ سەر بە چ نەتەوە و زمانێکە. هاتوچۆی بەردەوامی خەباتکارانی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە تایبەت مەلا ئاوارەی نەمر بۆ ماڵی کاک حوسێن ڕیزە پرسیارێک بۆ حوسێنی تـازە لاو دەخولقینێ و بۆ دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەش پێی خۆشە چاوی بە باوکی بکەوێ. لە گـەڕان بـە دوای بـاوکی دا وێڕای دیتنی چەرمەسەریی زۆر و بڕینی ڕێگایەکی پڕ لە مەترسی و پەڕینـەوە لـە سنووری دەستکرد، دڵـی خۆشە: "پێم خۆش بوو بابم یان خودکارێکم بە دیاریی بداتێ یان کۆت و شاڵوارێکم بۆ بکڕێ کە پێوەی بچمە مەدرەسە.

دوای دیتنی بابم و دەست نەکەوتنی خودکار و کۆت و شاڵوار، بۆم دەرکەوت ئەوانە خۆ وەدوای کاسبی نەکەوتوون و تەنانەت بۆ خۆشیان خەڵک دەبێ دەستیان بگرێ". دواتر مەجالی دیداری باوک لەزیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەوی دا بۆ حوسێن دەڕەخسێ کە ئەوە بۆ وی هەم خۆش و هەم ناخۆش بوو.

ساڵانێک دواتر حوسێن خۆشی ئاوێتەی کاری شۆڕشگێڕی دەبێ و ڕێگای باوکی درێژە دەدا: "سەرەتا لەشاری سەردەشت لە یەکیەتیی لاوانڕا دەستم پێکرد و دواتر کە دەورەی مامۆستایەتیی شۆڕش داندرا بەشدار بووم و دوای تەواو کردنی دەورە بووم بەمامۆستای شۆڕش هەر لە گوندەکەی خۆمان". مانەوە لە ڕیزی مامۆستایاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ، گەلێک ئەزموون دەدا بەحوسێنی ئۆگری فێربوون کە بۆ درێژەی خەبات هەتا گەیشتن بە ئاواتەکانی تەیارتری دەکا. دواتر دەبێتە کادری دەرمانی و لەو ئەرکەیدا بۆ سارێژ کردنی برینی هاوسەنگەرانی لە جەنگەی خەباتدا لە هیچ کۆششێک دریغێ ناکا. ئینجا هاوکات وەک کادری سیاسیی لک و فیلم هەڵگری هێزی شەهید موعینی درێژە بە خزمەت دەدا. وەدەست هێنانی ئەزموونی زیاتر لە شەڕی پارتیزانیدا و خۆ تەیار کردن بەچەکی زانیاری، حوسێنی بۆ وەرگرتنی فەرماندەریی لک ئامادە کرد.

درێژەی خەبات و بەرخۆدانی تێکۆشەر حوسێن پەیرەوان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا ئەوی بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیی دیکە ئامادە کرد و هەر بۆیەش دواتر فەرماندەریی هێزی گیاڕەنگ، هێزی زاگرۆس، کادری سیاسی لە "شیمالی کوردستان"، فەرماندەریی هێزی کێلەشین لە شنۆ، کادری کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی و سەرئەنجام دیسان فەرماندەریی هیزی گیاڕەنگ لە سەردەشتی پێ دەسپێردرێ.

ئەزموونەکانی کاک حوسێن پەیرەوان ئەوەمان پێ دەڵێن کە پێشمەرگە ئەگەر ڕێز لە هاوسەنگەر و لە خوشک و براکانی لە شار و گوندەکانی کوردستان بگرێ و لە درێژەی خەباتدا حیسابی تایبەتیان لە سەر بکا،هەم دەتوانێ ئومێدی سەرکەوتن بە سەر دوژمندا زیاتر بکا و هەم چوارچێوەیەکی گەرم و گوڕی پێکەوەژیان دابین بکا.ئەو دەڵێ: "لە هەموو ماوەی پێشمەرگایەتیم دا قەت جارێک هەڵنەکەوتوە بێ حورمەتی بەخەڵک بکەم یان دەستیان لێ هەڵێنمەوە. لە بەردەوامیی خەباتی پێشمەرگەدا خەڵک جێگایەکی گرینگیان هەیە و ئەگەر پێشمەرگە نەزانێ چۆن لەو چەکە کەڵک وەردەگرێ، تووشی تەریک بوونەوە دەبێ.پێشمەرگە هەر چەند ئازا و جەسوور بێ، فەرماندە چەندی بەرنامە داڕێژ و مودیر بێ، بە بێ پشتیوانیی خەڵک کارێکی بۆ ناچێتە پێش."



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک داوا لە کاک حوسەین دەکەم چەند بیرەوەریی خۆشی دەورانی پێشمەرگایەتی بگێڕێتەوە، خێرا خۆی ئامادە دەکا وبە بزەوە شەرحی بەسەرهاتە خۆشەکانی خۆی و هاوسەنگەرانی دەکا. ئینجا لێی دەپرسم ئەگەر باسی ناخۆشی بۆ گێرانەوە هەبێ. کەمێک مات دەبێ، دەچێ دەبیرێکی قووڵەوە و هەر وەک ئەوە کە لە هێنانە گۆڕی ئەو پرسیارە دا من بەخەتابار بزانێ، هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێ: "بەڕاستی کاک هەیاس نازانم باسی چیت بۆ بکەم. من دەگەڵ هەر لەشێکی ساردەوەبوو جارێک مردووم و بە بریندار بوونی هەر هاوسەنگەرێکم جەرگم وەژان هاتوە. دەیان جار شاهیدی پەرپەر بوونی گوڵی هیوای تێکۆشەران بووم و گەلێک جار ئەژنۆی خەفەتم بۆ ئاوابوونی ئەستێرەیەکی گەش لە باوەش گرتوە...". بەرەبەرە ئەسرین بەسەر گۆناکانی دا دێنە خوار و ئیتر توانای درێژە دان بەو باسەی نامێنێ. کەمێک سەبر دەگرم و حەسانەوەیەک ڕادەگەیەنم. دواتر دەست پێ دەکاتەوە و باسی چۆنیەتیی شەهید بوونی محەممەد پەردەدارم بۆ دەگێڕێتەوە کە جارێکی دیکەش بوغز لە رەوانیی قسەکردنی کەم دەکاتەوە.

لە ژمارە ٦٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

-----------------------------------------------

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئیقبالْ سەفەری




پێم خۆشە لە سەر شاباڵی "هوما" دانیشم و لە ژێر هەورانڕا بڕوانمە پێدەشت و شاخ و دۆڵ و دەرەکانی کوردستان. خۆزگەمە بتوانم لە هەورازان وەسەر کەوم و لوتکەی هەرە بەرزاییەکانی نیشتمان بکەمە جێهەوار. ئاواتمە دەگەڵ جووڵەی هەڵۆ خۆ ڕێکخەم و لە ڕژد و هەڵەمووتان لەنگەر بگرم. تامەزرۆی بەهرەمەند بوون لە هێزی فڕینم، چونکە بۆ گەیشتن بە ئاواتی حاڵی بوون لە ورەی پێشمەرگە بەکارم دێ. هیوام ئەوەیە بتوانم خۆ بە دنیای بێ سنووری ئازایەتیی پێشمەرگەدا بکەم و لە نیزیکەوە ئاگاداری ئەسراڕی ئەو دنیا سیحراوییە بم. زۆرم پێ خۆشە هێزێکی خۆڕسک یاریدەی دابام خانەکانی مێشکی پێشمەرگە بخوێنمەوە و بزانم ئەو هەموو ئازایەتی و غیرەت و ئیمان و دڵفرەوانییە چۆن یەکیان گرتووە؟

داخی گرانم، ئەوانە تەنیا ئاواتن و منی کلۆڵ بەخەونیش لەو مەجالە بەهرە وەرناگرم کە بتوانم بە ئاواتی دڵ بگەم. بەڵام ئەوەی دەزانم کە بۆ ئاگادار بوون لە دنیای پڕ لە ڕەمزورازی پێشمەرگە و شارەزا بوون لە ڕادەی گیانبازی و فیداکارییەکانی، ڕێگای دیکەش هەن. بۆ کەسێک کە خولیای تێگەیشتن لەم دنیا ئەفسووناویە بێ، دۆزینەوەی ڕێگاکانی پێگەیشتنی کارێکی دژوار نیە. پێشمەرگە کە خۆی خوڵقێنەری ئەو دنیا پڕ لە کارەساتەیە و داستاننووسی ڕاستینی ئەو بەستێنەیە، باشترین و جێمتمانەترین سەرچاوەی زانیاری و سەرەکیترین ئامرازی کردنەوەی ئەو دەرگا قفڵکراوەیە. هەر بۆیە بە شانازییەوە پەنای بۆ دەبەم و بۆ کردنەوەی دەرگای پۆڵایینی ئەو دنیا پڕ لە ڕەمز و ڕازە داوای یارمەتی لێ دەکەم.

لە گەشتی بەسەرکردنەوەی پێشسوارانی مەیدانی نەبەزین و سوارچاکانی ئەزموونی خوێنین¬دا ڕێم دەکەوێتە مەڵبەندی ئەهوورامەزدا و لە قەراغ مەرقەدی مەلەکە تاووس وچانێک دەدەم. وەبیرم دێتەوە ئەوە مەوتەنی بە ساغیماوی کوردانە و گێژەڵووکەی زەمان نەیتوانیوە تێکیەوە پێچێ. هەر بۆیە سەری ڕێزم لە حاند گەورەیی و دڵسۆزیی‌دا نەوی دەکەم و بە وجوودی ئەو مەڵبەندە و دڵسۆزیی خەڵکە قەتنەحەساوەکەی، ورەم زیاتر دەبێ. هەر لەوێڕا سەر هەڵ دەبڕم و چاوێکی بەپەلە بە کەنارەکانی بەمۆ و دەشتی پان و بەرینی سەلاس و ناوچە سەخت و هەڵەمووتەکانی قەڵخانی‌دا دەگێڕم و ئەوجار بە مەبەستی دۆزینەوەی سەرچاوەی زانیاری‌یەکان تەکانێک دەدەمە خۆ و درێژە بە ڕێگا دەدەم. کە ڕوو لە بەرزایی بەمۆ دەکەم هێزی لەشم زیاتر و ورەی سەرکەوتنم چەند هێندە دەبێ. دەدڵم چەقیوە دەتوانم کلیلی کردنەوەی دەروازەی زانیاری‌یەکانم لەسەر دوندی ئەو بەرزاییە بدۆزمەوە و ئیتر لێی پاڵ دەمەوە. هەر بۆیە هەنگاوم خۆشتر و ڕێگای بڕینم هاسانتر دەبێ. کە خۆ دەگەیێنمە سەر دوند، مخابن بەسەر "هەواری خاڵی"دا دەکەوم و ئەوەی لێی دەگەڕێم نایدۆزمەوە. لەو لووتکە بەرزەڕا کە سەردەمایەک جێهەواری هەڵۆ تیژباڵەکانی ئەو دەڤەرە بوو، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم و پڕ بەدەم هەوای ساف و بێ گەردی ئەو ئاو و خاکە پاکە هەڵدەمژم. ئینجا دەچم دەبیرێکی قووڵەوە و بۆ دۆزینەوەی لێونبووم سواری باڵی خەیاڵ دەبم. سەرئەنجام بە ئاوات گەیشتم و سوارچاکە بەناو بانگەکەی هەڵۆەدای کوردایەتیم لە ئیسکاندیناوی، بە مەودای هەزاران کیلۆمیتر دوورتر لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات دۆزیەوە.

تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری خەڵکی "زەردە"ی ناوچەی دالاهۆ(کەرەندی ڕۆژئاوا)یە و سەر بە ئێلی "قەڵخانی"یە. ئەو لە پەیرەوانی ئەهلی "حەق"ە کە بە "یارسان" ناسراون. یارسانەکان خاوەنی دەوڵەمەندترین کلتووری ڕەسەنی کوردین و لە درێژەی زەماندا خۆیان لە بەرانبەر هێرشی دوژمنانی کورد پاراستوە. ئەوانە بە ڕاستوێژی، دڵپاکی، خۆبەخشی، بەویژدانی و کاری هەرەوەزی ناوبانگیان هەیە. یارسانەکان مێژووی کوردن و کورد بە بێ ئەوان مێژووی ناتەواوە. سەیر کەن کاک ئیقباڵ خۆی لە بارەی گوندی زەردە چیمان پێدەڵێ: "گوندی زەردە لە باری سیاسی‌یەوە جێگای تایبەتی خۆی هەیە. بە هۆی ئەوە کە ناوەندی خەباتی دژی داگیرکەری عەرەب بووە و بە دەیان کەس لە ڕێبەرانی ئایینی یارسان لەم دەڤەرە ژیاون و مەرقەدەکانیشیان هەر لێرەیە، لە باری خۆڕاگری و ڕۆشنبیرییەوە جیاوازە لە ناوچەکانی دیکە. هەر بۆیەشە بۆ خۆیان(خەڵکی گوندەکە) ساڵی ١٣٣٧ قوتابخانەی کوردی دادەمەزرێنن کە ساڵی ١٣٤٠بە زۆر دەکرێتە فارسی".

دەوران، دەورانی بەشداری لە خەباتی ڕاستەوخۆی ڕۆڵەکانی کورد بۆ وەدەست هێنانی ئاواتە ون بووەکانیان بوو.

سەدان و هەزاران لاوی تازە پێگەیشتوو بە کچ و کوڕەوە لە سەرانسەری کوردستان قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و لە ریزی یەکگرتوودا بانگی ئازادییان بەرز کردەوە. لە مەڵبەندی کوردپەروەری دالاهۆش کە کوردبوون و کوردانەژیان، تێکەڵاوی خوێنیانە، لاوان وەخۆکەوتن و بە مەبەستی زیندوو راگرتنی ژیانی کوردانەیان روویان لەو مەیدانە کرد. تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری کە لەو سەردەمەدا زیاتر بیری چەپ بوون و بەشداری لە خەباتی چینایەتی خانەکانی مێشکی تەنیبوو، زۆر زوو هەستی بە باری قورسی سەرشانی کرد و تێکەڵ بە دەریای خرۆشاوی شۆڕشگێڕانی کورد بوو. ئەو زوو بڕیاری دا و بە پەلە ریزی پێشمەرگەی هەڵبژارد. "ساڵی ١٣٦٠ بوومە ئەندامی حیزب. شەهیدان ئەمین محەممەدی و جەهانگیر ناسری گەیشتبوونە شاخی بەمۆ لە دەستەی شەهید جەهانگیر. بەهاری ١٣٦١ لەگەڵ چەند کەسی دیکە کە یەکیان بە ناوی(م.ع)، ناوی خوازراوی(هەژار) و ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ دادەنیشێ گەیشتمە بەمۆ...".

ئەوجار ئیدی ئەوە مەیدانی خەبات و سەنگەری پێشمەرگەیە کە لاپەڕەکانی ژیانی ئیقباڵ دەڕازێنێتەوە، یان باشترە بڵێم ئەوە ئیقباڵ سەفەرییە کە مێژووی خەبات و بەرخۆدان تۆمار دەکا. ناوبراو لە پێشمەرگایەتیڕا دەستی پێ کرد، لە پەل دامەزرا و بڕیاری خۆ رێکخستن دەگەڵ ژیانی شۆڕشگێڕانەی دا. بە هۆی ئەزموونی پێشتری لە بواری نیزامی و ناسینی "فن"ی شەڕ و کەڵک وەرگرتن لە چەک، زۆر زوو کەوتە بەر سەرنجی فەرماندەرانی نیزامی و بەرپرسانی سیاسی. دواتر هەتا بەرزترین پلەکانی نیزامی سەرکەوت و وەک فەرماندە هێزێکی بە توانا خۆی نیشان دا. بەوەش نەوەستا و ڕۆڵی بەرپرسایەتیی سیاسی وەرگرت و خۆی لە نێو ئەندامانی رێبەریی حیزبەکەیدا جێکردەوە.

درێژەی خەبات و مانەوەی تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری لە ریزەکانی پێشمەرگەدا، کەسایەتییەکی ناسراو و فەرماندەرێکی جێمتمانە و کادرێکی جێکەوتووی لێ دروست کرد. هەتا دێ نەخشی ناوبراو لە نێو پێشمەرگەدا زیاتر و بواری کار و تێکۆشانی بەرفروانتر دەبێ. دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتووی نیزامی لە ناوچەکانی هەورامان، دالاهۆ، سەلاسی باوەجانی، جوانرۆ، قەڵخانی، زەهاو، مایەشت و کۆزەران، شائاوا، کرماشان، کامیاران، قەسری شیرین، مەریوان، سنە و گەلێک شوێنی دیکەش لە ژێر فەرماندەریی بەرێز سەفەری، یان بەهاوکاریی ئەو بەڕێوە چوون و بەوەش لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی چەکداریی خەڵکی کوردستان زیاتر رازاوەتەوە. لە جەنگەی خەباتی سەختی چەکداریدا فەرماندەری بەوەج، هەمیشە دەگەڵ پێشمەرگە و لەپەنا پێشمەرگە و هاوهەنگاوی پێشمەرگە بووە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە چەند جار بە سەختی بریندار بووە و بەشێک لە ئەندامانی لەشی زەبری قورسیان

وێ کەوتوە.

ناکرێ باسی مێژووی کورد بکەی و خەباتی چەکداری هەڵاوێری. "ئێمە رۆڵەی رەنگی سوور و شۆڕشین، سەیری کە خوێناویە رابوردوومان". کە باسی خەباتی چەکداری دەکەی لازمە لەوانە بدوێی کە تێیدا بەشدار بوون. بەشدارانی ئەسڵیی ئەو مەیدانەش دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستانن کە تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری سیمای هەرە ناسراوی ئەو بوارەیە و بۆ رابوردووی پڕ لە شانازیی و ئێستای پڕ لە ماندوو بوونی، شیاوی وەگرتنی لەوحەی رێزلێنانە.

لە ژمارە ٦٨٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

----------------------------------------- ------

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر سمایل بازیار




بۆ پێناسەی بژاردەکانی کۆمەڵ چەند شت لەبەر چاون کە: وەدوای ئامانج کەوتن یەک لەوانە. خۆشەویستی دەگەڵ سروشتی ئینسان تێکەڵە، بەڵام وێڵبوون بەدوای ئەوینذا کاری هەموو کەس نیە. زۆرن ئەوانەی بیر لە کاری گەورە و گەیشتن بە ترۆپکی ئاوات دەکەنەوە، بەڵام کەمن ئەوانەی فیداکاریی بۆ دەکەن. "فەرهاد" بۆ گەیشتن بە عەشقی "شیرین"، بڕیاری کون کردنی "بێستوون"ی دا و هەر بۆیە لە بژاردەکانی کۆمەڵە. "مارکۆپۆلۆ" ئەوینی گەڕان و دۆزینەوەی نادیارەکان حەجمینی لێ هەڵگرتنبوو، بۆیە وەدوای خەونەکەی کەوت و دنیایەکی نوێی دۆزیەوە. "عیسا" لە سەر پابەند بوون بە ئەوینی مەعنەویی خۆی، بە چوار میخ کێشرا و لە پێ نەکەوت. "قازی محەممەد" لە پێناو عەشقی خزمەت بەخەلکدا، بەرەو پیری سێدارە چوو. پێشمەرگە خەونی رزگاری دەبینێ و بۆ وەدیهێنانی ئەو خەونە بەپێشوازی مەرگەوە دەچێ. ئەگەر پێشمەرگە لە بژاردەکانی کۆمەڵ نەبێ، مانای بژاردە تێک دەچێ.

کە بیر لە پێشمەرگە دەکەمەوە، ورەم بەرز و هیوام زۆر و دوورەدیمەنی داهاتووم روونتر دەبێ. کە باسی پێشمەرگەم بۆ دەکەن، سەرتاپای وجوودم دەبێتە حورمەت و خۆشەویستی. هەر کات بمەوێ بە سەر ترسدا زاڵ بم، ناوی پێشمەرگە دووپات دەکەمەوە. بۆ ئەوەی لە رازی بەسەربەرزیی ژیان ئاگادار بم، ژیاننامەی پێشمەرگە دەخوێنمەوە. لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتدا، ناوی پێشمەرگەم وەک جوانترین و پڕماناترین وشەی نێو نووسراوەکان دێتە بەرچاو. بۆ لێکدانەوەی مانای پێشمەرگە وەدوای لۆغەتنامە ناکەوم، چونکە سەرچاوەی باوەڕپێکراوترم پێ شک دێ. کە پێشمەرگە باسی خۆی دەکا، پڕ ماناترین مانای "پێشمەرگە" بەدەستەوە دەدا.

هەر بۆیە منی هەڵوەدای زانینی مانای وشەی پێشمەرگە وخولیای ئاگادار بوون لە رازی خۆ فیداکردنی، خۆ بێر و بەوێدا دەدەم بۆ ئەوەی پێشمەرگە بدۆزێنم و دەرسی لێ فێر بم. بەوەش وا هەست دەکەم دەبمە دڵۆپێک لە نێو دەریای پڕ هەیبەتی خۆ ماندووکردندا. ئای چەند بەتینە ئەوینی پێشمەرگە. وەی چەند دڵتەزێنە خەمنامەی پێشمەرگە. تەک چەند پڕ کارەساتە ژیانی پێشمەرگە.

***

لە گەشتی ئەم جارەی مێژووی زیندوودا تێکۆشەر سمایل بازیار بە سەر دەکەمەوە. ئەو، زەمانێک لە پڕکارترین و هەڵسووڕترین چالاکانی مەیدانی بەرەنگاری و یەکێک لە بەورەترین پێشمەرگەکانی نێو سەنگەری خەبات بوو. ئێستاش روناکبیرێکی بەهەڵوێست و تێکۆشەرێکی ماندوویی نەناسە.

کاک سمایل لە گێڕانەوەی ژیان و رووداوە تاڵەکانی دەورانی منداڵیی خۆیدا بەجۆرێک سادە و بێتەکەبور دەدوێ کە جێگای ئافەرینە. ئەو باسی خەمنامەیەک دەکا کە دڵ رێک دەگوشێ و لە کارەساتێک دەدوێ کە هەست بریندار دەکا: "وەکی بۆیان گێڕاومەتەوە لە مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی کە بەفرێکی ئەستوور بەڕاستی رێبەندانی پێک هێنابوو، لە گەڕەکی باغی سیسەی شاری مەهاباد لە دایک بووم. دوو ساڵ لە تەمەنم تێنەپەڕی کە دایکم بەهۆی نەخۆشی و ماوەیەکی کەم لەجێداکەوتن ماڵئاوایی لە ژیان دەکا. هەر بۆیە من هەرگیز نەمزانی سیما و رەنگی دایکم چۆن بووە و دواتر کە دەمەویست لە رێگای وێنەوە بەو نیازە بگەم، بۆم نەهاتەدی چون وەکی لە ماڵەوە بۆیان باس کردم دایکم هەرگیز لە بەرانبەر دووربیندا رانەدەوەستا. پێم وایە ٨ - ٧ساڵانە دەبووم کە وردەوردە لێم حاڵی بوو خوشکی گەورەم دایکم نیە، ئاخر ئەویش لە بوونی منداڵ بێبەش بوو. باش لە بیرمە یەکەم ساڵی خوێندنم بوو باوکم کە کارمەندی ئیدارەی "دادگستری" بوو بەنەخۆشییەکی کتوپڕ بە جێی هێشتین و برا گەورەکەم کە مامۆستایەکی دڵسۆز و سەختگیر بوو شوێنی باوکمی گرتەوە، بە جۆرێک کە لە نێوان من و منداڵەکانی خۆیدا بە لای منی دادەشکاند".

کاک سمایل هێشتا منداڵە کە گوێی بە ناوی سەمبولەکانی خەبات و بەربەرەکانی ئاشنا دەبێ و ناڕاستەوخۆ داستانی نەوەستانی بۆ باس دەکرێ: "ناوی پێشمەرگەم بۆ یەکەم جار لە کاک سەعیدم بیست. ئەو هاوتەمەن و هاودەورەی کاک سولێمان موعینی، سێڕاجی و... بوو. لام وایە لە ٩ - ٨ ساڵیەوە بە دەیان جار سەربوردە و چۆنیەتیی شەهید بوون و قارەمانەتیی ئەو سەمبولانەم لە کاکم دەبیست. ئەو چەند بەرێز و حیماسەتەوە باسی

دەکردن. لە کاتی گێڕانەوەیدا بێدنگی تێکەڵ بە پارێزەوە باڵی بەسەر فەزای ماڵەوەمان دا دەکێشا...".

ڕەوتی تێپەڕبوونی ڕۆژگار خەونە لە یادبراوەکانی کاک سمایل وەدی دێنێ. هەر کە کۆمەڵانی خەڵکی کورد دەرفەتی خۆنواندنیان دەست دەکەوێ، خێرا وەخۆ دێن و ڕیزی خۆیان یەکگرتوو دەکەن. بازیاریش یەک لەو خەڵکە بوو. خۆی گوتەنی: "لە یەکەم خۆ پێشاندان بە دژی حکوومەتی پەهلەوی لە شاری مەهاباد کە بە بۆنەی ناشتنی تەرمی عەزیزی یۆسفی لە جۆزەردانی ١٣٥٧ رووی دا بەشدار بووم و تا ٢٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ، لەوانەیە بەشدار بوون لەهیچ خۆپێشاندانێکم نەبواردبێ". بەم جۆرە ئەو لاوە کوردەش وێڕای هەزارانی دیکە بڕیاری خۆی دەدا و تێکەڵ بەکاروانێک دەبێ کە پڕە لە کەند وکلۆ. کاک سمایل زۆر بوێرانە دەستی پێ کرد و ئازایانە درێژەی دا بەجۆرێک کە ئێستاش هەروا ڕێبواری ئەو ڕێگایەیە.

تەماشای ئەو هەموو تاقەتەی دەو ئینسانە دا بەدی کراوە. لەساڵی ١٣٦٤ی هەتاویڕا هەتا ١٣٧٣ کە کوردستان شەو و ڕۆژ لە ژێر ئاگر و ئاسنی هێزی دوژمندا بوو، کاکە سمایل ئەم شوێنانە گەڕاوە و خزمەتی لێ کردوە: ناوچەی بۆکان(پێشمەرگە)، ناوچەی شنۆ(کادری لک، فەرماندەری لک)، ناوچەی دالاهۆ(فەرماندەری هێز)، ناوچەکانی ورمێ - سەڵماس(فەرماندەری لک)، ناوچەی مەهاباد(فەرماندەری هێز)، ناوچەکانی پیرانشار و نەغەدە(فەرماندەری هێز). ئەو بەهەموو ئەو ناوچانەدا گەڕاوە هەتا تۆوی خەبات و کۆڵنەدانیان لێ بچێنێ و بەرگری لەخاکێک بکا کە کوردستانی ناوە.

بەهەموو ئەو گەڕان و خولانەوە و هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەشەوە، تێکۆشەر بازیار تاقەتی نەچووە و هەر کەمەجالی خەباتی چەکداری کەم بۆتەوە ڕووی لە بەشە سیاسی‌یەکەی خەبات کردوە و هەر لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا توانای فکریی خۆشی تاقی کردۆتەوە کە بەخۆشی‌یەوە تێیدا سەرکەوتوە. بەڵێ، کاک سمایل لە کۆنگرەی دەهەمی حیزبەکەیدا بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش لە کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣دا ئەو ئەرکەی هەر پێ سپێردراوەتەوە. جگە لەوە، ئەو وێڕای ڕاپەڕاندنی ئەرکە قورسەکانی سەرشانی، لە مەجالێکدا کە بۆی هاتوەتە پێش درێژەی بە خوێندن داوە و لەو بوارەش دا سەرکەوتنی بۆ خۆی و بۆ داهاتووی گەلەکەی وەدەست هێناوە. ناوبراو ئێستا مامۆستای بەشی مێژوو لەزانستگای کۆیەی باشووری کوردستانە.

گێرانەوەی "مێژووی زیندوو" بە قەڵەمی کاک سمایل، شتێکە لە نێوان جیهانی بوون و نەبوون(خەیاڵ و ڕاستی)دا. ئەوانەی ئەو دنیایەیان نەدیوە رەنگە بەخەیاڵ وەسفی بکەن، چونکە باوەڕ کردن بەو هەموو فیداکارییە زۆر زەحمەتە. ئەوانەش کە شانازیی بەشداربوون لەو مەیدانە پڕکارەساتەیان بە نسیب بوە، بە رەگ و پێستەوە دەرکی دەکەن و دەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێکی، سەدان بیرەوەریی تاڵ و شیرینیان بۆ زیندوو دەبێتەوە. بەڵێ مێژووی خەباتکارانی رێی رزگاری مێژوویەکی پڕکارەساتە و هەر بۆیەش ناوی سازکەرانی ئەو مێژوویە نابێ لەبەر چاومان ون بێ.

لە ژمارە ٦٨٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦

-----------------------------------------------

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر برایم چووکەڵی




شەو بوو. نەک هەر شەو، تاریکەسەلاتێکی ئەنگوستەچاو. ناڵەی هەور گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد و گریانیشی، هەردی وەئامان دێنا. ئاسمان، رەشە هەوری وەبەر قامچی دەدا، هەور دەیناڵاند و بە هەر شریخەیەکی زەوی وەلەرزین دەخست. هەموان لێک بەرق داچووبوون و بۆ بەچۆکداهێنانی یەکتر لە تەقەلادا بوون. ئاسمان بێ بەزەییانە هەوری قامچیباران دەکرد و هەوریش رێژنەی تۆفان و بۆرانی بەسەر هەرددا دەرِشت. رقی ئاسمان، گریانی هەور و لەرزینی زەوی، قیامەتێکیان ساز کردبوو مەپرسە. کرێوە و بارِن، سەرما وسەخڵەت، شریخەی بەسامی هەور و تاریکەسەلاتی قەترانی، ورتە و جووڵەی لە زیندەوەر بریبوو. هەموو بە باڵدار وبێ باڵەوە، بەئینسان وحەیوانەوە، بەگەورە و چووکەوە، بەنێر و مێوە، بە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە بۆ خۆ رزگارکردن لە وەیشوومەی سەرما و پەلاماری تۆفان پەنا و پەسیویان کردبۆوە حەشارگە. ئەو شەوە، کۆڕی شەش کەسیی بنەماڵەیەک وەک باقیی خەڵکی دیکە لە سەرمان و لە ترسان خۆیان خزاندبۆوە ژێر لێفە کورسی و کەس زاتی جووڵەی نەبوو. کابرای خاوەنماڵ هەر جارناجارێک سەری هەڵدەبڕی و بە نیشانەی نارِازیبوون بۆڵەیەکی دەهاتێ. ئەو لە دوو شت داخدار بوو: رقی سروشت و بوونی مۆڵگەی هێزەکانی دوژمن لەسەر تەپۆڵکەی پشت ئاوایی. ئەو دەیزانی پەلاماری سروشت کاتییە، بەڵام وجوودی ئەو نالەبارانە درێژخایەنە. دوای ورتە و بۆڵەیەکی زۆر، لەپڕ دەنگی بەرز کرد و گوتی: "ئای پێشمەرگە لەکوێی؟ بەڕاستی شەو شەوی تۆیە. ئێستا "عەجەم" لە ترسان هەموو خۆیان مەڵاس داوە و دەکرێ هەر بە دەست بیانگرن. نازانم ئەو رۆڵە بەجەرگانە بۆ

دیار نین؟ ئەدی بۆ زۆر جار هەر دەڵێی لە عەرزی هەڵدەقوڵێن؟...". ئەزقەزا زۆری پێنەچوو قرمەی چەکی پێشمەرگە، گرمەی هەوری بەچۆک داهێنا و مۆڵگەی دوژمنیشی وێران کرد. دواتر، هەم کابرا و هەم بنەماڵە و هەم خەڵکی دیکە خەوێکی خۆشیان بەنسیب بوو.

***

کە بەسەرهاتی چووکەڵی دەخوێنیەوە، لە قووڵایی ناعەداڵەتی‌یەکانی کۆمەڵ و ئازاری ئینسانەکان دەگەی. کە بڕیاری چووکەڵی بۆ بەربەرەکانی دەبینی، بڕیاردانت بۆ هاسان دەبێ و پێتخۆشە هەموو مەترسی‌یەک تاقی کەیەوە. کە ڕەوتی خەبات و فیداکاری‌یەکانی برایم چووکەڵی تاقیب دەکەی، ڕقت لە دوژمن زیاتر و دڵسۆزیت بەرانبەر خەڵک و نیشتمان چەند هێندە دەبێ. کە لە زمانی چووکەڵی‌یەوە ناوی ئەو هەموو قارەمان و تێکۆشەرە دەبیسی، حەسرەتی نەناسینی ئەوان بەربینگت پێ دەگرێ و ئازارت دەدا. کە چووکەڵی مەیدانی شەڕی پێشمەرگە و هێزی دوژمنت بۆ تەرسیم دەکا، ژینراڵە سەرسینگ پڕ لە میداڵەکانت لێ دەبێتە هیچ. کە باری قورسی سەرشانی برایم چووکەڵی دەبینی، خۆت لە بەرچاو دەکەوێ. لە یەک قسەدا: کە تێکۆشانی برایم چووکەڵی دەبینی، لە مانای ڕاستینی خەبات دەگەی و هەر بۆیە پێشمەرگەت بە هەیبەتتر دێتە بەر چاو.

کاتێک تێکۆشەر برایم چووکەڵی بڕیاری پەیوەستبوون بە خەباتکارانی ڕێی ئازادی دەدا و بەو تەمەنە کەمەوە خۆی لە نێو مەیدانی تاقی کردنەوەدا دەبینێ، کوردستان بە شار و گوندی‌یەوە لە ژێر ئاگری بێئەمانی دوژمندا بوو. لە ڕاستی‌دا یەکێک لە هۆیەکانی ئەو بڕیارە گرینگەی کاک برایمیش هەر ئەوە بوو. بۆ خۆی دەڵێ: کە لە سەرەتای پاییزی١٣٦٠ بۆکان لە لایەن داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە داگیر کرا، گوندەکەمان، داشبەند، بە چەندین جار لە لایەن ڕێژیمەوە بە شەو و ڕۆژ پەلامار درا. ئەوە لە حاڵێکدا بوو گوندەکە پایەگای لێ بوو. هەموو جارێ زۆریان لە خەڵک دەدا و تەنانەت تەقەیان لەخەڵک دەکرد. بۆیە منیش بڕیارم دا، یەکجار بە سەربەرزی لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەمدا بمرم باشترە تا هەموو ڕۆژێ جارێک بمرم...". لەو ڕۆژە بەدواوە ئیتر چارەنووسی چووکەڵی دەگەڵ چارەنووسی گەلەکەی لێک دەدرێ و هەتا گەل زیاتر تووشی دەرد و مەینەت دێ، لەش و بیری برایم زۆرتر ئازار دەکێشێ. لە یەکەم ساتەکانی پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی‌دا چووکەڵی دەگەڵ قارەمانانی وەک: سەعدوون بارزان، محەمەد برایم ئۆف و ناسری باریک ڕووبەڕوو بووە کە ئوبووهەت و ئازایەتی‌یەکەیان شوێنی قووڵی لەسەر داناوە و دەرسی نەترسانی فێر کردوە.

ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداوەکان و سەخت و خوێناویتربوونی خەبات، هەروەها چوونەسەری تەمەن و زانیاری‌یەکانی برایم چووکەڵی، ئەویان لە کڵ دەرێنا و بۆ بەردەوامیی خەبات و خۆڕاگری بە تەواوی ئامادەیان کرد. ڕۆژ و مانگ و ساڵ دێن و تێدەپەڕن. لە لایەک ئاشی لەشهاڕین و خوێنڕشتنی دەزگای سەرکوت خێراتر دەبێ و لە لایەکی دیکەش هێزی بەرەنگاریی کورد ڕێکخراوتر و بەبەرنامەتر مەیدانداری دەکا. لە نێو ئەو پێچ و خەمەی "مەرگ و ژیان"دا، ئەسپی سەرکێشی برایم لە وچان ناکەوێ و هەتا "گۆم قووڵتر دەبێ چاکتر مەلەی دەکا". لە هەموو ئەو ساڵە سەخت و لەبیرنەکراوانەدا، کوڕی کوردی نێو سەنگەر تفەنگ‌لەشان، ڕەخت و دەراغ لەقەد، کۆڵەپشتی لە پشت، پووزەوانە هەڵکێشراو، لەسەر هەست و چاو بەمۆڵەق، ئەم شاخ و ئەو دۆڵ دەکا، سەری گوندان دەدا، لە جادان دەپەڕێتەوە، باریکە ڕێی مین ڕێژکراو تاقی دەکاتەوە، کەمین دادەنێ و کەمینی دوژمن تێک دەشکێنێ، پێشی پەلاماری سوپای داگیرکەر دەگرێ و لە سەنگەری بەربەرەکانی‌دا قارەمانانە رادەوەستی، بە سەختی بریندار دەبێ و لە کاروان بەجێ دەمێنێ، تەرمی هاوڕێی شەهیدی بەسەردا دەمێنێتەوە و لە تاوی ئەو ژانی برینی خۆی لەبیر دەچێتەوە، ڕەحم و دڵفرەوانیی خەڵکە خۆشەویستەکەی دەبینێ و دەگەڵ ئازار و ماڵ وێرانی‌یەکانیان ئاشنا دەبێ، لە هاوڕێی نێو سەنگەری بە ڕقدا دەچێ و دواتر دەگەڵی ئاشت دەبێتەوە، هەتا قووڵایی دڵی دوژمن نفووز دەکا و لە شیرین خەودا بەدیلیان دەگرێ، لە ژێر قورسایی ڕەهێڵەی تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشادا ناچار پاشەکشە دەکا و ڕێی چەند ڕۆژان بە چەند کاتژمێر دەبڕێ و... بەڵێ ئەوانە و دەیان و سەدان تابلۆی سەرنج‌ڕاکێشی دیکە بەشێک بوون لە ژیانی برایم چووکەڵی و هاوخەباتانی کە خوازیارانە ئەو ڕێگایەیان هەڵبژاردبوو، ئازایانە بڕیان و سەربەرزانە درێژەیان دا.

باسی ئەو ناوچانەی لێ دەپرسم کە لەو ماوە دوور و درێژەدا خزمەتی تێدا کردوون. وەلامی چووکەڵی بەم جۆرەیە: "بەشی هەرە زۆری پێشمەرگایەتی من لە دەورانی سەختدا لە بۆکان بووە. لە ١٨ - ٨ - ١٣٦٠ بوومە پێشمەرگە، ساڵی ٦٣ بوومە سەرپەل، ساڵی ٦٦ بوومە فەرماندەی لک و هەر زستانی ئەو ساڵە بوومە ئەندامی کومیتە شارستانی بۆکان، دوو ساڵ هەم ئەندامی کومیتە شارستان هەم فەرماندەری لک بووم. ساڵی ٦٩ و ٧٠سەرلک و ساڵی ١٣٧١ لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە وەک سەرپەرستی هێزی ٢ی ڕێبەندان دیاری کرام. ساڵەکانی ٧٢ و ٧٣ و ٧٤ وەک فەرماندەری هێزی بەیان کارم کرد، ساڵی ٧٥ و ٧٦ تا کۆنگرەی ١١ فەرماندەری هێزی پارێزگاری و دوای کۆنگرەی ١١ وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی بۆکان دیاری کرام لە ساڵی ٧٨ وەک فەرماندەری تیپی ناوەندی ٢ دیاری کرام. لەو پۆستەدا کارم کرد تا ساڵی ١٣٨٥، دوای لەتبوونی حیزب بوومە



سەرچاوە Serchawe

بەرپرسی فێرگەی سیاسی - نیزامی و لە کۆنگرەی ١٤ بوومە جێگری کۆمیتە ناوەندی و بەرپرسی فێرگەی سیاسی - نیزامی."

چووکەڵی هەر بە شەرکەرێکی نێوسەنگەر و فەرماندەرێکی بەوەج و کادرێکی تەشکیلاتی نەناسراوە. ئەو هەوڵی داوە لە کاروان جێ نەمێنێ و خۆی دەگەڵ رەوتی زەمان بگونجێنێ. ناوبراو لە بواری دیکەشدا خۆی و بیر و قەڵەمی تاقی کردۆتەوە کە چەند بەرهەمی لێکەوتۆتەوە و وەک بۆخۆی دەڵێ هی دیکەشیان بەدوودا دێ: "لە وەختی بێکاریدا خەریکی نووسینی خاتراتم. ٣ کتێبم بەو ناوانە چاپ بوون:

١- چەپکێک گوڵاڵە سوورە

٢- لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە

٣- ئەزموونەکانی مودیرییەتی فەرماندەهی لە شەڕی پارتیزانی دا. ئێستاش کتێبی "قەڵای بەرخۆدان" و هەروەها "قارەمانانی نەتەوەی ژێر دەست" ئامادەی چاپن ئەگەر دەرەتان بێ چاپیان دەکەم."

تێکۆشەر برایم چووکەڵی پاش ٢٨ساڵ خەبات و خۆماندوو کردن لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەیدا و دوای دووجار بریندار بوون لە شەش جێگای لەشیەوە و لاقێکی سەقەت، ئێستا هەڵگری کۆڵێک بیرەوەریی خۆش و ناخۆش و دەریایەک زانیاریی بەنرخە. بەڕێزیان خێزانداره و بەرهەمی ژیانی هاوبەشی دوو کچ و کوڕێکە کە هیوای تەمەن درێژی و بەختەوەرییان بۆ دەکەم. من لە خوێندنەوەی ئەو بەشە کەمەی ژیان و خەباتی کاکە برایم تێر نەبووم و دەزانم ئێوەش چێژی لێ وەردەگرن. هەر بۆیە هیوادارم هەمووان (من

لە ژمارە ٦٨٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر عومەر باڵەکی




باریکەڕێی نێوان مالآن و سەر "چاک"ی، وەک مارێکی ڕەش خوار و پێچەی دابوویە. ئەو ڕۆژەش وەک هەموو ڕۆژانی زیارەت، ریزی نەپچڕاوەی باوەڕمەندان ڕێچکەی بەرەو گردیان گرتبوو هەتا دەگەڵ "پیر"ی خۆیان راز و نیاز بکەن. هەر کەس ئاواتێکی هەبوو: کیژان و کوڕانی گەنج بۆ گەیشتن بە دڵدار داوای یارمەتی‌یان لە "پیر" دەکرد. بەساڵداچووان دوعای دوور بوون لە بەڵا و موسیبەتیان دەکرد. نوێ بوکان چاوەڕێی یەکەم منداڵی کوڕ بوون. وەرزێڕان ساڵێکی پڕپیت و بەرەکەتیان دەویست. ژن لە دەست ئازاری مێرد شکایەتی هەبوو. پیاو بە سرتە هێندێک شتی دەدرکاند و... لەپڕ، لەو بەری ئاوایی‌ڕا ریزی چەک لە شانانی بەهەیبەت وەدیار کەوتن. ئەوان ڕێگایەکی دووری دوای تێکهەڵچوونیان بڕیبوو، دەبوایە لە شوێنێک بحەسێنەوە. هەر کە دوایین دەستەی ڕێچکە بەستووانی بەرەو "چاک" کۆڕی خەباتکارانیان دی، ڕێگایان گۆڕی و سەربەرەوخوار داگەڕان. بە دوای ئەوانیش‌دا شەپۆلی ئەویندارانی ئازادی خۆی دەباوەشی "پێشمەرگە" هاویشت. گۆڕەپانی دەوری ئاوایی بوو بەجێ زیارەت و دەوری "چاک" چۆل کرا. دواتر رەشبەڵەکی کچان و کوڕان دەست لە نێو دەستی پێشمەرگە گەرم داهات. جارێکی دیکە "ماسی" خۆی لە نێو دڵی "دەریا" دا دیتەوە. هەموو بە ئاواتی دڵ گەیشتن.

کاتێک هێزی وەگەڕخەری کۆمەڵ پەکی دەکەوێ، نوتفەی سەرهەڵدانی زوڵم دەگوورێ. کە زوڵم سەری هەڵدا، بێدەرەتانی پەرە دەگرێ. ترس، زادەی نەکبەتی بێ دەرەتانی‌یە و هەر خۆشی پەرەپێدەری زوڵمی زیاترە. هەتا

مەیدانی زوڵم بەرینتر بێ، زاڵم غەرڕەتر دەبێ. هەر کە ترس لە زاڵم دڵی مرۆڤەکانی ڕێک گوشی، مێشکیشیان لە تێکۆشان دەوەستێنی و هەر بۆیە مەیدانی رمبازێنی زاڵم زیاتر دەبێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا بەشی زۆری ئینسانەکان مل بۆ "چارەنووس" کەچ دەکەن و چاوەڕێی دەستێکی یارمەتیدەرن رزگاریان بکا. لە نێو ئەو دنیای بێدادی و ناهومێدیەدا، "پێشمەرگە" دێتە مەیدان و شەق لەو "چارەنووس"ە هەڵ دەدا. ئەو خاوەن غیرەت و خاوەن بڕیار و خاوەن ئیرادەیە، هەر بۆیە خۆشەویستە.

***

ناوی عومەر باڵەکی لە ریزی تێکۆشەرانی رێی ئازادی و مەیداندارانی خەباتی چەکداریدا، ناوێکی تەواو ئاشنا و جێکەوتوویە. هەر کەس مانای فیداکاری بزانێ و دەگەڵ ترس بێگانە بێ، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس خەڵکی خۆش بوێ و لە رێی ئامانجەکانی گەلدا خۆی ماندوو بکا، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس چەکی شانازی لە شان کردبێ و هەوراز و لێژی کوردستانی بڕیبێ، باڵەکی دەناسێ. هەر کەس پێشمەرگە بووبێ، پێشمەرگە مابێتەوە و پێشمەرگە خۆشەویست بێ، باڵەکی دەناسێ. لە باسی ئەمجارەی "مێژووی زیندوو"دا رێز لە خەباتکارێک دەگیرێ کە لەپڕ چەکی تاو داوەتێ، خۆی لە مەیدانی بەربەرەکانیدا تاقی کردۆتەوە، دەگەڵ رەوتی شۆڕش هاتوە و هەدای نەداوە، کۆڵەبارێکی لە ئەزموون و دەرسی بەرخۆدان دەگەڵ خۆ هێناوە و خەریکە دڵ ئاوالایانە بۆ ئێمەی رۆ دەکا. کاک عومەر لەو پێشمەرگە بەوەفا و بەئەمەگانەی کوردە کە پێویستە دەرسی لێ فێر بین و بیری تێکۆشەرانەی خۆمانی پێ دەوڵەمەند بکەین.

با بزانین کاک عومەر چۆن ریزی پێشمەرگەی هەڵ بژاردوە: "لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٧دا لەگەڵ حیزبی دێموکرات ئاشنا بووم و وردەوردە بەرەو تەشکیلاتی ئەو حیزبە چووم و کاتێک وەخۆ هاتمەوە ببوومە پێشمەرگە". هەڵگرتنی چەک تەکانێک و خۆ بەنێو شەپۆلە سامناکەکانی شەڕی چەکداریکردن، تەکانێکی دیکە بوو. عومەر کە ئێستا ئیدی نەک هەر پێشمەرگەی دەدی، بەڵکوو بۆخۆشی پێشمەرگە بوو، ئەو داستانانەی دەورانی منداڵی وەبیر دەهاتنەوە کە لە بارەی پێشمەرگە بیستبوونی و جا ئەوجار دەیزانی پێشمەرگە چ مانایەکی قووڵی هەیە. لەمێژ نەبوو چەکی هەڵ گرتبوو کە بۆ بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی سەقز و مەریوان ناردرا و لە بەر بێئەزموونی ئێستاش نەیزانی چی کرد و چۆن گەڕایەوە.

خۆشەویستیی وڵات و باوەڕمەند بوون بە خەبات و تێکەڵاوی دەگەڵ کۆڕی یارانی چاونەترس و بەورە، عومەری لە

درێژەدان بە پێشمەرگایەتی سەرخۆشتر کرد. بڕیارێک کە دابووی پاشگەزبوونەوەی بۆ نەبوو. هاواری ئەو، وەک هاواری هەزاران تێکۆشەری دیکە، هەدانەدان هەتا وەدیهێنانی ئاواتەکانی گەل بوو. بۆ گەیەشتن بە مەبەست، سەختیی رێگا و مەترسییەکانی ژیان و دوور بوون لە بنەماڵە هیچ گرینگ نەبوو. ئەوەی بیری ئەو لاوەی بەخۆیەوە خەریک کردبوو خۆماندوو کردنی زیاتر و ئیدیعای کەمتر بوو. ماوەیەک مانەوە لە ناوچەی مەهاباد و دوایە گیرسانەوە لە سوێسنایەتیی سەردەشت و تێکەڵاو بوون دەگەڵ خەڵکی خۆڕاگری ئەو دەوەرە و هاوسەنگەر بوون دەگەڵ پێشمەرگەی قەت نەبەزی موعینی (دواتر بوو بە گیارەنگ)، دەرسێکی باشی دا بە کاک عومەر و فێری خۆڕاگریی زیاتر و تەحەممولی هەر جۆرە سەختییەکی کرد. ئەو کە لە مەڵبەندی مەهاباد دەگەڵ کارناسە نیزامییەکانی وەک سەرگورد عەبباسی و کاک هەژار و سەرهەنگ چیا کاری کردبوو، لە ناوچەی سەردەشتیش بوو بە هاوڕێی چەندین فەرماندەی هەڵکەوتووی ئەو دەوەرە. دوای چەندساڵ مانەوە لە ریزی خەباتکارانی ناوچەکانی سەردەشت و وەرگرتنی چەند بەرپرسایەتی وەک سەرپەل و سەردەستە و کادری سیاسیی لک، سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا وەک فەرماندەری هێزی زاگرۆس لە ناوچەی سنە دیاری کرا و پاش ٣ مانگ مانەوە لەو شوێنە کرایە فەرماندەی هێزی شەهید پێشەوا و بەمجۆرە دووبارە بە دیداری مەڵبەندی دڵبەندی خۆی شاد بۆوە.

کە لێی دەپرسم ئەرکی فەرماندەری هێزی پێشمەرگە چیە؟ باڵەکی واقیع بینانە جواب دەداتەوە و دەڵێ: "فەرماندەی هێزی پێشمەرگە سەرەڕای ئەوە کە دەبێ گەلاڵە و تەرحی هەبێ بۆ جێبەجێکردن، دەبێ خۆشی یەکێک بێت لە شەڕکەرە باش و ئازاکان. فەرماندەری پێشمەرگە سەرەڕای ئەرکی فەرماندەریی هێزەکەی خۆی، دەبێ کادرێکی باشی سیاسی بێت و ئاگاداری بەرنامە و پرۆگرامی حیزبەکەی خۆی بێت و بتوانێ ئامانج و ئەهدافی سیاسی بۆ خەڵک شی بکاتەوە و بەتایبەت دەبێ توانای تێگەیاندنی خەڵک و پێشمەرگەی هەبێ لە مەسەلەکان". دیارە فەرماندەرێک بەو ئامادەییەوە و بە لە بەردەستدا بوونی ئەزموونی چەند ساڵەی لە مەیدانی بەربەرەکانیدا، شانسی سەرکەوتنی زیاتر و رادەی خۆشەویستیی لە نێو هاوسەنگەرانیدا پترە. هەر واش بوو، عومەری باڵەکی لە هەموو ئەوساڵە سەختانەی شەڕی مان و نەماندا، ئازایانە پێشمەرگایەتی کرد، لێزانانە فەرماندەریی کرد، دڵسۆزانە حیزبایەتی کرد، رەفیقانە هاورێیەتی کرد و ئەمەگدارانە پەیمانی بردە سەر.

بەخۆشییەوە کاک عومەریش وەک زۆر پێشمەرگەی نێو سەنگەر، هاوکات لە چەند بواردا شارەزایی پەیدا کردوە و هەرکات پێویست بووبێ ئەرکی دیکەشی وەئەستۆ گرتوە. بە گشتی لە ماوەی زیاتر لە ٣ دەیە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام لە رێی ئازادیدا، لەو رۆژەوە بە بێئەزموون چەکی تاو داوەتێ و رەگەڵ دەریای چەکبەدەستان کەوتوە،

هەتا ئێستا کە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەیەتی ئەم بەرپرسایەتی‌یانەی هەبوە:

پێشمەرگە، سەرپەل، سەردەستە، کادری سیاسیی لک، فەرماندە هێز، بەرپرسی کۆمیتە شارستان، موشاویر، ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و ئەندامی دەفتەری سیاسی، بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی دەرەوە و گەلیک بەرپرسایەتیی دیکەش.

کاک عومەر لەساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا ساڵی ١٣٧٥ بەردەوام لە ریزی پێشمەرگەدا شاخ و کێو و دەشت و دەری کوردستانی کردوە، دێ بە دێ گەڕاوە، خەڵکی بەسەر کردۆتەوە، فەرماندەریی پیشمەرگەی کردوە، سیاسەتەکانی حیزبەکەی بردۆتە نێو کۆمەڵانی خەڵک، پێشی پەلاماری هێزی دوژمنی گرتوە و هێرشی بردۆتە سەر مۆڵگە و دام و دەزگای بەکرێگیراوان. لە هەمووی ئەو ساڵانەدا بە دەیان جار لە مەترسی کەوتوە، چوارجار بریندار بوە و هەموو جارێ پاش سارێژ بوونەوەی برینەکانی، خۆی گەیاندۆتەوە مەیداندکانی شانازی خوڵقاندن. لەو ماوەیەدا دەیان جار بۆ مەرگی سووری هاوسەنگەری فرمێسکی هەڵ وەراندوە و خەمی لەدەستدانی رۆڵەی کورد ئەوکی رێک گوشیوە. هەمووی ئەوانە لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی بۆ گەلەکەیدا کراون و خۆی گوتەنی چەندی دیکەش پێویست بێ ئامادەی بەرێوە بردنە. بەڕاستی ئێمە لە بەرامبەر ئیرادەیەکی ئاوا بە هێز و ئیمانێکی ئاوا قایمدا دەتوانین چی بڵێین جگە لە ئافەرین و داوای سەرکەوتن؟

تێکۆشەر باڵەکی هەر بەوانە نەوەستاوە. ئەو کە ئاشقی رزگاریی گەلەکەیەتی و بە دڵ و بە گیان بۆی تێ دەکۆشێ، باش دەزانێ رۆژێک بەو ئاواتەی دەگا. هەر بۆیە هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادە کردوە هەتا بە بیر و مێشکێکی پڕترەوە خزمەتی نیشتمانەکەی بکا. کاک عومەر لە هەر دەرفەتێک بۆی هەڵ کەوتوە کەڵکی وەرگرتوە و خەرمانەی زانیاری‌یەکانی خۆی گەورەتر کردۆتەوە. خوێندن لە زانستگای کۆیە و وەرگرتنی بڕوانامەی لیسانسی یاسا لەو ناوەندە زانستی‌یەش بەشێکی دیکە لە هەوڵ و تەقەلاکانی ناوبراون کە سەرکەوتووانە تەواوی کردوە. جگە لەوانە رێزدار باڵەکی لە مەیدانی نووسین و وەرگێڕانیشدا خۆی تاقی کردۆتەوە و هەتا ئێستا چەند بەرهەمێکی خستۆتە سەر کتێبخانەی کوردی‌یەوە.

ئەوانەی بەرزترین لووتکەکان فەتح دەکەن، ئەو کەسانەی هەتا قووڵترین قووڵایی‌یەکان دەچنە خوار، کەسانی دۆزێنەرەوەی نەدیترا و نەبیستراوەکان، ئەو ئینسانە خۆبەختکەرانەی هەوڵی پێک هێنانی جیهانێکی خۆشتر و

ئاوەدانتر دەدەن، هەموو خاوەن ئیرادە و خاوەن ئیمان و خاوەن غیرەتن. پێشمەرگەش کە سەرتۆپی غیرەت و ئیمان و ئیرادەیە لە بەرزییدا هاوتای نییە. عومەر باڵەکی لە نێو بازنەی ئەو سەربەرزانەدا جێگای گرتوە و هیوادارم هەروا قورس و قایم لەو جێگایەدا راوەستێ.

لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------------

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر قادر مەکڵاوەیی




"سروشت دەیویست سۆزی قەندیل بدا بە سازی زمزیران و سروودێکی نەبیسراوی کۆنەبەفران بدا بە هاوینی کەڵوێ و هێزی بازوو بداتەوە بە مەیدانی ململانەی مەیدانچۆخە. لە باڵندە و لە زریان و ئاسکەکێوی، لە رووبار و لە شەماڵ و لە پێشمەرگە ویستی یەکیان هەڵبژێرێ و پەیامی خۆی پێ راسپێرێ. پێش وەی تەتەر هەڵبژێرێ، باڵندەیەکی پێشمەرگە ئەشقی قەندیلی بۆ زمزیران برد و گەڕایەوە. لە بێدەنگی و دەستەوەستانیی سروشتدا قەندیل وتی: هۆ برووسکە، هەنگاوەکانت سروودن، چاوەکانت ورە و هیوا. دەستەکانت خۆڕاگری و پەنجەکانت دارستانن. تۆ ببە بە قەندیل و من دەبم بە پێشمەرگە." (چەکۆ باران)

"کاکە چکۆلە"ی هاودەمی سەماوەر و پسپۆڕی چا لێنان و دایم گوێ بەزەنگ بۆ خزمەتی پێشمەرگە و میوانی پێشمەرگە، دواتر بوو بە شاسواری مەیدانێک کە خۆلێدانی کاری هەموو کەس نەبوو. بۆ یەک ساڵ، دڵی "کاکەچکۆلە" دەگەڵ قوڵتەی ئاوی سەماوەر، بۆ بەشداری لە شەڕی دژی داکیرکەردا دەکوڵی وحەجمینی نەبوو. یەک ساڵ چاوەڕێ مانەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوینی خۆی بەخاک و نیشتمان نیشان بدا و ورەی خۆی لە مەیدانی کارەساتدا تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە کاتێک دەستی پێ کرد وەک با خوشی و هەڵۆئاسا فڕی. قادر مەکڵاوەیی لە راستیدا ریشەی دارێک بوو کە هەردەم بە قووڵایی خاکا رۆدەچوو. خۆری هەتاوێک بوو خۆ ئاوابوونی نەبوو. رێژنەی بارانێک بوو کە لە بەهاری قەتنەبڕاوە سەرچاوەی گرتبوو، هەر بۆیە جاربەجار بەگوڕتر دەبوو. ئەو لووتکەی شاخێک بوو هەتا دەهات خۆی لە هەوران نزیکتر دەکردەوە. خوڕەی جۆبارێک بوو کە لە بەفراوی

کوێستانە سەرکەشەکان سەرچاوەی گرتبوو. ئەو ڕێبوارێک بوو بێ هەدادان، دڵدارێک بوو زۆر بە پەیمان، پێشمەرگەیەک بوو هەتا بڵێی بەئیمان. ئەو قارەمانێک بوو لە ڕیزی قارەمانان.

"لەوەتی وەبیرم دێ ناوی پێشمەرگەم بیستوە. ناوی پێشمەرگە شتێک نیە بۆ من نائاشنا بێ. شەهید "دوکتۆر کەریم" هەر خەڵکی دێیەکەی خۆمان بوو کە بەشداری خەباتی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ بوو. ئەوکات گوندی مە سەرەڕێی هاتوچۆی پێشمەرگە بوو. زۆرجار دەمان دیتن و قسەمان دەگەڵ دەکردن...". قادر قادری کە وەک زۆربەی خەڵکی ناوچەکانی سەردەشت و ڕەبەت نازناوی گوندەکەی خۆی "مەکلاوا"ی وەرگرتوە و بە قادر مەکلاوەیی بە ناوبانگە، لە وەها شوێنێک و لە نێو دنیای ئۆگریی بە پیشمەرگە و خەباتی پێشمەرگەدا فامی کردۆتەوە و پێی ناوەتە دنیای پڕ لە کارەساتی ژیان. هەر لەمنداڵی‌یەوە لە زوڵم بێزار بووە و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی کراوە دژی ڕاوەستاوە. لەبەر ئەشکەنجەی بێ‌بەزەییانەی منداڵێکی قوتابخانەی گوندەکەیان لە لایەن "سپاه دانش"ەوە لە خوێندن بێزار بووە و ڕووی دە قوتابخانە نەکردوە. دیارە کوڕێک کە هەر لە منداڵی‌یەوە ناوی پێشمەرگەی بیستوە و زوڵمی مامۆستای تەحەممول نەکردوە، کە گەورە بوو بێگومان چاوکراوە و نەترس دەبێ. "کاکە چکۆلە"ش هەرکە دەخۆی ڕادیوە و هەستی کردوە بۆ ئەو مەیدانی پڕ لە سەرەوەریە دەبێ، ڕانەوەستاوە و خۆی تێکردوە. هێشتا تازەلاوێک بووە کە لە کۆبوونەوەی کادری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بەشداری کردوە کە هەروەک بۆ خۆی دەڵێ: "دەهاتن تۆوی شۆڕشیان دادەچاند". دواتر بەوە ڕازی نابێ وخەونی هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی دەبینێ. هەر بۆیە خۆی دەگەیەنێتە بنکەی پێشمەرگە و داوای چەک دەکا. لە بنکە چەکی نادرێتێ و داوای لێ دەکرێ بگەڕێتەوە چونکە زۆر منداڵە هەر سەرپەل دەڵێ بڕۆوە و قادر دەڵێ نا، هەتا خۆی بەسەر دادەبڕێ و بە ئاواتی خۆی دەگا. لەو کاتەوە لەپەنای سەماوەر دادەندرێ کە ڕاست بە قەرا خۆی بووە. کار و پیشەی "کاکە چکۆلە" ساز کردنی چا بۆ پێشمەرگە و میوان و ئاگاداری کردن لە بنکە دەبێ. هەمووی ئەوانە دەکا تەنیا بەو ئاواتە ڕۆژێک وەک باقی پێشمەرگەکان چەکی شەڕەف بکرێتە شانی و خۆی لە ڕیزی مافپارێزانی نەتەوەکەیدا ببینێ.

قادر مەکلاوەی لەو ساڵانە دەدوێ کە دوژمن هێرشی دێنا و پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریدا ڕادەوەستا. باسەکانی مەکلاوەیی کوردانە، سادقانە و لێزانانەن. هەر وشەیەک بە کاری دێنێ، دەزانێ دەڵێ چی و بە چ مەبەستێک باسی دەکا. ئەو باسی تیکۆشەرانی مەیدانی خەباتم بۆ دەکا. دانە بە دانە، لەسەر هەر کامیان بڕێک ڕادەوەستێ و بۆ هەر کامەیان سفەتێکی پڕ لە شانازی باس دەکا. ئەو لەو هەموو شەهیدە دەدوێ کە هاوسەنگەری بوون و بە

ڕۆیشتنیان داخیان لەسەر دڵی داناوە. کاک قادر ڕووداوەکان چۆن بوون ئاوا دەگێڕێتەوە و بە گێرانەوەیان دەرگای مێژوویەکی پڕاوپڕ لە فرمێسک و خوێن، دارماڵ لە هەڵکشان و داکشان، لێوالێو لە سەربەرزی و شانازی، لیپاولیپ لە شادی و پێکەنینمان بە ڕوودا دەکاتەوە.

قادر مەکلاوەیی، تێکۆشەری ماندوویی‌نەناس، بە تەمەنی کەم، بەبێ ئامووزش، بێ‌سەواد و بێ‌ئەزموون، خۆی بە نێو دنیای پڕ لە کارەساتی پێشمەرگەدا کرد و هەنگاو بە هەنگاو دەگەڵی ڕۆیشت. ماندوو دەبوو بەڵام کۆڵی نەدەدا. سەرەنگرێ دەبوو کەچی زوو ڕاست دەبۆوە. دەگەمارۆ دەکەوت بەڵام ورەی لە دەست نەدەدا. بریندار دەبوو بەو حالەش سەنگەری چۆڵ نەدەکرد. بۆ ڕێی دوور و پڕ لە مەترسی بەڕێ دەکرا کەچی خۆی لێ لانەدەدا. هەر بۆیە وردەوردە بوو بە جێباوەڕی هاوسەنگەر و بەرپرسانی و بۆ ڕاپەڕاندنی کاری قورس و پڕمەترسی ڕوویان تێکرد.

ژیانی خەباتکارانەی قادر مەکلاوەیی لە هاودەمیی سەماوەرەکەڕا دەستی پێ کرد و هەتا بەرپرسایەتیی تەشکیلاتیی نێوشاری ڕەبەت درێژەی کێشا. بەگشتی لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا دستی پێکرد و ساڵی ١٣٧٥ وازی لە خەباتی تەواوکات هێنا و نەزمیکی دیکەی دا بە ژیانی. لەو ماوە دوور و درێژەی خەبات و تێکۆشانی نەپساوەیدا ئەم بەرپرسایەتی‌یانەی هەبوون:

هەتا ساڵی ١٣٦٣ وەک پێشمەرگەی هێزی زمزیران پاسەوانی خاکی پیرۆزی کوردستان بووە.
ساڵەکانی ٦٣ هەتا ٦٧ وەک فەرماندەری پەل لە هەمان هێز ماوەتەوە.
ساڵەکانی ٦٨ هەتا ٧٠ فەرماندەری لکێک لە پێشمەرگەکانی پێ سپێردراوە.
ساڵی ٧١ بەرپرسی تەشکیلاتیی نێو شاری ڕەبەت بووە.
ساڵی ٧٢ ئەندامی کۆمیتە شارستان و فەرماندەری لک بووە.
ساڵی ٧٣ و ٧٤ ئەندامی کۆمیتە شارستان و بەرپرسی ناوچەی "مەیدان چۆغە" بووە.
ساڵی ٧٥ دیسان کراوەتەوە بەرپرسی نێو شاری ڕەبەت. هەمان ساڵ داوای لێ کراوە ببێتە فەرماندەری هێزی دووی ڕێبەندان لە ناوچەکانی سەقز کە قبووڵی نەکردوە و هەر ئەو ساڵە چەکی شەڕەفی ماچ کردوە و تەحویلی داوەتەوە.

تێکۆشەر مەکڵاوەیی لە ماوەی ١٦ ساڵ خەباتی نەپچڕاوە و لێبڕاوانەی خۆیدا نیشانی دا ئاشقی نیشتمانەکەیەتی، فیداکاری خەباتەکەیەتی، ڕێرەوی ڕێبازەکەیەتی و دڵسۆزی حیزبەکەیەتی. ئەو هەروەها دەری خست توانای کاری گەورە و ئیستیعدادی فێربوونی زۆری هەیە. لەخۆڕا نەبوو مەکڵاوەیی بوو بە خۆشەویستی خەڵک و هاوسەنگەرانی، بوو بە جێ متمانەی فەرماندە و بەرپرسانی و هەروەها بوو بە چقڵی چاوی دوژمنانی. لە هەموو ئەو ماوە سەختانەی خەباتدا "کاکە چکۆلە"ی مامۆستا مەلا ساڵە تیژ وەک با، بەرزەفڕ وەک هەڵۆ، لەسەر هەست وەک ئاسک، هەڵمەتبەر وەک پڵینگ، خەمخۆر وەک ڕەفیق، دڵسۆز وەک دایک، چاونەترس و جەسوور و شۆڕشگێڕ وەک پێشمەرگە، لە خزمەت ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەیدا بووە و ئەوەی لە دەستی هاتووە دریغی نەکردوە. چوارجار لەشی بە گوللەی چەکی دوژمن دابێژراوە و تووشی ئازار و جەزرەبەی زۆر هاتوە. تەنانەت جارێکیان کە بە مەبەستی زەماوەند دەگەڵ دڵدار دەیەوێ ڕوو بکاتەوە ناوچە، تووشی شەڕێکی قورس دەبێ و لە جیاتی وەدەست هێنانی دڵدار لەشی سەرتاپا زامداری دەگەڕێندرێتەوە نەخۆشخانە. بەڕاستی ئاشقێک لەوە زیاتر دەتوانی چی بدا بۆ ئەوەی ئەوینی خۆی بسەلمێنێ؟ مەگەر گیاندان بتوانێ ئەو ئەوینە بسەلمێنێ کە مەکڵاوەیی و مەکڵاوەییەکان موخلیسانە ئامادە بوون فیدای بکەن.

ئەگەر بوونی پێشمەرگە مانای هەڵوێستە و هەڵوێستیش مانا بە خەبات دەبەخشێ و خەباتیش بەردەوام بوونمان مسۆگەر دەکا، کەوابوو با ڕێز لە قادر مەکڵاوەیی بگرین کە وشیارانە هەڵوێستی گرتوە، زانایانە خەباتی درێژە داوە و ئازایانەش پێشمەرگایەتی کردوە. سەرکەوتن بۆ تێکۆشەر کاک قادر قادری(مەکڵاوەیی) و بەردەوامیی بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان.

لە ژمارە ٦٨٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

--------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئەحمەد بادیکان(پادگانی)




بۆ بەچۆک داهێنانی پێشمەرگە، سوپای نەیار پەنای بردە بەر سێ هێزی: "ترس" و "خەو" و "برسییەتی". سێکوچکەی پاڵپشتی نەیار کە ئاوازەی خۆڕاگریی پێشمەرگەیان بیستبوو، لەو هەڵمەتەدا بڕیاری یەکگرتنیان دا. "ترس" کە لەمێژ بوو هێزی خۆی لەسەر سوپای دژ تاقی کردبۆوە، بە زەردە خەندەیەکەوە قەولی دا وا بەدڵ و دەروونی هێزی پێشمەرگەدا بچێتە خوار کە کڵۆڵێ بکا و هەر لە یەکەم پەلاماردا پەکی بخا. "خەو" بە تێڕادیوی لە قودرەت و هەیبەتی خۆی مەسەلەکەی زۆر بە سووکی گرت و گوتی: هیچ نیە، مادام منتان دەگەڵم خەمی هیچ مەخۆن. شەرتە دانە بە دانەی پێشمەرگە لە دنیای وشیاری بتارێنم و بیانخەمە نێو گێژاوی بێخەبەرییەوە. "برسییەتی" بەڵام لە هەر دووکیان تێڕادیوتر و لە خۆباییتر قسەی کرد و وای نیشان دا کە هێزی ئەو بە تەنیا بۆ پەکخستنی توانای پێشمەرگە بەسە. هێزی دژ، دڵخۆش لە پاڵپشتیی ئەو سێ دیاردە چارەنووسسازەی مەیدانی شەڕ خۆی ڕێک خست و هەوای سڕینەوەی ناوی پێشمەرگەی کەوتە سەری. تەپڵی شەڕ لێدرا و دەنگی شەیپووری وەڕێکەوتوانی مەیدانی مەرگ و ژیان گوێی ئاسمانی کەڕ کرد. کاتێک هێزی پەلاماردەر بە پاڵپشتیی سێکوچکەی نەگبەتی خۆی گەیاندە مەیدانی خۆ تاقی کردنەوە و بانگی شەڕی دا، خۆی لە بەرانبەر کێوی "ورە" و "ئیمان" و "ئازایەتی"ی پێشمەرگەدا دیتەوە. بە دیتنی ئەو سێ شاسوارەی مەیدانی شەڕ، سێکوچکەی پشتیوانی نەیار سەریان داخست و پاشەوپاش گەڕانەوە. بە گەڕانەوەی ئەوان، سوپای هێرشبەریش خۆی نەگرت و سەری بۆ ئیمان و ورە و ئازایەتیی پێشمەرگە نەوی کرد.



سەرچاوە
Serchawe

ویستم فێری دەرسی فیداکاری و لەخۆبوردوویی و ئازایەتی بم. گەڕام و سۆراغی مامۆستای چاک و قوتابخانەی بەناوبانگ و کتێبی بایەخدارم کرد. پرسیم و ناونیشانی جۆراوجۆرم پەیدا کردن. شوێن و بنکە و بنیات و قوتابخانە و فێرگە و زانستگای جۆربەجۆرم تاقی کردنەوە و لە لای هەرکامیان شتێک فیر بووم. بەڵام مخابن هیچکام لەوانە نەیانتوانی ئاواتی من وەدی بێنن و دەگەڵ مانای راستینی فیداکاری و لەخۆبوردوویی و ئازایەتی ئاشنام بکەن. لە درێژەی گەڕان و بەدواداچوونمدا سەرەنجام گەیشتمە "پیری دنیا دیدە" و مەبەستی خۆم بۆ باس کرد. پیری بیرمەند زوو لە مەبەست گەیشت و زۆر زووتریش فێری کردم روو لە کوێ بکەم. ئەو پێی گوتم: "رۆڵە ئەوەی تۆ لێی دەگەڕیی مەنزڵ و مەتەرێزی لە بەرزایی ئەو چیا سەرکەشانەیە و ئەگەر دەخۆت رادەبینی و ورەی سەرکەوتنت هەیە رامەوەستە و بۆی سەرکەوە. تەنیا پێشمەرگەیە دەتوانێ فێری دەرسی فیداکاری و لەخۆبوردوویی و ئازایەتیت بکا". بە بیستنی ناوی پێشمەرگە پشوویەکم هاتەوە بەرخۆ و دەستی پیرم ماچ کرد و بەرەو لووتکە ملی هەورازم گرتە بەر.

***

بەشداری ئەمجارەی "مێژووی زیندوو" لە بنەماڵەیەکی کرێکار و هەژاری شاری مەریوان لە دایک بووە. "بە بیرم دیت کە ساڵی ١٣٤٥ دایکم دەستی گرتم و بردمی بۆ ماڵەکانی خوالێخۆشبوو "رەحیم نیکجو" کە لە ناوەندی شار هەلکەتبوو، دەوڵەت بەکرێی گرتبوو بۆ مەدرسە. گوتیان ئەمە "دبستان فرح"ە. لەو ساڵەدا نێردرامە بەرخوێندن. مەرحوومی باوکم مەعدەن بەردی هەبوو واتە بەردکەن بوو. مەعدەنەکە لە کەنار جادەی مەریوان - زرێبار هەڵکەوتبوو کە بە"کلکەوەسانە" بەناوبانگە لە مەریوان. هەرچەند من تەمەنم بەوە نەگەیشتبوو کە کار بکەم، بەڵام بە هۆی نالەباریی وەزعی ئابووری و هەژاری هاوینان کە مەدرەسە دادەخرا دەبوو لەوێ کار بکەم...".

"ئەحمەد بادیکان" کە لەنێو هاوسەنگەر و دۆستانی پێشمەرگەیدا بە ئەحمەد پادگانی ناوبانگی رۆیشتوە و هەر بەڕاستیش وەک پادگانێکی پڕ لە چەکی ئیمان و ورە و خۆڕاگری حیسابی بۆ دەکرا، یەک لە هەزاران تیکۆشەری مەیدانی ئازادیی گەلەکەیەتی کە بە ئێسک و پێستییەوە هەژاری و چەوسانەوەی هەست پێ کردوە و هەر بۆیەش دواتر کە توانای خەباتی دەخۆیدا شک بردوە لێی رانەوەستاوە.

ئەو سەرەتا ئاوای دەست پێکرد: "لەو کاتەدا من کە ئەندام یان لایەنگری هیچ ریکخراوەیەک نەبووم، لەگەڵ ٢ هاوڕێی ئەو سەردەمەم کانونی لاوانی بێکار(کانون جوانان بیکار)مان پێک هێنا و ٣ ژمارە بلاوکراوەمان لە پێوندیی بە لاوانی بێکار نووسی و بڵاومان کردەوە. لەو کاتەدا زیاتر لە ٤٠ کەس لەو کانوونەدا ناونووسیان کرد، ئەو کانوونە ئامانجی ئەوە بوو کە کار و پیشە بۆ لاوانی بێکار بدۆزیتەوە". دواتر بە لەبەرچاو گرتنی

ناسیاوی و دۆستایەتی‌یەک کە دەگەڵ بەشێک لە چالاکانی "یەکیەتیی جووتیاران"(دواتر بوو بە کۆمەڵە) هەیبوو خۆی گەیاندە لای ئەوان و بڕیاری خەبات بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی دا. هەر لەو ماوەیەدا گەلاڵەی چەککردنی شارەبانیی مەریوانی داڕشت و بە هاوکاریی دۆستانی لە یەکەیتی جووتیاران خۆی گەیاندەوە نێو شار و دەستی بەسەر ئەو بنکەیە داگرت. کاک ئەحمەدی پادگانی بە نیازی بەشداربوون لە بزووتنەوەی دژی نابەرانبەریی چینایەتی دەستی بەخەبات کرد و هاوکات ئەشقی رزگاریی گەلە بندەستەکەشی بەربینگی پێ گرتبوو. پاش ماوەیەک مانەوە لە ریزی کۆمەلە سەنگەری گۆڕی و خۆی گوتەنی: "هەرکەسیک دەست دەکات بە کاریکی تازە لە سەرەتایەوە زۆر یان کەم لەگەڵ گیروگرفت دەستەویەخە دەبێ. یان کەسیک بە دوای ئامانجیکدا بگەڕێ هەندە سووک و ئاسان نییە کە بۆی مسۆگەر بێ، وشیاری و عەقڵمەندی پێویستە. منیش لە سەرەتاوە لەگەڵ کۆمەڵیک گیروگرفتی فیکری دەستەویەخەبووم. یەکیک لەو گیروگرفتانەی کە لەگەڵی بەرەوروبووم کە شناختیکی ئەوتوم لەسەر ڕێبازی سیاسیی حیزبەکانی کوردستان نەبوو وەک پێویست. هەروەها کۆماری ئیسلامیش مەجالی ئەوەی نەدا کە حیزبەکانی کوردستانی پرۆگرامی خۆیان بەتەواوی لەنێو کومەلانی خەلکدا بلاو بکەنەوە".
دواتر و لە جەنگەی خەبات و تێکۆشانی بەکردەوەدا ئەو تێکۆشەرە ڕێبازی حیزبی دێمۆکرتی کوردستانی قبووڵ کرد و لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویڕا شان بە شانی خەباتکارانی ئەو حیزبە مەتەرێزی لە دوژمن گرت و ئیتر بوو بەو خەباتکارە بەناوبانگە کە ئاوازەی هەموو کوردستانی گرتەوە.

ئەوانەی لە خەباتی سەختی بەرگریی چەکداری‌دا بەشدار بوون باش دەزانن پێشمەرگەی باش و سەرکەوتوو دەبێ لە چ تایبەتمەندی‌یەک بەهرەمەند بێ. ورە و ئازایەتی، ئیمان و توانای بەردەوام بوون، نەزم و دیسیپلین، کاری تیمی و ڕێز گرتن لە هاوسەنگەر، خەڵکی بوون و بۆ خەڵک خەبات کردن، وشیاری و زیرەکی لە کاتی بەرەوڕوو بوون دەگەڵ دوژمن، ناسینی ناوچە و شوێنە جۆراوجۆرەکان و... لەو تایبەتمەندی‌یانەن کە هەمووی لە وجوودی ئەحمەد پادگانی‌دا کۆببوونەوە و ئەویان کردبووە جەنگاوەرێکی راستینی مەیدانی خەبات. پادگانی ئەگەر کەمێک درەنگ خۆی ساغ کردەوە، بەڵام چاکی خۆ ساغ کردەوە و باشی درێژە دا. راستی‌یەکەی ئەوەیە هەموو ناوچەی مەریوان بە شار و دێهاتی و بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی جنووبی کوردستان ببوونە مەیدانی قارەمانەتی نواندنی پادگانی و هەموو خەڵکی ئەو ناوچانە دەگەڵ ناو و سیمای ئەو تێکۆشەرەی گەل ئاشنا بوون.
کاری بەردەوام، ئیمان بە ڕێباز و نیشاندانی توانای بەڕێوەبردن وای کرد پادگانی زوو جێ بگرێ و پلەکانی سەرکەوتن لە کاری پێشمەرگایەتی‌دا یەک بە یەک ببڕێ. بە گشتی لە ماوەی مانەوەی لە ریزی خەباتگێڕانی دێموکراتدا، هەڵۆی چیا و پێدەشتەکانی مەریوان ئەم بەرپرسایەتی و ئەرکانەی پێ ئەسپێردراون:

ساڵی ٦٠ هەتا کۆتایی ٦١ لە ناوچەی سەقز وەک پێشمەرگە خزمەتی کردوە.
سەرەتای ساڵی ٦٢ گەڕاوەتەوە ناوچەی مەریوان و بە کاری تەشکیلاتی و نیزامی‌یەوە خەریک بووە.
ساڵی ٦٤ بووەتە فەرماندەری پێشمەرگەکانی ناوچەی مەریوان.
پاش کۆنگرەی ٨ بووەتە ئەندامی مەڵبەندی یەکی جنووبی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەریوان.
دوای کۆنگرەی ٩ هەمدیسان ئەندامی مەڵبەندی یەک و ئەمجار فەرماندەری هێزی زاگرۆس لە جنووبی کوردستان.
ساڵی ١٣٧٢ کراوەتە جێگری بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنیەت کە ئەو ئەرکەی هەتا چوار ساڵ لە ئەستۆ بووە.
پاش کۆنگرەی ١١ دیسان کراوەتەوە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەریوان.
لە کۆنگرەی ٩ دا بووەتە راوێژکاری کومیتەی ناوەندی.
ئاخرین بەرپرسایەتیی تێکۆشەر پادگانی کار لە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامیی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبەکەی بووە.

لە ماوەی خەباتی شۆڕشگێرانەی‌دا بەڕێز پادگانی ٦ جار بریندار بووە کە دوایین جار برینی زۆر قورسی هەڵگرتوە. جگە لەوە بە بنەماڵەش تووشی زیانی قورسی گیانی و ماڵی هاتوون و لەو بارەیەوە داخی لە دەست دانی خوشکی خۆشەویستی و خوشکەزا و ئامۆزا و هەروەها ئەشکەنجە کرانی باوکی لەلایەن دەزگای سەرکوتکەرەوە کە دواتر هەر بەو هۆیەوە کۆچی کردوە. هەمووی ئەوانە ئەحمەدیان لە پێ نەخستوە و لە درێژەی رێگا ماندوویان نەکردوە.

ئەگەر ناوی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد دەنگی داوەتەوە و دۆست و دوژمن حیسابی بۆ دەکا، ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی خەباتکاری مەیدانی کوردایەتی ناوبانگی رۆیشتوە، بێگومان بە بوونی خەباتکارانی بێ‌ژماری ئەو مەیدانەیە. پێشمەرگە و فەرماندەرانی پێشمەرگە لە درێژەدان و بەرەوپێش بردنی ئەو خەباتەدا رۆڵ و جێگایەکی هەتا بڵێی گرینگیان هەیە و دیارە لەنێو ئەوانیشدا تێکۆشەر ئەحمەد پادگانی لە بژاردەکانە. بێگومان بزووتنەوەی سەربەرزانەی گەلی کورد بە بوونی کەسانی وەک پادگانی دڵخۆشە و هەر بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کورد رێز لەو قارەمانانەی مەیدانی تێکۆشان دەگرن.

لە ژمارە ٦٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حەمەڕەسووڵ کەریمی




چیت لەسەر بنووسم و چۆنت مانا کەمەوە ئەی ئەو کەسەی تاریفی بوێریت گۆڕی و روحێکی تازەت وەبەر نا. باسی چیت دەگەڵ بێنمە گۆڕێ کە خۆت لەنێو دەریای باسانْدا شەپۆل دەدەی و تاوێک هەدا نادەی. لە کام فەرهەنگی کوردیدا بۆ دۆزینەوەی وشەی نایاب بگەڕێم هەتا بتوانم تۆزقاڵێک خۆمت لێ نزیک کەمەوە بۆ ئەوەی لە قووڵیی مانای ژیانت حاڵی بم. بە کام کەرەسەی ئەمڕۆیی و بە پێوانەی کام دەزگای پزیشکی و ئەندازیاری تانوپۆی مێشک و لەش و هەناسەت ئەندازە بگرم کە سەرم لە ئەسراڕی دەرناچێ. تۆ وەک کەس ناچی و کەسیش وەک تۆ ناچێ. تۆ خودا نی، تۆ پێشمەرگەی!

ئەو کەسەی یەکەم جار ناوی پێشمەرگەی دیتەوە و خستیە سەر زار و زمانان، ڕەمزی چوونە نێو دنیایەکی تازەی بۆ بەردەوامیی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد کەشف کرد. من شکم لەوەدا هەیە کە خەباتکاری کورد بە هیچ ناوێکی دیکە جگە لە پێشمەرگە بتوانێ بەردەوام ئەو ڕێگا سەختە ببڕێ. خەبات بۆ ئازادیی کورد پێویستە بە ناو و هێمای کوردانە بەڕێوە بچێ و هەیبەت و توانای پێشمەرگەش ڕاست لەو جەهەتە دایە. بە بیستنی ناوی پێشمەرگە پڕۆسەی مێژوویی خەباتی کورد وەبیر دەخرێتەوە کە ئەوەش خۆی هاندەری بەردەوام بوونیەتی. ناکرێ باوەڕت بە خەبات بۆ ئازادیی نەتەوی کورد هەبێ بەڵام پێشمەرگە وەلا بنێی. ئەوە غەدرێکی گەورەیە.

---------------

"جەوانی بەستەنی خۆری شاری" (ناوێک کە دوای هاتنە دەری لە شار وەدوایان خست) کە لە بەرچاوی پێشمەرگەی دوژمنبەزێن دەبوایە لە سێبەری خۆشی سڵەمیبیایەوە، هات و دەگژ دوژمنێک رۆچوو کە ئینسانخۆر و ماڵوێرانکەر بوو. ئەو بڕیاری دا ببێتە نموونەی ئازایەتی و فیداکاری و وەفاداری. ببێتە نوێنگەی پێشمەرگەی نێو سەنگەر، پشتی مەرگ بشکێنێ و چۆک بە بەزیندا بدا. حەمەڕەسووڵ کەریمی ئەو ناوە ئاشنایەیە کە ناوی پێشمەرگە پڕ بە بەریەتی.

دەورانی خرۆشانی خەلکی ئێران بەدژی دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی، کاک حەمەرەسووڵ مێرمنداڵێکی ١٣،١٢ ساڵە بووە و هەر بۆیە ئەگەر نەخشێکی وای لەڕاپەڕیندا نەبووبێ سەرکۆنە ناکرێ. بەو حاڵەش وەک زۆربەی منداڵانی شارەکانی کوردستان بێ ئەوەی بزانێ چ خەبەرە وەدوای گەوران کەوتوە و هاواری "بمرێ" و "بژی" بەرز کردۆتەوە. دوای سەرکەوتنی شۆڕش و تێکۆشانی ئاشکرای لایەنە سیاسییەکان، حەمەرەسووڵی مێرمنداڵ بەرەبەرە چاو و گوێی زیاتر کراوەتەوە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە چاونەترس و بزۆز بووە خۆی لە ریزی تێکۆشەرانی نێو شاردا دیوەتەوە. هاتوچۆی رێکخراوی لاوان و دیتنی پێشمەرگە و قسەکردنی سیاسیکاران لە سەردەشت و هەروەها تەبعی سەرکێشی ئەو لاوە قەت نەسرەوتەیە وردەوردە هانیان دا خۆی لە مەیدانی تاقیکردنەوەیەکی سەخت و دژوار بدا و بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی راستەوخۆ رووبەڕووی دوژمن بێتەوە. زستانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی ئەوکات کە تەمەنی ١٧ ساڵان بووە، روو بەدەر پشتی لە شار و خۆشییەکانی کردوە و سەرەنجام بە لەشکری خەباتکارانی رێی ئازادی پەیوەست بووە.

دەستپێکردنی خەباتی چەکداری هەر چەند سەرەتای کار نەبوو، بەڵام خاڵی هەرە گرینگی ژیانی حەمەرەسووڵ بوو. بۆخۆی لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئەو کەسانەی پێشمەرگایەتیان کردوە دەزانن کە سەرەتای دەستپێکردنی پێشمەرگایەتی و لە تەمەنێکی کەمدا چەندە دژوار و سەختە، بەڵام بۆ کەسێک کە بیری ئازادیی گەلەکەی لە مێشکدا بێ و بیهەوێ بۆ گەل بژی، دەبێ هەموو سەختییەکانی رێگای تێکۆشان بە گیان و دڵ قەبووڵ بکا. هەر بۆیە لە یەکەم رۆژەوە بریارم دا کە لە بەرامبەر دوژمندا چۆک دانەدەم و لە ئاست هیچ کەندوکۆسپێک و مەترسییەکانی سەر رێگای خەبات سڵ نەکەمەوە و ببمە درێژەدەری رێگای شەهیدانی کوردستان". هەرواش بوو، سەنگەرێک حەمەرەسووڵی تێدا بایە محاڵ بوو بۆ دوژمن چۆڵ بکرێ. پەل و لک و هێزێک حەمەرەسووڵ کاری تێدا کردبایە تێکشکان و دڵساردی نەدەناسی. ناوچەیەک حەمەرەسووڵ خەباتی تێدا کردبایە دەبووە مەیدانی راوڕاوێنی بەکرێگیراوانی دوژمن.



سەرچاوە
Serchawe

حەمەڕەسووڵ لە گێڕانەوەی ژیانی شۆڕشگێڕانەی خۆی و هاوسەنگەرانیدا بە جۆرێک خالیسانە و خزمەتکارانە دەدوێ کە ئینسان حەز لە پێشمەرگایەتی بکا و بۆ بەشداری لەو هەڵمەتە نەتەوەییە خۆی وەپێش بخا. ئەو نەک هەر بەمنەتەوە باسی ئازار و برینە سارێژنەبووەکانی خۆی ناکا، بەڵکوو پێی وایە زۆر کار ماوە کە دەبوو بیکا و بۆی نەکراوە. سەیری گێڕانەوەی بریندار بوونی بکەن کە هەروا بزانە درووبەکی دە دەستی رۆچووە: "لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووم. زامەکان لەسەر جەستەم کاریگەری تەواویان هەبووە، بەڵام هیچکات ورەم بەر نەداوە و دوای سارێژ بوونەوەی زامەکانم دەستم بە خەبات و خزمەت کردن بە گەلەکەم کردۆتەوە. جارێک دوو پەنجەی دەستی راستم لەشەر لەگەڵ دژی گەلییەکاندا لە دەست داوە و لە گرتنی پایەگای نیسکاوێدا رانی لاقی راستم بە گوللەی دوژمن پێکراوە و دوایین جار لە ساڵی ١٣٧٣ لە کاتی بەرێوە بردنی ئەرکی حیزبیدا بەهۆی تەقینەوەی مین بە داخەوە ٣٣ سانتیمیتر لە لاقی چەپم لە دەست داوە و بەم شێوەیە منیش بوومە کەمئەندام".

کە گوتم حەمەڕەسووڵ کەریمی شاکلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە درۆم نەکردوە. ناوبراو کە وەرزیشکار بووە لە باری هێزی بەدەنی و چالاکی نواندندا سەرتۆپ بوو. حەمەڕەسووڵ چونکە دەنگخۆشە وەک گوڵی نێو مەجلیسی پێشمەرگان سەیری دەکرا و لەو رێگایەوە قەت نەیدەهێشت پێشمەرگە تووشی خەم و پەژارە بێ. ئەو وێڕای کاری نیزامی و فەرماندەری پێشمەرگە، هاوکات چەند کاری دیکەشی دەکردن. کاری فیلم هەڵگرتنەوەی عەمەلیاتی هێز لە ئەستۆی ئەو بوو. تەنزیم و ناردنی باس و خەبەری پێشمەرگە و خەڵک بۆ رادیۆ هەر لە ئەستۆی ئەو بوو. ناوبراو ئەگەر پێشمەرگەیەکی ئازا و بەجەرگ و فەرماندەرێکی لێزان و بەبەرنامە بوو، کادرێکی سیاسی و وشیار و شارەزاش بوو. یانی بۆ هەردوو بەشی سیاسی و نیزامی دەکرا کەڵکی لێ وەربگیرێ کە لێشی وەردەگیرا. حەمەڕەسووڵ هاوکات مامۆستای دەرسی کوردیش بوو کە لەو بارەوە خزمەتێکی بەرچاوی بە پێشمەرگەی نەخوێندەوار کردوە. ئەو هەم شۆفیری چاک بوو کە لە کاری تەداڕوکاتی و هێنان و بردنی خەڵکدا بەدایم کەڵکی لێ وەردەگیرا و هەم ئەگەر کار کەوتبا سەر کوێرە رێ و وڵاخ بار کردن، دەتگوت منداڵی ئەو بەزم و رەزمەیە. حەمەڕەسووڵ هەروەها چاوساغی تیمە تەشکیلاتی و نەهێنییەکانی نێوشاری سەردەشت بوو. تێکۆشەر حەمەرەسووڵ دوای لاق پەڕینی و پەرەوازەی هەندەران بوونیشی هەر وەک شاکلیل بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی گەل ئامادەی خزمەت بووە و ئێستاش هەیە. ئەو لاوە خوێنگەرم و ماندوویینەناسە لە دوورەوڵاتیش پەکی خۆی نەخست و بە کاری بەردەوام و خۆ فێر کردن توانی ئەو جێیە بگرێ کە شیاویەتی. حەمەڕەسووڵ کەریمی لە کاری نیزامیدا پلەکانی جێگریی لک، فەرماندەریی لک و جێگری فەرماندەریی هێزی بڕیوە و لە کاری تەشکیلاتیشدا کادری



سەرچاوە
Serchawe

ناوچەکانی مەیدان چۆغە و کاڵەشینی رەبەت و هەروەها تیمی تەشکیلاتیی نێو شاری سەردەشتی پێ ئەسپێردراوە. کە دەڵێن شاخ و پێشمەرگە هاودەم و پاڵپشتی یەکترن راستە. پێم خۆشە لە زمان خۆیەوە یانی کاک حەمەڕەسووڵ ناوی ئەو چیا و رەوەز و بەرزایی و هەڵەمووتانە بێنم کە ئەو تێکۆشەرە لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا لێیان ماوەتەوە و سەنگەری تێدا گرتوون: "... چیا سەرکەشەکانی وەک قەندیل، مۆڵی چووک و گەورە، هەڵگورد، سەقەر، سامرەندان و سپیڕێز، گمۆ، سوورکێو، مەیدانان، کەلیخان و سەرتوون، تەرەغە، مناڵە، کوێستانەکانی شەشڕێیان، نێرخاسان(مێرخاسان)، قوتکی کاکەڕەش، برایمجەلاڵ، خاڵەباد، فێرەگ، سپیڕێز، پانەسەرو دووسەر، پیرەسەنان و سەرشاخان، هێلانە هەڵۆ، چەکوچ و سادر، جاسوسان، جەنگی، مامەندە، بوڵفەت و دووپەزە، کێلێ، پیرەفات، زەرکە، هۆمل و سیتی، گاکڕ، کەپری و مەیدانچۆغە، تەرخان و زۆر بەرزاییتری دیکە کە ناکرێ ناوی هەمووان ئێستا بنووسی، جێ مەنزڵگە و شوینی ژیانی ئێمە بووە. لە هەر هەموو ئەو شوێنانە بەدەیان بیرەوەری تاڵ و شیرین هەن و رووداو و کارەساتی جۆراوجۆرمان لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانمان بەسەر هاتوون کە بێشک هەر یەک لەو شوێنانەی ئاماژەم پێکردوون لە ئاست ورەی بەرزی پێشمەرگەدا خۆیان پێبەرز نەبووە ...". تێکۆشەر کەریمی لە بەسەرهاتە پڕ لە خۆڕاگرییەکەیدا باسی دەیان خەباتگێڕی دیکە دەکا کە شانازیی ناسینیانی هەبووە و لە درێژەی ژیانی شۆڕشگێڕانەیدا بووەتە هاوڕێ و هاودڵیان. ئەو هەروەها بە خەفەتەوە لەو شەهیدانە دەدوێ کە زەمانێک هاوسەنگەری بوون و لە درێژەی رێگادا لێی ون بوون. هەمووی ئەوانە و ئەو ئازار و جەزرەبانەی بنەماڵە بەرێزەکەی لەسەر ئەو لە پێناو کوردایەتیدا بەنسیبیان بووە بەشێکن لە باسی مێژووی زیندووی ئەو خەباتکارەی مەیدانی ئازادی ئەگەر رۆژێک بتوانین بڵاوی بکەینەوە.

لە ژمارە ٦٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر مەحموود خاس




درێشووی گەرمای نیوەڕۆ وەک دڕوو بە لەشی ئینساندا دەچووە خوار و چزووی لێ هەڵدەستاند. سوورەتاوی هاوینی کەڵی لەپێ دەخست و خیز و دار و بەردی دەتواندەوە. هەتاو لە نێوەڕاستی ئاسمانێ چەقیبوو و هەردەتگوت بە سەت گوریس بەستووتەتەوە. تەمەنی رۆژ وەک عومری نووحی لێ هاتبوو خۆ ئاوا بوونی نەبوو. دار و دەوەن لە بەرانبەر هەیبەتی گەرمادا سەریان نەوی کردبوو و لەشیان سیس هەڵگەڕابوو. لە جەنگەی ئەو گەرما بێلەزەتەدا رەشاییەکی نەزمهەڵگرتوو لە دووڕا خۆی دەرخست. رەشایی هەر هات و نزیکتر بۆوە هەتا وەڕاست گەڕا. دوو لەملا دوو لەولا، ژمارەیەک لەپێش و چەند هێندەش لەدواوە، بەڵام هەموو وێکڕا و لە ژێر ریتمی نەزمێکی خۆڕسکدا خەریکی راگوێزتنی تەرمی خەباتکارێک بوون. نە هەوراز و نە لێژ، نە برسییەتی و نە تینویەتی، نە خەو و نە گەرما، هیچیان توانای پاشگەز کردنەوەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەیان لە گەیاندنی تەرمی هاوسەنگەر بە شوێنی مەبەست نەبوو. ئەوان خەریکی نیشاندانی شانۆیەکی مێژوویی بوون. شانۆیەک کە پێی دەگوترێ: بۆ ژیان مردن و بە مەرگ پێکەنین.

جوانیی کۆمەڵ لە نەزمی کاری هاوبەش و هاوئاهەنگیی ئینسانەکان دایە. کاتێک هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش لە خەباتێکی هەرەوەزیدا دەست دەدەنە دەستی یەک، جوانترین شانۆی هاودەنگیی کۆمەڵایەتی دێننە سەر پەردە. هەر ئەو هاودەنگی، هاوڕەنگی و هاوسۆزییەشە کە بۆتە رەمزی بەردەوامیی خەباتی پێشمەرگە.

ئەگەر نەسلی من و دوای من تەنیا ناو و ناوبانگی تێکۆشەرانی خەباتە خوێناوی و سەربەرزانەکەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ مان بیستوە و بەشێکمان "بازیار"ئاسا لە خۆشەویستیی ئەوان خۆمان بە دەریای بێبنی خەباتدا کردوە، مەحموود خاس خۆی لە نزیکەوە ناسیونی، هاوکاری کردوون، پێشوازی لێکردوون و هەر لەسەر دەستی ئەوانیش شەرەفی ئەندامەتیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێ بەخشراوە. مەحموود خاس لە راستیدا پاشماوەی مێشکە بوێر و گیانە خۆڕاگر و هەستە بێباکەکانی ئەو سەردەمە زێڕینەی مێژووی خەباتی خۆڕاگریە کە لە دەورەی دواتریشدا دیسان هاتەوە مەیدان، بەڵام ئەمجارەیان ئیتر کاری کرد و کارستانی خوڵقاند. "بەهاری ٤٦ لەگەڵ جەماعەتی مەلا ئاوارە و پیرەباب و مینەشەم و... ئاشنا بووم. باپیرم(مام پیرۆت) ئەندامی فەعالی ئەوان بوو، ئەو تێکۆشەری کۆمار بوو. من قەولم پێدان و دوای شەش مانگ تاقی کردنەوە منیان قبووڵ کرد".

مەحموود خاس کە دەستی پێکرد چاکی دەست پێکرد و بە دڵ کاری کرد. هەر چەند ئەو کات چەکی هەڵ نەگرت و تەواوکات رەگەڵ خەباتکاران نەکەوت، بەڵام ئەندامێکی هەڵسووڕ و هەڵسووڕێکی جێ متمانە و لاوێکی بەتوانا لە خزمەت بە هێزی پێشمەرگەدا بوو. هەرچەند بزووتنەوە سەربەرزانەکەی ئەوکات بە داخەوە زوو دامرکا، بەڵام دڵسۆزیی مەحموود کۆتایی نەهات و دڵە پڕ لە هیواکەی لە کوڵ نەکەوت. هەر لە درێژەی خەبات و خزمەتەکانیدا بوو کە تووشی زیندان و چەرمەسەری هات: "من دوو جار گیرام. زستانی ٤٩ تاقمێکی ٣ کەسی بۆ سەرکەشی کردن هاتنەوە. یەکیان پێوەندی بە ساواکەوە هەبوو کە من گیرام و بۆ ماوەی هەشت مانگ مامەوە. جارێکی دیکە ٥٢ یان ٥٣ بوو جارێکی دیکە گیرامەوە...". تیکۆشەر خاس هەر چەند لە ماوەی زیندانی بوونیدا ئازاری زۆری دیتن و کەوتە بەر ئەشکەنجە خۆی گوتەنی: "زۆرم ئازار چێشت. لەوێ دیتم چ رەفتارێک لەگەڵ کورد دەکرێ".

تێکۆشەر خاس لە مەڵبەندی سەرسەوز و بە خەباتفێری سەردەشت و لە گوندە بەناوبانگەکەی "گرژاڵ" چاوی کراوەتەوە ولە داوێنی شەپۆلە بەخوڕەکانی "کەڵوێ" گەورە بووە و دواتر داستانی "تەنگەی گرژاڵ"ی خوڵقاندوە. کاک مەحموود وەک بەشی هەرە زۆری منداڵانی ئەو سەردەمی دێهاتی کوردستان لە بوونی مامۆستا و خوێندن بێبەش بووە وهەر بۆیە خۆی گوتەنی گەورەترین زوڵمی دنیایەی لێ کراوە. ئەو دەڵێ: "گەورەترین ئاواتی من خوێندن بوو. پێم وابوو گەورەترین زوڵمی دنیایە لە من کراوە کە نەمخوێندوە. پێم خۆش بوو دەردی دڵی خۆم دەگەڵ هاوسەنگەرانم بە نووسین بەیان بکەم کە نەمتوانیوە". بەڵام کە دەستی رۆژگار و زوڵمی زاڵم لە نیعمەتی خوێندن بێبەشیان کردوە، بە خۆشیەوە سروشت لەشێکی پڕکار و بەتوانا، مێشکێکی وشیار و هەڵسووڕ ودڵێکی خاوێن و

بەهەستی پێ بەخشیوە. کاک مەحموود لە دەربڕیندا بەتوانا، لە تیژبینیدا وشیار و لە زمانپاراویدا هەتا بڵێی دەوڵەمەندە. ئەو رۆڵە کوردێکە لەسەر رەگی رەسەنایەتی پنجی داکوتاوە و لە قوتابخانەی فەرهەنگی کوردیدا فێری زمانپاراوی بووە. هەر بۆیە ئەگەر لە نیعمەتی خوێندن بێبەش کراوە لە چەندین بواری دیکەدا باش خۆی ساز داوە و خێرا لە هەورازی شارەزایی وەسەر کەوتوە. ئەوانەی جەنابی خاس دەناسن و لە نزیکەوە کار و تێکۆشانی ئەویان دیوە رەنگە شاهیدی ئەوە بن کە ناوبراو لە کاری بەردەوامدا چیای سەرکەشە و لە توانای جیسمی و فیکریدا دەریای بێبنە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران مەحموود خاس دیسانس شان دایەوە بەر باری خەمی نەتەوەکەی و بە جۆرێک دەگەڵ ئازاری گەل تێکەڵ بوو کە هەموو توانا و ئیماکاناتی خۆی بۆ تەرخان کرد و ئەلحەق لەو رێگایەدا هیچ نەما نەیکا. ناوبراو بۆ ساڵانێکی زۆر شانبەشانی هاوسەنگەر و هاوخەباتانی دیکەی سەنگەری خۆڕاگری چۆل نەکرد و کوردستانی لەژێر پێی هیزی دوژمندا کردە ئاگر. هەموو ئەو پێشمەرگانەی ئەو تێکۆشەرەیان ناسیوە و دەناسن لەوەدا هاوڕان کە: ئەگەر هەموو خەڵکی کوردستان سوپاس و پێزانین بە هێزی پێشمەرگە قەرزدارە، هێزی پێشمەرگەش بەتایبەت تێکۆشەرانی بەشی ناوەندی کوردستان سوپاسێکی گەرم بە کاک مەحموود و لکی ژێر فەرماندەریی ئەو قەرزدارن. چونکە ناوبراو "پردی پەڕینەوە"ی بەشێکی زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ نێو قووڵایی خاکی کوردستان بوو.

لە بیرەوەرییە خۆشەکانی مەحموود خاس رۆژی راگەیاندنی تیکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە لایەن دوکتور قاسملوویە کەچی بۆ باسی دەرد و خەمەکانی دەڵێ: "جا کاکە هێند زۆرن باسی چی بکەم. بۆ هەموو شەهیدان بە خەم بووم و جەرگم سووتاوە. بە تایبەت لەدەست چوونی شەهیدان فەقێ عەولا، رەحمانی سۆفیزادە و عەولای شەریفی بۆ من کارەسات بوون. باسی رێبەران دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیش خۆ ناکرێ. زۆرم خەم لێ خواردن بەڵام بەچۆکدا نەهاتم. پێشمەرگە نابێ هومێد بەردا ئەگینا خەباتی بۆ ناکرێ...". تێکۆشەر خاس لە گێڕانەوەی داستانی خەبات و خۆراگریی هێزی پێشمەرگەدا هەتا بۆی دەکرێ نەخشی خۆی چووک دەکاتەوە و ئازایەتیی هاوسەنگەرانی بەرجەستە دەکا کە ئەوەش نیشانەی ئازایەتی و بەفەرهەنگ بوونیەتی. ئەو هەروەها زۆر بەسۆز و بە هەستەوە لە خەڵک و رادەی هاوکاری و فیداکارییەکانیان دەدوێ: "وەک چۆن ماسی دەنێو ئاوێدا دەژی، ئێمەش ئاوا دەباوەشی خەڵکدا دەژیاین. میللەت نەخشی چاکی هەبوو. لە هەموو بارێکەوە: لە باری ماڵییەوە، لە باری لیباسەوە، لە باری خواردن و خۆراکەوە، لە باری جێگاوڕیگاوە، لە باری حەشاردانی

پێشمەرگەکان لەماڵەکانی خۆیان و مووچە و مەزراکانیان.... من خەڵکی ناوچەکانی سەردەشت و رەبەت وەک سفرەیەکی رەنگین چاو لێ دەکەم کە دڵیان هەمیشە بۆ ئێمە ئاوەڵا بوو. خەڵکی ناوچەکانی سەردەشت و رەبەت بۆ من وەک یەک بنەماڵە وان کە قەت ناتوانم فەرامۆشیان بکەم. بەڕاستی سوپاسیان دەکەم و بە یادی ئەوان دەژیم...".

مەحموود خاس هەرچەند بەشی زۆری دەورانی خزمەتی پێشمەرگایەتیی خۆی لە ناوچەکانی سەدەشت و رەبەت تێپەڕ کردوە کە دیارە ئەو ناوچانەش مەڵبەندی خۆڕاگری و کارەسات بوون، بەو حاڵەش زۆر جار بە مەئمووریەت رەوانەی ناوچەکانی وەک پیرانشار ٣ جار، مەهاباد ٢ جار، بانە جارێک و هەروەها چەند مەئمووریەتی زۆر گرینگ و پڕمەترسیشی بۆ باشووری کوردستان کردوە کە گەیاندنی یارمەتی بە خەباتکارانی ئەو بەشەی کوردستان بووە. تێکۆشەر خاس بە کار و تێکۆشانی بەردەوام، بە ئازایەتی و نەترسی، بە پاراستنی نەزم و دیسیپلینی پێشمەرگایەتی، بە بەرنامەڕێژی و دروست جووڵانەوە، توانیویەتی پلەکانی سەرکەوتنی نیزامی ببڕی و ببێتە فەرماندەری یەکێک لە لکەکانی هێزی پێشمەرگەی گیارەنگی سەردەشت کە دیارە ئەوە بەرپرسایەتی‌یەکی شیاو بۆ ئەو تیکۆشەرەی مەیدانی خەبات بووە.

تێبینی!

مەحموود خاس کە ساڵانێکی زۆر وەک کێو لە بەرامبەر نەیاراندا راوستا و ئازایەتیی نواند و بوو بە سەرمەشقی فیداکاری و هیچ مەترسی‌یەک زەفەری پێ نەبرد، زۆر بەداخەوە لە دووره وڵاتی و لە رووداوێکی نەخوازراودا گیانی لەدەست دا و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان و لە خەبات کرد. یادی بەرز و بەڕێز بێ.

لە ژمارە ٦٩١ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حەسەن غەمبار




پارسەنگی تەرازووی زەمان بەلای شەودا دەشکایەوە. رواڵەتی شار هەرچەند ئارام، بەڵام شڵەژانێک چاوەڕوان دەکرا. خەبەر وەک تەزووی کارەبا لە چەند چرکەدا وەنێو خەڵک گەڕابوو. کەس نەیدەزانی کێ بڵاوی کردۆتەوە و چۆن بڵاو بۆتەوە. هێند لەپڕتاو بوو جێگای پرسیارانی نەهێشتبۆوە. هەر ئەوەندە دیترا لەم سەری کۆلانڕا هەتا ئەو سەری، بەر دەرگای هیچ ماڵێکت نەدەدی شۆخە کچێکی ناسک و نازدار یان کوڕە لاوێکی چاونەترسی لێ رانەوەستا بێ. هەر نەبێ دایکێکی بە تاسەی دیداری کوڕ، یان باوکێکی چاوەڕوان تامەزرۆیانە راوەستابوون و چاوی چاوەڕوانیان دەگێڕا. هەمووی ئەوانە بێ زیاد و کەم لقە گوڵێکی جوان بەدەستەوە و تونگەی شەربەت و کەشەفی شیرینی ئامادە کراو لەپەنا، چاوەڕوانی وەدەرکەوتنی یەکەم دەستەی "هەڵۆکانی شاخ" بوون. ئەو شەوە نەک هەر کۆلان، بەڵکوو گەڕەک و لەویش زیاتر هەموو شار وەخۆ کەوتبوو. خۆشی لەوە زیاتر کە "پێشمەرگە" دەنێو شار دایە؟

پیرۆزیی ناوی پێشمەرگە و گرینگیی خەباتی پێشمەرگە و پێویستیی بوونی پێشمەرگە ئەو کاتانە زیاتر دەردەکەوێ کە تاریکەسەلاتی بێدەنگی و شەوەزەنگی ترس باڵی بەسەر "وڵات" دا کیشاوە. بۆ بەرەنگاری لەگەڵ سوپای ترسهێنەر و لەشکری داپڵۆسێنەر جگە لە هەیبەتی پێشمەرگە و توانای خۆڕاگریی پێشمەرگە رێگایەکی دیکە نیە. خۆ دیارە ئەو دایک و باوکانەش کە کیژ و کوڕی خۆیان دەنێرنە ریزی پێشمەرگە و لە کاتی پێویستدا

سفرەی دڵیانی بۆ رادەخەن، چی وایان لە پێشمەرگە کەمتر نیە، بەڵام ئەوە کێوی ورەی پێشمەرگەیە کە مێژووی بەرەنگاری دروست دەکا. هەر بۆیە لە وەسفی ئازایەتی و چاونەترسی و بەتوانایی هیزی پێشمەرگەدا هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین با بمێنێ پێشمەرگە.

****

ئێستاش بۆم ساغ نەبۆتەوە بۆ هەتا ناوی "حەسەن غەمبار" دەبیسم "حەمەدۆک"م وەبیر دێتەوە. رەنگە جگە لە کورتە بالاّیی هەر دووکیان کە زۆر وێک دەچن، تایبەتمەندیی دیکەش لێکیان نزیک کاتەوە وەک ئەوە کە هەردووکیان لە قووڵیی ناعەداڵەتی‌یەکانی کۆمەڵ گەیشتن و هەر دووکیشیان بۆ بنبڕکردنی ئەو ناعەداڵەتی‌یانە ڕاپەڕین. ئەگەر باسی وێکچوونی دیکەش بکەین جگە لە چاونەترسی و ئازایەتیی لەڕادەبەدەر کە هەردووکیان لێی بەهرەمەند بوون هیچی دیکەمان پێ نامێنێ.

حەسەن غەمبار خەڵکی ناوچەی رەبەتە. ئەو ناوچەیە مەکۆی تێکۆشان و خەباتە. ئازاترین پێشمەرگەی لێ هەڵکەوتوە و پڕکارترین هێزی پێشمەرگەی وەخۆ گرتوە. خەڵکی رەبەت و دەوروبەری لەدوای کۆماری کوردستانەوە بەدایم سەرقاڵی پێشمەرگە بەخێوکردن و پێشمەرگە حاواندنەوە و پیشمەرگە پێگەیاندن بوون. هەر بۆیە هیچکام لەو لاوە بەجەرگانەی دواتر هاتوونەتە ریزەکانی پێشمەرگە بۆیان نامۆ نەبوە و لەبەریان زەحمەت نەبوە. حەسەن غەمبار پێش خۆی دوو برای گەورەتری لە ریزی گیانبازانی گەلدا بوون و هەردووکیان فیدای ئازادی بوون.

ئەزموونی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئازادی زۆر جالبە. هێندێک دێن و مێژوو دروست دەکەن. ئەوانە پیشتر قاڵبووی دەوران و دەرس وەرگرتوو لە هەوراز و لێژی ژیانن. لە هەمان کاتدا بەشێک دێن و خۆ بە دەریایەکدا دەکەن کە دەبێ خۆی تێدا فێرکەن. لە راستی‌دا رەوتی خەبات ئەوانە دروست دەکا و بۆ دروست کردنی مێژوی دیکە لە قالبیان دەدا. حەسەن غەمبار یەک لەو کەسانەیە کە بێ ئەوەی مەلە بزانێ لە دەراوی دا و پێش ئەوەی ئەلف و بێی خەبات فێر بێ خۆی دەجەرگی دوژمن رۆ کرد. ئەو بە وشیاری، چاونەترسی، خۆبارهێنان، سەرسەختی وئیمانی قایم توانی قۆناغە سەختەکان ببڕێ و لە کاری نیزامی و دواتر سیاسی و تەشکیلاتیشدا کەسیکی نموونەی لێ دەرچێ.

حەسەن غەمبار زۆربەی دەورانی پێشمەرگایەتیی خۆی هەر لە ناوچەی رەبەت تێپەڕاندوە و مەگەر بۆ مەئمووریەتی

کاتی دەنا شوێنی دیکە نەگەڕاوە. بەڵام لە ناوچەی جێگای خزمەتی خۆیدا وەک هەڵووک هەڵسووڕاوە و خۆی گوتەنی وەک هاچەر فەڕانسە لە هەر شوێنێک بە پێویست زانرابێ و بۆ هەر کارێک داوا کرابێ بێ سێ و دوو خۆی تێ کردوە و بە باشی راپەڕاندوە. یەکەمجار ساڵی ٦١ کە هێشتا منداڵکار بوو دوای ئەوەی سەرپەلەکەیان بریندار دەبێ لە جێی ئەوی دادەنێن. ساڵی ٦٣ کراوەتە سەردەستەی "شەهیدانی خالاباد". لەساڵی ٦٥ڕا وەک فەرماندەری لک و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی رەبەت کاری کردوە. جارێک کراوەتە فەرماندەری دەستەی کۆماندۆ کە ماوەی ساڵێک لەو بەرپرسایەتی‌یەدا ماوەتەوە. جارێکیش داوای لێ کراوە بۆ فەرماندەریی هێزی ٢ی رێبەندان لە ناوچەی سەقز، بەڵام وەری نەگرتوە. کاک حەسەن لە ماوەی ژیانی خەباتکارانەی‌دا ٧ جار بریندار بوە کە لە تەپڵی سەریڕا هەتا بەری پێی گرتۆتەوە. شتێکی خۆش و ناخۆش: لە نۆڕوێژ بە مەبەستی چارەسەری برینەکانی هاتوچۆی دوکتۆران دەکا. جارێک داوا دەکا عەکسێک لەسەری هەڵگرن چونکە هەست دەکا پرپیشکەیەکی تێدایە. دوایە دەردەکەوێ زیاتر لە ٢٠ پڕیشکە لە سەری‌دا هەیە. هەروەها بۆ سینگی ئەو کارە دەکرێ کە لەوێش ٣٠،٢٠ پڕیشکە دەدۆزرێنەوە. حەسەن غەمبار نموونەی ئینسانی باوەڕبەخۆ و خۆڕاگر و پشوودرێژە. ئەو لە خەباتدا شێلگیر، لە خزمەتدا سادق، لە هەڵمەتدا چالاک، لە کاری تیمی‌دا حاواوە و لە دۆستایەتی‌دا دڵپاک و خۆش‌مەشرەبە.

تێکۆشەر غەمبار بە سۆزەوە لە شەهیدانی رێگای ئازادی دەدوێ و بە حەسرەتەوە ناویان دێنێ. ئەو کە ناو و رێکەوتی هەموو ئەو شەهیدانەی تۆمار کردوون کە لەگەڵی بوون و ناسیونی کە خۆ لە ١٧٨ شەهید دەدەن، بەم جۆرە باسیان دەکا: "لەو ماوەیەدا کە من لە هێزی زمزیران بووم و لە یادداشتەکانمدا کۆم کردوونەتەوە، زیاتر لە ٣٠٠ عەمەلیات کراوە. نیزیکەی ٤٠٠٠ کەس لە رێژیم کوژراون و کوژراوی ١٠٠ عەمەلیاتیش دیار نین. نزیک بە ١٨٠ کادر و پێشمەرگە شەهید بوون. ناوی هەر شەهیدێک بێنم بیرەوەریی زۆرم لەگەڵیان هەیە.

دوای دەیان ساڵ کار و تێکۆشانی بەردەوام، ئازایەتی نواندن و خۆڕاگری نیشاندان، دوای وەسەریەک نانی دەریایەک ئەزموونی تاڵ و شیرین و پاش برینی هەوراز و لێژی زۆر و خۆ دەمەترسی هاویشتنی بێ‌ژمار، سەرئەنجام کاک حەسەن بە لەشێکی هەڵدڕدادڕ و کون کون کراوەوە، بڕیاری دا ماوەی ژیانی لەگەڵ ماڵ و منداڵی بەرێتە سەر و بۆ عیلاجی برینەکانی چارەیەک بدۆزێتەوە. هەر بۆیە بارگەی تێکەوە پێچا و رێگای تورکیەی گرتە بەر. ئەو کە پێی وا بوو بە وەڕێ کەوتنی بۆ دەرەوە داهاتوویەکی روونی لەپێشە، مخابن تووشی چارەنووسێکی زۆر ناخۆش هات و لەگەڵ دەیان مەترسی رووبەڕوو بوو. ٦ ساڵ مانەوە لە تورکیە بێ ئەوەی هیوایەک بە دەرباز

بوون هەبێ هەموو توانا و وزەی خۆی و ماڵ و منداڵی بە هەڕاج برد و بەجارێک لەپێی خستن. دواتریش کە بۆ خۆ دەرباز کردن ڕێگای دەریایان گرتە بەر هەتا خۆ بگەیەننە یونان، دیسان تووشی بەڵای لابەلا هاتن و ئەگەر پۆلیس نەیدۆزیبانەوە و نەیگرتبان هەموویان تێدا دەچوون چونکە گەمی‌یەکەیان لەنێو دەریادا بێنزینی لێبرا. سەرەنجام کاری بەردەوام و خۆڕاگریی زۆری خۆی وبنەماڵەکەی وایان کرد لەو کۆسپانە سڵ نەکەن و بۆ گەیشتن بە بەندەری حەسانەوە وچان نەدەن. ئێستا تێکۆشەری ساڵە سەختەکانی خەبات بەخۆی و هاوسەر ومنداڵەکانی‌یەوە نیشتەجێی وڵاتی نۆرویژە و چاوەڕوانە هەم عیلاجی لەشی زامداری بکا و هەم لە ئەزموونەکانی دنیای پێشکەوتوو شتێک وەدەست بێنی کە بە ئاواتم ئاواتی وەدی بێ.

کە ئاوڕ لە رابردووی خەباتکارانی مەیدانی ئازادی دەدەمەوە دڵم بە داهاتوو خۆش دەبێ. لە بەرە خۆمەوە دەڵێم تۆ بڵێی کەسانێک کە ئاوا قورس و قایم سەنگەریان لە دوژمن گرت و مەتەرێزیان چۆڵ نەکرد هەروا بە ئاسانی گەل وخەباتەکەیان لەبیر بکەن؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە "نا" یە و من دڵنیام تا کورد رۆڵەی ئاوا هەڵکەوتەی هەبێ خەبات بۆ ئازادی بەردەوام دەبێ. ئەگەر دوێنێ غەمبارەکان لە سەنگەری بەرگری‌دا تەنگیان بە سوپای دوژمن هەڵچنیبوو، ئەمرۆ خوێندکارانی کورد لە تاران هەمان دروشم بەرز دەکەنەوە و "ئیحسان"ەکانیش ئازایانە بۆی دەچنە پێی سێدارە. من پێم وایە تۆوی ئازایەتی کە گوڕوتینی پێشمەرگە ناشتوویەتی زەوی و زاری کوردستانی وا داگرتوە تازە خەلاس بوونی نیە. ئەمرۆ ترس لە فەرهەنگی کوردی‌دا خەریکە بارگەی تێکەوە دەپێچێ.

لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ساڵە ڕەبەتی




لە بەرزترین لووتکەی زاڵ بەسەر دەشتی رەنگاوڕەنگی ناوچە، لەژێر سێبەری ئەشکەوتێکی داپۆشراو بە تەختەبەردی پان وساف و لووسدا پاڵی دابۆوە. هەوداى خەیاڵ هەڵی گرتبوو و شەپۆلی دەوران سووڕی پێ دەدا. ویستبووی سەرخەوێک بشکێنی و بە کز بوونی تینی خۆرەتاو داگەڕێتە خوار و وەدوای گەیشتن بە ئاواتی دڵ کەوێ. لە شیرینخەوی بەرفێنکایی سێبەری ئەشکەوتدا بەدیداری یار شاد ببوو کە بە کۆشێک ئەوین و باوەشێک خۆشەویستییەوە هاتبوە لای و خەریکی راز و نیاز بوون. ئێشی سەری کە بە گاشەبەردی ئەشکەوت تۆقلەی دابوو لە خەو راپەڕاند و ئەم جارەش لە ماچی لێوی یار بێبەش بوو:

"کاتێ هاتی لەگەڵ قاقای پێکەنینا خۆت هاویشتە نێو باوەشم،
لێت دەپرسیم بۆ وا ماتی؟
وتت...
ئەمشەو بوونی جێژنی منە، گوێزەبانەی نوقڵی لێوم بۆ هێناوی، ها شیرینی لێ بچێژە،
دوگمەی سینگت ترازاند و،
وتت هانێ دوو سەیوانی مەمەکانم،
بەسەر هاتی دوو ساڵ دووری لێ بنێژە،

لەپڕ دەنگێ هات و راپەڕیم(ڕای پەڕاندم)،
کە راپەڕیم ژێر سێبەری گابەردێک بوو،
بۆ سەرخەوێک سەرم وەسەر ئەژنۆم نابوو،
لە جیاتی تۆش تفەنگەکەم لە کۆشا بوو".

ئەوینێک کە پێشمەرگە بە خەبات و چارەنووسی گەلەکەی هەیەتی، لە سەرووی هەموو ئەشقێکە. رازێک کە ئەو ئەوینەی پێک هێناوە و رەمزێک کە لە پشت ئەو فیداکارییە هەیە نەناسراوە و رەنگە هەر نەناسراویش بمێنێتەوە. لەپێناو گەیشتن بە ئەوینی ئازادیی میللەتێکدا زۆر ئەوینی دیکە فیدا بوون و گەلێک دڵ بە نامرادی لە لێدان کەوتوون. کارمامزی ناز و جوانی ویستی دڵی پێشمەرگە بەفریو بەرێ و لە باوەشی بێخەمیدا بیخەوێنێ. دوای هەوڵێکی زۆر، خۆی کەوتە داوی ئەشقی پێشمەرگە و شانازیی بە هەڵگرتنی کۆڵەپشتیی ئەو دەکرد. "هەورازی کوورِ" ناحەقی نیە ئەگەر "بۆ پێشمەرگە" دانەوێ و لەحاند هەیکەلی جادوویی ئەودا کڕنۆش بەرێ.

******

هەتا زیاتر لە ژیانی پێشمەرگە خورت دەبمەوە و وردتر دەگەڵ دنیای ئازایەتی‌یەکانی ئاشنا دەبم، پتر ئۆگری دەبم و باشتر لێی حاڵی دەبم. ئەوەندەم باسی خۆڕاگری و فیداکاریی تێکۆشەرانی ناوچەی رەبەت بیستوە و هێندە ناوی ناودار لەو دەوەرە هەڵکەوتوون کە ناچارم هەر لەوێ بمێنمەوە و لە ژیانی شۆڕشگێڕانەی ئینسانێکی دیکە بدوێم کە بۆ خەڵک خۆشەویست و بۆ دوژمن نەترەبەر بوو. بەڵێ دەمەوێ کارنامەی "مێژووی زیندوو" بە سەبتی ناوێکی ئاشنای دیکە دەوڵەمەند و ئۆگرانی خەباتی پێشمەرگەش دەگەڵ تێکۆشەرێکی نەسرەتووی ئەو مەیدانە زیاتر ئاشنا بکەم. ئەویش کەسێک نیە جگە لە"ساڵە رەبەتی" کە زەمانێک لووتکەی چیا سەرکەشەکانی کوردستانی کردبوە هێلانە و دەگەڵ پۆلی هەڵۆ سەربەرزەکان بۆ راوی قالاوان دادەگەڕانە پێدەشتەکان.

"ساڵی ١٣٤١ لە رەبەت کە ئەوکات لە ٣٢ ماڵ تێنەدەپەڕی، وەک هەموو منداڵێکی زوڵملێکراوی کورد لە بنەماڵەیەکی دەستکورت و هەژاری جوتیار چاوم بە دونیای پڕ لە نابەرابەری و بێعەداڵەتی هەڵێناوە. لەتەمەنی ٦ ساڵیدا چوومە قوتابخانە و پۆلەکانی سەرەتایی و راهنماییم هەر لە رەبەت تەواو کردوە و دەورانی دەبیرستانیشم لە شاری سەردەشت تەواو کردوە. ساڵی ١٣٦٠ دیپلۆمم لە رشتەی ئەدەبیاتدا وەرگرتووە. لە وەرزی هاویناندا کە قوتابخانە تەعتیل دەبوون لە مەزرای خۆمان یارمەتیی باوکم و براکانم دەدا. یەکێک لە

بیرەوەریەکانی دەورانی قوتابخانەمتان بۆ دەگێڕمەوە: ساڵی١٣٥٢ ئەوکات لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەرسم دەخوێند. مامۆستاکەمان لەسەر تەختەڕەشەکە نووسی: "گربە شیشە را شکست". فاعیل و فیعل و مەفعوولی دیاری کرد و تەوزیحی لازمی دا. یەک دوو قوتابیی بانگ کردە تەختەڕەشە و دواتریش منی بانگ کرد و گوتی بنووسە "گربە شیشە را شکست". نووسیم. گوتی فعل و فاعل و مەفعول دیاری بکە. نەمزانی و جێگاکانم هەموو بە عەکسەوە گوتن. زۆری گوت و نەمزانی، رووبەڕووم راوەستا و یەک زللەی باشی لە لاچاوم دا. ئازاری زۆرم پێ گەیشت وزۆر ناڕەحەت بووم. مامۆستا تێگەیشت و گوتی پێم بڵێ کێ لە تۆی دا؟ گوتم مامۆستا. گوتی نا ناوم بڵێ. گوتم جەلال. گوتی زۆر باشە، گوتی کێ لێی درا ؟ گوتم ساڵح. گوتی چی لەبەینی من و تۆ روویدا ؟ گوتم لێدان. گوتی زۆر باشە ئیستا من کە لە لاچاوی تۆم داوە فاعیلم. تۆش کە لەلاچاوت دراوە مەفعولی. لێدانەکەش فعلە و راش حەرفی ئیزافەیە. بەمجۆرە بە هۆی ئەو زللەوە بووم بە شاگردی نموونەی کلاسەکە و تەنانەت رشتەی ئەدەبیشم هەڵبژارد. وای لێهات لەسەر کلاس مامۆستا بانگی دەکردم و ئەدەبیاتم بۆ قوتابییەکان تەوزیح دەدا".

هەر وەک چۆن زللەی مامۆستا فێری کرد باش لە مانای ژان بگا و بۆ بەرگری لە ئازاری زیاتر خۆی ماندوو بکا و باش بخوێنێ، هەرواش دواتر بۆ نەهێشتنی ئێش و ئازاری گەلەکەی شانی وەبەر خەباتێکی قورس و قایم دا و رێگایەکی گرتە بەر کە شارێگای گەیشتن بە ئاوات بوو. کاک ساڵەش وەک زۆربەی لاوانی کورد تەنیا بە ئەشقی رزگاریی گەل و نیشتمان رێگای پێشمەرگایەتیی گرتەبەر و بێ ئەوەی هیچ ئەزموونێکی نیزامیی هەبێ یەکسەر خۆی دەسەنگەر هاویشت. گەلۆ ئەو بێئەزموونیيە زۆر جار نرخی گرانی بۆ دراوە هەر وەک لەسەر ئەو تێکۆشەرەش بە گران تەواو بووە.

تێکۆشەر رەبەتی هەرچەند زۆر زوو ئێشی بێ ئەزموونیی خۆی چێشت بەڵام دیسان دەرسی باشی وەرگرت و ئەزموونێکی وەسەریەک نا کە لە مەیدانی بەکردەوەدا بۆ خزمەت بە بەردەوامیی خەبات کەڵکی لێ وەرگرت. دواتر، ئەوە ساڵە رەبەتی بوو بە کۆمەکی هاوسەنگەرانی لێبڕاوی، تەنگی بە هێزی پەلاماردەر هەڵچنی و ئاگری لەسەر پشتی کردنەوە. نەک هەر ناوچەکانی رەبەت و سەردەشت، بەڵکوو زۆر شوێن و ناوچەی دیکەی کوردستان قەڵافەتی ساڵە رەبەتیيان دەباوەش گرتوە و وەک رۆڵەیەکی خۆشەویستی خۆیان بۆ پارێزگاری لە خاک و خەڵک یارمەتیيان داوە.

باسی بەرپرسایەتیيە نیزامی و سیاسیيەکانی لێ دەپرسم کە لە ماوەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەیدا بوونی کە ئاوای

جواب دامەوە: "لە ناوچەی سەردەشت و رەبەت و پیرانشار و شنۆ و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان تیکۆشانم بووە. بەلای منەوە هیچ جیاوازییەک بەنیسبەت ناوچەکانەوە نەبووە. لە هەرشوێنێک کاری حیزبیم

پێ ئەسپێردرابێ بەوپەڕی توانامەوە جێبەجێم کردوە. لەنێو هیچ حیزب و سازمانێکی تر جیا لە حیزبی دێموکرات تێکۆشانم نەبوە. بەرپرسایەتی‌یەکانم لە نێو حیزبدا بریتین: لە سەردەشت جێگری پەل، سەرپەل، جێگری لک، سەرلک و لە کاتی شەڕی ئالانی سەردەشتدا بۆ ماوەی دوو مانگ بە مەئموورییەت بەرپرسی جەبهەی عەمەلیاتی ئالان بووم. لە رەبەت ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و فەرماندەری هێزی زمزیران بووم. لە شنۆ بەرپرسی تەداڕوکات بووم. لە پیرانشار ئەندامی مەڵبەند و فەرماندەری هێز بووم .

هەرچەند پێشمەرگەی ترسەنۆک وجوودی نیە چونکە بڕیاری هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی خۆی غیرەتی زۆری دەوێ بە تایبەت ئەگەر هەوڵەکە رەنگی بەرگریی چەکداری بە خۆیەوە بگرێ، بەڵام بەو حاڵەش هەر لەنێو هێزی پیشمەرگەدا توانا و نەترسی‌یەکان جۆراوجۆرن. هێندێک لەو تێکۆشەرانە بەڕادەیەک لە نیشاندانی غیرەت و توانادا دەچنە پێش کە هەموو پردەکانی پشت سەری خۆیان دەڕووخێنن و مەجالێک بۆ سازان دەگەڵ پاشەکشە ناهێڵنەوە. رەنگە من لەو حەددەدا نەبم قەزاوەتی دروست لەسەر پێشمەرگەی ئازا و نائازا بکەم چونکە هەر لەجێدا زۆری لێ نازانم، بەڵام ئەوەی لەسەر تێکۆشەر رەبەتی و رادەی فیداکارایییەکانی بیستوومە شاهیدی ئەوە دەدەن کە وەک پێشمەرگەیەکی نموونە حیسابی بۆ بکرێ و میداڵی سەرفیرازی دەملی کرێ. هەر لێرەدا پێم خۆشە هەڵسەنگاندنی کۆنە فەرماندەرێکی هێزی پیشمەرگە لەسەر کاک ساڵە تۆمار بکەم کە لە نزیکەوە ناسیویەتی و بۆ ماوەیەکی زۆر هاوخەباتی بووە. ئەویش کەس نیە جگە لە کاک حوسێن پەیرەوان:

"بارایی" نازناوێک کە ئاوارەی مامۆستا حەسەنزادە بۆ کاک ساڵەی دیاریی کردبوو وەک هەر تاکێکی کۆمەڵ خاوەنی تایبەتمەندیی لاواز و بەهێزە کە ئەوەش شتێکی سروشتی‌یە. بەڵام لە روانگەی منەوە کە بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لەنێو جەرگەی شەڕی پارتیزانی و لەنێو دەریای خوێن و فرمێسکدا شاهیدی هەڵسوکەوتی ئەو کوڕە هەژار، بەڵام جەسوور و بلێمەتە بووم دەتوانم بڵێم تای تەرازووی خاڵە بەهێزەکانی تەنگیان بە خاڵە لاوازەکانی هەڵچنیوە. سەت خۆزگە خاوەنی پێنووسێکی بەپێز و بەبڕشت بوایەم تا بمتوانیبا جڵەوی ئەسپی سەرکێشی پێنووسەکەم شل کردبا و بە ناخی بارایی و بارایی‌یەکاندا چووبامە خوار کە لەشیان شەڵتانی خوێن بووە و کاتێک بە پشتی ئەسپ و کۆڵی پێشمەرگەوە بوون "هەورازی کوورڕ" کڕنۆشی بۆ دەبردن. ئەگەر بەشێک لەو شۆڕشگێرە قەت نەسرەوتانە هەر

بە لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی‌یەوە وبە دوور لە ناز و خۆشەویستیی کەس و کاریان لە دۆڵ و چیاکانی کوردستان بە خاکی پیرۆز ئەسپێردراون، بەشێکیان بە لەشی هەڵدڕدادڕ سەنگەریان چۆل نەکردوە و بۆ وەدیهێنانی ئاواتی شەهیدان درێژەیان بە ڕێگایان داوە. گومانم لەوەدا نییە ئەگەر بڕیار بێ ڕۆژێک میداڵی فیداکاری و خۆبەخت کردن لەپێناوی گەل و نیشتیمان دابەش بکرێ بارایی یەکێک لەو کەسانەیە کە پێویستە ئەو شانازییەی پێ ببخشرێ. بارایی وەک پێشمەرگە کەسێکی بەدەست و تفەنگ، بەوەرە، بەنەزم و هەڵسووڕ، هەڵمەتبەر و دەستوەشێن، وریا و خۆڕاگر و لەسەر یەک پێشمەرگایەتیی زۆر لێ جوان بوو. بارایی لە بواری فەرماندەهیدا کەسێکی لێزان و بەتوانا بوو. زۆر بە کەمی هەڵدەکەوت گەلاڵە نیزامی‌یەکانی بەرهەمی باش و سەرکەوتوانەی تێدا بەدی نەکرێن. ئەزموونی ناوبراو، بەتایبەت لە بواری نیزامی‌دا وای کردبوو هەمیشە بەرپرسایەتیی نیزامی بەدوایدا بگەڕێ. بارایی لە باری مودیرییەتەوە ئینسانێکی بەتوانا بوو دەگەڵ ئەوەش‌دا هەتا بڵێی سادە و خەڵکی بوو کە ئەوەش هێندەی دیکە خۆشەویستی کردبوو. خەباتی بێوچانی بارایی و ئەو زەبرە قورسانەی بە فەرماندەریی ناوبراو وە هێزە دژی گەلی‌یەکان کەوتن وایان کرد بنەماڵەکەشی بە تایبەت باوکی (کاک عەولا فەرەج) هەموو کاتێک لەژێر چاوەدێری‌دا بێ و تووشی ئازار و شکەنجە بێ. لە کۆتایی‌دا یادی هەموو باراییەکان بە خێر بێ و دەڵێم:

"جدایی تا نافتد دوست قدر دوست کی داند شکسته استخوان دانه بهای مومیایی را"

گڕی ئەشقی پێشمەرگە کوژانەوەی بۆ نییە. ئاگرێک کە لە دەروونی پێشمەرگەدا دایسێ، ئاگری شۆڕشە و دیارە هەتا ستەم لەسەر گەل لانەچێ هەستی شۆڕش و شۆڕشگێڕی هەر بەردەوامە. گرینگ نییە پێشمەرگە لە کوێیە، چۆن دەژی و بە چییەوە خەریکە. گرینگ ئەوەیە بە بیر و بە هەست و بە باوەڕ هەر پێشمەرگەیە و هەر پێشمەرگەش دەمێنێتەوە.

لە ژمارە ٦٩٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر عەلی باڵەکی




"... ئەوان لەسەر دوندی شاخی جێگیر ببوون و شاهۆ خەریکی نووسینی ڕاپۆرتی ئەو شەڕە بوو. بریندارەکان لەپەنا بەردان درێژ ببوون. دایکی عەلی لەنێو ئاوایی خەریکی دروست کردنی شیربرینج بوو... شاهۆ خەریکی نووسینی ڕاپۆرتەکەی بوو و نووسی: دوو شەهید و سێ بریندار. کە گەیشتە سەر وشەی شەهید، سەری هەڵبڕی و چاوێکی لە عەلی کرد. تەماشای کرد عەلی تەواو بووە. زۆر نارەحەت بوو. تاوێک راما و دوایە نووسراوەکەی پێشێی خەت کێشا و نووسی: سێ شەهید و دوو بریندار. کەماڵی سەیداوایە، کە بە کەماڵەگێڕ بەناوبانگ بوو و پێشتر لە شەڕی ئاوایی سەیدئاوا، بەتاقیتەنیا پێشی بە ستوونێکی ئەرتەشی گرتبوو، بە برینەکەی زۆر نارەحەت بوو و ئەویش لەولای درێژ ببوو و هەر چاوی لە شاهۆ دەکرد. دوایە وەدەنگ هات و بانگی شاهۆی کرد و گوتی: کاک شاهۆ، کاک شاهۆ.

- دەڵێی چی کەماڵ گیان
- تۆ خودا چەلێ پەلەی مەکە و ڕاپۆرتی عەمەلیاتەکەی مەنووسە.
- بۆ؟
- با ببێتە چوار شەهید و ئەمنیش بنووسە جا بەڕێی بکە...

زۆری پێ نەچوو شاهۆ یەکی دیکەشی بە شەهیدەکان زیاد کرد" (ڕۆمانی بەزم و ڕەزمی شاخ).

کوڕ یان کچ فەرق ناکا، هەرکە لیباسی پێشمەرگایەتی پۆشی و ناوی پێشمەرگەی کەوتە سەر، گۆڕانێکی قووڵی بە دەروونیدا دێ. کەس نازانێ هێزی وەگەڕخەری ئەو گۆڕانە لە کوێڕایە و چۆن ساز دەبێ. هەر ئەوەندە دیارە ئەو ئینسانە دەبێتە شتێکی دیکە و سەرتاپای وجوودی بۆ خزمەت بە ئامانجێک سەرف دەکا کە رەنگە بۆخۆی هیچی لە بەرهەمەکەی وەبەر نەکەوێ. بوون بە پێشمەرگە رەنگە بۆ زۆر کەس هاسان بێ، بەڵام پێشمەرگە مانەوە و پێشمەرگانە ژیان، کاری هەموو کەس نیە.

"... ئەی تەتەری هاوڕێی ئاو!

هاوڕێی سێبەر، هاوڕێی هەتاو!

تۆ هەموومانی و یەکێکی

تۆ یەکێکی و هەموومانی،

تۆ ئەو کەسەی من بزانم

وەک هەر بە پێوە ژیاوی

ئەبێ هەر بە پێوەش بمری".

(شێرکۆ بێکەس)

هەر بۆیەشە پێشمەرگە هێمای شەرەف و شانازیی گەلە. دە لێیگەڕێن با ئەو ناوە هەر بەنەمری وەمێنێ.

*****

بەنداو(سەد)ی مەهاباد ئەگەر خێری بۆ شار و ناوچەکە پێوە بووە، هێندێک گوندی جوانی ئەو دەوروبەرەشی لەژێر ئاوی خۆیدا حەشاردا و لە بەرچاوان ونی کردن. "هەمزاوا" یەک لەو گوندانە بوو کە کەوتە ژێر بەنداوی مەهاباد و خەڵکەکەی ناچار بوون بار بکەن. بنەماڵەی تێکۆشەری ئەمجارەی بەشداری "مێژووی زیندوو" لە ئاکامی ئەو رووداوەدا ناچار بارگەیان تێکەوەپێچا و هەمزاوایان بەجێ هێشت. "منیش وەک عومەری ئامۆزام لە گوندی هەمزاوا لەدایک بووم. ئێمە بەڕاستی فەقیر و هەژار بووین. ژیانێکی هەژارانە و دوور لە هەر چەشنە خۆشی و حەسانەوەیەک. نە پارچەزەوییەک و نە خاوەنی مەڕ و ماڵات، هیچمان نەبوو. کە دەڵێم هیچ یانی هیچ. بابم بە کرێکاری ژیانی ئێمەی تێدەپەڕاند و نانێکی نەمرنەژیی بۆ پەیدا دەکردین. من ساڵی ١٣٤٣ لە ئاوایی هەمزاوا

لەدایک بووم...". عەلییش وەک زۆر خەباتکاری ڕێی نەهێشتنی نابەرابەری و چەوسانەوە، لە دەست نەبوونی و بێدەرەتانیی بنەماڵەکەی ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشێ و بە وەبیر هاتنەوەی ئەو دەورانە مچوڕکی بە لەشدا دێ.

نازانم بڵێم عەلی باڵەکی ئامۆزای عومەر باڵەکیە یان کاک عومەر ئامۆزای ئەوە، یان ئەوە کە عەلی باڵەکی برای شەهیدی زەجر دیتووی تامی تاڵی زیندان چێشتووی گوڵی تەمەن زووهەڵوەری و واتە خالید باڵەکیە. ئەو لە خێڵی "هەڵۆ"یان هەڵکەوتوە و سەربە عەشیرەتی چاونەترسانە. ئەو و عومەر و خالید و ئەوانی دیکەش سەربە بنەماڵەی گەورە و ناوداری "شۆڕشگێڕان"ن و سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی "کوردایەتی و مەردایەتی".

عەلی باڵەکی بە عەشقی بەستنی پشتێندی حەوت میتری و دەشان کردنی کلاشینکۆفی جووتلاق و پۆزلێدان لە کووچە و کۆڵانی گەڕەکی خۆیان ڕەگەڵ کاروان کەوت. سەرەتا پێی وابوو ئەگەر خۆی نەبێتە پێشمەرگە، کوردستان قەت ڕزگار نابێ. هەر بۆیە قۆڵی لێ هەڵماڵی و تێکەڵاوی دنیای پان و بەرینی خەباتگێڕان بوو. لەنێو کۆڕی خەباتکاراندا لە هەر کەسەی دەرسێک و لە هەر قۆناغەی ئەزموونێکی وەرگرت. ئەو کە سەرەتا هەر ئەوەی دەزانی کە دەبێ ببێتە پێشمەرگە، دواتر لە جەنگەی کار و تێکۆشاندا بە جۆرێک خۆی بارهێنا و ئەزموونی وەسەریەک نا کە بوو بە مایەی شانازیی حیزب و گەلەکەی. عومەر باڵەکی لە یەکەم هاوسەنگەرانی عەلی بەحیساب دێ و دواتریش ناوبراو دەگەڵ فەرماندەرانی شەهیدی وەک حاجی مەلا برایمی ڕۆستەمی، فەتاحی چێهرەپەروەر و کاکە شوانی هەمیشە زیندوو لە لکی یەکی شەهید پێشەوا ئاشنایەتیی پەیدا کرد و لە خەرمانی غیرەت و تواناکانیان بەشی خۆی هەڵگرت. دوای ماوەیەک مانەوە لە لکی یەک، ئەمجار لکی سێی هێزی پێشەوا بوو بە مەکۆی خەبات و تێکۆشانی عەلی باڵەکی و لەو لکەشدا توانی بە ئازایەتی و فیداکاریی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێ بگرێ.

ئەوانەی ئاگایان لە تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە هەیە و لەڕادەی خۆماندوو کردنی ئەو رۆڵە فیداکارانە دەکۆڵنەوە، باش دەزانن ناوچەی مەهاباد هەتا چ رادەیەک کەوتبووە بەر رقی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی - هەر وەک ئێستاش هەر وایە- و پێشمەرگەکانی هێزی پێشەواش چەندە لەژێر پەلاماری هێزە دژی گەلیەکانی ئەو ڕێژیمەدا بوون. هەر بەڕاستی ئەگەر دەمانەوێ لوتکەیێک لە خەرمانی فیداکاری بە نموونە هەڵگرین، هێزی پێشەوا نموونەی چاکە و ئەگەر بۆ ناوی ئازا و چاونەترسیش دەگەڕێین دیسان لە گەڕان بە ناوچەی مەهابادا زۆر بە ئاسانی تووشی دەبین. باڵەکی لە ناوچەیەکی ئاوا و هاوشان دەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو هێزە ملی لە خەبات نا. هەر بۆیە



سەرچاوە
Serchawe

دوای تێپەڕینی چەند ساڵ دیتمان عەلی وەک پۆڵا خارا و خۆی فێر کرد چۆن بشکێ بەڵام دانەیە. ئەو کە هەر لە منداڵییەوە دەرد و ژان و ئازاری بێبەشی چێشتبوو بۆ گەیاندنی گەلەکەی بەسەر مەنزڵی ئاوات بێبڕانەوە خۆی ماندوو کرد و بێ سنوور رەنجی کێشا. عەلی دەگەڵ ئەوەدا رۆژبەڕۆژ لە بواری نیزامیدا ئەزموونی زیاتری وەدەست دێنا، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی دەدا فێری وانەکانی سیاسەت و هونەری کۆمەڵناسی و خەڵک خۆشەویستی بێ. ئەو تەنیا بە چەند کلاسی سەرەتایی سەوادەوە پێی نایە مەیدان، کەچی بە تێپەڕ کردنی چەندین کلاسی ئاموزیشی و دەورەی مودیریەت و فەرماندەهی و تاقیکردنەوەی سەخت، خۆی کردە شارەزایەکی بوارە جۆراوجۆرەکان.

کە دەڵێم پێشمەرگە پۆڵایە لەخۆڕا نیە. ١٠ جار بریندار بوون لە ئاکامی چەندین ساڵ بەربەرەکانێی سەخت وخوێناویدا و هەموو جارێش گەڕانەوە بۆ سەنگەری خەبات کاری کێیە غەیری پێشمەرگە؟ کاکە عەلی هەموو لەشی لەت و کوت دەکرێ، ئازای بەدەنی خوێنی لێ دەچۆڕێ و برین لەسەر برین هەڵدەگرێ کەچی بە خەیاڵی دانایە و سەنگەر چۆل ناکا. تێکۆشەر باڵەکی لە باسی سەربوردەی پێشمەرگایەتیی خۆیدا وەها بەگوڕ لە پیرۆزیی خەبات دەدوێ و بەجۆرێک لە دڵەوە باسی فیداکاریی پێشمەرگە دەکا هەر وەک ئەنەهوو خۆی هیچی نەکردبێ و نەک ١٠ جار، بەڵکوو جارێکیش بریندار نەبووبێ. هەر بۆیە ئینسان کە ئەو ئازایەتی و هەستی خۆ فیداکردنە دەبیسێ ناچارە سەری رێز بۆ پێشمەرگە دانەوێنێ و ئافەرینی بۆ بنێرێ. بە گشتی تێکۆشەر باڵەکی لە ماوەی ١٨ ساڵ(١٣٥٩هەتا ١٣٧٧) خەبات و خۆڕاگریدا ئەم بەرپرسایەتی و پلە نیزامییانەی هەبوون کە وەک میداڵی رێزلێنان دەبێ وەبیر بهێندرێنەوە:

- ساڵی ١٣٦٠ جێگری فەرماندەری پەل لە لکی سێی پێشەوا.
- ساڵی ١٣٦١ فەرماندەری پەل لە هەمان لک.
- ساڵی ١٣٦٣ فەرماندەری دەستە لە هەمان لک.
- ساڵی ١٣٦٥ کە پلەی سەردەستەیی نەما بۆتەوە سەر پەل لە لکی دووی هێزی پیشەوا.
- ساڵی ١٣٦٦ جێگری فەرماندەری لک.
- سالی ١٣٦٧ هەتا ١٣٦٩ فەرماندەری لک.
- ساڵی ١٣٧٠ بەرپرسی کۆمیتە ناوچەکانی گەورک و مەنگور لە دەوەری مەهاباد.
- ساڵی ١٣٧١ سەرپەرست و فەرماندەری هێزی زمزیران.
- ساڵی ١٣٧٢ فەرماندەری هێزی پارێزگاری و کادری فێرگەی سیاسی- نیزامی.

- ساڵی ١٣٧٣ کادری تەشکیلاتی لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد.

- ساڵی ١٣٧٥،١٣٧٤ فەرماندەری هێزی پێشەوا.

لەو ماوە درێژەی کار و خەباتی‌دا تێکۆشەر باڵەکی نەک هەر ناوچەکانی مەهاباد و رەبەت بەڵکوو لە زۆر شوینی دیکەش خزمەتی پێشمەرگایەتی کردوە. بۆ وێنە ناوچەکانی هەوشار، دیواندەرە، سەقز، و مەریوان لەو شوێنانەن کاک عەلی وێڕای هاوسەنگەرانی سەنگەری لێ گرتوون و لە بەرامبەر پەلاماردەراندا راوەستاوە.

ژیان هەمووی ئەزموون و دەرس وەرگرتنە. ئەوانەی دەرسی باش فێر دەبن باشتر ژیان دەکەن و خۆیان چاکتر دەگەڵ هەلەکان رێک دەخەن. پێشمەرگە ئەگەر خۆی لە فێربوونی زۆر دەرسی ژیان بواردوە، لانیکەم ئەوەی باش فێر بووە کە تاوێک بە سەربەرزی ژیان و بە ئازادی بیرکردنەوە دەتوانێ لە خەم رەهای بکا. پێشمەرگە نەهاتوە فێری خۆش ژیان بێ، ئەو فێری باش ژیان کراوە. هەتا هەوڵ بۆ بەرەوپێش چوون هەیە و ئامادەیی بۆ خەبات لەو رێیەدا بەرچاو دەکەوێ، ناوی پیشمەرگەش هەر لە سەر زمانانە.

لە ژمارە ٦٩٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧

---------------------------------------------------

### "بەرلە ماڵئاوییی" و یەڵدای خوێناوی!

گوێم لە قرچەی دڵی ئەو دایکە بوو کە ڕۆڵەی پێشمەرگەی نەیتوانی تێوەرسووڕانی ساڵی دەگەڵ نوێ کاتەوە. هەستم بەخەمی ئەو کوڕە پێشمەرگەیە کرد کە لەدوا ساتەکانی ساڵدا لەشی باوکی خەڵتانی خوێن کرا. دەگەڵ ئازاری ئەو پێشمەرگەیە ژیام کە فەرماندە ئازاکەی لێ دوور کەوتەوە. هەستی هەموو ئەو خەباتکارانەم خوێندەوە کە جەستەی هاوسەنگەرانیان دەنێو گڕی ئاگری "تیرۆر"دا چزەیان لێ هەستا. ئەوەشم بیست کە قاسملوو لە پێرلاشێزەوە پەیامی بۆ شەهیدەکان ناردوە و شەوی یەڵدای بەناو کردوون. خەبەرم هەبوو کچە خۆڕاگرەکانی زیندان خۆیان و زنجیرەکانی دەستیان لەبیر کرد و بوون بە بەشێک لەو لافاوی ئەو ڕقە کە بەرامبەر خودایانی ترس و وەحشەت هەموو وڵاتی کوردانی داگرت.

ساڵێکی دیکەشمان لە خەبات و خوێن و خەڵات تێپەڕ کرد. کارنامەیەکی دیکەش هاتە سەر دەفتەرێکی ٧١ لاپەڕەیی بەخوێن نووسراو و بە فرمێسک تەڕ کراو. ئەمساڵیش وەک هەموو ساڵەکانی تەمەنمان کەوتینە بەر تەوژمی بێ ئەمانی شەپۆلە بێ بەزەکانی دەریای دڵڕەقی دوژمن. ئەمساڵیش وەک هەموو ساڵەکانی ژیانمان وەبەر داسی درووێنەیان داین، بە تەوری دووسەر بەربوونە جەستەمان، ڕووباری خوێنیان بۆ هەڵبەستین و ئاگریان دەجەنگەڵستانی پڕ دارودرەختی مانەوەمان بەردا. ئەوان دیسان هاتن قەڵای بڕوامان بڕووخێنن، کانیی بوونمان کوێر کەنەوە، گەرووی هەناسەمان ڕێک بگوشن و هەموو پردەکانی پەڕینەوەمان لێ بڕووخێنن. ئەوان وەک هەموو ساڵانی بوونمان و چوونە پێشمان، ویستیان تۆوی ناهومێدیمان دەنێودا بچێنن، ژاری ماندوو بوونمان بە گەروودا بکەن، وزەی هەنگاونانمان ببڕن و باڵای بەرزمان بچەمێننەوە. ئەوان لە هەموو ڕۆژەکانی ئەمساڵدا، وەک هەموو ڕۆژ ومانگەکانی ڕابردوو ڕووی دوژمنکارانەی خۆیان زیاتر نیشان داین و قەت بۆ ساتێک لەو ئەرکەی خۆیان خافڵ



سەرچاوە
Serchawe

نەبوون. ئەوەی بۆ ویشک کردنی داری خەباتمان لە دەستیان هات کردیان و کۆتا هەوڵیشیان سوور هەڵگێڕانی یەڵدای نازدارمان بوو.

بە پێچەوانەی هەوڵی نەیار، ئێمە شارێگای خەباتمان ون نەکرد، سەری بەرزمان نەوی نەکرد، چاوی هیوامان نەقووچاند، باوەڕی پتەومان لەبن نەهات. هەرچەند دەوریان تەنین، کەچی لە جووڵە نەکەوتین، دەستی تەسلیممان هەڵ نەهێنا، ئەژنۆی هێوامان نەشکا و خرۆشی پێشمەرگانەمان قەت بێدەنگ نەبوو. لە هەموو رۆژ و مانگەکانی ئەمساڵدا، خەباتمان وەک هەمیشە بەردەوام بوو، پلانی چوونە پێشمان نوێ دەکرایەوە، خوێنی تازە دەدەمارەکانمان دەگەڕا، مەیدانی نوێترمان بۆ خۆنواندن دەدیتەوە و هەوڵی زیاترمان بۆ بەرین کردنەوەی خەباتەکەمان دەدا. ئێمە و ئەوان دوو دنیای لێک جیاوازمان هەیە. ئێمە و ئەوان هیچ شتێک وەک یەک نابینین. ئەوەی لە باوەڕی ئێمەدا جوان و رازاوە بەدی دەکری لای ئەوان نەفرەتی بۆ دەباری. ئەوەی بۆ ئێمە هاندەر و پاڵپێوەنەرە لای ئەوان بەربەستە. ئەوەی مانای ژیان بە ئێمە دەبەخشێ مزگێنیی مەرگی بۆ ئەوان پێیە. هەربۆیە هەتا ئێمە لەجوانییەکان نیزیکتر دەبینەوە، ئەوان دەنێو تاریکیی زۆرتردا نوقم دەبن. هەتا ئێمە زیاتر دەکەوینە سەر شارێگای بەرەوپێشچوون، ئەوان لە کەندەڵانی خلۆربوونەوە نیزیکتر دەبنەوە. هەوڵی ئێمە ئەوەیە شەوی یەڵدا بکەینە چراخانی شادی و بزە، پیلانی ئەوان وەڕێخستنی جۆگەی خوێن بەسەر لەشی یەڵدا خۆشەویستاندایە.

ئێستا کە بیر لە شەوی یەڵدا و پەیامی یەڵدا خوڵقێنان و کۆتایی ئەو شەوە دەکەمەوە، بەخۆم نیە دەگەڕێمە دووره زەمەنێکی سەرەتای وەرێ کەوتنی ئەم کاروانە. ئەوەندەی زەین یارمەتیم دەدا وەبیرم دێتەوە هەتا ڕێڕەوانی ئەم کاروانە ویستوویانە مۆمێک داگیرسێنن، تاریک پەرستان وەخۆ کەوتوون و گەردەلوولی تاوانیان وەڕێخستوە. هەتا گەشبینانی دنیای دواڕۆژ دەلاقەیەکیان بۆ ژیان کردۆتەوە، ڕەشبینان پەردەیەکی ئەستووریان بەسەر کشاندوە. هەرکات پارێزەرانی خۆر چاویان دەڕووناکی بڕیوە، سوپای شەوپەرستان ئۆقرەیان لێ هەڵگیراوە. لەوەتا ئێمە هەین و ئەوان هەن قەت سنووری نێوان کار و بیر کردنەوەمان لێک نیزیک نەبۆتەوە. ئەوەی ئێمە بەدوویدا گەڕاوین ئەوان لە خۆیان دوور کردۆتەوە. ئەوەی ئێمەی شاد کردوە ئەوانی وەگریان خستوە. هەرچی هاندەری ئێمە بوە رووخێنەری بیر و ئەندێشەی ئەوان حیساب کراوە. بۆیە ئێمە سەر بە دوو عێل و تەبار و مەخلووقی جیاوازین. ئەو دوو دنیا لێک جیاوازە ناتەبایە زەحمەتە وێک هەڵکەن. یان ئێمە دەبێ پشت لەخۆر و دەستەملانی تاریکی بین و مل بۆ نەریتی خوێن خۆری ئەوی بکەین، یان ئەوان دەبێ سوژدە بۆ ڕووناکی بەرن و

باوەڕ بە بزە بێنن.

ئێمە کە لە قوتابخانەی لەدایکبووی شەوی یەڵدا دەرسی جوانپەرستیمان خوێندوە و بە پەیامی ئومێدبەخشانەی ئەو گۆش کراوین، کوا دەتوانین بچینە سەر دینی تاریک پەرستان؟ ئێمە کە کۆڵەپشتیی خۆمان لە ئازووقەی باوەڕ و هیوا و هەنگاونان بۆ گەیشتن بە مەنزڵی ئاسوودەیی پڕ کردوە کوا دەتوانین لە نیوەی ڕێگایە بگەڕێینەوە؟ ئێمە کەڕوومان لە تیشکی خۆرە کوا ئاوڕ لە تاریکی دەدەینەوە؟ نانا، ئەوە پیشەی مۆم بەدەستانی شەوی یەڵدا نیە. ئێمە پەپوولەئاسا بە دەوری ئەو مۆمە داگیرساوەدا دەخولێینەوە، خۆمانی فیدا دەکەین بەڵام نایەڵین بکوژێتەوە. کاروانێک کە قەدەر عەیامێکە وەڕێ کەوتوە و سەدان پێچ و خەمی بڕیوە و لە دەیان هەورازی حەستەم سەرکەوتوە، کوا بیر لە گەڕانەوە دەکا؟ ئەم ڕێیە هەر دەبێ بپێورێ، ئەم کاروانە هەر دەبێ بگاتە مەقسەد، ئەم ئاواتە هەر دەبێ وەدی بێ. ڕوونە هەروەک زۆری خوێن لە پێناودا ڕژاوە و گەلێک جەفای بۆ کێشراوە کە دوایین قوربانیی ئەو ڕێبازە شەهیدانی شەوی یەڵدا بوون، دەبێ خۆمان بۆ زەحمەتی زیاتر و کارەساتی گەورەتریش ئامادە بکەین. گرینگ ئەوەیە نەسلێک خۆی فیدا دەکا و نەسلێک جێی دەگرێتەوە. گرینگتریش ئەوەیە کە هەر دڵۆپە خوێنێک لەو قارەمانانە دەڕژێ تینوگوڕی زیاتر بە ڕێڕەوانی ئەو ڕێگایە دەبەخشێ.

"ئەی قارەمانان، ئەوە خوێنی ئێوەیە کە لەدڵم دا وەک ئەستێرە خوشی و ئەوینی لەمندا پەروەردە کرد. چ لەشێک بەو خوێنە ئاڵە پاک نابێتەوە؟

لە ژمارە ٦٩٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جانیوێری ٢٠١٧

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر فەتاح ئیلخانیزادە




دیسان من و ناوی پێشمەرگە. دیسان دڵەکوتە بۆ تێڕامان لە هەیبەتی ئەو مرۆڤەی لە مردن رادەسێ و بە هەودای ژیان دەستەمۆی دەکا. دیسان من و خەون دیتن بە دنیای پڕ لە رەمز و رازی ئەو بوونەوەرەی لەنێو دەریای غیرەتدا مەلەی دەکا، بە داری خۆڕاگری، گەمیی چوونە پێش دروست دەکا و لە چۆمی فیداکاری پێی دەپەڕێتەوە. دیسان ئاوڕدانەوە لە مێژوویساڵیانی ساڵ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانە و هاتوچۆی بێ سڵەمینەوە. نا، ئەوە نە سیحرە و نە جادوو. نە خەونە و نە خەیاڵ. نە ئەفسانەیە و نە گوتەی پێشینیان. ئەوە بوونە و تابلۆی دەستکاری ئەو خوڵقێنەرانەیە کە ناوی پێشمەرگەیان لەسەرە. باس باسی پیشمەرگەیە و دەگەڵ باسی هەر قارەمانێکیش گەزبەگەز باڵا دەکەم و وادەزانم لەپەنا هەورانڕا لە بەژن و باڵای قەت نەچەماوەیان دەڕوانم. زۆرم پێ خۆشە بگەمە لایان، بەڵام هەیهات ڕێگام دوورە و پڕحەستەم...

ژیانی مرۆڤایەتی زۆر شتی سەیر و سەمەرەی تێدایە. شتی ئەوەندە ناتەبا دەگەڵ یەک کە ئینسانی تووشی سەرسوڕمان دەکا. هەن کەسانی وا کە بە قووڵایی گەندەڵی و خۆپەرستی و ناڕاستیدا رۆدەچن و لەسەر سەرانگوێلکی ترس و بێهەڵوێستی سفرەی خواردن رادەخەن. هەشن بە هەورازی هەزاربەهەزاری غیرەت و فیداکاریدا دەچنەسەر و بە دڵۆپە بارانی تازە جیابۆوەی هەوران تینویەتیی خۆیان دەشکێنن. هەر لەنێو حەشیمەتی ئادەمیزاددا هەن چوار دەست و پێ بە تەختی ژینەوە نووساون مەبادا داوی مەرگ زەفەریان پێ بەرێ. کەمیش نین ئەوانەی لەسەر سینگی ژیان هەڵ دەپەڕن بۆ ئەوەی ترس و خۆف بخەنە نێو دڵی مەرگەوە. مەودای


سەرچاوە Serchawe

نێوان ئەو دوو دەستەیە چەندە لێک دوورە بە من حیساب ناکرێ. من تەنیا دەتوانم سوژدە بۆ دەستەی دووهەم بەرم و ئەگەر بتوانم چەند هەنگاوێک لێی نیزیک بمەوە. باسەکەمان، باسی ئەو جۆرە خەڵکانەیە.

بۆ ئاشنا بوونی زیاتر دەگەڵ ئەوانەی مێشکیان هاندەری لەشیانە بۆ نەوەستان و نەترسان، خۆ دەگەیەنمە مەڵبەندی موکریان و لە شاری حەوزە گەورە و لە پەنا ناڵەشکێنەی حەسەن زیرەک دەگەڵ بنەماڵەی هەزارەزیلەی «ئێلخانیزادە» ئاشنا دەبم. لەنێو ئەو قەرەباڵغی‌یەدا «فەتاح»م بە باڵایەکی بەرز و ئوبووهەتێکی پێشمەرگانەوە دێتە بەرچاو. لێی راناوەستم، گورج خۆی دەگەیەنمێ و حەزی خۆمی بۆ ئاشنا بوون دەگەڵ ژیانی سەربەرزانەی پێ رادەگەیەنم. راکێشم دەکا بۆ پەنایەک و ئینجا لێم دەپرسێ: چیت دەوێ؟ دیسان مەبەستی پێ دەڵێم و پرسیار بە پرسیار بۆی شی دەکەمەوە. دواتر بە ئیشتیا پێدا دێ و لە خۆی و لە خەباتی پێشمەرگە و لە خەڵک و لە حیزب دەدوێ:

کاک فەتاح ئێلخانیزادە سەر بە بنەماڵەی بەناوبانگی ئێلخانی‌یەکانی موکریانە. لە شاری بۆکان لەدایک بووە و هەر لەو شارەش دەستی بە خوێندن کردوە. خۆی گوتەنی شاگردێکی زیرەک نەبوە و ئەوەی کەیفی پێی نەهاتبێ خوێندن بووە، بەڵام لەژێر زەبری بنەماڵەدا بە قونەقۆن درێژەی داوە. »من خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە بۆکان تەواو کردوە و شاگردێکی زۆر زیرەک نەبووم. کەم ساڵ هەبوو بێ تەجدید دەربچم و لە ماڵەوەش زۆرم لێدان دەخوارد، زۆرم عەلاقە بە وەرزش هەبوو، سەرەتاکان فوتباڵم باش دەکرد و دوایی رووم لە والیباڵ کرد و زۆر چاکی فێر بووم. سەبارەت بە خۆ پێگەیاندنم لەڕاستی‌دا زۆرم عەلاقە بە خوێندنەوەی کتێب نەبوو، بەڵام عەلاقەم زۆر بە شێعر دەهات و ئێستاش شێعری خۆشم خۆش دەوێ. من ئەگەر قەرار بێ شتێک بزانم و فێر بووم لە جەرەیانی شۆڕش و لەنێو حیزبدا فێر بووم و خۆم بە مەدیونی حیزب دەزانم».

تێکۆشەر ئێلخانیزادە زۆر زوو پێی نایە مەیدانی خەبات و هەر لە یەکەم رۆژەکانی دەست پێکردنیشیدا ئەرکی فەرماندەری پێ ئەسپێردرا. دیارە لە هەڵبژاردنی رێبازی سیاسی و ناسینی مەکۆی خەباتی‌دا، باوکی یاریدەی داوە و تەوسییەی پێ کردوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵ بژێرێ. خۆی لەو بارەوە دەڵێ: «من لە ساڵی ١٣٥٨ بووم بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە شاری بۆکان کە شوێنی لەدایکبوونی خۆمە لە کۆمیتەی شارستانی بۆکان و هێزی بەیان دەست بە کار بووم. هەڵبەت ئەو کات بۆکان هێزی سەربەخۆی نەبوو، پێکهاتبوو بە ناوی »پۆل» کە بۆکان پۆلێک بوو. روحی شاد بێ مامۆستا مەلا محەممەد مراد رەسووڵی سەر پۆل بوو، منیش

ئەو کات سەرپەل بووم. دیارە ئەو پۆلەی ئێمە سەر بە هێزی ٢١ی پێشەوا بوو».

تێکۆشەر ئێلخانیزادە وەک ناودارانی دیکەی مەیدانی نەبەزین و بەرخۆدان لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کردوە هەنگاو بە هەنگاو لێی سەرخۆشتر بوە و لە درێژەی ڕێگادا جار دەگەڵ جار کارامەتر و بە ئەزموونتر هەنگاوی ناوە. ئەو لە خەباتی نێو شارەکانڕا دەستی پێ کرد و دەورانی بە ماشین گەڕان و پۆزلیدانی پێشمەرگانەی تێپەڕ کرد. دواتر خۆی دەگەڵ بارودۆخی سەختتر و گەڕان لە دێهاتی کوردستانیش تاقی کردەوە و ئینجا وەشاخی کەوت و بەرزاییەکانی کردە جێ هەواری مانەوە. ناوبراو هەر بە شارەکەی خۆی بۆکان و تەنیا بە دێهاتی دەوروبەری ئەو شارە قەناعەتی نەکرد و چونکە بۆ ئازادیی کوردستان لەهەوڵدا بوو بڕیاری دا وەداوی خەونەکەی بکەوێ. لە ناوچەی هەوشارەوە بگرە هەتا سەرووترین بەشەکانی کوردستان کە ورمێ و ئەولاترە و خوارترینی کە سنە و کرماشانە کاک فەتاح خۆی تێدا تاقی کردوونەوە و لە تەنیشت هاوسەنگەرانی سەنگەری لێ گرتوون. لەو بارەوە تێکۆشەر ئێلخانیزادە دەڵێ:

تێکۆشەر ئێلخانیزادە هەڵگری کۆڵەبارێک لە خەم وفرمێسکی لەدەستدانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانیەتی. ئەو زۆر بە حەسرەت باسی شەهیدان دەکا و یەکجار ئەمەگدارانە وەبیریان دێنێتەوە. کاک فەتاح کە لە درێژایی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشاندا بۆتە دۆست و ناسیاوی سەدان قارەمانی مەیدانی بەرەنگاری و دەگەڵ بەشێکیان زۆر نیزیک و خۆمانە بووە، ناحەقی نییە ئەگەر بەدایم یادیان بکا و بۆ کۆچی نابەوەختیان کوڵی گریان بیگرێ. ئاخر ئەو ئینسانە و بۆ وەدەست هێنانی مافی ئینسان ڕاپەڕیوە و ئەوانەش کە بەجێیان هێشتوە دڵیان پڕ بووە لە عیشق بە ئازادیی ئینسان. ناوبراو نەک هەر بە لەدەستچوونی هاوسەنگەرانی لە مەیدانەکانی شەڕی بەرگریدا ناڕەحەت و خەفەتبارە، بەڵکوو یەکجار لەوە داخدارە کە ڕۆلەی کورد لە شەڕی خۆبەخۆییدا گیانی فیدا بووە و لە ڕێگایەکدا سەری داناوە کە کەس نازانێ بۆ؟ بەڵام کۆڵەباری قورس و گرانی کاک فەتاح هەر خەم و هەناسە ساری نییە. پەروەندەیەکی کە لە درێژایی ٣٠ ساڵ بەرەنگاریدا دروستی کردوە، حیکایەت لە مێژوویەکی بەنرخ و دەسکەوتێکی بەهادار دەکا. دڵی کاک فەتاح ئەگەر لە لایەک بۆ هاوسەنگەرانی شەهیدی لێ دەدا، لە لایەکی دیکە ئومێد و ئارەزووی تێدا قوڵپ دەدا و هەر دەم بۆ چوونە پێش و بەردەوام بوون هاندەریەتی. هەر ئەوەشە کە ٣٠ ساڵ خەمی خەڵک و خەمی ئازادی و خەمی دووری لە خزم و کەسوکاری بە شان داداوە و ئامادە نییە خۆی لەژێری دەرباوێ. کاک فەتاح ئێستاش نەک هەر هیوای بەرنەداوە و لە جموجۆڵ نەکەوتوە، بەڵکوو هەرئێستا وێڕای سەدان فەتاحی دیکە لە مەیدانی ئەسڵیی خەباتدا ماوەتەوە کە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بۆ وەدیهێنانی ئاواتی شەهیدان تێ

دەکۆشن و ڕێبازی پێشمەرگە درێژە دەدەن. کاک فەتاح لە سەرپەلیڕا دەستی پێکرد و هەتا پلەی فەرماندەریی هێز چووە پێش. بەڕاستی بەخشینی توانا بۆ درێژەی ڕێگای خەبات لەوە زیاتر؟

لە دنیادا زۆر بنکە و ناوەندی پێگەیاندنی ئینسانەکان هەن کە بە خەرجێکی زۆر و بەرنامەڕێژییەکی بەربڵاو کار بۆ پەروەردە و بارهێنانی لاوان دەکەن و دوایە تەحویلی کۆمەڵیان دەدەن. بەشێکی ئەساسی لە بەرنامەی ئەو ناوەندە ئاموزیشییانە کارکردن لەپێناو ئەوە دایە کە لاوان وا بار بێن لەسەر پێی خۆیان راوەستن و لە وەئەستۆ گرتنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا ترس دایان نەگرێ. من ئێستا کە بیر لە ژیانی پێشمەرگە و ئەرکی پێشمەرگە و رادەی هەست بە بەرپرسایەتیی پێشمەرگە دەکەمەوە، ئەو جۆرە ناوەندانەم زۆر چووک دێنە بەرنەزەر. زانستگایەک کە پێشمەرگە خۆی تێدا بار هێناوە، زانستگای ویژدان و خۆئاگاهییە. لەو زانستگایەدا «فەتاح»ە بێژمارەکان هەڵکەوتوون کە وشیارانە هاتوونە مەیدان و خالیسانە خزمەتیان کردوە. سەرکەوتنی بیری ئاوا شکهەڵنەگرە.

لە ژمارە ٦٩٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانیۆیری ٢٠١٧

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر خالید وەنەوشە




"شام" جەمسەری بە یەک گەیشتنی "ئاو" و "خاک:ە. لەشامدا ئاو وخاک بەجۆرێک دەستەملانی یەک بوون کەلێک جیا کردنەوەیان نەگونجە. هەوڵی بێ وچانی ئەو دوو جادووگەرەی ڕاگری ژیان لەو دەڤەرە، شاکارێکی دروست کردوە مەگەر خەیاڵ بتوانێ وەسفی بکا. ئەگەر لەدەشتی تەخت و بەرین وپڕ بەرەکەتی "شارویرا" ڕا لە"گۆلی ورمێ" بڕوانی، چاوت بەجەگەنزار وقامیشەڵانێک دەکەوێ کە وەک فەرشێکی مەخمەر ڕاخراوە. لەو شوێنەدا کە ئاو وخاک بەئەسپایی دەستیان دەملی یەک کردوە و لەژێر فەرشی مەخمەری دا خەویان لێ کەوتوە، بێ ئەژمار پەلەوەر و وردە گیانداری دیکە خەریکی هەڵفڕین وهاتوچۆن. لە"شام" دا لەلایەک باڵندەی هەمەجۆر خەریکی هێلانە دروست کردن وخۆساز کردن بۆ هێلکە کردن و پەرەدان بە نەسلی خۆیانن، لەلایەک دەریای مێش و مێشوولە شەپۆلان دەدەن و تۆفان وەڕێ دەخەن و لەلایەکیش ڕەوەی گورگ و دڕندەی دیکە بۆ تێر کردنی زگی برسییان بەدایم لەگەڕان دان. شام ئەگەر لەلایەک ژینگەی پەلەوەر و دڕندە ولەشکری مێشوولانە، ئەمینترین وبێ منەتترین پاڵپشتی پێشمەرگە وتێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کوردستانیشە. هەرکە پێی پێشمەرگە گەیشتەوە شام، ئیتر دەرگای ترس بەحەوت قفڵان دادەخرێ و زمانی پێوە کردن گوڵەی دەگاتێ. لەو قامیشەڵانە هەزار بە هەزارەدا ئەوەی حوکم دەکا تاقەتی مانەوە و بەربەرەکانی دەگەڵ هێرشی بێ ئەمانی مێشوولەیە کەجاری وایە لە گوللەی چەکی دوژمن پڕ ئێشترە. پێشمەرگە کە سەمبولی ڕاوەستان و خۆڕاگرییە، لەژێر ئەو تاقیکارییەش دا سەربەرز دێتە دەرێ.

گوتیان لەشوێنێک خەڵکی فێری نەتەوەپەرەستی دەکەن. زانیم کوێیە وخێرا خۆم گەیاندێ. لەسەر ڕێگام، لە

گەورە و چووک، لەژن وپیاو، لەکچ وکوڕ، یان پیرو لاو، هەرچی دیتم نوێنگەی بیری ئازاد و هەڵقولاوی دەریای خۆ فیداکردن بوون. ئەوان هەمووی بەپانەوە دەرسی کورد بوون وکورد مانەوەیان دەگوتەوە و لەو ڕێیەدا بۆ یەک چرکەش ڕاوەستانیان نەدەناسی. ها لەو شوێنە، وا لەو دەشتە کەدەشتی شاری وێرانە و "شارویران"ی ناوە، فێری ئازاد ژیان و ئازایانە خەبات کردن بووم. لەوێ مانای پێشمەرگە بوون و پێشمەرگە مانەوە فێر بووم و بڕیارم دا وەک داستانی قەت ون نەبوو بۆ نەوەکانی دواتری بگێڕمەوە. "شام" و "شارویران" دوو ناوی ئاشنای خەباتی پێشمەرگەن و لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەمێننەوە.

*****

پێشمەرگەی ئەمجارەی بەشداری "مێژووی زیندوو" توند و تۆڵ، گورج و گۆڵ، بە بڕشت و لەسەرلاقە. ئەو کاتانەی ئەو دەگەڵ پۆلی هاوسەنگەرانی دەشت ودۆڵ وچیا وچۆڵی کوردستانی دەپێوا وبۆ لەکار خستنی ماشێنی شەڕی دوژمن مەتەرێزی دەگرت، بەهرەمەند بوون لەو تایبەتمەندییانە زۆر پێویست بوو. ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانە دەبوایە چاو نەترس و خۆڕاگر بێ. پێویست بوو وردەی بەرز ولەشی ساغ وهەنگاوی سووک ودەستی تفەنگ گرتنی قورس و قایم بێ. ئەو هەروەها لەسەری بوو ڕازدار و بەڵێندەر وجێ بڕوا بێ. لەسەری بوو هاوڕێ خۆشەویست و خەڵک پەسەند ولە لای حیزبیش پەیامبەری شۆڕش و خەبات بێ. ئەوەی هەمووی ئەو سفەتانەی هەبان پێشمەرگەی مەیدانی پڕکارەساتی ئەو زەمانە بوو. "خالید وەنەوشە" ئەوە بوو کە هەبوو. ئەوە بوو کە پێویست بوو کە هەبێ.

تێکۆشەر خالید وەنەوشە کە لەڕاستیدا "ئەنوشە"یە و کوردێندراوە، بەرەبەیانیی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٤٢ی هەتاوی لەدەشتی شارویرای ناوچەی مەهاباد لەئاوایی "قەرەشلاغ" چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێناوە و وانەکانی ژیان یەک بەیەک فێر بوە. ژیان لەنێو منداڵانی لادێ و فێربوونی دەرسی نەترسی و چاوکراوەیی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی کوردپەروەردا ودواتر خوێندن لە قوتابخانەکانی شاری مەهاباد وئاشنا بوون بەفەرهەنگی خۆنەویستی ونەتەوە خۆشەویستی لەنێو لاوانی نەترسی ئەو شارەدا، هەمووی بۆی بوونەتە مایە ولەساڵەکانی دواتری ژیان و خەباتی دا کەڵکی لێ وەر گرتوون. کاک خالید لە دەورانی دەبیرستان دابوە کە شۆرشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کورد دەرفەتێکی زێڕینی بۆ وەدوا کەوتنی ئاواتەکانی وەگیر کەوت. هەر بۆیە ئیتر مەجالی زیاتری درێژەدان بەخوێندنی نەما وڕێگایەکی گرتەبەر کە ڕێبازی هەڵگەڕان بەرەو لووتکە بوو. لەو دەورانە دا مەیدان بۆ وەدی هاتنی خەونەکانی کە لەدیتنی تەرمی مراد شیرێژ و پێشتر لەویش دیبوونی، وەدی هات.

هەر وەک گوترا خالید وەنەوشە زادەی بنەماڵەیەکی کورد پەروەرە و گەورە بووی دەشتی شارویرانە. دەگەڵ لاوانی مەهابادی خوێندوویەتی، لەنێو کۆڕی ماندوویی نەناسانی هێزی پێشەوا دا لەدوژمن ڕاساوە و سەرئەنجام لە گۆرەپانی بەرینی کوردستان دا درێژەی بەرێگا داوە. لەو دەشتەی ئەو لێی گەورە بووە و فێری کوردایەتی کراوە نموونەی زۆری دیکە هەن کەقەڵەم لە تاریفیان دەستەوەستانە. خالید خۆی ناوی ئەو کەسانەمان پێ دەڵێ:

بەو ئەزموون ودەرسانەوە کەزۆر زوو وەسەر یەکی نان، خالید وەنەوشەی لاوی سەر زیندووی چوست وچالاک پێی نایە مەیدانێک کە "چوونە پێشی هەبوو، بەڵام گەڕانەوە نا". لەو کۆ بەرکێی مەرگ و ژیانە دا هەزاران خالید بەشدار بوون، زۆریان لەچوونە پێشدا پەیمانیان بردە سەر و گەڕانەوەیان نەناسی. ئەوان بەجەستە ون بوون کەچی هەروا لەبەر چاوانن. بەشێکیان لە درێژەی ڕێگادا کەم توانا کران بەڵام لەپێ نەکەوتن. دیارە بەشێکیش گرێوی چوونە پێشیان دۆڕاند و سەلماندیان ناتوانن ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا لینگ بدەن. خالید لەو کەسانەبوو کە ئێستاش هەروا بەرێوەیە و لەچوونە پێش ماندوو نەبوە. ئەو هەرچەند بەجەستە ماندوویە، کەچی مێشک ودڵی بۆ چوونە پێش هانی دەدەن وتینی وەبەر دەنێن. ٣٧ ساڵ خەبات و فیداکاری، ٣٧ ساڵ ڕێگا برین ولە کاروان بەجێ نەمان، ٣٧ ساڵ ئەم شاخ وئەو دۆڵ کردن دنیایەک ئەزموونی بەو تێکۆشەرە بەخشیوە و وای لێ کردوە وەک پۆڵا سەخت وخۆڕاگر بێ. لە هەموو ئەو ساڵە پڕکارەساتانەی خەباتی چەکداری و سیاسی دا خالید وەنەوشە دەگەڵ بووە و قەت بۆ تاکە چرکەیەک خۆی وەدوا نەداوە. ناوبراو ئەو کۆڵەی لەیەکەم ڕۆژەوە بۆ گەیاندنی کورد بەئاواتەکانی بە کۆڵی داداوە هەتا ئێستاش هەروا هەڵی گرتوە و شانی لەژێر لانەبردوە. لە درێژەی ئەو ٣٧ ساڵ خۆ ڕاگرییەدا تواناکانی کاک خالید باش دەرکەوتوون ورادەی لێهاتوویی ناوبراو خۆیان دەرخستوە. ئەو کە هەموو کوردستانی کردوە و دەگەڵ زۆر پێشمەرگە دۆست و نیزیک بوە و هەیە بەم جۆرە لە بەشداریی خۆی لەو مەیدانی خۆ تاقی کردنەوەیە دەدوێ:

"دنیای پێشمەرگایەتیی من بۆزۆر شتی سەیروسەمەرە دەگەڕێتەوە. لەزۆر شوێنی کوردستان ئەرک ووەزیفەی پێشمەرگایەتیم بەجێ گەیاندوە. بۆ نموونە لەمەهاباد و تەواوی ناوچەکانی سەربەو شارستانە، لەبۆکان وزۆربەی ناوچەکانی، لەنەغەدە وناوچەکانی، شنۆ و ناوچەکانی، پیرانشار وناوچەکانی، بەشێک لەناوچەکانی سەردەشت و ڕەبەت. بۆ مەئموورەیەتی حیزبی چوومە ناوچەکانی سەقز، مەریوان،بانە، سنە، دیواندەرە و کامیاران ڕۆیشتووم. لەزۆربەی ئەو شوێنانە جەولەی سیاسی و نیزامیم کردوە. لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری وەک سەرپەل و سەردەستە و فەرماندە لک، فەرماندە هێز، کادری سیاسی، ئەندامی کۆمیتە ناوچە، بەرپرسی ماڵیی کۆمیتە

شارستان، کادر و دواتریش بەرپرسی پێوەندییەکان، بەرپرسی ناوەند، بەرپرسی دەبیرخانە، بەرپرسی ئەمنیەت وگەلێک بەرپرسایەتیی دیکەم هەبوون. هەر لەباکوورەوە هەتا خوارووی کوردستان هەمووی گەڕوام و کاری حیزبیم لێ ئەنجام داوە.

خالید وەنەوشە ئەگەر بۆخۆی جەسوور وبێ باک وچالاک بوو، دەگەڵ سوارچاکانی بە ناوبانگیش هاونشین و هاوسەنگەر و هاوخەبات بوو. دیارە ژیان لەنێو کۆیەکی ئاوادا ورەبەخش و تواناهێنەرە. لەو کەسە گیانبەخش وخۆ نەویستانەی کاک خالید شانازیی هاوسەنگەر بوونیانی هەبوە وناویان لەمێژووی خەباتی کوردایەتی دا بە ئاوی زێڕ نووسراوە دەتوانین باسی کەسانێکی وەک: کاک هەژار، کاکە شوان، خدرە سوور، خدر کیسە، جەعفەری گووشوارە، محەممەد گووگە، چرچەی بارام میرزای، تاهیر جۆڵاکار، حاجی مەلابرایم رۆستەمی، کەریم ئەرسەنگ، سەید تەها ئیسماعیلی، سمایلی دامەنگیر، عومەر قەیتەران، عەلی پیرۆتی، برایم شێخاڵی، وەستا ئەحمەد کووهگەرد، قاسم باقی، ئەحمەد خزری، عەلی نازم حیکمەت، محەممەد زەنگەنە، و دەیان قارەمانی دیکە بکەین کە هەرکامیان لە مەیدانی خەبات دا ناو و ناوبانگێکیان هەبوو. ئەوانە و زۆری دیکەی وەک ئەوانەش پەیمانی خۆیان بردەسەر ولە درێژەی رێگادا قەت ئاوڕیان لەدواوە نەدایەوە. خالید وەنەوشە ٣ جار لەبەرەکانی خەباتی چەکداریدا بریندار بوە و بە خۆشییەوە ئەو برینانە نەیان توانیوە چۆکی پێ دابدەن.

تێکۆشەری شاروێرانیی لەدرێژەی رێگای خەباتکارانەی خۆیدا ژیانی هابەشی پێک هێناوە و خۆی گوتەنی ئەویشی بە خۆیەوە دەگژ ئەو خەباتە رۆکردوە. هەر بەڕاستییش مریەم خانمی هاوسەری کاک خالید لەو ژنانەیە کە لە پێناو ئازادیدا ڕەنجی زۆری کێشاوەو دڵساردی قەت ڕووی تێنەکردوە. مریەم خانم یەک لەو ژنە چاونەترسانەیە کە چەندجار بۆ بەچۆک داهێنانی هاوسەرەکەی زیندانی کراوە بەڵام بۆ یەک جاریش لە وەردان بە هاوژیانی غافڵ نەبوە.

لە ژمارە ٦٩٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٧

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ڕەحیم پەڕشەیی




ئێوارە درەنگانی سەرکانی، سرت و خورتی کیژۆڵان و باسی دڵداری و خەون و حەزەکانیان، لەو دیمەنە جوان و سەرنجراکێشانەی دێیە کە ئینسان لەباسکردنی تێر نابێ. هەرکە زەردەی خۆر لە کزی دەدا و تۆپە ئاگرینەکە بڕێک سارد دەبێتەوە، دەستەی نازدارانی گوند بە بیانووی هێنانی گۆزە ئاوێک ملی ڕێگا دەگرن وپاشان خۆیان لەدەوری ئاوە روونەکەی کانی دەبیننەوە. لەوێ باسی دڵداری گەرمە و هەر کیژی نەشمیلی قەد باریکی چاوڕەشی بەلەنجە ولارە کە خونچەی لێوەکانی بۆ هەڵڕشتنی بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی خۆی دەکاتەوە. یەک باسی قەول و قەراری خۆی دەگەڵ دۆستە کوڕەکەی دێنێتە گۆڕێ و بەئیشتیا بۆ دەستە خوشکەکەی دەگێڕێتەوە. یەک لە جێژوانی شەوی پێشووی و لەو خۆشییە دەدوێ کە بۆ یەک چرکە لێوی وەلێوی خۆشەویستەکەی کەوتووە. دووی دیکە لەولای گلەیی ئەوەیانە برا و باوکیان لەسەریان قاسیدن و ڕێگای دیتنی دڵداریان لێ بڕیون. ئەوان دەیانەوێ ڕێگای نوێ بۆ چوونە ژوان وەدۆزن. چەند جوانکیلەی دیکە لەوبەری کانی بە یەکەوە ڕاوەستاون و قاقای پێکەنینیان دەگاتە نێو ماڵان. ژمارەیەکی دیکەش لە کاتێک دا گۆزەکانیان پڕ کردوون و بڕێک لە کانی دوور کەوتوونەتەوە خەریکی باسێکی گەرم و زۆر نهێنین. هەرچەند ئەوانیش دڵیان بۆ ئەوینێکی قووڵ لێدەدا و گرفتاری ئەشقێکی شێتانەن، بەڵام باسی دڵداریی ئەو پۆلە کچە زۆر لەوانی دیکە جیاوازە. ئەوان باسی بەیەک گەیشتنێک دەکەن کە شوێن و کات و شێوەکەی لە سەر پەردەی دڵیان تۆمار کراوە و بە زمانی وەفاداری قفڵ دراوە. ژوانی ئەوان دیداری پێشمەرگەیە، ڕێگایان ڕێگای خەباتی پێشمەرگە و دامرکاندنی ئەشقی شێتانەیان بەدەستەوە گرتنی چەکی پێشمەرگایەتییە،... . ئەوە دوایین ئێوارە سەرکانیی ئەو پۆلە ئەویندارە بوو. دواتر ئەوان بۆ ژوانی خۆیان چوون

و لەو رۆژەشەوە سرتە و خورتەکانی سەرکانی مانایەکی دیکەیان پەیدا کرد.

هەستی خۆشەویستیی پێشمەرگە و تێکەڵاو بوون دەگەڵ دنیای پڕلە کارەساتی ئەو تێکۆشەرەی رێگای ئازادی بۆ ساڵانێکی زۆرە دڵ و دەروونی کچان و کوڕانی کوردی داگیر کردووە. ئەوینی گەیشتن بە مەقامی پێشمەرگە و خۆ تەیار کردن بەبیری پێشمەرگایەتی لەو ئەشقە پاکانەیە کە بە نەگۆڕی ماوەتەوە و دەستی ناپاکی هەوەس نەی گەیوەتێ. ئەوانەی گرفتاری ئەو ئەشقە دەبن قەت بۆیان نییە بیر لە بێ وەفایی بکەنەوە - شتێک کە لە نێو دڵداریی دیکەدا باوی زۆرە - . ئاشق بوون بە پێشمەرگایەتی، ئاشق بوون بە رەمزی فیداکارییە و ئەوانەی لەو قوتابخانەیەدا دەرسی ئەوین دەخوێنن هەمووی لە دەستچنەکانی کۆمەڵن. پێشمەرگەی ئەویندارى ئازادی بە دایم چاوی لە ئاسۆی سەرکەوتنە و بۆ گەیشتنیش پێی هەروا هەورازان دەبڕێ.

*****

"خەبات کردن بەبڕوای من وەک خواردن وهەوا پێویستە. وەک نوێژ کردن لەسەر کورد فەرزە". کە پێشمەرگە لە پێویستیی خەبات دەدوێ ئاوای باس دەکا. ئەوە خاڵی دەستپێکی قسەکانی تێکۆشەر رەحیم پەڕشەیی‌یە کە نەک هەر خەبات لەسەر کورد بە فەرز حیساب دەکا، بەڵکوو خۆشی شانی وەبەر دەدا و ئەوەی لەو رێگایە دا بۆی دەکرێ دەی کا. کەسێک ئاوا لە خەبات تێ بگا و بەو جۆرە گرینگییەکەی هەست پێ بکا چۆن لەپێناویدا ئارەق نارێژێ و شاخە و شاخی بۆ ناکا. لە مێژە گوتوویانە ئازادی بۆ ئینسان وەک هەوا پێویستە و هەر وەک چۆن نەبوونی هەوا ژیان دەخنکێنێ، نەبوونی ئازادییش دڵ دەمرێنێ و لەنەشەی دەخا. ئەوانەی لەپێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن هەوڵیان ئەوەیە رەوتی ژیانی ئینسان بەردەوام رابگرن و بۆ ئەوەش زۆرجار ناچارن لەژینی خۆیان بگوزەرێن. رەحیم پەڕشەیی یەک لەو هەزاران خەباتکارەی رێگای ئازادییە کە ئازایانە هاتۆوەتە مەیدان و لێبڕاوانە درێژەی بە خەبات داوە و سادقانە خزمەتی کردووە. ئەگەر کورد لەکەسانی وەک پەڕشەیی رێز دەگرێ لەراستیدا لەخەبات رێز دەگرێ و ئەوەش خۆی مانای رێزگرتن لە ژیانە.

ناوی رەحیم و شۆرەتی فەلاحی‌یە. بەڵام کەس نازانێ فەلاحی کێیە، کەچی ناوبانگی پەڕشەیی هەموو وڵاتی داگرتوە. لەگوندی پەڕشەی ناوچەی نمەشیری بانە و لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە دایک بووە. وەک زۆر منداڵی دیکەی دێهات هەرکە دەستی چەپ و راستی خۆی ناسیوە دەگژ کاری تاقەتبڕی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری رۆچووە و بەم جۆرە زۆر زوو لەشی بۆ خۆڕاگری خاراوە. پەڕشەیی لە لێڕەوار و لە نێو هەوراز و لێژی هەزار بە هەزاری



سەرچاوە
Serchawe

ناوچەکەی دا گەورە بووە و لە بەر سێبەری دارە بەن و مازوو و قەزوان و وێوڵ و شەکی حەساوەتەوە و تامی ترێ ڕەشەی ڕەزانی کردوە و بۆنی بە کاڵەکە بۆندار و بەتامەکانی دێمەکارەوە کردووە. لە هەڕەتی منداڵیەوە شانی وەبەر باری قورسی ژیان داوە و خۆی بۆ ڕۆژە سەختەکانی داهاتوو ئامادە کردووە. کوڕێک لەو ناوچە رام نەکراوەدا گەورە بووبێ و ئاوا زوو لەشی وەبەر باری قورسی ژیان دابێ و تاڵی و سوێریی لە رادەبەدەری چێشتبێ، زۆر سروشتییە دەگەڵ دنیای ترس بێگانە بێ و ئازایەتیی لێ بباریێ. رەحیم پەڕشەیی جگە لەکار و زەحمەتی ڕۆژانە و ژیان لە نێو شاخ و داخی رام نەکراو دا، شتی دیکەش وایان لێ کرد تەبعێکی سەرکێشی هەبێ و لەبەرامبەر زۆرداری دا وچان نەدا. ئەگەر سەدان لاوی گیرۆدەی ناوی شەریفزادە و ئازایەتییەکانی لەخۆشەویستیی ئەو ڕێگای خەباتیان گرتە بەر، رەحیم پەڕشەیی شانسی ئەوەی هەبووە لە نزیکەوە بیبینێ و سیمای شۆڕشگێڕانەی لە سەر دڵی بنەخشێنێ.

رەحیمی خولیای ناوی شەریفزادە و ڕێبازە پیرۆزەکەی، ئەو کاتە کە مەیدانی خەبات بە کراوەیی دەبینێ و توانای چەک هەڵ گرتن دەخۆی‌دا سۆراغ دەکا، سێ و دووی لێ ناکا و هەر وەک ئەوە کە خەبات بە بێ ئەو بە هیچ کوێ ناگا ملی لێدەنێ. ئەو هەر چەند کاتی چەک هەڵگرتنی منداڵکارە بووە و لە ئەزموونی شەڕی چەکداری بێ بەش، بەو حاڵەش چونکە خولیای خەبات کردن خانەکانی مێشکی تەنیوە توانای جیسمی و فکریی خۆی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە. تێکۆشەر پەڕشەیی لەناوچەی بانەڕا دەستی پێ‌کرد و هەر لەو ناوچەیەش درێژەی دا و هەتا ئێستاش هەر لەو مەڵبەندە خزمەت بە ئامانجەکانی شۆڕش دەکا. هەڵبەت بۆ مەئموورییەتی حیزبی ناوچەکانی سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد، بۆکان و رەبەت گەڕاوە و تواناکانی خۆی تێدا تاقی کردوونەوە. ئەو بە غرووری کوردانە دەستی پێ کرد، بە ئازایەتیی خۆی درێژەی دا و بەچەکی بیروباوەڕ خۆی تەیار کرد. لە درێژەی ئەو ڕێگا سەخت و پرکەند و لەندە دا کاک رەحیم وەستانی نەناسی، ترسی ڕێ نەنیشت و ڕاستە ڕێی بەرنەدا. هەر بۆیە ناوی ئەو تێکۆشەرەش وەک زۆری دیکە ڕازێنەری لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلەکەمانە و مایەی فەخر و شانازی.

کاک رەحیم پەڕشەیی، بۆیە نەبوو بەپێشمەرگە هەتا کات تێپەڕ بکا و منەت بەسەر خەڵک دا بکا. ئەو بۆیە بوو بەپێشمەرگە هەتا توانا و لێوەشاوەیی خۆی لە پێناو ڕێگایەکی پیرۆز دا سەرف بکا کە ئەلحەق کردیشی. هەر بۆیە دەبینین لە درێژەی کار و تێکۆشانی بێ وچانی‌دا ئەرکی قورستر دەبێ و بەرپرسایەتیی سیاسی و نیزامی پێ دەسپێردرێ. بە گشتی تێکۆشەر پەڕشەیی لە ماوەی تێکۆشانی بێ وچانیدا ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی

هەبوون: فەرماندەریی دەستە، جێگریی لک، فەرماندەریی لک، کادری سیاسی، ئەندامی کۆمیتەی شارستان و کادری کۆمیسیۆنی تەشکیلات.

تێکۆشەر پەڕشەیی هەر وەک چۆن بە دڵ و داو ملی لە خەبات نا و بە ئیمان بە رێبازی، ساڵە سەخت و پڕ مەترسییەکانی تێپەڕ کردن، ئێستاش سەنگەری تێکۆشانی بەرنەداوە و هەر وەک جاری جاران دڵی بۆ ئازادیی گەلەکەی لێدەدا و هەنگاوەکانی بۆ گەیشتن بە مەبەست هەروا قورس و قایمن. ئەو لە درێژەی ئەو ڕێگا دوور و پڕ هەوراز و لێژە دا گەلێ مەینەتی دیوە و یەکجار زۆر ماندوو بووە. چەکی دستی دوژمن ٥ جار لەشی پێکاوە و خوێنی لە جەستەی هێناوە، بەڵام وەک هەر قارەمانێکی دیکە ورەی بەرنەداوە و سەنگەری خەباتی چۆڵ نەکردوە.

ئازایەتی، چاونەترسی و لێبڕاوەیی لە دۆستانی هەرە نیزیکی پێشمەرگەن. بە پشت بەستن بەو هاوسەنگەرە خۆشەویستانەیە کە پێشمەرگە وەک ڕێڕەوی ماندوو نەبووی ڕێگای خەبات دەمێنێتەوە. هەرکە ئینسانێک بڕیار دەدا بۆ گەیشتن بەئامانجێکی پیرۆز ڕێگای خەبات بگرێتە بەر خۆ لەو تایبەتمەندی و سیفەتە بەرزانە نیزیک دەکاتەوە کە بۆ درێژەی ڕێگاکەی بە کەڵکی دێن. تەنیا بە بوونی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە دەکرێ ناوی پێشمەرگە بۆ کەسێک دیاری بکرێ. بێگومان ڕەحیم پەڕشەیی توانیویەتی لە پشتیوانیی ئەو هاوسەنگەرانە بەهرەمەند بێ.

لە ژمارە ٦٩٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٧

--------------------------------------------- ----------



سەرچاوە Serchawe

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئەحمەد نستانی




ئەو، یەکی کورتە باڵای دەم و چاو تێک چرماوی نێو چاوان پڕگنجی چاو دەقووڵەوە چووی برۆ بەسەر کشاوە. ئەوەندەی لەشی لاواز وباڵای کورت وهەورازی تەمەنی لەبانە، سەت ئەوەندە ورەدار وبەئیمان و لەسەر پێیە. ئەو کەسێکە دەگەڵ ئازار راهاتوە وساردی وگەرمیی رۆژگاری بە هەموو وجوودیەوە چێشتوە. هەرکە چاوت لێدەکا، بەخۆت نیە ئازای بەدەنت دەبێتە حورمەت و ناچاری لەبەرامبەر مەزنیی ئەودا سەر داخەی. شکڵی دەموچاو ومەندیی نیگای و ئوبووهەتی قەت نەگۆڕی، تایبەتمەندییەکیان داوەتێ کە لەخەڵکی دیکەیان جیا دەکاتەوە. برۆ پڕپشت و درێژەکانی بوونەتە چەتری سەرچاوی و لووتی چکۆلە ودەمی کەمتر بەبزەی رەمزی بەسامیی ئەون. قەت ناتوانی بەشلوشەوێقی بیبینی. ئەو، بەدایم پووزەوانە هەڵکێشراو، لیباسی رەسمی لەبەر کراو، جامانە لەسەر وخەنجەر لە بەرپشتێند، خەریکی درێژەدان بەو رێگا دوور و درێژەیە کە سەردەمانێکە بۆ گەیشتن بە ئازادی گرتوویەتە بەر. ئەو ئاشقە، بەڵێ ئەو بە هەموو مانای وشە ئاشقە. ئەو بەدایم چاوی لەو دوندەیە کە هەست دەکا خۆشەویستەکەی خۆی لێ حەشار داوە و هەربۆیە روو بەسەر و بێوچان خەریکی وەسەر کەوتنە. ئەوانەی بیانەوێ دەگەڵ رەمزی راوەستان لەبەرامبەر دژوارییەکاندا ئاشنا بن پێویستە ماوەیەک لەلای ئەو بمێننەوە و سات بەسات دەرسی ژیانی لێ وەرگرن. ئەگەر پێشمەرگە رەمزی نەترسی وئازایەتی و فیداکارییە، ئەو هەیکەلی نەزم و بەردەوامی و دڵسۆزییە. ئەگەر ژیان بۆ خەڵکی دیکە مانای دیتنی جوانییەکان وکەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی ئەم جیهانەیە، بۆ ئەو مانایەکی دیکەی هەیە. ئەو هاتوەتە سەر جیهان هەتا ماناکانی چێژ وەرگرتن بگۆڕێ. ئەو پیشمەرگەیەکی خەباتکاری قەت نەوەستاوی بە بڕشتە کە دایمە باوەشی بۆ خۆشەویستی کراوەتەوە.

سەیرێکی سروشت بکە و لەناسکیی و بۆنخۆشیی گوڵ بڕوانە کە چۆن دڵی پیر ولاو دەبا. ئینجا خۆڕاگریی دارەبەن بێنە بەرچاو کە چۆن بەنێو دڵی خاکدا چووەتە خوار. تەمەنی گوڵ بەستراوەتەوە بەخزمەت کردنی، هەرکە ڕۆژێک ئاوی نەگەیشتێ سیس و ژاکاو دەبێ. ڕەگ ئاژۆیی دارەبەن بەنێو دڵی خاک دا ڕەمزی بەردەوام بوونیەتی. سروشت پڕە لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی لەو جۆرە. ژیانی ئینسان کۆپییەکە لەوێنەکانی سروشت. ئەوانەی بە ناز گەورە دەبن وچاوەڕێی بەدەور داهاتنن ئەگەر بۆنیش بدەن کەم ماوەیە. ئەوانە کەدەگەڵ سەختی ڕاهاتوون و بۆ بەردەوامیی ژیان لەنێو دڵی خەڵکدا ڕەگیان داکوتاوە، بۆن و بەرامەیان هەموو وڵات دادەگرێ. پێشمەرگە کە وەک دارەبەن بەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندا ڕەگ ئاژۆیی کردوە تەمەنێکی درێژی پڕ بەرهەمی هەیە.

*****

لە مێژە خۆزگە و حەز و خولیای ئەوەمە لە ئەسراری خۆڕاگریی ئەو ئینسانانە حاڵی بم کە بێ پشوودان و چاوەڕوانی دەشت و دەری کوردستان دەپێون، تاڵی و سوێری دەچێژن، ئارەق دەڕێژن و خۆشی دەنێژن. زۆر دەمێکە هەڵوەدای ئەوەم بزانم بۆ "ئەحمەد نستانی" و تێکۆشەرانی وەک ئەو هەموو ژیان وتەمەنی خۆیان سەرفی ئامانجێک، ئاواتێک و ڕێگایەک دەکەن؟ دەمەوێ بزانم ئەوە چ تەلیسمێکە ئەوانەی بەستۆتەوە وچ ڕازێک لەپشتی ئەو جەسارەت و بڕیارە گرینگە هەیە. پێم خۆشە پەی بەوە بەرم بۆ هەموو کەس ناتوانێ ببێتە ئەحمەد نستانی و هۆی چییە لە کۆمەڵ دا کەمی ئاوا هەڵ دەکەون. گەرەکمە بە ناخی ئەو مرۆڤە کەم وێنانە دا بچمە خوار و خوێن و ئێسک و دەماریان تاقی کەمەوە هەتا جیاوازییەکانیان بدۆزمەوە. ئەگەر تواناى ئەوەم هەبایە دەمویست مەوجی ئیحساس وهەوەدای خەیاڵیان لە ژێر دەزگای تاقیکاریدا هەڵسەنگێنم و بزانم چۆن بیردەکەنەوە و بۆ ئاوا بیردەکەنەوە. داخی گرانم ئەوانە لەتوانای من بەدەرن و ئەوەی لەدەستم دێ کردنەوەی باوەشی خۆشەویستی وڕێزگرتن بۆ توانا و هەستی پاکی ئەو کەسانەیە.

پیری نێو سەنگەر و هەڵکەوتەی مێژووی پڕ کارەساتی خەباتی چەکداری، ماندوویی نەناس کاک ئەحمەد نستانی کەسێکە دەبێ دەرسی فیداکاری و بەردەوامیی لێ فێر بین. ئەو وەک دارە بەنەکە، وا بە نێو دڵی خاک دا ڕەگئاژۆیی کردوە کە ویشکە ساڵی و تۆفان و وەیشوومە زەفەریان پێ نەبردوە. ئەو، بە جۆرێک ژیانی خۆی بەستوەتەوە بە ئازادیی خەڵکەکەی کە لێک جوێ کردنەوەیان محاڵە. ئەو کارێکی کردوە کارستان و ڕێگایەکی پێواوە شارێگای ڕێگاکان. ئەو، گەیشتن بە ئازادیی کردوەتە ئامانجێکی نەگۆڕ وخەبات لەو پێناوەشیدا کردوەتە ئەرکی سەرشانی. ئەو، بەو بیرە دەرگای تێکۆشانی بۆ خۆی کردوەتەوە و هەر بەو بیرەشە کە دەیان ساڵە درێژەی

دەدا. با لە خۆی ببیسین:

"ئەوەی پاڵی پێوەنام خۆم لەو مەیدانەدا ببینمەوە، کوردایەتی بوو، لەو رۆژەوە تاکو ئیستاش ئەو رۆحییەتەم هەر تێدا زیندووە. مەبەستم رزگار کردنی گەلەکەم لە چەوسانەوە، لەژێردەستی و زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستانە".

ئەحمەد نستانی هێشتا تازە لاوێک بوو(ساڵی ١٣٣٩) کە وێڕای کاک عەبدول نستانیی هاوڕێی بۆ سەردان چوونە لای شەهید مینەشەم لە لای قەلادزێ کە ئەو کات ناوبراو پێشمەرگەی نێو سەنگەر بوو. لەوێ مینەشەم کاک عەبدولی گێڕاوەو بەهۆی کەم تەمەنی کاک ئەحمەدی ناردەوە. دواتر لە ساڵی ١٣٤١دا، کاک ئەحمەد چاوی بە تێکۆشەری شەهید کاک سولەیمان موعینی کەوت وبە رەسمی لەشانەیەکی ٥ کەسیدا سازمان درا. ئینجا ساڵی ١٣٤٣چەکی پێشمەرگایەتی دەشان کرد و ئیتر رۆح و گیان و هەست و هۆشی تێکەڵ ئەو حەرەکەتە بوو کە بۆ کوردایەتی و ئازادیی کورد وەرێ کەوتبوو. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەو ئینسانە بێ وچان بەرێوەیە وبێ پرینگانەوە لەهەوڵدایە. شانازی بۆ تێکۆشەر نستانی کەرەمزی راوەستان و بەردەوامییە.

لە گەڕان بە دوای لێون بوودا، تێکۆشەر نستانی ئەگەر لەش و جەستەی ئازار داوە و بیرو هۆشی ماندوو کردوە، بەڵام زۆر دەرسی لە بیر نەکراویش فێر بووە و لەهەر پلیکانێکی سەرکەوتن توێشووی خۆی هەڵگرتوە. ئەحمەد نستانیی ئێستا کە بەفری دەیان ساڵ خەبات و کۆڵ نەدان لەسەری نیشتوە، وەک مامۆستایەکی بە ئەزموون وایە کە پێویستە دەرسی ژیان و شۆڕش بڵێتەوە. ئەو بە کۆڵەبارێک لە تاقیکاری و بەدنیایەک لە زانیاری و بە دەریایەک لە ئاوات و ئارەزوو دەتوانێ تامی تاڵترین تاڵی و شیرینترین شیرینییەکانمان پێ بچێژێ. ئەو دەتوانێ دەگەڵ خۆی بمانباتە تەشقی ئاسمان و لەوێڕا رەنگاورەنگیی زەوی و ئینسانەکانمان نیشان بدا. ئەو هەروەها دەتوانێ شاخەو شاخ، دۆڵاودۆڵ، دێ بەدێ و شارەوشاری کوردستانمان پێ بکا و نیشانەکانی بەرخۆدانی پێشمەرگەمان نیشان بدا. کاک ئەحمەد هەروەها دەتوانێ مێژوویەکی سەرتاسەر پڕ لە فیداکاری بەڵام ئاوێتەی رەنج و زەحمەت و ئارەق و خوێنمان بۆ بگێڕێتەوە. ئەو، چاوی کامێرای تلویزیۆن، نووکی قەڵەمی هەواڵنیر و دەنگی رەسای رادیۆی شۆڕشە. ئەو کتێبێکە هەر لاپەڕەیەکی بەسەرهاتێکی تێدا تۆمار کراوە و کتێبخانەیەکە گەنجینەیەکی بایبداری تێدا راگیراوە. نستانی شاخێکە سەری لووتکەی بە هەورانەوەیە و دەریایەکە هەزاران شەپۆلی پڕ کەف و کوڵی تێدا کۆ بوەتەوە. ئەو پێشمەرگەیەکی قەت نەوەستاوی رێگای ئازادییە کە

مەگەر خاک لە خەڵکی بکا. سوپاس بۆ کاک ئەحمەد کە مێژووی خۆڕاگری و هاندانە.

کاک ئەحمەد ساڵی ١٣٤٣ بوەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٣٤٦ بەرپرسی بەشێک لە پێشمەرگەکان لە ناوچەی رەبەت بووە. لە بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ دا بەشدار بووە. ساڵی ٤٨ و ٤٩ ئەندامی کۆمیتەی بووژانەوەی حیزب بووە. ساڵی ٥٥ کەوتە زیندانی ریژیمی شا وحوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو کەدواتر لەهێرشی خەڵکدا بۆ سەر زیندانەکان ئازاد کرا. دوای سەرکەوتنی شۆڕش کاک ئەحمەد بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی و نیزامیی لەشوێنە جیاوازەکان پێ ئەسپێردراوە و هەمووشی بەوپەڕی لێهاتوویی‌یەوە ئەنجام داون. ئەو کاتانەی پێشمەرگەکانی ناوچەی رەبەت و سەردەشت رۆژ نەبوو ئاور لەسەر پشتی پەلاماردەران نەکەنەوە یەکێک لە فەرماندەرانی دیار و ناسراویان ئەو مرۆڤە وشیار و بەبەرنامەیە بوو.

باسی ژیانی خەباتکارانەی نستانی زۆر هەڵ دەگرێ. دوان لە نستانی وەک ئەوە وایە کە لە تووڕەیی ڕووبار بدوێی، جووڵەی شەپۆلەکانی دەریا بخەیە بەر دید، ئازاری دایکی رۆڵە لەدەست چوو باس بکەی، یان لەقووڵیی ئەو خەمە بدوێی کەمیللەتێک لەنەبوونی ئازادیدا هەڵی دەگرێ. ژیانی نستانی هەموو شتێکە: هەڵچوون و دامرکانە، بۆ پێشەوەچوون و گەڕانەوەیە، گریان و پێکەنینە، ڕق و خۆشەویستییە، هاوار و بێدەنگییە، شەڕ وئاشتییە و بەگشتی جەمسەری لێک گرێدانی دژ بەیەکەکانە. ئەمڕۆی کاک ئەحمەد، دوێنێی نەسلێکی گیان لەسەر دەستی هەڵوەدای رزگارییە. ریز گرتن لە ئەمڕۆی نستانی، وەفاداری بەو رێبازەیە کە کورد خەباتی بۆ دەکا. نستانی نوێنەری ئەو کاروانەیە کە دەمێکە وەڕێ کەوتووە و هەتا دێ پێوەی زیاد دەبێ. ئەو، هەر چەند ڕێگای زۆر بڕیوە بەڵام ماندوو نەبوە. ئەگەرچی لە هەورازی تەمەن چوەتە سەر، بەڵام هەست و ورە ودڵ و دەروونی باس لە رۆژەکانی سەرەتای ژیانی لاوەتیی دەکەن. ئەو، باڵندەیەکە سنووری نیشتن ناناسێ، شەپۆلێکە لەکوڵ ناکەوێ وئاگرێکە کوژانەوەی نیە. ئەو کە پێشمەرگەیە، غرووری نەتەوەیەک و رەمزی پایەداریی خەباتە. کاک ئەحمەد نستانی ئێستاش لەریزی خەباتکارنی دیموکرات دایە و هەروا هاندەری تێکۆشەرانی رێی رزگارییە.

لە ژمارە ٦٩٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٧

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر مراد ئەحمەدی




ماوەیەکی باش بوو ڕەنگ وڕووی ئاوایی‌یان نەدیبوو. هەموو، تێک قرماوی سیس هەڵگەڕاوی زگ بە پشتەوە نووساوی لێو ویشک هەڵاتوو بوون. ئەوەندە خۆیان بێرو بەوێدا کردبوو کەوش و لیباسی ساغیان بۆ نەمابووەوە. بەڕادەیەک بەدەوری خۆیاندا خولابوونەوە هەموو بەری پێیان قەڵشی دابوو. بەجۆرێک کەوتبوونە بەرپەلاماری بێ بەزەییانەی نەهامەتی خەریک بوو بە تەواوی بڕستیان لێ ببڕێ. لەنێو جەغزێکی وا تەنگەبەردا گیریان کردبوو کە هێندەی نەمابوو بەپانەوە تێدا بچن. لەو ماوە بەردرێژەدا هەرکات و سات شانۆی مەرگ و ژیان دەهاتە سەرپەردە و شانۆکارانی قاڵبووی ئەو هونەرە بەرزە هەموو جارێ سوپای مەرگیان تێک دەشکاند. ئەوان کە هاتبوون ژیان ببەخشن و خۆشی بۆ گەل بکڕن، ئێستا لەبەرامبەر هەڕەشەی مەرگدا و بۆ بەردەوامیی ژیان ڕۆحیان لەسروشت قەرز دەکرد و نەفەسیان لەهەوا بە ئەمانەت وەردەگرت. ئەوان خوازیاری ئەوە بوون زیاتر بژین بۆ ئەوەی باشتر خزمەت بکەن و زیاتر لە ئامانج نزیک بنەوە. یەک چرکە زیاتر ژیان، مانای زەمانێکی بێ ئینتیهای دەبەخشی و هەنگاوێک بۆ پێشەوە چوون و، دەروازەی جیهانێکی دیکەی بەڕوودا دەکردنەوە. ئەوان پۆلێک هەڵۆی تیژباڵ بوون کە داوی نەیار و هەڵکەوتی سروشت خەریک بوو ڕاویان بکا و لە هەورازی ژیان دایانگێڕێتە خوارێ. ئەوان دەستەیەک هەڵۆدای بیرێکی بەرین بوون کە لەدرێژەی گەڕان بەدووی لێ ونبوودا خەریک بوو بۆخۆیان ون بن و لەدنیای بوون بێ بەش. شانازی بۆ ئەوان کە ئەمجارەش گرەوی کێبەرکێیان بردەوە و چۆکیان بە هەڕەشە دادا و پشتی نەهامەتییان شکاند. ئاخرین پەردەی شانۆی مەرگ و ژیان لەدوا ئێوارە درەنگانی یەکەمین ڕۆژی دووهەمین حەوتووی سێهەمین مانگی دووهەمین وەرزی ساڵی بێ ئەژماری خەبات دا، بەرێژەی بەڕێز وەسەر کەوتنی ئەو پۆلە شانۆکارە پڕکارە و بەجێ هێشتنی مەیدانێکی پان و بەرین لە گۆشت و ئێسک و خوێن کۆتایی هات. هەرکە زەردەی

خۆر ڕەنگی نەما، گوندییەکان گوێیان لەزایەڵەی دەنگێکی هاوئاهەنگ و ڕیتمێکی بە نەزم بوو کە سروودی قەت نەوەستانی دەچڕی....

هەتا ئێستاش، نەکەس لەمانای ژیان دەگا و نەکەس بۆی هەیە لەڕازی مەرگ حاڵی بێ. هەرکەس بە کەیفی خۆی لێکیان دەداتەوە و لەو مانایانە دەگەڕێ کە بۆحاڵ و وەزعی خۆی دەگونجێن. ڕەنگە حاڵی بوونی پێشمەرگە لەماناکانی مەرگ و ژیان دەوڵەمەندترین و قووڵترینی ئەو مانایانە بن کە هەتا ئێستا بەدەستەوە دراون. پێشمەرگە دەیەوێ لە داری ژیان ئەوەندە میوە بەرهەم بێنێ کەبەشی هەموان بکا و بۆ ئەوەش بەو مەرامەی بگا خۆی زۆر ماندوو دەکا. کاتێکیش زانی داری ژیان میوەی هەموان نادا و تەنیا بۆ خاوەن دەسەڵاتانە، بەربینگی پێ دەگرێ و لەبەرامبەری دا ڕادەوەستێ. پێشمەرگە پێی وایە مردن ئەوەندە شتێکی بەسام نیە کە ئینسان نەوێرێ خۆی لێ بدا. هەر بۆیە هەرچەند دڵی زۆر بە ژیان خۆشە و وەدووی کامەرانیی گەل دەکەوێ، بەڵام هەرکات زانی پێویستە لەپێناو ژیاندا بمرێ لێی ناسڵەمێتەوە. ئەوە فەلەسەفەی ژیان وخەباتی پێشمەرگەیە. بۆ تاریفی ئەو وشانە، پێشمەرگە پێویستی بە نووسینی کتێب و لێکدانەوەی فەلەسەفە نیە، ئەو لەسەر عەرزی واقیع ڕاستیی ئەو مانایانە دەسەلمێنێ.

******

"من لەدایک بووی شاری نەغەدەم. لەم شارە بەداخەوە هەمیشە کێشەی نێوان ئازەری و کورد هەبوو. ئەوجار من کە زۆرم پێخۆش بوو بە پانتۆڵی کوردی بچمە مەدرەسە، هەموو جارێ بە چاوی تەحقیرەوە چاویان لێ دەکردم و بانگیان دەکردمە دەفتەر و وەک دادگایی دادگایییان دەکردم کە بۆ پانتۆلی کوردیت لە بەرکردوە؟. زۆرجاران لێیان دەدام تا ماندوو دەبوون یا شولکەیان تێدا دەشکاندم وزۆر جارانیش لە مەدرەسە دەریان دەکردم. ئەوە زۆری کاری تێکردم و منیش بەرِق داچووبووم و زۆرتر بە پانتۆلەوە دەچوومە مەدرەسە. شتێکی دیکە کە زۆری کار تێکردم لە تەمەنی مێرمنداڵیمدا کە ئەویش ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی بوو. لەم ڕۆژەدا سێ جەنازەیان هێنابووە نەغەدە و بەگوریس لە نێردیوانیان بەستبوونەوە و هێنابوویانە ژاندارمەری ئەوشارە و لەوێش ڕا بەگەڕەکی کوردەکاندا بە ماشێن دەیان گێران. ئەوانیش مراد شیرێژ و دوو هاوڕێی دیکەی بوون کە لەناوچەی پیرانشار شەهید کرابوون. من زۆر نارەحەت بووم بەدیتنی ئەم دیمەنە....". ئەوە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی فەرماندە "مراد ئەحمەدی"یە کە مێژووی زیندووی ئەمجارە بەسەری کردوەتەوە.

کورد بوون و لەشاری پڕ کێشەی نەغەدە دا ژیان کردن، بە لیباسی کوردی چوونە قوتابخانە و بەو تاوانە وەبەر لێدان و تێهەڵدان کەوتن، دەگەڵ کوڕە عەجەمان ڕق بەرقە و لە شەڕە گەڕەک دا لەشکر ساز کردن ، دیتنی تەرمی تێکۆشەرانی ڕێی ئازادیی کورد کە چۆن بێ ڕێزییان پێ دەکرێ، و زۆر شتی دیکەش مەعلوومە تۆفانێکی بەهێزت لەدەروون دا بەرپا دەکەن کە هەر کات و سات ئیمکانی خۆدەرخستنی هەیە. هەربۆیە مرادی کوڕە کوردی بزۆزی چاونەترسی شایی بەخۆ لە دەرفەت دەگەڕا هەتا بێتە مەیدان و ئەوەی بۆ ساڵان و بەناحەق لێی قەدەغە کرابوو وەدەستی بێنێ. مراد لە دایک بووی شاری نەغەدەیە. هەر لەمنداڵییەوە هەستی بە نابەرابەری و ئازاری میللی و مەزهەبی کردوە. ئەو کوڕێکی وشیار و چاو نەترس و شایی بەخۆ بووە. قەت مانای ترسی نەزانیوە و لە پێناو دیفاع لە حەق، مایەی زۆر لە خۆی داناوە. بزۆزی و عەجوولی و شەڕەگەڕەک و ڕاوەستان لە بەرامبەر منداڵە عەجەمەکان لە تایبەتمەندییەکانی بوون و لەو هەڵلا و گرمانە دا زیاتر وەک سەر دەستەی لایەنی کوردی نەخشی گێڕاوە.

مرادی خوێندەوار کە بەزانیارییەوە خۆی تێکەڵی خەباتکاران کرد، هەر لەسەرەتاوە بڕیاری دا چەند شت بکاتە پڕەنسیپ بۆ هەڵس و کەوت و تێکۆشانی خۆی: نەزم وەک جەوهەری کار و چالاکی حیساب بکا ولە هیچ هەلومەرجێکدا لەبیری نەکا. بەرنامەرێژی و دیققەت لەهەڵبژاردنی ڕێگا وەک سەرچاوەیەکی گرینگی سەرکەوتن بە حیساب بێنێ و دایم لەبیری بێ. ڕێزگرتن لە خەڵک و بایەخەکانی کۆمەڵ وەک ئوسوولی پێشمەرگایەتی ببینێ و بیپارێزێ. لەو بوارەدا بەتایبەت گرینگیی زۆر بەڕێزگرتن لەو شتە داوە کە پێی دەگوترێ "ناموس". مراد هەروەها لە جەنگەی کار و تێکۆشانی بەردەوامیدا تەنیا گرینگیی بە بواری سیاسی و نیزامیی مەسەلەی کورد نەداوە و ویستوویەتی بوارە کۆمەڵایەتی و هونەری و سروشتییەکانیشی بخاتە بەر دید و شتیان لێ فێر بێ. ئەوانەی مراد ئەحمەدی بناسن دەزانن لەجەنگەی خەباتی زۆر سەختی چەکداریدا ناوبراو هەمیشە دووربین بە شانەوە ئامادەی وێنەگرتن لەسروشتی کوردستان و ڕووداوە سەیر و دەگمەنەکان بوو. وای لێ هاتبوو کە وێنەکانی ببوونە سەرچاوەیەکی زانیاری و لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی ڕا داوای لێ دەکرا ڕێگا بدا بکرێنە پۆستێر و بڵاو بکرێنەوە.

لە تایبەتمەندییە سەیرەکانی کاک مراد لەبواری کار و چالاکی و چۆنیەتیی هەواڵ وەرگرتن و بەدوادا چووندا ئەوە بوو کە وەک هی کەس نەدەچوون. بۆ وێنە ئەو شتانەی بۆ ئەو زۆر گرینگ بوون لە لای خەڵکی دیکە بە هێند وەرنەدەگیران. با بزانین خۆی لەو بارەوە چیمان پێ دەڵێ:

"دەبێ بە ڕاشکاوی بڵێم شێوەکاری من دەگەڵ گشت کادر و فەرماندەکانی حیزب جیاواز بوو کە ڕەنگە پێت سەیر بێ. ئەوکات خەڵک و ئەندامان وابار هاتبوون کە هەموو شتێکیان دە شەڕ دا دەدی. بۆ وێنە هەرکەسێکت دەدی و لێت دەپرسی خەبەر چییە، پێی دەوتی دوێنێ یا فلان ڕۆژێ لە فلان شوێنەوە شەڕ بووە. من هەموو جارێ دەمگوت بابە بۆ خۆمان دەشەڕەکە دابووین و دەزانین دەسکەوت و زیانەکانمان چ بوون خەبەری دیکەم پێ بڵێ. دەیان گوت وەڵا هیچ خەبەری دیکەم نییە. یانی وا بار هاتبوون هەر شەڕ بۆ وان خەبەر بوو. من هەواڵم لە کەسانێک وەردەگرت کە کارم لە گەڵ دەکردن و بارم هێنابوون. هەرشتێک ڕووی دابا دەبوو بە وردی ئاگادارم کەنەوە. فەڕزەن لە شار بۆ من ئەوە خەبەر بوو کە ئەوڕۆ فەرماندار چی گوت یا ئیمام جومعە و کەسایەتێکانی دیکەی حکوومەتی چیان وت، دەنگۆ چ بوو دەناو شاردا، لە مەدرەسەکان و دامودەزگاکانی حکوومەتی چی ڕووی داوە و چ ئاڵوگۆڕێک کراون. هێزەکانی ڕێژیم حەرەکەتیان و ئاڵوگۆڕیان چ بووە و بەرەو چ مەسیرێک چوون و چەندی و چۆنییان. یا کێ منداڵی بووە وکوڕە یا کچە، تەسادوفات و ئاگر کەوتنەوە چ بووە و هۆی چ بوو. شەڕوناکۆکیی ناو خەڵک و ئاواییەکان و زۆر شتی دیکە بۆ من خەبەر بوون. یا بۆ کاری نیزامی هەمیشە هەوڵم ئەوە بوە کە هەڵسەنگێنم کە لە چ شوێنێک و چ کاتێک عەمەلیات بکرێن کە دەنگدانەوەی سیاسیی زۆرتر دەبێ و دوژمن زیاتری پێوە هەراسانە و غافلگیرە...."

بەو هەموو حیساب و کتێبە پاکە و ئەو گشت تایبەتمەندییە بەهێزە، دیارە تێکۆشەرێکی وەک مراد ئەحمەدی هەر دەبوو پلەی بچێتە سەر و نەخشی کلیلی لە کردنەوەی دەرگاکاندا هەبێ. تێکۆشەر ئەحمەدی لە ماوەی دەیان ساڵ خەبات و خۆڕاگریی خۆیدا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان هەبوون:

ئەندامەتیی یەکیەتیی لاوان، ئەندامەتیی کۆمیتە شارستان هەیئەتی ئیجرایی لە پیرانشار، فەرماندەری لک، فەرماندەری هێز و بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستان. جگە لەوانە کاک مراد بۆ مەئمووریەتی تەشکیلاتی و نیزامی بۆ زۆر ناوچەی کوردستان سەفەری کردوە و ئەزموونێکی زۆری وەسەر یەک ناوە،

هەتا تیشکی خۆر بۆ زاڵ بوون بەسەر شەوەزەنگی تاردا بەڕێوەیە، مادام هاتنی بەهار مزگێنیی زاڵبوون بەسەر سەخڵەتیی زستانمان دەداتێ، چونکە شەپۆل لە دەریا نابڕێ و هەوریش بێ باران نابێ، لەبەر ئەوەی دار بێ گەڵا و گوڵ بێ بۆن و گڵ بێ پێز مانای نییە، هەتا کاتێک کەوتن هەیە و هەستانەوەش بە دوویەوە، مادام ژیان بەڕێوەیە و هەنگاوەکان بۆ پێشەوە ڕێگا دەبڕن... شک نیە خەبات بۆ ئازادییش درێژەی دەبێ و خەباتکارانی

زیاتریش دێنە ئەو مەیدانی پڕ لەشانازییە. دەبا مراد ئەحمەدیەکان تاوێک بحەسێنەوە چونکە ڕێگایان درێژەی هەیە.

**لە ژمارە ٧٠١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧**

---------------------------------------

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر خدر میراوەیی




هەردووک لاقی بە جووت بە گوریسێکی زبر لێک بەسترابوون و گوریسەکەش لە ئاڵقەیەک گرێدرابوو کە بە بەری میچەوە قایم کرابوو. هەردووک دەستیشی بە لەتکە قایشێکی قایم لەلای پشتیڕا بەجۆرێک لێک بەسترابوون کە توانای هیچ تەکان و جووڵەیەکیان نەبوو. لەشێکی ڕووت، پێستێکی شەقار شەقار و سوور هەڵگەڕاو، وەک جۆڵلانە ئەملاو و ئەولای دەکرد. خوێن تنۆک تنۆک لەبەری پێیڕا فیشقەی دەکرد و ئینجا بەرەوخوار بۆ لای سەری چۆڕاوگەی دەبەست و پاش ئەوەی مووی سینگ و سەری جوان جوان دەخووساند، دڵۆپ دڵۆپ دەڕژایە سەر عەرزی. وێڕای خوێن، تنۆکە یەک لە دوای یەکەکانی ئارەقەی لەشی کە بەهۆی گەرم و شێدار بوونی دیوەکە پەیتا پەیتا دەهاتنە خوارێ، هەرکە دەکەوتنە سەر برینەکان وەک چزووی مار تێیان ڕادەچوون و دەیان برژاندنەوە. هەرجارەی سەری بۆ لایەک ڕادەژا، بە سیلەی چاوە دەخوێندا شەلاڵ بووەکانی جووتێک لاقی دەدیتن کە دەنێو پۆتیندا لە تەنیشتی ڕاوەستابوون. دەگەڵ چاو پێکەوتنی هەر جووتە لاقێک، قامچییەک وەلەشی دەکەوت و شریخەی لێ هەڵ دەستاند. ئەو قامچی لێدان و جۆڵلانە پێکردنە ئەوەندە دووپات دەبوەوە هەتا وای لێ دەهات چاوەکانی ئیتر تەنیا تارماییەکیان هەست پێ دەکرد و لەشی خوێناویشی سڕسڕ دەبوو. هەتا خوێن زیاتر چۆڕاوگەی دەبەست و پێست سوورتر هەڵ دەگەڕا، لەش لاوازتر و تاقەت کەمتر دەبوو... بڵێسەی تینی ئاگرێک کە لە دەروونی ئەو ئینسانەدا داییسا ئەوەندە بەهێز بوو کە ئازاری دیوی دەرەوەی لەشی لە بیر دەبردەوە. ئەو کە ئەزموونی خۆڕاگری شاخی هەبوو ڕاوەستانی لە بەرامبەر جەلاددا بۆی وەک ئاو خواردنەوە وابوو. هەر بۆیە هەرچەند هێزی گوڕاندنی نەمابوو بەڵام ئەوەندەی کە لێوی دەبزووتن ماناکانی ئەم دەرسی خۆڕاگرییەیان زەمزەمە دەکرد کە دەڵێ:

"وەرە جەللاد!

وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم.

ئەتۆ جەللاد!

ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،

ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکوژی گشت عەزیزانم،

بە وەڵڵاهی،

بە خاکی پاکی کوردستان،

ئەمن کوردم قەتیش نائێم پەشیمانم.

----------------

وەرە جەللاد!

وەرە ئەی خوێنمژی بەدکار!

دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار

ئەوە شانازییە بۆ من،

بەوەی ناکوژی ئیمانم،

ئەوە سەربەرزییە بۆ من". (شاعیری کۆچکردوو مامۆستا عەلی حەسەنیانی - هاوار)

*****

کێ هەیە ناوی بە هەیبەتی پێشمەرگە ببیسێ و چرۆی خۆشەویستی لە باخچەی دڵیدا نەپشکوێ؟ چ کەسێک دەتوانێ قەڵای داگیرنەکراوی غیرەتی پێشمەرگە ببینێ و سەری نەوازیشی بۆ دانەنوێنێ؟ کام دوندی سەرکەش هەیە پێشمەرگە ڕووی تێ کردبێ و فەتحی نەکردبێ؟ کێهە بڕیاری گرینگە پێشمەرگە دابێتی و بۆ جێبەجێ کردنی فیداکاری نەکردبێ؟ دەتەوێ دەریایەکت لە ئازایەتیی پێشمەرگە بۆ باس بکەم؟ گەرەکتە دەرگای دنیایەکی نوێت لە چۆنیەتیی ژیانی سەربەرزانە بەڕوودا بکەمەوە؟ داوام لێ دەکەی پێشمەرگەت پێ بناسێنم؟ کەواتە گوێم بۆ بگرە و دەگەڵ من بۆ ناسینی "خدر میراوەیی" ڕوو لە دوندی سەربەرز بکە.

"... بە مەسئولیەتەوە دەتوانم بڵێم کە هیچ دەروێشێکی هیچ شێخێ بە قەدەر ئێمە بە ڕێبازەکەی وەفادار نەبووە،



سەرچاوە Serchawe

لێرەدا دوو نموونەتان بۆ باس دەکەم:

ساڵی (١٣٦٢) لەگەڵ خێزانم (زارا قادرزادە) ژیانی هاوبەشمان پێکهێنا. ئێوارەکەی کە خێزانمیان لێ مارە کردم گوتیان مەفرەزە دەچێتە ناو شاری سەردەشت. گوتم منیش دەچم. هاوڕێیان زۆریان هەوڵدا لەگەڵم، بەڵام سوودی نەبوو. شەهید "محموودە دۆڵ" کە فەرماندەی لک بوو هاتە لام و گوتی: "خدر گیان تۆ ئەمڕۆ ژنت مارە کردوە و نابێ بچی بۆ جەولە، کورە ئابڕووت دەچێ خۆ کاکی خۆم لەسەر تۆ پەکمان نەکەوتووە". گوتم هەر دەچم چۆن مەفرەزە بچێتە شارو ئەمن لەگەڵ نەبم ناکرێ خولاسە چووم.

هەر لە ساڵی (١٣٦٢) مەفرەزەمان لە باساوێ بوو. لە بووبانەڕا کە ناوەندی لکی لێ بوو بێسیمیان کرد کە خدر بنێرنەوە دایک و بابی هاتوون. گوتم با لەوێ بمێننەوە تاکوو مەفرەزە دەگەڕێتەوە جا ئەوکات دەچم بۆ لایان. چەند ڕۆژێک تێپەڕی کە چوینەوە بۆ بنکە دایکم و باوکم چووبوونەوە و ساڵی دواتر (١٣٦٣) باوکم کۆچی دوایی کردو نەمدیتەوە، ئێستاشی لەگەڵدابێ لەبیرم ناچێتەوە و لەسەر دڵم بوەتە گرێ".

ئەوە تەنیا پەردەیەک لە شانۆی ژیان و خەباتی پێشمەرگەیە کە تێکۆشەر میراوەیی هەر لە سەرەتاکانی دەست پێکردنیدا خووی پێ گرتوە و وەک ئەسڵ قبووڵی کردوە. میراوەییش لەخۆڕاگریدا چیایەکە و لەفیداکاریدا دەریایەکی پڕ شەپۆل.

کاک خدر میراوەیی لەو کاتەوە دەستی داوەتە چەکی دیفاع و ڕێگای خەباتی سەربەرزانەی پێشمەرگایەتیی هەڵبژاردوە قەت راوەستانی نەناسیوە و دەرگای وچانی نەکردوەتەوە. ڕەنگە هەموو شاخ و ڕەوەز و بن پرد و سەر ڕێگا و نێو جەنگەڵ و سەرکانی و پاشان پیر و لاو و ژن و پیاوی ناوچەکانی سەردەشت هەرکام جارێک و چەند جار سیمای خدری هەڵکەوتەیان دیبێ و ئێستاش لە دەفتەری بیر و زەینی خۆیاندا ڕایان گرتبێ. تێکۆشەر میراوەیی لە درێژەی کاری بەردەوام و خەباتی بێ ئەمانیدا دەگەڵ دەیان ناوداری دیکەی ئەو ڕێبازە ئاشنا بووە و وێڕای ئەوان و لەپەنا ئەوان لە دوژمن ڕاساوە و زۆر جار چۆکی پێ داداوە. کاک خدر کە لەدایک بووی میراوێی سەردەشتە و لە هێزی بە هێزی گیاڕەنگدا زۆربەی ماوەی ژیانی خەباتکارانەی تێپەڕ کردوە، بەڵام ئەوە بە مانای ئاشنا نەبوونی بە ناوچەکانی دیکەی کوردستان نییە. لیستێک کە میراوەیی لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سازی کردوە کە هەموویان لە دۆستان، هاوسەنگەران و ناسیاوانی بوون، سەر لە دەیان کەس دەدا کە

سەر بە ناوچە جۆراوجۆرەکانن.

تێکۆشەر میراوەیی لە کاری یەکیەتی لاوانڕا دەستی پێ کرد و ئینجا لە ڕێکخراوی ناوچە و دواتر هێزی نیزامی‌دا درێژەی پێدا. لە ساڵی ١٣٥٨ەوە هەتا ١٣٦٨ هەر لە ناوچەکانی سەردەشت ماوەتەوە و پلە نیزامییەکانی یەک بە دوای یەکدا. هەتا جێگری فەرماندەری هێز بڕیوە. ساڵی ١٣٦٨ نەقڵی هێزی کێلەشین لە ناوچەی شنۆ کراوە و ئەرکی فەرماندەری لک و دواتریش فەرماندەری هێزی بەڕێوە بردوە کە هاوکات ئەندامی کۆمیتەی شارستانیش بووە. ساڵی ١٣٧٢ ڕەوانەی ناوچەی ڕەبەت کراوە و بەکاری تەشکیلاتییەوە خەریک بووە. دواتر لە ساڵی ١٣٧٥ دا ڕەوانەی ناوچەی مەهاباد کراوە و دوای پێک هاتنی ناوەندی ٢ی کوردستان وەک ئەندامی ئەو ناوەندە و بەرپرسی بەشی ئەمنییەتی کاری کردوە.

ماوەیەکی دووروودرێژ ڕەنج کێشان و خۆ ماندوو کردن لە پێناو ئامانجێکدا کە ڕەوا و پیرۆزە، کاک خدر میراوەیی نەک هەر لە پێ نەخستوە، بگرە بەتەواوی قاڵی کردوە. ئێستا خدر میراوەیی سیاسەتمەدارە، گەلاڵە دارێژە، ڕێکخەر و تەشکیلاتییە، موبەلیغ و مامۆستایە. دەیان ساڵ مانەوە لە سەنگەری بەرگری و بە گژ دوژمن چوندا ئەو ئینسانەی بە جۆرێک ڕاهێناوە کە ئازارەکانی کۆمەڵ باش بناسێ و لە زمانی دەردەداران تێبگا. هەر بۆیە هەتا ئێستا کۆڵی نەداوە و هەروا بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێ هەتا لە ئامانج نیزیک و نیزیکتر دەبێتەوە. ناوبراو لە تەمەنێکی هەرزەکاری‌دا و بە دەستی بەتاڵ پێی نایە مەیدان، بەڵام لە زانستگەی شۆڕشدا هەگبەی خۆی پڕ کرد و باوەشی بۆ هەموو زانیاری‌یەکان کردەوە.

تێکۆشەر خدر میراوەیی نموونەی ئینسانی بەهەڵوێست و لەخۆبوردوویە. کوردستان بەخۆشییەوە زۆر میراوەیی دیکەی هەن کە هەموو ئازا و بەجەرگ و بێ باکن. مێژووی بەرگریی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە پڕە لە سیمای ناسراوی وەک کاک خدر و لیپا و لیپە لە ئینسانی خاوەن بەهرە و هەڵوێست. ئەوانە هەمووی خەزێنەی نەتەوەیی ئێمەن و کورد بەوانەوە پشتی قایمە. بەرهەمی ڕەنجی خدر میراوەیی هەرچەند هەتا ئێستا پێ نەگەیوە بەڵام بێگومان ڕۆژێک کورد سوودی لێ دەبینێ. میراوەیی ئەوەی بۆ وەبەر هێنانی باغی ژینی کورد لەدەستی هاتوە کردوویەتی و هەر ئێستاش خەریکە. کەسێکی ئاوا جێگای ڕێز و تەقدیرە و شیاوی وەرگرتنی میداڵی سەرفیرازییە. سەربەرزی بۆ خدر میراوەیی و سەرکەوتن بۆ خەباتە ڕەواکەی.



سەرچاوە
Serchawe

لە ژمارە ٧٠٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ڕەحمان ئیبڕاهیم زادە(شۆکە)




قرچە قرچی گەرمای نیوەڕۆیە لە جەنگەی شەڕێکی قورس و بەربڵاو لە دەشتێکی پان و بەرین و تەخت دا پڕیشکی گوللەی خۆمپارە لاقێکی لە چۆکی ڕا لێوە کرد. بێ ئەوەی بخەجڵێ بە ئاغا بانۆکەی سەری پێچایەوە و تفەنگەکەی کردە دار شەقە و دەخۆی نووسا هەتا لە ڕیزی پێشەوەی شەڕگەکە دوور کەوێتەوە. خوێن وەک کانی هەڵ دەقوڵی و نەرم نەرم بە لکی ئاغابانۆکەدا چۆڕاوگەی دەبەست. هیچ چاری نەبوو، یان دەبوو خۆی دەرباز بکا یان ڕاوەستێ هەتا ئاخر دڵۆپی خوێن لە لەشی دەچۆڕێ. جارێک بە زگەخشکە و جارێک بە شەلە شەل خۆی گەیاندە ماڵێکی قوڕین لە نێو باغێکی سێو دا. خۆی و شانسی تەنیا کەسی جێ ماو لە ماڵەکە، ژنێکی بە ساڵدا چووی سارد و گەرمیی ڕۆژگار چێشتوو بە هانایەوە هات. شێرە ژن بێ ئەوەی هات و هاوار وەڕێ بخا بە پەلە ڕۆنێکی زۆری دە مەنجەڵێک کرد و لە سەر ئاگرێکی خۆشی دانا. هەرکە ڕۆن جوان قرچ بوو، لاقی پەڕیوی گرت و خستیە نێو مەنجەڵەکە. لاق لە نێو مەنجەڵ دا چززەی لێ هەڵ دەستا و کاکی پێشمەرگەش جوان جوان چاوی لێ دەکرد. کارجوانیی شێرە ژن و غیرەتی لە بن نەهاتووی پێشمەرگە پێشی کانیی خوێنیان گرت و مرۆڤێکیان لە مەرگ ڕزگار کرد.

"خاک"، ڕیشەی "دار" دەخۆی دا جێ دەکاتەوە، نان و ئاوی دەداتێ، لە سەرما و گەرما دەی پارێزێ و تینی وەبەر دێنێ لق و پۆپ دەربکا و بەر بێنێ. "خەڵک"، "پێشمەرگە" لە ماڵی خۆی دا دەحەسێنێتەوە، خواردنی دەداتێ، نازی دەکێشی، دەرمانی دەکا و بۆ بەرەنگاری ڕەوانەی مەیدانی دەکا. دار، بە بێ خاک ڕیشە ناکا و کە ڕیشەش



سەرچاوە
Serchawe

نەبوو بەژن ناگرێ. بەبێ بەژن، دار لق و پۆپ ناکا و بەر ناهێنێ. پێشمەرگە، بێ خەڵک سەرگەردانە و هێزی بەرەنگاریی نییە. خەڵک پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەیە و پێشمەرگەش زامنی درێژی خەباتە.

***

ئەوانەی داخوازانە بڕیاری بەڕێوەبردی کاری گەورە و گرینگ دەدەن هەموو هەوڵیان ئەوەیە بە باشترین شکڵ و شێوە بە ئەنجامی بگەیەنن. بۆ وان تەمەن و ڕادەی زانیاری و ئەزموونی ڕابوردوو گرینگ نیە. ئەوەی لای ئەوان گرینگیی دەنوێنێ ئیرادە و نواندنی غیرەت و ئیدامە کارییە. کاک ڕەحمان شۆکەش ئەلحەق بەو تەمەنە کەمە و بەو ناپوختی و بێ ئەزموونییەی خۆیەوە هەر کە پێی نایە مەیدان نیشانی دا کوڕی ڕۆژی تەنگانەیە و جێگای باوەڕی هاوسەنگەرانیەتی.

ڕاستی من نەم دەزانی خەباتی چەکداری چییە و نە دەشم دەزانی چەکم بۆ چی هەڵگرتووە. نەشم دەزانی بەرهەمی خەباتی من دەبێتە چی و تەنانەت نەم دەزانی سەرنجامی ئەو ڕێگا سەخت و دژوارە بەرەو کوێم دەبات. بەڕاستی ئەو کات مەگەر خوێندەوارەکان و دەستەیەکی کەم لە کۆمەڵانی خەڵک نەبێ نەیان دەزانی خەبات و بەرخۆدان چیە. بەڵام ڕق و کینەی پەنگ خواردوویان لە کار و کردەوەکانی ژاندەرمەو ئەمنییەکانی شای گۆڕبەگۆڕ ئەوانی بەرەو کۆڕی خەبات و بەرخۆدان هاندابوو ."

زۆر لاوی کورد بە کچ و کوڕەوە لەو قۆناغە گرینگەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پێش ئەوەی لە سەر لاپەڕەی کتێبەکان وەدوای شێوەکانی خەبات بکەون و هەوڵی ئەوە بدەن وەزعی کوردستان دەگەڵ تیئۆرییەکان ڕێک بخەن، قۆڵی هیممەتیان هەڵ ماڵی و لە مەیدانی کردەوە دا دەرسی چۆن ژیان و چۆن خەبات کردن فێر بوون. ئەوان هاتن هەتا ڕێگا نەدەن چیدیکە پیاو و ژنی کورد بکرێتە ئامرازی کایەی نێردراوانی حکوومەت و هیچی دیکە تۆزی نائومێدی و بێ هیوایی لە ڕوخساری دایکان و باوکان بنیشێ. بەڵێ ئەوان هاتن و باشیش هاتن. ڕەحمان شۆکە و هەزاران لاوی دڵگەرمی وەک ئەو بێ ئەوەی لە سەر نیمکەتی زانستگاکان فێری زانستی تێکۆشان ببن، لە نێو سەنگەرەکان و لە سەر دوندی چیاکانی کوردستان فێری خۆڕاگری و ڕاوەستان بوون.

کاک ڕەحمان خەڵکی گوندی بەردە سپیانی ناوچەی سەردەشتە. گوندێکی ١٤ ماڵی و خاوەنی ٧ شەهید. سەردەشت و دێهاتی ئەو دەڤەرە کانگای خەباتی نەتەوەیی و خەزێنەی بیری وشیار و دەریای پڕ شەپۆلی خۆڕاگرییە. هیچ نامۆ

نییە ئەگەر کەسانی وەک شۆکە لەو مەڵبەندە پێ بنێنە مەیدان و ئاگر لە سەر پشتی بەکرێگیراوانی دوژمن بکەنەوە.

کە دەڵێم مەڵبەندی سەردەشت مەکۆی خەبات و تێکۆشانە هەڵەم نەکردوە. سەیر کەن گوندێکی ١٤ماڵی دەبێ چەند پێشمەرگەی بووبێ کە ٧ی شەهیدی داون. لەو مەڵبەندە پێشمەرگە پەروەرە کاک ڕەحمانەکان کەم نەبوون کە لە پێناو ئازادیی نەتەوەکیان دا ژیانی پڕ مەترسی بەڵام سەربەرزانەیان هەڵبژارد و بەشێکی زۆریشیان وەک ئەو حەوت کەسەی بەردەسپیان گیانی خۆیان فیدا کرد.

تێکۆشەر ڕەحمان شۆکە لەو ڕۆژەوە پێی نایە مەیدانی خەبات و ناوی پێشمەرگەی بۆ دیاریی کرا، هەتا ئەو کاتەی بە پێچەوانەی مەیلی خۆی و بە ناچاری ڕێگای هەندەرانی گرتە بەر، قەت جارێک ناهومێدی ڕووی تێ نەکرد و بۆ ساتە وەختێک لە تێکۆشان نەوەستا. ناوبراو یەک لەو تێکۆشەرانەی گەل بوو کە هەر چەند بۆ خۆی گوتەنی تەنیا لە کلاسی "پیکار با بیسوادی" دا کەمێکی دەرس خوێندبوو، بەڵام لە ڕیزەکانی پێشمەرگە دا وای خۆ پێ گەیاند کە هەم بوو بە فەرماندەرێکی لێهاتووی نیزامی و هەم وەک کادرێکی لێزانی سیاسی دەناسرا. تێکۆشەر ڕەحمان شۆکە لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا ئەم بەرپرسایەتییە نیزامی و سیاسییانەی وەئەستۆ گرتووە: "سێ ساڵ پێشمەرگەی سادە بووم. ساڵێک بەرپەرسی ماڵیی دەستە. ساڵێک جێگری پەل و ساڵێک فەرماندەری عەمەلیاتی دەستە. دوو ساڵ کادری دەرمانی. دوو ساڵ کادری ناوچەی ئالان و بازار بووم. دوو ساڵیش ئەندامی کۆمیتەی شارستان. هەروەها دووساڵ سەرلکی لکەکانی یەک و دوو لە هێزی گیارەنگ. لە سەریەک ١٤ ساڵ پێشمەرگە بووم و یازدە ساڵ بەر پرسایەتیم هەبووە ."

بە تێڕامان لە ژیان و بەسەرهاتی پێشمەرگە، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێ. سەرسوڕمان لەوە کە چ هێزێک پاڵ بەو تێکۆشەرەوە دەنێ ئاوا خۆڕاگر بێ و هەتا ئەو ڕادەیە فیداکار. باسی شەهیدەکان ناکەم کە لە فیداکاری دا دەگەنە ئەوجی بەخشندەیی و هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە هەتا پیشکەشی بکەن. باسی ئەوانەش ناکەم کە لە مەیدانی نەبەرد دا یەک یان چەند ئەندامی لەشیان لە دەست داوە و بۆ هەمیشە لە چێشتنی تامی ژیانێکی ئاسایی بێ بەش بوون. بەڵام زۆریشن ئەوانەی کاک ڕەحمان ئاسایی هەر لە جەنگەی خەبات دا خۆشەویسترین کەسانی خۆیان لە دەست داوە و بۆ هەتا هەتایە داخی دووریی ئەوان لە سەر دڵیان بۆتە گرێ.

لە خوێندنەوەی داستانی ژیانی تێکۆشەر ڕەحمان ئیبراهیم زادە دا مرۆڤ دەتوانێ دەرسی زۆر فێر بێ. جگە لە فیداکاری و ماندوویی نەناسی و غیرەت و چاونەترسی، کاک ڕەحمان خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی باشی دیکەشە کە بێگومان ئەویان کردۆتە ئینسانێکی تایبەت. بۆ نموونە هەستی بەرپرسایەتیی ئەو مرۆڤە بەرامبەر هاوژینەکەی جێگای ئافەرینە. کاک ڕحمان کاتێک بڕیاری بەجێ هێشتنی سەنگەری پێشمەرگایەتیی دا، بۆخۆی هیچ گیروگرفتێکی نەبوو. نە لە شۆڕش ماندوو ببوو، نە تووشی ناهومێدی و دڵەڕاوکە ببوو، نە دەگەڵ بەرپرسان تووشی گرفت هاتبوو و نە هەوای ژیانی دەرەوە لەسەری دابوو. تەنیا شتێک کە ئەو خەباتکارەی هان دا بڕیارێکی ئاوا بدا، نەخۆشیی شەریکی ژیانی بوو کە لەوێ چارە نەدەکرا. ئەوەش دیارە بە پاداشی ئەو هەموو خزمەتە لەبیر نەکراوە بوو کە خاتوو "خونچە"ی تێکۆشەر بە پێشمەرگەی کردبوو.

پاش ساڵانێک لە سەنگەر دا مانەوە و خۆ بێر و بەوێ دادان بۆ خزمەتی زیاتر، ئێستا تێکۆشەر ڕەحمان ئیبراییم زادە بە خۆی و بنەماڵەوە لە وڵاتی سوئیس نیشتە جێیە. تێکۆشەر ڕەحمان شۆکە لەو ماوەیەش دا کە لەو وڵاتە دەژی نەک هەر خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادیی وڵاتەکەی لە بیر نەکردوە، بەڵکوو زۆر شێلگیرانە و ماندوویی نەناسانە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی تێ دەکۆشێ. ناوبراو هەم لە پێشمەرگایەتی دا نیشانی دا دەتوانێ کەسێکی بە سوود بێ و هەم لەو وڵاتەش کە لێی دەژی لە کاروان بە جێ نەماوە، چونکە هەم زمان فێر بوە و هەم کاری باشی وەگیر خستوە.

ڕێز گرتن لە مەقامی پێشمەرگە نابێ پابەند بە هەلومەرج بێ و گۆڕانی دەور و زەمان ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێنێ. سیاسەت دەتوانێ تووشی گۆڕان بێ، بەڵام کەسایەتیی پێشمەرگە نەگۆڕە. ئەوانەی تەنیا یەک ڕۆژ لیباسی پێشمەرگەیان پۆشیوە و لە سەنگەری بەرگری دا سیلەیان لە دوژمن گرتوە، خۆشەویستی هەتا هەتایین. تێکۆشەر ڕەحمان شۆکە یەک لەو خەباتکارانەیە کە کارنامەیەکی زێڕینی بۆ خۆی تۆمار کردوە و نازناوی هەمیشە پێشمەرگەی وەرگرتوە.

لە ژمارە ٧٠٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی کاک کەریم سەقزی




کاتێک لە بەرزایی لووتکەڕا شۆڕ بوونەوە، خۆر خەریک بوو لە کەلەپۆ ئاوابێ. هەتا دەهات نووری ڕۆژ کز و کزتر دەبوو و بەرگێکی مەیلەو ڕەشی بە لەشی ئاسمان دا دەکرد. باریکە ڕێگای داگەڕانیان گرت و بەڕیز شۆڕ بوونەوە. قورس و قایم، توند و تۆڵ و دڵ پڕ لە هیوا بوون. ئەوان ڕێبواری ڕێگایەیکی سەخت و پڕ هەڵەموت، بەڵام پر لە سەروەری بوون. دڵیان بۆ خەڵکێک لێی دەدا کە چاوی لەوان بوو. ئەوان بڕیاری هەدا نەدان هەتا سەرکەوتنیان دابوو. لە پێناوی حەقدا بە دژی ناحەق ڕاپەڕیبوون و بۆ گەیشتن بە ڕۆژی ڕوون، شەقیان لە شەوی تار هەڵدابوو. دەگەڵ هەڵێنانەوەی هەر هەنگاوێک، دڵیان بە داهاتوو هیوادارتر دەبوو، هەر بۆیە جار دەگەڵ جار باوی لاقیان خۆشتر و ڕێگای ڕۆیشتنیان ئاسانتر دەبوو. ئەوان نەدەخەوتن بۆ ئەوەی خەڵکەکەیان خەوی خۆشی لێ نەشێوێ. ئەوان مۆمێک بوون دەسووتان بۆ ئەوەی شەوی تاریکی گەل ڕووناک راگرن. ئەواند دەستەیەک پێشمەرگەی گیان فیدا بوون کە خۆیان گەیانبووە نێو جەرگی دوژمن و دەیانەویست خەوی لێ بتارێنن.

هەرکات باس لە پێشمەرگە دەکرێ سیمای مرۆڤێک دێتە بەر چاوم کە لە پۆڵا سەختتر، لە چیا بەرزتر و لە هەڵۆ تیژباڵترە. هەتا ناوی پێشمەرگە دەبیسم موچوڕکم بە لەشدا دێ و لە ڕەمز و ڕازی چۆن ژیان و چۆن مردنی سەرم سوڕ دەمێنێ. ئەوەندی بە باسی پێشمەرگە ورە دەگرم و دەحەسێمەوە، بە هیچ باسێکی دیکە ئارام ناگرم. خۆزگە باس و خواسی پێوەندیدار بە چۆنیەتیی خەبات و شێوەی بەرەنگاری و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە دەبوو بە دابێکی کوردانە و وەک مەجلیسی حەکایەت گێڕانەوەکانی قەدیم حەماسە خوێنی تایبەتی بۆ پەیدا دەبوو. بریا

ناوی پێشمەرگە و داستانە لە بن نەهاتووەکانی خەباتی پێشمەرگە دەبوو بە کولتووری گشتی. ئای چەندە حەز دەکەم بەدگۆیی لە پێشمەرگە و خەبەتەکەی ببێتە تاوان و خەتێکی سووری بۆ دابندرێ. ئەگەر ئالا رەمزی بوونی وڵاتمانە، زمان نیشانەی بوونی نەتەوەمانە، خەباتی پێشمەرگەش هۆی ڕاوەستان و خۆڕاگریمانە. کەوابوو هەموویان وەک یەک پیرۆزن.

*****

بەشداری بەڕێزی ئەمجارەی مێژووی زیندوو سیمای ناسراوی زیاتر لە سێ دەیە خەبات و خۆماندوو کردنە. ئەو کۆڵێک خەمی نەتەوەکەی لە شان کردوە و بڕیاری داوە هەتا سەر مەنزڵی ئاوات دای نەنێ. ئەمجار تێکۆشەری ناسراو، فەرماندەی ڕۆژە سەختەکانی خەباتی پێشمەرگە و کادری لێزانی بواری تەشکیلات و چەند جار ئەندامی رێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کاک کەریم سەقزی بۆمان دەدوێ و قەترەیەک لە دەریای پڕ شەپۆلی خۆراگرییەکانی خۆی و هاوسەنگەرانیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

کاک کەریم هەرچەند بە دڵخواز خەباتی چەکداری هەڵ نەبژارد بەڵام کاتێک ناچار بوو ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر، چاکی دەست پێ کرد و لێبڕاوانە درێژەی دا. ناوبراو بە تەمەنی کەمی شازدە ساڵیەوە پێی نایە نێو مەیدانی خەبات و هەتا ئێستاش لێی ماندوو نەبووە و بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی هەروا هیواداره. ئەو ڕێگایەکی گەلێک سەخت و ناهەمواری بڕیوە، لە زۆر هەڵدێران بازی داوە و زۆر جار هەتا سنووری مەرگ هەنگاوی هەڵێناوە. با بزانین بۆ خۆی چۆنمان بۆ باس دەکا:

"غەیری گیانی خۆم و ئینرژی و تەمەنی جەوانیی خۆم هیچی دیکەم شک نەبردوە بۆ خزمەت. ئەمن لە ڕێی شۆڕش دا ئامادە بووم گیانیشم ببەخشم بە شەرتێک نەتەوەکەم ئاسودە بێ. ئەمن پێنج جار لە پیشمەرگایەتی دا بریندار بووم کە سێ جاریان بە شاهیدیی ڕەفیقەکانم و ئەگەر کەسانێکیش ئەو بەسەر هاتەی من بخوێننەوە دەزانن کە لە مەرگی حەتمی گەڕاومەتەوە".

کە دەڵێم پێشمەرگە لە پۆڵا سەختترە لۆمەم مەکەن. کە دەڵێم ناوی پێشمەرگە ورەم پێ دەبەخشێ درۆ ناکەم. چاو لی بکەن بزانن ئەو مرۆڤە، ئەو کوڕە کوردە، ئەو تێکۆشەرە چ ماوە بۆ کورد و کوردستانی بکا؟ پێنج جار لەشت کون کون بێ و سێ جاریان مەرگ لە یەک هەنگاویی ژیانت چاوەڕێ بێ چۆن تاریف دەکرێ؟ زیاتر لە سی

ساڵی باشترین کاتەکانی تەمەنت بۆ خزمەت بە شۆڕشی کورد تەرخان بکەی ئیدی چ دەمێنێ بیدەی؟ ئەمنێکی کلۆڵ کە ئەو بەسەراهاتانە دەخوێنمەوە دەبێ چ هەستێک دام بگرێ و چ ڕێزێک بۆ ئەو ئینسانە دابنێم؟ بەڵێ کەم نەبوون کەریم سەقزییەکان کە لووتکە و دۆڵ و پیدەشتی ئەم ولاتەیان تەخت کرد، برسی و تینوو مانەوە، هیلاک و شەکەت بە ڕێگاوە چاویان چوو دەخەوەوە، بە ڕۆژ و شەو دەسەنگەر دا مانەوە و تەکانیان نەخوارد، مەرگی هاوسەنگەر و ڕەفیقی خۆشەوستیان بە چاو دیت و ناچار بوون تەحەمولی بکەن.

داستانی ئەوانەی بوونەتە پێشمەرگە و لە جەنگەی خەبات دا ئەزموونیان وەسەر یەک ناوە و دوایە گەیشتوونەتە پلەی بەرزی فەرماندەری جێگای لێ فێر بوونە. تێکۆشەر کەریم سەقزی لەو کوڕە بە جەرگ و ئازایانەی کوردە کە لە سیفرەوە دەستی پێ کرد و بوو بە فەرماندەیەکی بەناو بانگی هێزی پێشمەرگە.

کەریم سەقزی خەڵکی ناوچەی کوردپەرەوەری سەقزە. سەقز و دێهاتی دەور و بەری زۆرترین قوربانییان پێشکەشی بارەگای کۆماری کوردستان کرد و هەر لەو کاتەشەوە قەت تێکۆشان بۆ ئازادی لەو مەڵبەندە ڕانەوەستاوە. با بزانین کاک کەریم لەو بارەوە دەڵێ چی: "خەڵکی ناوچەی سەقز چ پێش ئینقلابی ئێران و چ لە جەرەیانی ئینقلاب دا و تەنانەت لە دەورانی کۆماری کوردستانیش دا زۆر تێکۆشەر و چالاک بوون. زۆربەی قوربانییەکانی دەورانی کۆمار خەڵکی ئەم ناوچەیە بوون. یانی ئەگەر ئێمە ئەوکاتی لە کوردستان بیست شەهیدمان دابێ، لەوانەیە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی سەقز بن".

گرینگیی ژیان و هەڵدانی کەریم سەقزی دەوەدایە بە تەمەنی کەم و خوێندەواریی کەمترەوە ڕووی کردۆتە مەیدانی خەبات، بەڵام ئەو مەیدانەی کردۆتە قوتابخانە و خۆی تێدا بار هێناوە. گرینگیی خەباتی کەریم سەقزی دەوەدایە کە ئەزموونی باشی لێ وەرگرتووە و لەو باخە ڕەنگاوڕەنگەی پێیدا تێپەڕ بووە گوڵی بۆنخۆشی زۆری چنیون. ئەو، تەنیا شەڕکەرێکی چاو نەترس نەبووە، بەڵکوو خوێندکارێکی چاو کراوەی مێشک ئاوەڵاش بووە کە ویستوویەتی ئەزموونەکانی ژیان و خەبات هەرچی زیاتر وەسەر یەک بنێ. هەربۆیەش ئەو کەریم سەقزییەی ساڵی ٥٨ کە پێی ناوەتە نێو مەیدانی خەبات پاش چەند ساڵ دەبێتە فەرماندە و ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە ڕێنوێنی و سەرپەرستی دەکا. لە کاک کەریم دەپرسم لە چەند شوێنی کوردستان خزمەتی کردوە کە وەڵام دەداتەوە:

"ئەمن سەرەتای پێشمەرگایەتیم لە ناوچەی سەقز دەست پێ کرد. با بڵێین پێش شەڕی سێ مانگە و بەشێک لە



سەرچاوە
Serchawe

شەڕی سێ مانگە. ناوچەی دووهەم کە کاری پێشمەرگایەتیم تێدا کرد شارستانی سەردەشت بوو. نیزیک بە ساڵێک و یەک، دوو مانگ لە ناوچەی سەردەشت بووم. دوای ئەوە ناوچەی بانە بوو کە کاری پێشمەرگایەتیم تێدا کرد. دەتوانم بڵێم نیزیک بە دە ساڵ لە ناوچەی بانە ماومەتەوە. ناوچەی چوارەم ئەگەر حیساب بکەین، ناوچەی بۆکان بوو کە دیارە دووبارە جارێکی دیکە چوومەتەوە ناوچەی سەقز و لەوێ کاری پێشمەرگایەتیم کردوە". کاک کەریم جگە لە فەرماندەریی هێزی پێشمەرگە، بەرپرسیاەتیی سیاسیی کۆمیتە شارستان و کاری ماڵی و دیپلۆماسییشی پێ ئەسپێردراوە و بە گشتی هەموو توانا و ئیمکانی خۆی بۆ خزمەت بە خەبات و شۆڕش تەرخان کردوە کە ئێستاش بەردەوامە.

تێکۆشەر کەریم سەقزی بە ئەزموونی دەیان ساڵ خەباتی بێ وچان و وەسەر یەک نانی خەرمانێک دەرسی فەرامۆش نەکراو، ئێستا کە پێی ناوەتە چلەکانی تەمەنی بە شیوەیەکی دیکە هەوڵی ڕزگاریی گەلەکەی دەدا. ئەو وێڕای سەدان هاوخەباتی خۆی قەڵای دێمۆکڕاتی کردۆتە ناوەندی تێکۆشان و لەوێوە بەرنامەی کاری دوارۆژی دادەڕێژێ. کاک کەریم ئێستا لە ناوەندی کارە دیپلۆماسییەکانی حیزبەکەی دایە و خەریکی کۆکردنەوەی دەنگی زیاترە بۆ پشتیوانی لە خەباتە ڕەواکەی. هەروەک خۆی دەڵێ بێگومان هەرکات حیزبەکەی پێویستی پێی هەبێ دیسان ئامادەیە لە مەیدانی خەباتی ڕوودەر ڕوودا بەرگری لە گەل و وڵاتەکەی بکا.

ژیان چیە؟ هاتنێک و گەشتێک بە نێو دنیای دەوروبەردا و پاشان چوونێکی ئەبەدی. ئەوانەی ژیان دەکەنە کەرەسەی خزمەت و ئەو گەشتەی خۆیان بۆ کاری باش و خزمەتی زۆر تەرخان دەکەن، ناویان بەرزە و یادیان بەڕێزە. پیشمەرگە لە پیشەوەی ئەو ناوانەیە کە بە بەرزی دەمێننەوە چونکە گیان لە سەر دەستە. بێگومان ناوی کەریم سەقزی لەو ناوانەیە کە بە چاکی یاد دەکرێ و بەڕیزەوە بە زمان دا دێ. تەمەنی درێژ و ژیانی خۆش و لە خزمەت بە گەل و وڵاتەکەی دا بەردەوام بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# پاش مەرگی تێکۆشەر عەبدوڵلا شێنانی




نازانم کێ تاوانبارە: خۆم، زەمان، مەودا، ڕاسپاردە، دەوروبەر، دوکتۆر و دەرمان، ئەجەل یان خودا؟ من نازانم. ڕەنگە خۆم لەهەموان تاوانبارتر بم کە سستی و تەمبەڵی بڕستیان لێ بڕیم و لە کارێک کە دەبوو لە مێژ بایە کرابا وەپاشیان دام. قەت ناتوانم داخی ئەوە نەخۆم کە بۆ ئەو کارەم نەکرد و لە قیسم دا؟ بۆ پەلەم نەکرد و زوو وەخۆ نەکەوتم؟ بۆ هەرەوەزم ساز نەکرد و ئەرکم پێ نەسپاردن؟ بۆ پەنام بۆ کەسانی دەوروبەر نەبرد و داوای هاوکاریم لێ نەکردن؟ ئەو کەسەی دەبوو ناوی بەرزی لەڕیزی ناودارانی مێژووی زیندوو بایە، بەداخەوە زووتر جێی هێشتین و مێژووی زیندووی بە سەغیری هێشتەوە.

تێکۆشەری ماندوویی نەناس، پێشمەرگەی خۆشەویست و کار لێهاتوو، فەرماندەی بەوەج و قابیل، کادری وشیار وجێ بڕوا، کەسایەتیی ناسراوی کورد و ئەندامی چالاکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کاک عەبدوڵا شێنانی لە یەکەم کەسانی جێ مەبەستی من بۆ بەشداری لە مێژووی زیندوودا بوو. زۆر ئۆگری ئەوە بووم بتوانم پەی بە ڕازی توانایی و کارناسی و مودیرییەتی ئەو ئینسانە بەرم. یەکجار دڵم پێوە بوو قەڵەمم بە وەسفی ئەو زاتەدا بێتە خوار و خاڵ بە خاڵی شاکارەکانی تۆمار بکا. دنیایەک ئاواتم بوو زمانی گێڕانەوەی سەربوردە و ژیانی ئەو کەسایەتییەم هەبێ. خۆزگەم دەخواست لەزمان خۆیەوە گوێبیستی قارەمانەتی و فیداکارییەکانی بام و ئینجا بۆ ئێوەشم گێڕابانەوە. هیوام وابوو دەگەڵ شێنانی شاخ و داخی کوردستانم کردبا، سەرم لەشار و گوندان دابا، لەسەنگەردا مابامەوە و دەستم لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ ڕاگرتبا، پێشمەرگەم ڕێنوێنی کردبا و تەرح و بەرنامەم



سەرچاوە
Serchawe

بۆ دارِشتبان، هاوسەنگەری بریندارم دەباوەش گرتبا و بۆ مەرگی قارەمانان فرمێسکم ڕشتبا، هەڵم کوتابایەتە سەرسوپای دوژمن و ڕاوم نابان. بەکورتی مەبەستم ئەوە بوو بەشێک لەمێژووی خەباتی سەختی پێشمەرگەم لەزمان ئەو خەباتکارەوە تۆمار کردبا و وەک دیارییەکی گرانمایە پێشکەشی ئۆگرانیم کردبا.

شێنانی بە جەستە بەجێی هێشتین و ڕووحی سووکی بۆ ئاسمان فرِی. ئێستا لەشێک کە دەورانێک بەزمی دەگێڕا و نەزمی پێک دێنا، سارد و بێ جووڵە ڕاکشاوە. دڵێک کە زەمانێک بۆ خەبات و تێکۆشان لێی دەدا، ئێستا کرِو مات لێی خەوتوە. ئینسانێک کە سەردەمانێک شێری مەیدان و سەرقافڵەی کاروان و سوارچاکی هەڵسووڕان بوو، بێ هەست و خوست لەنێو تەنگەبەرایی گۆڕێک بۆی ڕاکشاوە. شێنانی بە هەموو فیداکاری و خۆماندوو کردن و هەڵسووڕانی چەندین ساڵەیەوە ڕۆیشت و ماڵ ئاوایی لە ئۆگرانی کرد. ئەو هات، دەستی دایە چەک، پێی نایە مەیدان، دەوری گێرِا و قۆناغ بەقۆناغ چوە پێشێ. ئەو کاری کرد، تێکۆشا، زەحمەتی کێشا و ئارەقەی ڕشت. هەستا، ڕابوو، لەدوژمن چۆ پێشێ و سەنگەری لێ گرت و هەتا یەک هەنگاوی مەرگ ڕۆیشت. ئەو هیچ نەما بۆ ئازادیی گەلەکەی نەیکا و هەرچی لەدەستی هات و بۆی کرا خالیسانە و بێ چاوەڕوانی نایە خزمەت ئامانجەکانی. ئەو خەڵکی ویست و خۆی نەویست. ئێستا جەستەی شێنانیمان لێ ونە و ڕووحییشی فرِیوە. ئەوەی لەو ئینسانە بۆمان ماوەتەوە دنیایەک رێز و خۆشەویستی و قەدرزانی و ئەمەگدارییە.

شێنانی لەو فەرماندەرانە بوو کە بە باشی خۆی پێ گەیاند. پلە بە پلە و بە لیاقەت و کارلێهاتوویی خۆی چوە سەرتر. لە پێشمەرگایەتی ڕا دەستی پێ کرد و هەتا فەرماندەیی هێز هەڵکشا. زۆر ناوچەی کوردستان گەڕا و لەزۆر شوێن بەرەنگاری سوپای دوژمن بۆوە. سەری بە هەزاران ماڵدا کرد و لەسەدان گوند قسەی بۆ خەڵک کرد. سەدان پێشمەرگەی بار هێنان و فێری کردن چۆن خزمەت بە گەل و نیشتمان بکەن. ئەو نەمرە ناوێکی ئاشنا بۆ خەڵک، فەرماندەرێکی وشیار بۆ پێشمەرگە و کادرێکی زانا بۆ حیزبەکەی بوو.

ڕاستییەکەی ئەوەیە لەمێژ بوو هەوڵی ئەوەم بوو بتوانم بەشی تێکۆشەر عەبدوڵا شێنانی دەمێژووی زیندوو بخەم. لەو بارەوە هانام بۆ دۆستێکی بەڕێزیش برد و تەنانەت بە تەلەفۆن دەگەڵ خودی کاک عەبدوڵا و هاوسەری بەووەفاشی قسەم کرد و قەراری وەدەستهێنانی زانیارییەکانیمان دا. بەڵام شتەکە وەدوایە کەوت و سروشتی بەدفەڕ ئەو مەجالەی پێ نەداین لەو زانیارییانە کەڵک وەرگرین. لەو بارەوە من خۆم زۆری خەفەت لێ دەخۆم و دەزانم «مێژووی زیندوو» بە ناتەواوی درێژەی پێ دەدرێ. من داوای لێبووردن لەڕووحی پاکی ئەو ئینسانە شۆڕشگێرە

دەکەم کە نەمتوانی لە کاتی خۆیدا وەخۆ بێم و هەوڵەکە بە ئەنجام بگەیەنم. لەلای من تێکۆشەرِ شێنانی هەر ماوە و لەبەرچاوە. ئەو تاجی قارەمانەتی لەسەر ناوە و وەک ئەستێرەیەکی گەش لەئاسمانی خەباتی رزگاریخوازیدا دەمێنێتەوە.

ئای چەند خۆشە لە تەنیشت ئەو جۆرە مرۆڤانە خەبات بکەی. هەموو ئەو رۆژ و حەفتە و مانگ و ساڵانەی کاک عەوڵا بۆ نەتەوە و خەباتەکەی تەرخانی کردن پڕن لە بەهرە و دەسکەوتی لەبیر نەکراو. بۆیە ناوی شێنانی لەڕیزی نەمران دایە و مێژووی زیندوو بە شانازییەوە یادی دەکاتەوە.

یادت بەخێر کاک عەبدوڵا کە ئازادانە ژیای و ئازایانە تێکۆشای. سڵاوت لێ بێ کاک عەبدوڵا کە هەتا بووی چاک بووی و بە هەیبەت بووی. سوپاس بۆ خزمەتەکانت و هەزاران سلاو لە گەورەیی و خۆڕاگریت.

لە ژمارە ٧٠٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٧

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## لە هەر باخەی گوڵێک!

دنیای دەوروبەرمان پڕە لەجوانی و ڕەنگاوڕەنگی ئەگەر چاویلکەی ڕەش فڕێ دەین و بەچاوی دڵ سەیری بکەین. سروشتێک کە ناوی ژینگەیە و لەداوێنی خۆیدا دەمان حاوێنێتەوە، هەزاران ڕەمز و ڕازی تێدایە کە پێویستە لێیان تێ بگەین بۆ وەی چێژی زیاتر لە ژیان وەرگرین. نەک هەر سروشت، خودی کۆمەڵی بەشەری سەرچاوەی ئافراندن و داهێنان و خوڵقاندنە کە هەمووی لەپێناو گەشە و بەرەوپێشچووندا بەدی دەکرێن. ئەم جیهانەی ئەمڕۆ دەیبینین دوێنێ وا نەبوو. دەستی مرۆڤ ڕۆژبەڕۆژ جوانکاریی تێدا کردوە و نەوەی پێش ئێمە وەک سفرەیەکی هەمەڕەنگ بۆی ڕاخستووین هەتا هەرکەس بە زەوق و ئیشتیای خۆی تامی لێ بکا. ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە لێی بەهرەمەندین ئاکامی زەحمەتی نەسلەکانی ڕابوردوویە. ئێمەش کە هەوڵی جوانکاریی زیاتر و گۆڕانکاریی بەرینتر دەدەین بەرەی دوای ئێمە چێژی زیاتری لێ وەر دەگرێ.

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرکێشە. دەیەوێ سەر لەقووڵایی دەریاکان و بەرزایی ئاسمان دەرهێنێ. دەخوازێ ڕازی وجوودی سروشت بدۆزێتەوە و دەستەمۆی بکا. هەوڵی ئەوەیە هەموو شتێک تاقی بکاتەوە و ئاسانکاریی زیاتر بۆ ژیان بکا. لەو پێناوەدا، مرۆڤ سنوور ناناسێ و دەگەڵ هەموو بەربەستێک دەستەو یەخە دەبێ. ئاکامی ئەو گەڕان و تاقیکردنەوە و کەشف و نوێکردنەوەیە، پێکهێنانی ئەم ژینگەیە کە ناوی کۆمەڵی بەشەرییە. ژینگەیەک کە بە هیممەتی مرۆڤایەتی پێک هاتوە و جوانکاریی تێدا کراوە، ئێستا ملکی ئەم نەسلەیە کە لێی بەهرەمەندین.

ئەم جیهانە پڕ لە ڕەمز و ڕازە هێشتا زۆری ماوە تێی بگەین و لێی حاڵی بین. زۆر کەلێن و قوژبنی ماون بناسرێن و گەلێک سەرچاوەی هەن کە دەبێ بکەونە دەستی مرۆڤ. هێشتا مرۆڤ نەیتوانیوە هەموو بوارەکان بڕەخسێنێ و گشت گرێپووچکەکان بکاتەوە. مرۆڤ، لەم گەڕان و نوێکردنەوەیدا هەرچەند سەرکەوتنی زۆری وەدەست هێناوە کەچی زۆرجاریش موسیبەتی خوڵقاندوە و کاولکاریی وەڕێ خستوە. ئەم جیهانە هەمووی هەر خەندە و پێکەنین نیە، گریانیشی تێدایە. گشتی تریفە و ڕۆشنایی نیە، شەوەزەنگ و نەهامەتیشی تێدایە. هەتا قاقایەک دەکەوێتە سەر لێو، چەندین دڵۆپە فرمێسکیش هەڵ دەوەرن. دەگەڵ هەر نەعرەتەیەکی ڕاپەڕین، نووزەیەکی لەپێکەوتنیش دەبیسرێ. هەتا گوڵێک دەپشکوێ، یەکیش سیس دەبێ. لەدایکبوونی هەر کۆرپەیەک، کۆچی ئەبەدیی

بەساڵداچوویەکی بەدواوەیە....

لەم گەڕی بێ بڕانەوەی چەرخی گەردوون و ئەو گشت خوڵقاندنەی دەستی بەشەردا ئەوەی زیاتر تررووسکایی دێ و موژدەی بەرەوپێشچوونی پێیە، نەوەستان و لەپێ نەکەوتنە. هیوا بەدواڕۆژی روون و پلانی چاکسازیی زیاتر بۆ ژیانێکی خۆشتر، فەلسەفەی وجوودیی مرۆڤە. هەرکات هیوا نەما ژیانیش ڕادەوەستێ. کە پلان نەبێ نەزمی ژیان تێک دەچێ. جووڵەی بەشەر سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ پێکهێنانە. چرکە بە چرکەی جووڵەی ئینسان پڕە لە دەستڕاگەیشتن بە شتی نوێ. کە چاو لەنەزمی کۆمەڵ دەکەی و دەبینی ئەو میلیارد میلیارد ئینسانە خەریکی جموجۆڵن و هەرکەس سەری بە کارێکەوە گەرمە، بەو حەقیقەتە پەی دەبەی کە نەزمی کۆمەڵ زۆر وەستایانە شکڵی گرتوە. هەر ئەو نەزم و پێکەوە کار کردنەشە هێز و گوڕوتینی زیاتر دەبەخشێ و زۆر ناوومکین، مومکین دەکا. وردبوونەوە لەو نەزم و پێکەوە کارکردنە ئەزموونی زیاترمان پێ دەبەخشێ و بۆ کاری باشتر زیاترمان هان دەدا.

ئەم گۆشەیە کە ناوی"لە هەر باخەی گوڵێک"ی بۆ داندراوە هەوڵ دەدا هەر جارەی ڕوو لەباخێکی ڕەنگاوڕەنگی ئەم جیهانە بکا و گوڵێکی بۆنخۆش بەدیاریی بۆ خوێنەرانی بێنێ. لەم گۆشەیەدا هیچ بەربەستێک بۆ هەڵبژاردن نیە و سنوورێک بۆ گەڕان بەدی ناکرێ. جوانییەکانی ژیان هێندە زۆرن بە هەزاران گۆشەی ئاوا پڕ ناکرێنەوە. ڕەنگاوڕەنگیی بابەتەکان بە ڕادەیەکن قەت هیچ شتێک دووپاتە ناکرێتەوە. هێندە باخی ڕازاوە و گوڵی جۆراوجۆر لە دەوروبەرمان هەن بۆ چنینی گوڵێک قەت پەکمان ناکەوێ. گرینگ ئەوەیە ئاسۆی ڕوانینمان دیار بێ و بزانین خوێنەری کورد زمان لە کام باخ چاکتر دەحەسێتەوە و بە بۆنی کام گوڵ سەر مەستتر دەبێ. هەڵبەت وەک نەریتی ڕۆژنامەیەکی لەحاڵی خەباتدا دیارە هەوڵ دەدرێ دیارییەکان ڕەنگ و بۆنی کوردانەیان پێوە بێ و ببنە پاڵپشتی ئەو تێکۆشەرانەی بۆ ڕزگاریی گەلەکەیان خۆیان ماندوو دەکەن.

دوو حەوتوو داهاتووتان خۆش و بە هیوای دیدار.

لە ژمارە ٧٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# ژیان بە بڕوا و هیواوە مانا دەدا

هەتـا تروسکەی هیـوا دەهەناوەکـان نەگەڕێ و هێـزی بـڕوا خانەکـانی مێشک نەبزوێنـێ، جـووڵەی لەش تەنیـا خولانەوەیەکی بێمانا و ماندوویی هێنەرە. هیوا و بڕوا ئەو دوو هێزە جادووییەن کە جـووڵەی لەش مانـادار دەکەن و بەرەو مەبەستێکی دیار پاڵی پێوە دەنێن. بە بوونی هیوا و بڕوا لەش هێزی زیاتر وەر دەگرێ، خۆڕاگرتر دەبێ و زۆر کۆسپ و تەگەرە و تەنگ و چەڵەمان لەسەر ڕێگای خۆی لادەدا. لەش کاتێک زیاتر هەست بە ماندوویی دەکا کە هیچ ئامـانجێکی دیـاریکراوی بـۆ دەستنیشـان نەکرابـێ و بـێ مەبەسـت وەگەڕ خرابـێ. جـووڵەی بـێ بەرنـامە و مەبەست نـاتوانێ هیـوا و بـڕوای دەگەڵ بـێ، هەر بـۆیە زوو پەکـی دەکەوێ بـێ ئەوەی بە جێگـایەک بگـا. هیـوا هاندەری جووڵەی مرۆڤە و بڕوا زامنی مانادار کردنییەتی.

ڕەنگە هەموو کەس هیوای گەیشتن بەو مەبەستانەی هەبن کە خەونیان پێوە دەبینێ و حەز بکا هەموو ئاواتەکـانی بێنە دی. بەڵام بۆ گەیشتن بە ئـاوات هێـزی بـاوەڕ لازمە کە دەتـوانێ نەزمێکـی مانـادار بە جـووڵەی مرۆڤ بـدا و لە پێناو ئاواتەکانیدا هەڵسووڕتری بکا. هیوا شتێکە دەناخی هەموو کەسدا هەیە، بەڵام ڕەنگە هەموو کەس بـڕوای قایمی بەو شتانە نەبێ کە پێی وایە هەوڵیان بۆ دەدا. ئەوانەی هیوادارانە دەژیـن تـامی زیـاتر لە شیرینییەکانی ژیان دەچێژن و ئەوانەش کە باوەڕیان پۆڵایینە سەنگەرەکانی سەرکەوتن یەک لە دوای یەک داگیـر دەکەن. ڕەنگە هەموو ئاواتەکانی مرۆڤ ئیمکانی وەدی هاتنیان نەبێ، بەڵام هیوادار بوون بەوە کە ڕۆژێک وەدی دێن و بڕوا بەوە کە دەبێ کار بۆ وەدیهاتنیان بکرێ، دەتوانێ گرێ کوێرەکان بکاتەوە و ڕێگاکان هاسانتر بکا.

هەوڵی بێ پسانەوەی مرۆڤ بـۆ گەیشتن بە دنیـایەکی خۆشتر و پڕ ئیمکانـاتتر، ئەم جیهـانەی دروست کـردوە کە ئێستا دەیبینین و چێژی لێ وەردەگرین. هەمووی ئەو بەرەوپێش چوونـانەی دیـارن سـەرەتا هیوا بـوون و بە بـوونی باوەڕ کاریان بۆ کراوە و بە ئاکام گەیون. مرۆڤ چ لە ژیـانی تـایبەتیی خۆیـدا و چ لە کـاری بە کۆمەڵـدا بـاوەڕی کردۆتە پاڵپشتی هیواکانی، مێشکی پێ وەگەڕ خستوە هەتا لەشی وەجووڵە بێنێ بۆ ئەوەی نەزمی نوێتر وەرێ بخا و هەنگـاوێکی دیـکە بچێـتە پـێش. جـووڵەی مـرۆڤ ئەگەر لە لایەک بـۆ بەردەوامیـی بەژیـانە، لە لایەکـی دیـکە مەبەستی دەستەمۆ کردنی سروشت و هێنـانە ژێر حوکمی خۆیەتی.

ئەوانەی لەپێناو گەیشتن بە مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان و نەتەوەکەیاندا هەوڵ دەدەن لەو کەسانەن هەم هیوادارن و هەم خاوەن بڕوا. ئەوان باوەڕێکی قایمیان بەو ڕێبازە هەیە کە گرتوویانەتە بەر و هیواداریشن درەنگ یان زوو پێی دەگەن. بە بوونی ئەو دوو هێزە جادووگەرەش لەپشت خۆیان ئامادەن هەموو سەختییەکانی سەرڕێگا بەگیان قبووڵ بکەن و هەتا گەیشتن بە سەر لووتکەی ئاوات هەدا نەدەن. ئاوات و ئامانج هەتا پیرۆزتر بێ هێزی بڕوا باشتر پشتی دەگرێ و بۆ گەیشتن پێی لەشی مرۆڤ چاکتر وەجووڵە دەخا. لەخۆڕا نیە کە مەسەلەن هێزی پێشمەرگەی گەل کە خەباتکاری ڕێگای ڕزگاریی کوردە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هیوادارانە ڕێگا دەبڕێ و بە بڕواوە هەنگاو دەنێ. هەر ئەوەش وای لێ کردوە نەک هەر لەخۆشییەکانی ژیانی بگوزەرێ، بگرە گیانیشی فیدای ئەو ئاواتانە بکا کە هیوادارانە هەوڵیان بۆ دەدا.

بۆ دروستکردنی دنیایەکی خۆشتر و ئەمنتر، ئازادتر و ئاوەدانتر هەوڵی گشتی و بەردەوام پێویستە. سەرخستنی هەر پڕۆژەیەک لەهەر بوارێکدا بە بێ بوونی کەسانی هیوادار و خاوەن بڕوا مەحاڵە بگاتە ئەنجام. کاری بەکۆمەڵی ئینسانەکان کاتێک ئاکامی ڕوونی دەبێ کە ئامانجدار بێ و پشتی بە هێزی بڕوا ببەستێ. خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد کە لەسەر بناخەی باوەڕ و هیوا و تێکۆشان دامەزراوە درەنگ یان زوو بە ئاکام دەگا. ئەگەر هێزی باوەڕ و هیوای نەبوایە مەحاڵ بوو خەباتێکی ئاوا سەخت و بێوچان درێژەی هەبێ و لەقۆناخەکانی سەرکەوتن نیزیک بێتەوە. ئەوەی هەتا ئێستا دیتراوە نەسل دوای نەسل جڵەوی ئەو کاروانەیان بە دەستەوە گرتوە و بۆ گەیاندنی بە لووتکەی سەرکەوتن وچان نادەن. بێگومان ئاکامی ئەو خەباتە ئامانجدار و باوەڕمەندە دەبێتە هۆی دڵخۆشیی کۆمەڵانی خەڵک و نەسەلەکانی دواتر چێژی زیاتری لێ دەبینن. هیوادار بوون بە سەرکەوتن و باوەڕ بەوە کە ئازادی و ڕزگاری مافی بێ ئەملا ئەولای ئێمەیە، بەردەوامیی خەباتمان مسۆگەر دەکا و بۆ دروست کدنی داهاتوویەکی خۆشتر گوڕوتینمان پێ دەبەخشێ.

هیوا و باوەڕتان لێ نەبڕێ.

لە ژمارە ٧٠٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# تاک، ڕێکخراو، کۆمەڵ و پێوەندیی نێوانیان

لە تەنیاییترین کاتەکانی ژیانمدا وا بیر دەکەمەوە لەنێو ئاپۆڕایەکی هەژێنەری کۆمەڵە خەڵکێکدا جێم گرتوە کە زایەڵەی دەنگی یەکگرتووییان هیوا و هومێد بڵاو دەکاتەوە. تەنیا ئەوانە ڕوو لەتەنیایی دەکەن کە نامۆیی و نائومێدی برستی لێ بڕیون و پێیان وایە کۆمەڵ پێویستیی پێیان نیە. من پێم خۆشە خەمەکانم لای خۆم ڕابگرم و بزە و شادییەکانم دەگەڵ هاوڕێیانم بەش بکەم. حەز دەکەم تەنیا کاتێک بۆخۆم بم کە هەست بکەم نە هێزی یاریدەدانم هەیە و نە کەس پێویستی بە دەستگرتنی منە. ئەوەش دەزانم هەتا هەم بەشی ئەوەندەم هێز و توانا هەیە کە بۆ چەرخی ڕۆژگار وەگەڕی بخەم و کەلێنێکیش پەیدا هەر دەبێ دەستی یاریدەدانی تێدا درێژ بکەم. ژیانی کۆمەڵایەتی بە بوونی هەموومانەوە مانا دەدا و کۆی تاکەکانن نەزمی پڕ پێچوپەنای کۆمەڵ ڕادەگرن. هیچ «من»ێک بە بێ «تۆ» مانا نادا و ئەوە «ئێمە»ین بە وەسەر یەکخستنی هێزی جیسمی و بیروباوەڕمان دەروازە سیحراوییەکانی ئەم جیهانە یەک لەدوای یەک دەکەینەوە.

بەردوامیی نەزمی کۆمەڵ لەسەر ئەم قانوونە ڕاوەستاوە: پێوەندیی مرۆڤەکان تاک دروست دەکا. تاک پێ دەگەیەندرێ و بۆ کاری هەرەوەزی ئامادە دەکرێ. تاکەکان لە پرۆسەیەکی گشتیدا یەک دەگرنەوە و بۆ کاری جۆراوجۆر تەشەکولی جۆراوجۆر پێک دێنن. تەشەکولە جۆراوجۆرەکان بە پێی مەجال و ئیختیاری کاریی خۆیان بۆ قایم ڕاگرتنی کۆڵەکەکانی کۆشکی ژیان تێ دەکۆشن. سەرجەم هەوڵی تاکەکان بۆ بەردوامیدان بە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵاتییە. هەرچەند تاک لەژیانی خۆیدا ئازادە و مافی هەڵبژاردنی هەیە، بەڵام مانای وجوودیی خۆی لەنێو کۆمەڵدا پەیدا دەکا. تاک بەحزووری خۆی لەنێو تەشەککولێکی تایبەتدا هەم پەرە بە تواناکانی دەدا و هەم دەبێتە هاوکار بۆ تاکەکانی دیکە. تەشەککولەکان بەپێی گەورەیی و بچووکییان، یان گرینگیی کاروکردەوەیان دەتوانن لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان شوێندانەر بن.

سیاسەت، یەک لەگرینگترین کۆڵەکەکانی نەزمی کۆمەڵە. سیاسەت سنووری دەسەڵات و هەڵسووڕانمان بۆ دیاری دەکا و پێمان دەڵێ لەکوێی کۆمەڵگادا جێمان گرتوە. ڕەنگە گەورەترین کاری هەرەوەزیی مرۆڤەکان لەسیاسەتدا خۆی نیشان بدا. لەبەر ئەوەی سیاسەت بەشێکی دانەبڕاو لەژیانە، کەوابوو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا تێیدا



سەرچاوە
Serchawe

بەشدارن. گرینگترین و کارلێهاتووترین هەڵسووڕێنەری چەرخی سیاسەت، حیزبە. حیزب تەشەککولێکی دڵخوازانەی نێوان تاکەکانە کە تێیدا تواناکان وەسەر یەک دەکەون و بۆ کاری هاوبەش ڕێک دەخرێن. لەچوارچێوەی حیزبدا ئیدە و ئاواتەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەست نیشان دەکرێ کە هاوبیر و باوەڕن. بۆ هەرچی هاوئاهەنگتر کردنی هەنگاوەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەش هێندێک یاسای تایبەت دەستنیشان دەکرێ کە هەموو ئەندامانی ئەو حیزبە دەبێ پێڕەویان بکەن.

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە فکر و دەنگی جیاوازی تێدایە، حەتمەن حیزب و ڕێکخراوی جیاوازیشی تێدا دەبێ. هەر حیزبەی نوێنەرایەتیی بیروبۆچوونی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکا کە تێیدا بەشدارن. هەر حیزبەی هەوڵ دەدا ئەو مۆدێلە سیاسەتە لەکۆمەڵگادا پیادە بکا کە ئەندامەکانی باوەڕیان پێی هەیە. لەئاکامی ڕەقابەتی نێوان حیزبەکان بە مەبەستی سەرخستنی مۆدێلی جێ باوەڕی خۆیاندا، کۆمەڵگا تووشی بزووتنەوەیەکی بەردەوامی سیاسی دەبێ. ئەم بزووتنەوە بەردەوامە وا لەتاکەکان دەکا سەبارەت بە ورد و درشتی مەسەلە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ... قووڵ بیر بکەنەوە و لەخەمی دوارۆژی کۆمەڵگاکەیاندا بن. هەر مۆدێلە سیاسەتەی لە پرۆسەی ڕەقابەتی نێوان حیزبەکاندا سەر کەوت، دەبێتە مۆدێلی گشتیی حکوومەتداری و هەموو لایەک دەبێ پێڕەوی لێ بکەن. ئەم چەرخ و فەلەکە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و حکوومەت لەنێوان نوێنەرایەتیی باوەڕە جیاوازەکاندا بێ پسانەوە دەستاودەست دەکرێ.

ئەوەی باس کرا وێنەیەکی سادەی پێوەندیی نێوان تاک، حیزب و کۆمەڵگایە. هەروەک دەبینین تاک لەدروست کردنی حیزبدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ و لەڕاستیدا حیزب بێ تاک وجوودی نیە. حیزب خۆی لە وەجووڵە خستنی تاکەکاندا نەخشی بەرچاوی هەیە و ئەگەر حیزب نەبێ تاک ناتوانێ لەتواناکانی بە باشی کەڵک وەرگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە حیزب بۆ دارشتنی چوارچێوەیەکی پتەوی حکوومەتداری لەسەر بناخەی باوەڕی ئەندامانی بەردەوام هەوڵ دەدا. کۆمەڵگا کە خۆی لە کۆی گشتیی تاکەکان و حیزبەکان پێک هاتوە، پێوەندیی نێوان تاک و لایەنە جیاوازەکان وا ڕێک دەخا کە هەموو بتوانن خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. لەڕاستیدا هیچ کۆمەڵگایەک بەدەر لەسیاسەت نیە و هیچ سیاسەتێک بێ حیزب یان ڕێکخراو مەجالی نیە و هیچ حیزب و ڕێکخراوێکیش بە بێ تاک ناتوانێ بوونی هەبێ. کەبوو تاک دەتوانێ لەچارەنووسی کۆمەڵگادا ڕاستەوخۆ دەور بگیرێ، حیزب دەتوانێ هێزی تاک باشتر وەگەڕ بخا و دەسەڵات دەتوانێ نەزم بەو هێزە ببەخشێ و هەماهەنگی بکا. فەلسەفەی بەردەوامیی ژیانیش هەر ئەوەیە.

**لە ژمارە ٧٠٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧**

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## لەهەر باخەی گوڵێک بادانەوە، خولانەوە، هەستانەوە و...

هێندێک وشە و دەستەواژە هەن هەرچەند مانای گشتی بەدەستەوە دەدەن و دەکرێ بۆ زۆر بوار کەڵکیان لێ وەرگیرێ، کەچی بە هۆی زیاتر گونجاوبوونیان دەگەڵ بوارێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان سیاسی دەبنە بەشێک لە پێناسەی ئەو بوارە. بۆ وێنە «چەقبەستن» یان «چەقبەستوویی» هەرچەند وشەیەکی گشتییە و دەکرێ لەزۆر بواردا کەڵکی لێ وەرگیرێ، بەڵام زیاتر ئاوێتەی زرووفی سیاسی، یان حەرەکەتی سیاسی بووە و هەرکات بزووتنەوە یان حیزبێکی سیاسی تووشی وەستان هات و پلانی چوونە پێشی نەما، دەڵێن تووشی چەقبەستوویی بووە. کەمتر وایە خودی حیزبەکە یان بزووتنەوەکە قبووڵی بکا کە تووشی چەقبەستوویی بووە، بەڵام دەوروبەر ئەوەی دەبینن و هەستی پێ دەکەن. ئیتر ئەوەی دۆستە دەیەوێ بەجۆرێک دەری ببڕێ لایەنی پێوەندیدار پێی دڵتەنگ نەبێ. ئەوەی مەخالیف یان نەیاریشە دەیکاتە پێخۆری سێ جەمەی و لە وشەی چەقبەستن کراسێکی داوێن بڵیند دەدوورێ و بە بەری حیزبی ڕەقیبی دادەکا.

بادانەوە، خولانەوە، گەڕانەوە، هەستانەوە و.... لەو وشانەن کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا برەویان زۆرە و کەڵکی جۆراوجۆریان لێ وەر دەگیرێ. هێندێک لەو وشانە لەبەر مانای ئەرێنی و هاندەرانەیان لەزاران خۆشن و دەگەڵ بەکارهێنانیان هەستێکی ئارامکەرەوە سەرتاپای وجوودت دادەگرێ. «هەستانەوە» لەو وشانەیە کە نیشان لە گوڕوتین و جووڵەیەکی یەکجار زۆری دوای کەوتنە. ئەوەندەی دەردی کەوتن بەژانە، تامی هەستانەوە سەت هێندە شیرینە. زۆر حیزب یان بزووتنەوەی سیاسی لەدرێژەی خەباتی خۆیاندا تووشی نسکۆ و هەڵخلیسکان و بەلارێداچوون و کەوتنی بەژان دەبن. هێندێکجار و بۆ هێندێک حیزبی سیاسی ئەو کەوتنە دەبێتە کەوتنی یەکجاری و ئیتر هەستانەوەی نییە. ئەوجۆرە حیزبانە ڕەنگە خاوەن ئیرادە یان توانایەکی وا نەبن جووڵەی هەستانەیان هەبێ. بەڵام هێندێک حیزبی سیاسی زوو وەخۆ دێنەوە و پێش ئەوەی بەتەواوی لە پێ بکەون هەڵ دەستنەوە. ئەو کەوتن و هەستانەوەیە زۆرجار دەبێتە دەرسێکی لەبیر نەکراو بۆ ئەو جۆرە حیزبانە و لەبەر ڕووناکایی ئەو دەرسانە هەوڵ دەدەن تووشی گلان یان کەوتنی دیکە نەبن. هەر بەڕاستییش ئەو حیزبانەی جارێک، یان چەند جار کەوتوون و هەستاونەتەوە پوختەتر، بە ئەزموونتر و بەرچاو ڕوونتر لەو لایەنانەن کە هیچ بەڵایەکیان تووش نەبوە.

«بادانەوە»ش لەو وشانەیە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زۆر بەکاردێ. ئەم وشەیە دەتوانێ هەم باری ئەرێنیی هەبێ و هەم نەرێنی، کەچی بارە نەرێنییەکەی زیاتر بەرچاوە. بادانەوە یان پەشیمانبوونەوە یان هاتنەوە سەر خەتی ئەسڵی لە هێندێک حاڵەتدا باشە و پێویستە پێشوازیی لێ بکرێ. بەداخەوە لەنێو سیاسەتی کوردیدا زۆرجار کەللە شەقی و کوردەناموسی لایەنێک زیاتر بەرەو هەڵدێر پاڵ پێوە دەنێن و ڕێگا نادەن باداتەوە سەر خەتی دروستی خۆی. ڕەنگە هەر خودی بەکارهێنانی مانای مەنفیی بادانەوە خۆی وا لەهێندێک حیزبی سیاسی بکا بیر لەبادانەوە نەکەنەوە و لەئاکامدا زیاتر بەرەو هەڵدێر پاڵ پێوەنێن. لەحاڵێکدا وەکی دەڵێن: زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە، ئەگەر ئەو لایەنە لەکاتی خۆیدا باداتەوە ڕەنگە بتوانێ مەسیری خەباتی خۆی بە قازانج بگۆڕێ.

سیاسەت یەک لەو بوارانەی چالاکیی مرۆڤە کە مەجالی خۆنیشاندان و خۆگۆڕینی زۆر تێدایە. ئەوانەی لە سیاسەتدا ڕەق و زبر و نەگۆڕن زیاتر تووشی هەڵە دەبن و کەمتر سەرکەوتن وەدەست دێنن. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە سیاسەت نابێ پرەنسیپی هەبێ بەجۆرێک کە هەر سەعاتەی بەجۆرێک لێی بخوڕی. نەخێر، ئەوەش سیاسەت نیە و لەڕاستیدا بێ سیاسەتییە. مەبەست ئەوەیە ڕێبەریی حیزبی سیاسی دەبێ زەرفییەتی خۆگۆڕین دەخۆیدا شک بەرێ و هەرکات پێویست بوو کەڵکی لێ وەرگرێ. دەبینی حیزبێک لە شەڕایەتێکدا بڕیارێکی هەڵەی داوە و ئەگەر ئەو بڕیارە بەڕێوە بچێ زیانی بەدواوە دەبێ. لێرەدا گەڕانەوە سەر خەتی پێشوو یان بادانەوە زۆر لازمە. شەهامەت لە قبووڵی هەڵە و پاشگەز بوونەوە لە درێژەدان پێی، یەک لە تایبەتمەندییەکانی حیزبێکی زیندوویە. ئەگەر دان بە هەڵەدا نەندرێ و زوو خەتی خوار ڕاست نەکرێتەوە، حیزب تووشی قەیرانی خەلاقییەت دەبێ و هەمان چەقبەستوویی بە نسیب دەبێ کە پێشتر باسمان کرد. «خولانەوە»ش هەمان چەقبەستوویییە کە حیزبێک بەردەوام بەدەوری خۆیدا سووڕ دەخوا بێ ئەوەی هەنگاوێک بچێتە پیش.

لە ژمارە ٧١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## لەهەر باخەی گوڵێک دڕکوداڵی نێو باخچەی خەبات!

باخی پڕ لە گوڵ وگوڵزاری خەباتی کورد هەرچەند بۆن و بەرامەی ئەو نێوەی پڕ کردوە و دڵی هەموو ڕێبوارێکی بردوە، کەچی بێ دڕکوداڵیش نیە. ئەم باخە خۆش و ڕازاوەیە کە بە هیممەتی هەزاران باخەوانی کارامە و دڵسۆز و لێهاتوو خزمەتی کراوە، بەڵام هەر جارە ناجارێک گیاکەڵە و دڕوە زەردە و فریزوو بەربینگی پێ دەگرن و خەریکن لەبەر چاوی بخەن.

ئاوڕێکی کورت لەخەباتی سەدان ساڵەی کورد بۆ گەیشتن بە مافی ئینسانیی خۆی ئەوەمان پێ دەڵێ قەت باخێکی بێ دڕکوداڵمان نەبوە و هیچکات ڕووی نەداوە سوارچاکانی ڕێڕەوی ئەم خەباتە تووشی سەرەنەگرێ نەبن و لەلایەن هاوخوێنانی خۆیانەوە سەر ڕێیان پێ نەگیرێ. ئەوەندەی کورد لەپێناو گەیشتن بە ئاواتەکانی خوێنی داوە و فیداکاریی نواندوە لەگێڕانەوە نایە. خەباتکارانی کورد لەڕەوتی دوورودرێژی بڕینی ئەم ڕێگا سەختەدا ئەوەندەی لەلایەن سوپای نەیارەوە هەوڵی سڕینەوەی دراوە بەداخەوە دەنێو خۆشیدا بەربەستی کەمی بۆ ساز نەکراوە. هەتا ئێستاش موشکیلەی ئەسڵیی بە ئاکام نەگەیشتنی کورد بە مافەکانی هەمان ئەو ئەو بەربەستە نێوخۆییانەیە کە هەرجارەی بە ناوێک و بە بیانوویەک بەربینگی پێ دەگرن.

یەکەم لەتبوونی خاکی کوردستان بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر دابەشبوونی کورد بەسەر دوو بەرەی شەڕی نێوان عوسمانی و سەفەویدا کە ئاکامەکەی خوێنێکی زۆر، قاتی و قڕی و دووپارچە بوونی خاکی کوردستان بوو. لەهەموو شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کوردانی ژێر دەستی عوسمانیدا کەڵەوەکێشی، ڕقبەرقەی نێوان سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان و بۆ بەچۆک داهێنانی یەکتر هاوکاریی دوژمن کردن، کارتی بەرەندەی سوپای عوسمانی و شکست و تێداچوونی خودی کورد بوو. سەرهەڵدانەکەی میری ڕەواندز و خانی لەپ زێڕین و دواتر شێخ عوبەیدوڵلا و ئارارات و شێخ مەحموود و سمکۆ و دواتر دروستکردنی کۆماری کوردستان لەلایەن قازی محەممەددەوە هیچیان بێ کێشەی نێوخۆیی نەبوون و لە هەمووشیاندا دەستی تێکدەرانەی نێوخۆ کارساز بوە. ئەگەر دوژمنانی ئازادیی کورد بە ئاشکرا دەهاتنە شەڕی کورد و بۆ بەچۆکداهێنای خەباتکاران ئەو پەڕی دڵڕەقی و بێڕەحمییان دەنواند، نەیارانی نێوخۆ لەڕێگای جۆراوجۆرەوە دەسیسەیان دەگێڕا و خەریکی بنکۆڵ کردنی ژێرپێی خەباتکاران و

سەرکردەکانیان بوون. ئەوەی جاران وەک شەڕی قودرەت و ڕقبەرقەی تایفەگەری و دەربڕینی حەسادەت زەبری لە ڕەوتی خەباتی کورد دەدا، ئێستا بە ناوی دیکە و لە مەجالی دیکەشدا خۆی دەنوێنێ.

هەتا زەمان تێپەڕیوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی زیاتریان بەسەردا هاتوە، بەرەی تێکدەری نێوخۆییش بیانووی تازەی دۆزیوەتەوە و دەستەواژەی نوێی بۆ تێکدانی یەکڕیزیی خەباتکاران دۆزیوەتەوە. لێرە باسی ئەو کوردانە نیە کە چەکی دوژمنیان دەست داوەتێ و ناوی «جاش»یان وەدوو خراوە. ئەوان ڕێگایان دیارە و بە ئاشکرا سەفی خۆیان لە سەفی خەباتکاران جیا کردۆتەوە. لێرە باسی ئەو کوردانەیە کە بە ناوی دڵسۆزی بۆ مەسەلەی کورد بە قەولی خۆیان لێحاڵی بوونی زیاتریان لە مەسەلەکان، عەمدەن بەرد دەخەنە سەر ڕێی خەباتکاران و نایەڵن کورد یەکڕیزیی بە نسیب بێ.

ئەوەی لەم دواییانەدا پێوەندیی دەگەڵ ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان هاتە گۆڕێ و ئەو دەستەبەندییەی لەم نێودا ساز کرا و ئێستاش بەردەوامە دەچێتە خانەی هەمان بەربەست سازکردن و هەوڵدان بۆ لێکترازانی ڕیزەکانی گەل. ئەگەر جاران ڕەقابەتی نێوان سەرۆک عەشیرەتەکان یەکڕیزیی کوردی تێک دەدا، ئێستا «ڕووناکبیر»ی خۆ بە ئاکادیمی زانی چەند زمان زان ئەو ئەرکەی وە ئەستۆ گرتوە و شەووڕۆژ خەریکە لە نێو لاپەڕەی کتێبان ماددەی قانوونی بۆ بە ناشەرحی زانینی ڕیفراندۆم بدۆزێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ تەیفێک لەبەرەی ڕووناکبیری دژبەری سەربەخۆیی دەرحەق مافی ڕەوای نەتەوەکەی دەیکا تاوانی لەو شمشێر کێشانەی دژبەرانی ڕاپەڕینە سەربەخۆیی خوازانەکانی سەدەی نۆزدەی کورد کەمتر نیە. ئەوەی ئێستا تێکدانی مێشکی لاوی کوردە و دڵسارد کردنەوەی نەوەیەکی نوێ لەدرێژەدان بە خەباتی کوردایەتییە. ئەوەی ئێستا ڕۆڵی ئەو دڵۆپە ئاوانە دەگێڕێ کە تک تک دەکەونە سەر نێوچاوانی بەندکراوی دەست کەلەپچە کراو. ئازار و زیانی ئەو دڵۆپانە زۆر لەئازار و زیانی ئەو خەنجەرانە زیاترە کە کورد لەشەڕی نێوخۆیی وێ کەوتوە. ئەویان لەسەر لەشە و ئەمیان لەسەر مێشکە. ئەویان کاتییە و ئەمیان درێژخایەنە.

هەرچەند باخ بێ دڕک و چەم بێ چەقەڵ نابێ و خەباتی بێ پسانەوەی کوردیش هەر جارەی بە ناوێک و بە بیانوویەک بەربەستی بۆ ساز دەکرێ، بەڵام بۆن و بەرامەی باخی خەباتی کورد وای وڵات پڕ کردوە هەموو دڵەکان شەیدای بوون و لەپێناویدا فیداکاری دەکەن. ئاکامی دڵخۆشکەرانەی ڕیفراندۆم دەری خست کاروانێک کە دەمێک ساڵە بۆ سەربەخۆیی وەڕێ کەوتوە هەربینا گەیشتە مەقسەد.



سەرچاوە
Serchawe

**لە ژمارە ٧١١ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧**

------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# ئەو فرمێسکانەی دەبنە ڕووباری هەڵچوون

لەوەتا هەم چاوی پڕ لەفرمێسکی کورد دەبینم. جاری وایە گریانی بەکۆمەڵ و جاری واشە تاقولۆق. چاو بەفرمێسکانی کورد تەنیا منداڵان و ژنانی ئەم نەتەوە پڕ دەرد و ڕەنجە ناگرێتەوە، ئەوە هەموو کورد بە ژن و پیاو، پیر و لاو، هەژار و دەوڵەمەند، شاری و لادێین کە فرمێسکی حەسرەت دەڕێژن. لەوەتا هەم ئازارێکی قووڵ لەسەر جەستە و ڕووحی دانە بەدانەی خەڵکی ئەم کوردستانە هەست پێ دەکەم. من کەخۆم دڵ بەژان و چاو پڕ لەفرمێسکم، چاک لەماناى ئەو فرمێسکانە دەگەم کە ڕۆژانە لەسەر کوڵمەی هاونیشتمانانم دەیان بینم. ڕاستە ئەو فرمێسکانە هەر جارەی بە بیانوویەک و بە پێی ڕووداني کارەساتی جیاواز دێنە خوار، بەڵام سەرچاوەیان یەکە و بۆ هەموو خەڵکیش یەک مانای هەیە. هەموو ئەو فرمێسکانەی بە بوونی ئەو ئازارەوە بە گۆناکانی ڕۆڵەی کورددا دێنە خوار باسی ڕاستییەکی تاڵمان بۆ دەکەن: ئێمەی کورد دەردێکی هاوبەشمان هەیە و هیچ چارمان نیە دەبێ بۆ سووک کردنی ئەو دەردە و نەهێشتنی ئەو فرمێسکانە کاری هاوبەش بکەین.

وە نەبێ هەموو ئەو فرمێسکانەی لەچاوی کورد دێنە خوارێ داستانی بەش مەینەتی و دەرد و ژان بن. گەلێک چاوی پڕ لەفرمێسکیشم دیون کە ترووسکەی شادییان تێدا قەتیس ماوە و ترووسکەی هیوا دەنێویاندا پنگی خواردۆتەوە. ئەوەندەی بۆ مەرگەسات و ماڵوێرانی و لەدەستدانی هاوزمان و هاوسەنگەر و هاوخەباتمان فرمێسکمان ڕشتوە و ئەژنۆی خەممان دەباوەش گرتوە، ڕەنگە هەر بەو ڕادەیەش بە بۆنەی سەرکەوتنێکەوە لیزگەی دڵۆپە فرمێسکەکان داگەڕابنە خوارێ و بۆ ماوەیەک دنیای ئێمەی گۆڕیبێ. ئەوەی جێی نارەحەتی و نیگەرانی و دڵتەنگییە ئەوەیە کە بەشی زۆری هەڵوەرینی فرمێسکەکانمان بۆ ڕووداوە ناخۆشەکان و بە گشتی بۆ بەختی ڕەشی خۆمان و نەتەوەکەمان هەڵوەراندوە. ئەوەی ناخۆشە فرمێسکی حەسرەتمان درێژماوە و بەردەوام بوە، کەچی فرمێسکی شادیمان کورتخایەن و کاتی بوە. ئەوەی جێی نیگەرانییە بەشیکی زۆر لەو فرمێسکانەی بۆ ڕووداوە ناخۆشەکان هەڵمان وەراندوون بە هۆی ناسۆری خەیانەت و لێکترازانی ڕیزەکانی خۆمان بوە کە هەرجارەی لەشوێنێک و بە بیانوویەک بەرببینگیان پێ گرتووین.

بەڵام ئەوەندەی کورد بە هەڵڕشتنی فرمێسک فێرە و کونی چاوەکانی وەک کانی ئاویان لێ هەڵ دەقوڵێ،

ئەوەندەش ئامادەیە دڵۆپ دڵۆپی ئەو فرمێسکانە کۆ کاتەوە و بیانکاتە ڕووبارێکی خوڕێن کە هێزی تازەی وەبەر بنێ و لەگێژاوی نەمان بیپارێزێ. ئەگەر بەپێی ڕادەی خەم و خەفەت و درێژماوە بوونی ئازارەکانمان بوایە، دەبوو شوێنەوارێک لەژیان و خۆشیمان نەمابا. ئەگەر بەپێی ژمارەی تەرمی شەهیدانمان بوایە، دەبوو هەموو ژیانی خەڵکی کوردستان وەک لاپەڕەیەکی ڕەشی نێو دەفتەرێک بێتە بەرچاومان و هیچی دیکەی تێدا نەبینین. بەڵام داخوا وایە؟ من کە خۆم یەک لەو چاو بەفرمێسکانەم و دایمە کۆڵی خەمێکی قورس بەشانمەوە، نە دنیا وا دەبینم و نە ژیانی خەڵکی وەڵاتەکەم ئاوا تەماشا دەکەم. لەبەر چاوی من هەموو ئەو فرمێسکانەی بۆ شەهید، بۆ ماڵوێرانی، بۆ گەلەکۆمەگی، بۆ خەیانەت، بۆ برسیەتی و نەداری، بۆ لێکدابڕان و دوو دەستەیی و... دێنە خوارێ تێکەڵ بە یەک دەبن و ڕووبارێکی خوڕێن ساز دەکەن و هێزی دووبارەمان پێ دەبەخشێ.

لەوەتی وەبیرم دێ داستانی کەوتن و هەستانەوە بەردەوامە. هەرچەندی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی کورد هەڵ دەدەمەوە زیاتر ئەو کەوتن و هەستانەوانەم بۆ دەردەکەون. هەر جارەی کورد قڕان دەستی پێ کراوە و بارانی فرمێسکی بەدبەختی هەڵ وەریون، دوای ماوەیەک ڕووباری هەژان و نەوەستان و هەستانەوە سەری هەڵداوە و هەمدیسان فرمێسکی شادی لەچاوی گەورە و چووکی ئەم نەتەوەیە هاتۆتە خوار. مێژوو پێمان دەڵێ هەتا زەختمان زیاتر لێ کرابێ و بۆ لەنێو بردنمان گەلەکۆمەگیی بەرینتر ڕووی دابێ، ورەمان بەرزتر و بڕیاری چوونە پێشمان قایمتر بووە. کورد ئەگەر زۆر تایبەتمەندیی دزێو و دژەخۆیی هەبن، تەنیا ئەوە تایبەتمەندییەی دەیکرێتەوە کە بە وەڕاست گێڕانی خەوەنی سەربەخۆیی وەفادارە و ئامادەیە فیداکاریی لەپێناودا بکا. ئەوەش شتێکە باری قورسی ئازارەکانمان سووک دەکا و دەبێتە چرایەکی ڕووناک بۆ بەرچاوو ڕوونیام لەشەوە زەنگی تاریک و تنۆکی ئەو هەموو پلانەی بەدژمان بەڕێوە دەچن. دڵنیام دیسان ئەو هەموو فرمێسکەی لەم ڕۆژە تاڵ و تفتانەدا ڕشتوومانن، دیسان دەبنەوە ڕووبارێکی خوڕێن و تین و گوڕی زیاترمان بۆ چوونە پێش وەبەر دەنێن.

لە ژمارە ٧١٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## هەموو شتێک سیاسەت و هەموو کەسیش سیاسەتوان!

ڕەنگە ئەوەش جۆرێک خەبات بۆ مانەوە بێ کە کوردەکان پێیان خۆشە تایبەتمەندیی کوردانە بدەن بەزۆر لەکەلوپەل و بەروبوومەکانیان وەک: هێلکەی کوردی، ڕۆنی کوردی، مریشکی کوردی، بنێشتی کوردی، غیرەتی کوردی، میوانداریی کوردی، لێبووردەیی کوردی و... ئەو بە کوردی کردنەی زۆر شت هەم لایەنی باشی هەیە و هەم خراپ. باسی لایەنە باشەکانی ناکەم بەڵام لەلایەنە خراپەکانی ئەو کورداندنە: پەرەنەگرتن، بۆ پێشەوەنەچوون، پێکنەهێنانی ئاڵوگۆڕ و نەچوونە نێو مەیدانی ڕکەبەری بۆ باشتر کردنە. واتە هەر شتەی چۆن هاتوە دەبێ هەروا بمێنێتەوە و چونکە بەشێک لە پێناسەی کوردییە نابێ دەستی لێ بدرێ. خۆ ئەگەر کورداندنی هێندێک شت بۆ بەهێزکردنی هەستی کوردایەتی و ئەویش بە مەبەستی درێژەی خەبات بۆ ڕزگاری کارێکی باشە، ئیدی بە کوردیکردنی هێندێک دیاردەی جیهانی ناتوانێ یارمەتیمان بکا.

سیاسەتیش لەکوردستان لەو شتانەیە کە وێدەچێ کوردێندرابێ چونکە ئێستا بەهاسانی دەتوانین سیاسەتی کوردی لەسیاسەتی جیهانی جیا کەینەوە. سیاسەت خۆی عیلمی بەڕێوەبردنی وڵاتە و ئەوانەی سیاسەت دەکەن دەبێ دەپێشدا ئەو عیلمە فێر بن و ئینجا لەمەیدانی بەکردەوەدا کاری لەسەر بکەن. لەهەموو کۆمەڵگاکاندا ئەوانەی بە کردەوە سیاسەت دەکەن ژمارەیان زۆر نیە و هەر ئەو ژمارەش بەردەوام کەم و زیاد دەبن. سیاسەتمەداری لێهاتوو وەک شوغڵ سەیری سیاسەت دەکا و هەموو هەوڵی خۆی دەدا تێیدا سەرکەوێ. هەرکاتیش هەڵەیەکی وای کرد کە زیان بەکۆمەڵگا و وڵات بگەیەنێ بە ئارامی واز لەسیاسەت دێنێ و خەریکی کارێکی دێکە دەبێ. لەو شوێنانەی سیاسەت وەک عیلمی بەڕێوەبردن جێی گرتوە هەموو کەس خۆی لەقەرەی نادا و تەنانەت کەمتر وایە لێکدانەوەشی لەسەری هەبێ. زۆرتر وایە خەڵک دەڵێن: ئەوە کاری سیاسییەکانە و من لێی نازانم. ئەو جۆرە سیاسەت کردنە دیارە شانسی سەرکەوتنی زیاترە و کۆمەڵگاش باشتر دەتوانێ لەخێر و بێرەکانی کەڵک وەرگرێ، چونکە مەهارەت و لێهاتوویی تێدا بەخەرج دەدرێ و دیارە لێپرسینەوەشی هەیە.

لە کوردستان، ئەوەی ناوی سیاسەتی لەسەر داندراوە لەڕاستیدا تێکەڵاوێکە لەخەبات بۆ ڕزگاری و هەوڵدان بۆ گوشار خستنە سەر دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا کە مل بۆ مافەکانی کورد ڕاکێشن. ئەو حیزبە سیاسییانەش کە پێک دێن و ڕۆڵی ڕێبەریی خەبات وەئەستۆ دەگرن لەڕاستیدا سیاسەت بە مانا دروستەکەی ناکەن و تەنیا ناوی

سیاسییان لەسەرە. لەنێو هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا هەموو ئەندام و لایەنگران بەگشتی سیاسیین و بەتایبەت هەموو ئەندامان مافی ئەوەیان هەیە تەنانەت ڕێبەریی حیزبەکەش بگرنە ئەستۆ کە لەو حاڵەتەدا ئەرکی زۆر قورسیان دەکەوێتە سەرشان. ئەوە لەکاتێدایە نەک هەر عیلمی سیاسەتیان نەخوێندوە و لەسیاسەت بە مانا دروستەکەی نازانن، بگرە لەسیاسەتە کوردێندراوەکەش سەرەدەر دەرناکەن. ئەو چێشتی مجێورەی ئەمڕۆ لەبازاڕی سیاسەتی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ لەڕاستیدا بەرهەمی ئەو جۆرە سیاسەت کردنەی کوردییە کە هەتا دێ مەترسیدارتر و پڕ کارەساتتر دەبێ.

لەوەش خۆشتر، لەکوردستان نەک هەر چالاکیی حیزبەکان و خەباتکارانی مەیدان سیاسیین، بگرە هەموو خەڵک بە ژن و پیاوەوە و زۆرجار تەنانەت مێرمندالانیش باسی سیاسەت دەکەن و لێکدانەوەی ڕووداوە پڕ گرێوگۆڵەکان وەئەستۆ دەگرن. بەتایبەت ئێستا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر دەستن ئیتر مەیدانی سیاسەت وا هاسان بۆتەوە وەک ئاو خواردنەوە وایە. بۆ هەر مەسەلەیەکی سیاسی چ چووک و چ گەورە بە پانەوە خەڵک لێکدانەوەی لەسەر دەکەن و وای هەڵ دەشێلن کەس نازانێ سەرەتای ڕووداوەکە چۆن بووە. جا لەو حاڵەتانەدا ئەو سیاسییانەش کە خۆیان پێ سیاسییە و سەری داوەکەیان بەدەستە چونکە سیاسیی ماهیر و لێهاتوو نین دەکەونە نێو ئەو هەموو شەپۆلە مەترسیدارەی لەهەموو لایەک ڕا بۆیان دێ. واتە ئەو سیاسیکارەی بە حیساب سیاسییە و لەڕاستیدا هەویش نیە، دەبێ چاوی لەزاری ئەو هەزاران «لێکۆڵەر» و نەزەردەر و بۆچوونیووس و «شرۆڤەکارە» بێ کە پەیتا پەیتا وەبیری دێننەوە چ شتێک ڕاستە و چ شتێک هەڵەیە. جا سیاسییە نەزانەکەش تێ دەمێنێ لەنێو ئەو هەموو لێکدانەوە ڕەنگاوڕەنگە کامیان هەڵ بژێرێ کە یارمەتیی بدا وەک سیاسییەکی سەرکەوتوو بناسرێ. لێرەدا بەشێک لەسیاسیکارەکانمان «شێروخەت» هەڵداوێن و بەهەر بارێکدا کەوت ئەویان پەیرەو دەکەن. ئەوانەش کە کەمێک زیرەکترن نایەڵن نە شیش بسووتێ و نە کەباب. واتە ئەمڕۆ قسەی ئەویان تەئیید دەکەن و سبەی هی ئەوی دیکەیان.

خۆلاسە سیاسەتی کوردی ئاوایە...

لە ژمارە ٧١٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# هەردهەژێنی هەست هەژێن!

ئەم ڕۆژانە پارچەیەکی دیکەی جەرگم وەبەر تیغی تیژی ناعەدالەتی کەوت و برینێکی قورسی هەلگرت. ئەم ڕۆژانە باخچەیەکی دیکەی باغی بەرینی نیشتمانم وەبەر ڕەشەبای نەهامەتی کەوت و داروبەردی پێک دادرا. وا ئەمجاریش کوندی شوومی وێرانی ڕووی دە شاروگوندی کوردستان کرد و بانگی ڕووخان و مالوێرانیی خوێند. هەمدیسان لەشی کوردی بێ ئەنوا وەبەر قامچیی ئێشهەلگری زەمانە کەوت و ئازای بەدەنی شەقار شەقار بوو. ئەمجاریش برینی قەتماغەبەستووی لەشی ولاتەکەم سەری هەلدایەوە و خەم و فرمێسک و حەسرەت بەربینگی پێ گرتینەوە.

بوومەلەرزەی بەشی خوارووی نیشتمان و بەتایبەت ڕۆژهەلاتی کوردستان کارەساتێکی بەتەواو مانا بوو. بەلایەک بوو هات و سەرومالی بەشێکی زۆر لە خوشک و برایانمانی بەتالان برد. ئەو لافاوی مەرگە کۆرپەی لەباوەشی دایک ئەستاند، خوشک و برای لێک کردن، ژن و مێردی بە جووتە دەچالی مەرگ هاویشت، قوتابیی لە دەرس و مەلای لەمزگەوت کرد. جووتێری لە زەوی ئەستاند و کۆلبەری خستە ژێر بارێکی وەها قورس کە نەتوانێ هەستێتەوە. ئەو هەردهەژێنە مالی هەژارانی تێک تەپاند، ئەوانی بێ سەرپەنا کرد و ئەو کەمە ژیانەشی پێ ڕەوا نەدیتن کە بە شەونخوونی وەسەریەکیان نابوو. ڕێگاوبانی لێ بەستن، باغ و باغاتی لێ شێواندن و ئەوەی هەیان بوو لێی کردنەوە هیچ. لەڕاستیدا ئەوە مالوێرانی و نەهامەتی و مەرگەسات بوو کە بەسەر کورد هات.
ئەم هەردهەژێنەی لەشی زۆرانی وەبەر چەقۆی تیژی مەرگ دا و گەلێک مرۆڤی بێ ئەنوای لەژیان و خۆشی کرد، هەستی هەموومانی هەژاند، ڕای تلەکاندین و دلەکوتەیەکی سەختی خستە نێو ویژدانمان. ڕاستە کەس، غەیری ئەوخەلکەی کەوتوونەتە ژێر شالاوی بوومەلەرزە و پێوەی دەنالێنن ناتوانێ هەست بە هەموو ئازارەکانی بکا و تەزووی ئەو نەهامەتییە وەک درێشوو دەجەستەی ڕاچێ، بەلام وابزانم هەموومانی بریندار کرد و تێی گەیاندین هەر خۆمان دەبێ پشت و پەنای خۆمان بین. پێی گوتین وەخۆ بێێنەوە و بیرێک لەحالی زارمان بکەینەوە. وەخەبەری هێناین تووشی خەوە بەردینە نەبین و وشیاری کردینەوە بیرو کردەوەمان بۆخۆمان بێ.

ئای لەو شەپۆلی هاودەردی و هاوخەمی و هاوپێوەندییە کە نموونەی بە کەمی دیتراوە. ئای لەو هیممەتەی خەلکی



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژهەڵات نواندیان و وەی لەو بەرنامە جوانەی بۆ بە هاناوە چوونی لێقەوماوان لەخۆیان نیشان دا. ئەگەر ڕێخستن مانای هەبێ ئەوەیە. ئەگەر ڕاپەڕین لە قامووسی خەباتدا مانای مابێ هەر لێرە بەدیمان کرد. ئەگەر ڕووحی هاوکاری، هاودڵی، هاوزمانی و هاوهەنگاوی بە مانای تەواوی خۆی بەدی بکرێ هەر لێرە بەدی کرا. کودی ڕۆژهەڵات ئەمجاریش وەک زۆر جاری دیکە دەریان خست حەزیان لەیەکریزییە. تەبایی و برایەتییان پێ خۆشە. بیریان لەلای یەکە و دەگەڵ ئازارەکانی یەکتر بە زەویدا ڕۆ دەچن و دەگەڵ خۆشییەکانی یەکتریش گەزبەگەز باڵا دەکەن. ئەوان لەو ڕۆژە سەختانەدا ماندوو بوونیان نەناسی، هەستیان بە برسیەتی نەکرد، کار و ژیانیان وەلا نا. هەموو وێکڕا و قۆڵ دەقۆڵی یەک نەزمێکی پڕ ئاهەنگیان وەڕێ خست و نمایشێکیان هێنایە سەر پەردە کە پێی دەڵێن هاوکاری. ئای چەندە جوانە ئەو سەفی سەدان ماشێنەی بە باری پڕەوە پێچی جادەکان دەبڕن و لە هەورازەکان وەسەر دەکەون هەتا زگێکی برسی تێر بکەن. بۆ وەی لێوێکی ویشک هەڵاتوو تەڕ کەنەوە. بەو مەبەستەی سەرپەنایەک بۆ ماڵوێرانێک دابین بکەن و پێکەنینێک بخەنەوە سەر لێوی بێماڵ و حاڵێک.

هەڵمەتی بە هاناوە چوونی لێقەوماوانی بوومە لەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانم بە هەموو پێوەرێک شۆڕشێکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و مرۆڤی بوو. ئەو شۆڕشە دەبێ دەرسی لێ وەرگیرێ. پێویستە لەخەزێنەی مێشکماندا جێگایەکی تایبەتی بۆ بکەینەوە هەتا نەفەوتێ. لەسەرمانە بە قووڵی لێی ورد بینەوە و لە مانا شاراوەکانی بگەین. دەبێ بزانین ئەوە چ سرڕێکە لەدەروونی ئەو خەڵکەدا پنگی خواردۆتەوە؟ بۆ سیاسییەکانمان پەی پێ نابەن و بۆ نایخوێننەوە؟ بەڕاستی مانای ئەو نمایشی جوانە چیە و چۆنە ئاوا خۆڕسک سەر هەڵ دەدا؟ چ ودمێک ئەو تۆفانە وەڕێ دەخا و کێیە دوعا نووسی ئەو نوشتوویە؟ خەڵک وەرەی هەیە، بیری جوان کار دەکا، هەستێکی یەکجار هەیە، ئیرادەی بۆ چوونە پێش بەهێزە و دەزانێ دەبێ هەنگاو باوێژێ. کوردستان گیروگرفتی زۆری هەن کەلێنی زۆر خراوەتە جەستەی ئەم نیشتمانە. ئەم شۆڕشی خۆڕسکە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییانە دەبێ چرا سەوزی ئەوەمان بدەنێ کە وێڕای ئەوانە کە زۆریش پێویستن، دەبێ هاوکات شۆڕشی سیاسییش وەڕێ بخرێ. پێویستە هاوتەریب، دەگەڵ ئەوەی بۆ تێرکردنی زگێکی برسیی دەستی سروشت، کاک «ئەبووبەکر» ئاسا ژیانی خۆمان فیدا دەکەین، لەسەرمانە بە گژ ئەو دەسەڵاتەشدا بچینەوە کە بووەتە هۆی هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانییەکانمان. بەو هیوایە ئەوە سەرەتای هاوپێوەندییەکانی نەتەوەیی بێ و کۆتایی بە ستەم و چەوساندنەوە بێنێ.

لە ژمارە ٧١٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## نامەیەک بۆ پێشمەرگە!

### هۆی کاکی پێشمەرگەی فیداکار!

لەڕێگایەکی دوورەوە ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم. نازانم چۆن و کەی بەدەستت دەگا بەڵام من وای دادەنێم بەم زووانە دەی بینی و دی خوێنییەوە. باوەڕ بکە دڵم هێندە پڕە نازانم دەگەڵ کێ قسە بکەم و دەردی دڵ لای کێ هەڵڕێژم. تەنیا کەسێک کە پێم شک دێ و تێی ڕادەبینم تۆی ڕاستگۆ و جوان ڕەوشت و دڵ پڕ لەخەمی گەل و نیشتمانی کە بتوانم دەردی خۆم و گەلەکەمی بۆ هەڵڕێژم. کەوابوو تکایە گوێم لێ بگرە و وەک پیشەی هەمیشەییت بەسەبرو تەحەممول بە.

ئەی هاوڕێی دڵپاک و لەخۆبوردوو، هێندەم دەردی دڵ هەیە نازانم لەکوێڕا دەست پێ بکەم و کام بەشیانت بۆ باس بکەم. دەزانم بیری تۆ هەر لای سەنگەری بەرگرییە و پێت خۆشە دوندی چیاکانت وەبیر بێنمەوە. ئای کە بیر لەمەیدانی قارەمانەتی و فیداکارییەکانت دەکەمەوە چ هەستێکی پڕ لەغروور و سەربەرزی ڕووم تێ دەکا؟ ئای کە سیمای جوامێرانەت دێنمەوە بەرچاو ولە قەڵافەتی پڕ هەیبەتت دەڕانم چۆن شاگەشکە دەبم و دەپێستی خۆمدا جێم نابێتەوە؟ بەڵام هەزار حەیف و داخ کاتێک دەبینم دوندی چیات لێ زەوت کراوە و لەنێو دڵی گەرمی خەڵکەکەت دوور خراویەوە کوڵی گریانێکی بەکوڵ دەمگرێ و هەموو ئازای لەشم دادەگیرێ. نازانم لەمەو دوا ئازادیی کورد چەندە پێویستیی بە بوونی تۆ دەبێ و تۆی «پێشمەرگ»ی خەڵکەکەت چەندە بۆت هەیە دڵی دوژمن وەلەرزە بخەی، بەڵام سوێندت بۆدەخۆم ناوی تۆ و فیداکاریی تۆ لای من و میلیۆنان کەسی وەک من هەر بە بەرزی دەمێنێتەوە.

### هۆ ڕۆڵە قەت نەسرەوتەکەی گەل، ئەی کاکی پێشمەرگە!

دەزانم لەمنت زیاتر ئاگا لەوەزعی کوردستان و پیلانی دوژمنان و هەرکەس هەرکەسیی نێوماڵی کورد هەیە. دەشزانم بە پێی ئەرک و مەقامت زۆر لەمن زیاتر دەخەمی داهاتووی خەڵکەکەت دای. من لەڕێگای ئەم نامەیەوە

هەر ئەوەندەت داوا لێ دەکەم تۆ وەک پێشمەرگەی خەڵک بمێنەوە و هەوڵ بدە لە ئوبووهەتی خۆت بۆ یەکڕیزیی نێومـاڵی کـورد کەڵـک وەرگـری. تکـات لـێ دەکەم مەکەوە نێـو ململانێـی سیاسییەکەن و توانـا و ئینرژیـی خـۆت لەڕێگایەکدا سەرف بکە کە دوژمن پێی بتاسێ. دەزانم تۆ هەروەک چۆن لەمەیدانی بەرگریی قارەمانانەتدا دوژمن تـۆقێن بـووی و دڵـی خەڵکت شـاد دەکـرد، ئێسـتاش دەتـوانی ڕۆڵـی کـاریگەری خـۆت بـۆ پـتەو ڕاگرتنـی هەسـتی خەباتکـارانە و ئـازادیخوازنە بەباشی بگێـڕی. تکـات لـێ دەکەم دریغی مەکە و ناهومێـدی ڕووت تـێ نەکـا. چـاوی خەڵک لەسەر تۆیە و ناوی تۆ وەک هەمیشي دەتوانێ ورەبەخشمان بێ.

### کاکی خۆم، ئەی چەکهەڵگرە ڕزگاریدەرەکەی نیشتمان!

تۆفـانی ڕووداوەکـان وا دەوروبەرمـانی تەنیـوە هەربینـا گەیشـتە سـەر سـەری ئـێمەش. ئەوەی مـن و ڕەنـگە تـۆی پێشمەرگەش داخ و حەسرەتی پێوە دەخۆین ڕۆژهەڵاتە نـاز لـێ شێواوەکەی خۆمـانە کە نـازانین ئەو تۆفـانە چـۆنی دەگـرێتەوە و بەرەو کـوێی ڕادەمـاڵێ. خـۆت لەمن چـاکتر دەزانـی ئەگەر ئـاوا بچیـنە پـێش نە تـۆی دوژمـن بەزێـن دەتوانی دەوری خۆت بگێڕی و نە پێش سوارەکانمان دەزانن کاروانەکەمـان بە باشـترین ڕێگـای ڕزگاریـدا جڵەوکێش بکەن. من زۆر دەترسم بەرهەمی ڕەنجـی دەیـان سـاڵەت بەفیـرۆ بچـێ و ئەو هەمـوو ئـازارەی لە پێنـاو ڕزگاریـدا چێشتووتە ببێتەوە هیچ. بۆیە لەبەرت دەپاڕێمەوە وشیاریی خۆت بپـارێزە. تەنیـا بیـر لەنیشتمان و ئـازادیی گەل بکەوە. مەکەوە نێو بـازاڕی سیاسەتی ڕۆژ و، بەرژەوەندییە بـاڵاکانی گەل بەهیچ مەگۆڕەوە. خۆ دەزانم تۆی دڵپاک و بـێ گرێوگـۆڵ هەمـوو فکروزکـرت خەبـات بـۆ گەیشـتن بە ئـازادییە، بەڵام وشـیارت دەکەمەوە کە ئەوەت لە سیاسییەکانیش بوێ و فشـاریان بـۆ بێـن نەوە هەنگاویـان شل نەبێـتەوە. ئـاخر هەر تـۆی کەدەزانـی تەنگـانە بەری کورتە و ئەوەی ئیرادە و هیوای هەبێ سەرئەنجام سەر دەکەوێ.

### ئەی ڕۆڵە بە ئەمەگەکەی نیشتمان!

هەرچەند دڵم گیراوە و خەمی ئەسیریی نیشتمان بڕستی لێ بڕیوم، بەڵام کەبیر لەتۆ دەکەمەوە تەکان دەدەمە خۆم و هیوا دەلەشم دەگەڕێ. بەخۆم دەڵێم چۆن دەکرێ بە بوونی ئەو گەنجینە نایابە کە ناوی پێشمەرگەیە ناهومێدی دات بگـرێ؟ بـاوەڕ بکە هەر ناوهێنانت زینـدووم ڕادەگرێ و وەجووڵەم دەخـا. تـۆ هێنـدە مەزنی بە هیچ چووک نابیەوە. تۆ ورەبەخشی ئێمەمانـانی بێ ورەی. تـۆ دەتـوانی جووڵە بخەیە نێو وڵات و نەزم بگۆڕی. تـۆ دەتـوانی



سەرچاوە
Serchawe

هەناسەمان وەبەر بێنی و زیندوومان بکەیەوە. ورەی تۆ، ئیرادەی تۆ، نەترسیی تۆ، دڵپاکی و ڕووڕاستیی تۆ هەمووی سەرچاوەی وەخەبەر هێنانی ئێمەن. تکات لێ دەکەم ئاگات لەخەڵکەکەت بێ. چونکە تەنیا ناوی تۆ ئەی کاکی پیشمەرگە، دوژمن دەخاتە لەرزە. قوربانی خاکی بەرپێت بم.

لە ژمارە ٧١٥ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

--------------------------------------------

# کوردایەتی هەتا گەیشتن بە ئازادی

بە بیستن و خوێندنەوەی هێندێک دەربڕینی سەیروسەمەرەی بەناو ئەمڕۆیی حاڵم دەگیرێ و بێزم هەڵدەستێ. ئەوانەی پەنا بۆ هەر شتێک دەبەن وخۆیان بە ئاووئاگردا دەکەن هەتا بیانووی دژایەتی دەگەڵ کوردایەتی بدۆزنەوە، دەبێ چەندە بێباوەڕ و دوورەپەرێز بن؟ ئەوانەی گاڵتە بە خەباتی کوردایەتی دەکەن و پێیان شتێکی کۆنەپەرستانە و ڕەگەزپەرسانەیە، دەبێ چەندە داخ لەدڵ و کوێرزەین بن؟ ئەوانەی جیاوازیی نێوان خەباتی گەلێکی زوڵملێکراوی ماف پێشێلکراو دەگەڵ ڕۆڵی لایەنێکی زاڵمی چەوسێنەر هەست پێناکەن و نایبینن، دەبێ چەندە بەدبەخت و ماڵوێران بن؟ هەر بەڕاستی قسەی ئەمڕۆیی و پێشکەوتوانە ئەوەیە دژی مافی نەتەوەکەت بوەستی و بۆ کزکردنی خەباتەکەی شێرورێوی دنیایە بێنییەوە؟

سەت حەیف و هەزار مخابن مەیدانی دەربڕینی «ئازاد» وای لێ هاتوە سەفی چاک و خراپ تێکەڵ کراوە. بازاڕی قسە و دەربڕین و خۆهەڵکێشان وای لێ هاتوە سنوورێک هەست پێ ناکرێ. لەم بازاڕی مەککارەیەدا ئی وا دێتە مەیدان و قسەی وا دەکا سەرت سوڕ دەمێنێ. ئەوانە بە ڕۆژی ڕووناک دژی بەرژەوەندییەکانی خەباتی نەتەوەی کورد قسە دەکەن و گاڵتەیان بەخوێن و قوربانیدانی دەیان ساڵەی ئەم گەلە تێکۆشەرە دێ. ئەوانە بەجۆرێک قسە دەکەن هەروەک ئەننەهوو کورد لەدرێژایی سەدان ساڵ خەباتی خۆیدا فریوی خواردبێ و نەیزانیبێ وەدووی چی کەوتوە. ئەوانە خەریکن لەپەنا هێندێک پاڵپشتی دژە کورد ڕۆژبەڕۆژ هێرشی بەرنامە بۆداڕێژراوی خۆیان توندتر دەکەن و بەخەیاڵی خۆیان وا لەڕیشەی داری کوردایەتی دەدەن قەت شین نەبێتەوە. ئەوانە هەست و بیر و مێشکی بەرەی نوێی ئەم گەلەیان کردۆتە نیشانە و دەیانەوێ زەبرێکی لێ بدەن ئیتر مەجالی هەستانەوەی نەبێ. بەڵێ بازاڕی تەبلیغی دژە کوردایەتی گەرمە و ئەوانەش کە تەندووری ئەم بازاڕە گەرم دەکەن چاک دەزانن چۆنی نێل بدەن.

ئەوەندەی دژبەرانی کوردایەتی بۆ کزکردنی ڕەوتی ئەم خەباتە لەهەوڵ و کۆشش دان و بەچەپ و ڕاست لەڕیشەی کوردایەتی دەدەن، خەباتگێڕانی ئەسڵیی مەیدانەکەش بەداخەوە خەریکن تەسلیم دەبن و فریوی هێندێک قسەی بێ بنەما و دروشمی ناساز دەخۆن و بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەوانیش کوردایەتی بەنەوعێک خۆچووک کردنەوە دادەنێن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو نەسلەی بەدرێژایی دەیان ساڵ لەژێر ئاگری بێ ئامانی دوژمندا خۆڕاگریی نیشان دا و خەباتی کوردایەتی وەک چیای قەت نەچەماوە پاراست، ئەمڕۆ خەریکە دوودڵ دەبێ و دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی هەمان بازاڕی فریو و ڕیا. پارێزەرانی دوێنێی ڕێگای کوردایەتی یان بە هۆی ماندوویی پەکیان کەوتوە و ئیتر خەریکن واز لە خەونەکانیان دێنن، یان هەر بەڕاستی پێیان وایە هەڵەیان کردوە و ئەو ڕێگایەی بڕیویانە هەڵە بوە؟ ئەگەر ماندوون و تاقەتی بڕینی ئەو ڕێگا سەختەیان نەماوە ماڵیان ئاوەدان و با بە شانازییەوە جڵەوی کاروان بدەنە دەست نەسلێکی بوێر و بەبڕوا و خۆیان ببنە پاڵپشتیان بێ ئەوەی هەوڵی دڵسارد کردنەوەی هیچ خەباتکارێک بدەن. ئەگەریش هەر بەڕاستی پێیان وایە ڕێگایەکی هەڵە ڕۆیشتوون زۆریان بۆ بەداخم کە نەخۆیان ناسیوە و نە گەلەکەیان.

کوردایەتی معاش نیە ڕۆژێک هەبێ و ڕۆژێک نەبێ. کوردایەتی دەروازەی گومرک نیە ڕۆژێک قەڵەباغ بێ و ڕۆژێک کەساد. کوردایەتی ئیدارەی حکوومەتی نیە بەیانی ڕووی تێ بکەی و ئێوارێ بەجێی بێڵی. کوردایەتی قسەی زلی سەر تلویزیۆن نیە بە پێی کاناڵ بیگۆڕی و دەسکاریی نێوەرۆکەکەی بکەی. کوردایەتی خەباتە بۆ گەیشتن بەئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیەکی ژێر ستەم. درێژەی ڕێگایەکی پڕ سەروەرییە کە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بەزانینەوە هەڵیان بژاردوە و بەبڕواوە درێژەی دەدەن. کوردایەتی هەمان نەزمی ژیانە. ئەگەر دەمانەوێ ژیانمان نەزمی هەبێ، مانای هەبێ، ئامانجی هەبێ دەبێ کوردایەتی پەرە پێ بدەین. ئەگەر دەمانەوێ وەک مرۆڤ بژین و وەک مرۆڤ ڕووبەڕووی دەوروبەرمان بین، دەبێ کوردایەتی درێژە بدەین. ئەگەر خوازیاری ئەوەین ئازاد بژین و ئازاد بمرین دەبێ وەدوای کوردایەتی بکەوین.

کوردایەتی دژی خەڵکی دیکە بوون نیە. کوردایەتی تەنیا خۆ دیتن و بەخۆ هەڵگوتن نیە. کوردایەتی چاوچنۆکی و خۆبەزلزانی نیە. کوردایەتی شوینیستی و نەتەوەپەرستی بەمانای دژی ئەوانی دیکەن بوون نیە. کوردایەتی خەباتە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری. تێکۆشانە بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرامبەر. هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بەختەوەر. کوردایەتی هەموو کەس خۆشویستنە و هەموو کەس وەک یەک دیتنە. کوردایەتی هەوڵدانە بۆ ڕزگاریی چل میلیۆن ئینسان لەژێردەستی. دەربڕینی ناڕەزایەتییە بەرامبەر زوڵم و بێدادی. ئەوانەی ئەم کوردایەتییە بە دواکەوتوویی دەبینن واباشە بیرێک لە بیرکردنەوەکانیان بکەنەوە، بێگومان ئیشکال لە جۆری ڕوانینی ئەوندا هەیە.

**لە ژمارە ٧١٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧**

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانیساڵی: ٢٠١٨

-----------------------------------

## لەهەر باخەی گوڵێک بۆ پێشەوە هەنگاو بە هەنگاو

خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی یەکسان کاری ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نیە. ئەوانەی قۆڵیان هەڵماڵیوە لەو بوارەدا کار بکەن و نەزمی کۆن بگۆڕن باش دەزانن ئەوە پشووی درێژ و کاری بەردەوامی پێویستە. یەکێک لە پێش شەرتەکانی بەردەوامیی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بوونی هیوا بە سەرکەوتنە. هەرکەس و هەر لایەنەی لەڕەوتی تێکۆشانی خۆیدا تۆزقاڵێک تووشی نائومێدی ببێ، ئاکامی پێچەوانە لە زەحمەت و ماندووبوونی خۆی وەردەگرێ. ئومێد بەسەرکەوتنە کە تۆفانی شۆڕش بەرپا دەکا و هێزی بێ پایانی کۆمەڵانی خەڵک وەگەڕ دەخا. شەرت نیە هەموو جووڵە و تێکۆشانێک لەکورت خایەندا سەتا سەت بە سەرکەوتن بگا، بەڵام گومان دەوەدا نیە ئاکامی هەر هەوڵێکی بەردەوام بە ئاکام گەیشتنە.

ئەگەر سەیری قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی دوور و درێژی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی وەک یەک دەگەڵ پیاوان بکەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەنگاوەکان هەتا چ ڕادە چوونەتە پێش. هەرکات چاو لە ڕەوتی خێرای کۆمەڵگەی ئەمڕۆی جیهان بکەین و ئاوڕێکیش لەسەت ساڵ پێش ئێستامان بدەینەوە، چوونە پێشی بزاڤی ڕزگاریخوازیی ژنانمان باش بۆ دەردەکەوێ. ئەوەش دەزانین کە باشترین شێوەی دیاریکردنی ڕادەی چوونە پێش هەمان میتۆدی لەبەرامبەر یەکتر ڕاگرتنە. ئەوە بەو مانایە کە حاڵی ئێستای ژنان دەگەڵ وەزعی سەت ساڵ پێش مقایسە بکەین و ئینجا قەزاوەت بکەین. لەو حاڵەتەدا پێشکەوتنە زۆرەکانی ژنان لەهەموو بوارەکاندا بە باشی خۆ دەنوێنن.

ئەوە کە ژنان نابێ بە بەشی خۆیان لەکۆمەڵدا ڕازی بن، هیچ شک نیە. ئەوە کە ژنان دەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ داوا و چاوەڕوانییەکانیان زیاتر باس بکەن و باشتر بیبەنە نێو کۆمەڵ، دیسان کەس قسەی نیە. لەوەدا کە ژنان دەبێ و

لەسەریان واجبە یەکگرتووانە و بەپێی بەرنامە لەخەباتدا بەشدار بن دیسان جێی قسە نیە. بەڵام لەوەشدا کە نیزامی جێگرتووی زاڵ هەروا بەهاسانی مل نادا و خەریکی فرت و فێڵی خۆیەتی، جێی پرسیار نیە. یانی لەڕاستیدا ئەوەندەی ژنان خەمی گەیشتن بە ئازادی و مافی وەک یەک دەخۆن، نیزامی مەوجوودی پیاوسالارییش خەمی ئەوە دەخوا چۆن تەمەنی خۆی درێژتر کاتەوە. جا لێرەدایە کە دوو لایەنی بەرامبەر دەکەونە هەوڵ و تەقەلا بۆ ئەوەی مەشرووعیەتی خۆیان نیشان بدەن و بیسەلمێنن. زۆر ڕوونە لەو کێبەرکێیەدا نیزامی زاڵ هەم فێڵ و هەم ئەزموون و هەم هێزی ماددی و مەعنەویی زیاتری هەیە و هەر بۆیە ئیمکانی ڕاوەستانیشی زیاترە.

ئەوە لەلایەک، بەڵام ئەوە هەمووو مەسەلەکە نیە. ڕاستە هێزی دەسەڵاتداری کۆمەڵ توانا و ئیمکاناتی چەوساندنەوەی هەیە، بەڵام مەنتیق و ئیستدلالی ئەوەی نیە کە حەقتانییەتی خۆی بسەلمێنێ. کەچی لەو لاوە، واتە ژنان بە باوەشی پڕ لەبەڵگەی سەلمێنەر دەچنە جەلەسەی دادخوازی و بە وتاری گەرموگوڕی خۆیان ویژدانی خەوتووی کۆمەڵ وەخەبەر دێنن. جا لەو مەیدانە دایە کە ژنان دەبێ سەبر و حەوسەلەی باش لەخۆیان نیشان بدەن و پێیان وانەبێ دەتوانن بە پەلە ڕای گشتیی کۆمەڵ بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. ئەوان لەو بوارەدا هەر هەنگاوێک کە دەچنە پێش بۆیان دەبێتە نێردیوانێکی سەرکەوتن و جا ئەوجار دەبێ دەفکری هەنگاوی دواییدا بن. یانی مەبەستم ئەوەیە بڵێم کاتێک دروشم دەدەن یا وەختێک داوایەک دێننە گۆڕێ خۆ لە زێدەڕۆیی بپارێزن چونکە زەبری ڕاستەو خۆیان لێدەدا.

ئەزموون دەری خستوە دیکتاتۆڕان و ماف پێشێلکەران زۆر حەز دەکەن تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی دروشمی توند بدەن بۆ ئەوەی بیانووی سەرکوتیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەوە بەتایبەت بۆ مەسەلەی ژنان زۆر حەساسە چونکە هەزمی داخوازی زۆر لەلایەن ژنانەوە، بۆ بەشێکی زۆری دەسەڵاتداران کە پیاون زەحمەتە. بەڵام ئەگەر ژنانی یەکگرتوو بتوانن قۆناغ بە قۆناغ و بە پێی هەلومەرجی زەمان و مەکان داخوازەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ، حەتمەن خەڵکێکی زۆر گوێ بیستیان دەبێ. لەو حاڵەتەدا دیارە هەنگاوی بۆ پێشەوە چوونی ژنان ئارام، بەڵام بەردەوام دەبێ. لەکەسیش شاراوە نیە چوونە پێشی بەردەوام سەرئەنجام بە مەقسەد گەیشتنە. سەرکەوتوو بن

لە ژمارە ٧١٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## لوێچێک لەدەریای خۆشەویستی!

هەرچی بیر لە وشەی خۆشەویستی دەکەمەوە و لەمانا جوانەکەی دەڕوانم بۆم ڕوون دەبێتەوە کەم کەس هەیە بتوانێ لەو دەریا قووڵ و بێ بنەدا مەلەی بکا و لەبەرامبەر شەپۆلە سەرکێشەکانی خۆی ڕابگرێ. زۆرن ئەوانەی توانیویانە بە فیداکاری و ڕەنجی بێ بڕانەوەیان لە قولینچکێکی ئەو دەریا بێ سنوورەدا مەلەی بکەن و بۆ گەیشتن بە عیشقی خۆیان هەتا سنووری مەرگ بڕۆن، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی توانیویانە، یان ویستوویانە، بە هەموو بوارەکانی دەریای عیشقدا مەلەی بکەن.

لەڕاستیدا عیشق یانی سووتان و توانەوە لەپێناوی گەیشتن بە مەبەستدا. یانی خەم و هەڵوەرینی فرمێسک و ڕۆژێ سەت جار مردن و زیندوو بوونەوە. یانی هەر ڕۆیشتن و گەڕانەوە، یانی هەر چاو لە ئاسۆ بڕین و چاوەڕوان مانەوە. عیشق یانی دیتنی هەموو جوانییەکان، هەموو ڕەنگەکان، هەموو وێکچوون و وێک نەچوونەکان. عیشق یانی ماندوو نەبوون، یانی هەست نەکردن بەڕەنج و موسیبەت، بەناکامی و پێ نەگەیشتن. عیشق یانی خۆ تاقیکردنەوە، یانی خۆ بێروبەوێدا دادان، واتە هەڵقرچان. عیشق یانی ژیان.

ئەم ڕۆژانە خۆم دەنێو داستانی عیشقێکی واقعیدا دیتەوە. داستانی ئەوینێک کە وشە ناتوانێ وەسفی بکا و زمان لە گێڕانەوەی بێ توانایە. خۆشەویستییەک کە سنووری بڕیوە و لە دەروازەکانی مانا ڕواڵەتییەکەی تێپەڕیوە. من هەتا ئێستاش نەمدەزانی عیشق یانی ئەوە. نەمدەزانی عاشق دەبێ هەتا ئەو ڕادەیە فیداکاری بکا و حەز و شادییەکانی لەپێناویدا دابنێ. بەڵێ باسی خۆشەویستیی ئینسانییەتە.

کورتەی داستانەکە بەمجۆرەیە: کوڕێک و کچێک هێندەیان یەکتر خۆش دەوێ لەگێڕانەوە نایە. فیداکاریی ئەو دوانە لەپێناو یەکتردا بێ سنوورە. باخی عیشقێک کە ئەو دوانە پیاسەی تێدا دەکەن پڕ لە گوڵی بۆنخۆش و ڕەنگاوڕەنگە. مرۆڤ حەز دەکا دەگەڵ چرکە بە چرکەی ژیانی ئەو دوانە هەنگاو هەڵێنێ و بزانێ ئەو جووتە چۆن دەتوانن هەتا ئەو ڕادەیە یەکتریان خۆش بوێ. هەموو دنیای خەون و خەیاڵەکانیان یەکە، هەموو هەنگاوەکانیان دەگەڵ یەک جووتە، هەموو بزەکانیان ماناکانی یەکتر دەخوێننەوە، هەموو فرمێسکەکانیان دەگەڵ یەک تێکەڵ

دەبن. لەڕاستیدا ئەوان گیانێکن لەدوو جەستەدا. قەت پێم وانەبوو دنیای خۆشەویستی دەتوانی هێندە جوان بێ. هەردووکیان هەتا هەتا سەر ئێسقان عەدالەتخواز و دادگەرن. نایانەوێ ڕەنگی ناشیرینی زولم و فەساد و بێڕەحمی ببینن. ئەوان دنیایەکی پڕ لەخۆشەویستی و یەکتر قەبووڵ کردنیان دەوێ.

مخابن ئەو جووتە عاشقە لە یەک شتدا وەک یەک بیر ناکەنەوە کە ئەویش چۆنیەتیی گەیشتن بەو دنیا جوانەیە. هەرچی کوڕەیە دەیەوێ قارەمانبازی بکا و بچێتە شەڕی باندە خەراپکار و بێڕەحمەکان و لە نێویان بەرێ کە هەرواش دەکا. ئەو کوڕە بۆ ڕزگاریی خۆشەویستەکەی و بنەماڵەی لەچنگ باندی خەراپکاراندا چ فیداکارییەک دەکا و چۆن خۆی دەخاتە خەتەرەوە لە گێڕانەوە نایە. ئەو هەموو سنوورەکانی ئازایەتی و زیرەکی و بەرنامەڕێژی دەپێوێ و ئەوەی پێویستە بۆ لەبەین بردنی خەراپکاران دەیکا و سەریش دەکەوێ. بەڵام خۆشەویستەکەی موخالیفی توندوتیژی و کوشتنە. ئەو پەپوولەیەکە بە نێو باخی بەهەشتدا ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکا. هەتا بڵێی پاک و مەعسووم و ئینساندۆست. هەتا بڵێی نەرم و نیان و باوەڕ بەخۆ بوون. ئەو کچە ئەوەندە چووەتە نێو دنیای عیشقی خۆیەوە کە هەست بە ئازارەکانی خۆی ناکا. نایەوێ تەنانەت موویەک لەسەری ئەو کەسەش کەم بێتەوە کە هەموو ژیانی لەخۆی و بنەماڵەکەی ئەستاندوە. ئەو کچە هێندە لە پێناو ئەو باوەڕەیدا قورس و قایمە کە سەرئەنجام کوڕەکەی بەجێ دێڵێ و ئیتر گۆشەی تەنیایی و فرمێسک و حەسرەت و خەم هەڵ دەبژێرێ. ئەو دنیایەکی دەوێ مەند و ئارام. گوڵێک بە ئارامی ڕاژێ، شۆقی کزی مۆمێک و باڵ ڕاوەشاندنی پەپوولەیەک بەدەوریدا و ئیتر باسی خۆشەویستی و خەون و حەز و ئاواتەکان. پێداگریی کچە لەسەر باوەڕەکەی سەرەنجام کوڕی عاشق بەدوو خۆیدا ڕاکێش دەکا و بە گەیشتنی دووبارەیان بە یەکتر، ئەمجار بەردی بناخەی ماڵێک دادەنێن وەک ژیانی هیچ کەس نەچێ. یانی ئەوەی ناوی توندوتیژی و نادادپەروەری و سووکایەتییە تێیدا نەبێ.

خۆ دەزانم ئەوە ئاواتی من و هەزارانی وەک منیشە بەو دنیا جوانەی ئەو جووتە عاشقە بگەین و ئێمەش تامی شیرینی ئەو ئەوینە بچێژین. داخەکەم نە ئەو دوو ئاشقە توانیان کۆشکی خەون و خەیاڵەکانیان بنیات بنێن و نە ئێمەش جارێ لەدوور و نیزیک دنیایەکی ئاوا بەدی دەکەین. بەڵام خەباتمان با لەو پێناوەدا درێژەی هەبێ.

لە ژمارە ٧١٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بە قاقای پێکەنینم خەمنامەت دەگێڕمەوە ئەی نیشتمان!

هەتا بیر لە نیشتمان و بەسەرهاتەکانی دەکەمەوە بوغزێکی خنکێنەر گەرووم دەگرێ و خەریکە لەپێم بخا. دەگەڵ چرکە بە چرکەی وەرددانەوەی خەمنامەی ئەم کوردستانە سەت جار دەمرم و دەژێمەوە. ئازارەکانی وەبیرهێنانەوەی ئەو هەموو ڕووداوە تاڵ وجەرگبڕانە هێندە بەژانن ئاراوقاراویان لێ بڕیوم. نازانم ڕوو لەکام گۆشەی وڵاتەکەم بکەم هەتا تۆزێک، تەنیا تۆزێک هەست بە ئارامی و حەسانەوە بکەم. هیچ شوێنێک لەم وڵاتە پان و بەرینە شک نابەم مەلی خەیاڵەکانمی تێدا وەهەڵفڕین بخەم. نە دۆڵێک شک دەبەم بم حاوێنێتەوە، نە دەشتێک هەیە سوکناییم بداتێ، نە لووتکەیەک کە ئازارەکانم لەبیر باتەوە. ڕوو لە هەر کوێ دەکەم تەنیا خەمە و بۆسووی هەڵقرچانی دڵەکان و هەڵوەرینی فرمێسکی چاوەکان.

سەیرە، ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر وڵاتەکەم و گەلەکەم دێ زۆر وەک داستانی ئەو سێریالە تێلویزیۆنیە پڕ ماجەرایانە دەچێ کە دوای تەواوبوونی هەر ئەڵقەیەک چاوەڕوانی ڕووداوی ناخۆشتر و پڕ کارەساتتری. لێرە، لەم کوردستانە ڕۆژ نیە گوێبیسی کارەساتێک نەبم، یان ماڵوێرانی و جەستەی دەخوێندا سووربووی کوڕان و کچانی کورد نەبینم. سەرم سوڕ ماوە ئەوە چ چارەنووسێکە بەنسیبی ئەم گەلە بوە و خوڵقێنەری ئەم چارەنووسە کێیە؟ لێی حاڵی نیم بۆ دەبێ ژان و ئازار و برین لەم هەرێمە دوور نەکەوێتەوە؟ بۆ دەبێ منداڵانی بێبەش لەهەموو خۆشییەکانی ژیان، برسی و دەربەدەر و بێ باوک و دایک بمێننەوە؟ کێ وەڵامدەری ئەو هەموو بەڵایەیە کە ڕۆژانە بەسەر خەڵکی لێقەوماوی کورد دێ؟ کوا مرۆڤایەتی، لە کوێیە ئینساندۆستی، چ مانایەکی هەیە هاوپێوەندی؟ کوان ئەوانەی لاق شکانی مەلێک دڵیان وەژان دێنێ؟ بۆ دیار نین ئەوانەی بۆ ڕزگارکردنی گیانی حەیوانێک خۆیان بە ئاو و ئاگردا دەدەدن؟ لەکوێن ئەو لایەنگری مافی مرۆڤانەی فرمێسکی منداڵێک ئازاریان دەدا؟ بۆ هەموو ڕوویان لەم خەڵک و لەم وڵاتە وەرگێڕاوە؟ مەگەر ئەوانەی لێرە ڕۆژانە و بە کۆمەڵ قڕ دەکرێن بەشێک لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی نین؟ ئای لە دوو ڕوویی ئینسانەکان!

کتێبی خەمنامەی کورد تەنیا بوارێک ناگرێتەوە. هێرشی دوژمنان و وەڕێخستنی جۆگەی خوێن لە خەڵکی بێدیفاع و سووتاندنی شار و گوندی ئەم کوردستانە تەنیا بەشێک لەو داستانە تراژیدییە پێک دێنێ. ئەوەی دوژمن دەرحەق



سەرچاوە
Serchawe

بە کورد دەیکا هەرچەند زۆر دڕندانە و بی ئینسافانەیە بەڵام بەجۆرێک سوکنایی بەخشی دڵەکانە، چونکە دوژمن خۆی لەبەرامبەر کێوی خۆڕاگریی کورددا دەبینێ. هەر بۆیە بۆ لەپێ خستنی ئەو کێوی ورە و باوەڕە ناچارە هەموو دڵڕەشی و بێڕەحمییەکانی خۆی بەکار بێنێ. بەڵام سەرتۆپی تراژێدییەکانی بەسەر کورد هاتوون و دێن لەنێو ماڵی خودی کورد دایە. ئەو برینەی کورد لە لەشی خۆی دەکا قەت سارێژ نابێتەوە. ئەو ئازارەی ڕۆڵەی کورد لە خوشک و برای خۆی چێشتوویەتی زۆر بەسۆیە، لەپێ خەرە. لەڕاستیدا بەشی هەر گرینگ و دڵتەزێنی خەمنامەی کورد، هەر بەدەستی کورد نووسراوەتەوە و هەر کورد خۆشی دەی خوێنێتەوە. بڵێم چی هاوڕێم، هاوسەنگەرم، هاوخوێنم، خوشکم، برام چۆنت تێ بگەیەنم؟ ئێمە لێک ناحاڵین، لە زمانی یەکتر تێ ناگەیەن. هەر کاممان ڕوومان لە قیبلەیەکە و کەسمان لەکانیاوی یەکتر ئاو ناخواتەوە. هەموو لێک نەبانین، خەنجەری دەستمان ڕوو لەپشتی برامانە. چاومان بە دیداری یەک هەڵنایە، دایمە پێمان خۆشە لەپشتەوەڕا برای خۆمان سەیر بکەین. ئەو خەنجەرەی لەحاند دوژمن هەمیشە دەکالان دایە، بۆ کونکردنی پشتی برا ئامادەی وەشاندنە. ئەوەیە بەشی هەر تراژێدیی داستانی کورد. ئەوەیە فرمێسکمان لەچاوان نابڕێ و قەت پشتمان ڕاست ناکاتەوە.

بەڵام هیچ چارمان نیە و ڕێگامان تەنیا ڕێگای درێژەی خەباتە. هەتا ئازارمان زیاتر بێ خۆڕاگرتر دەبین. هەتا زیاترمان خوێن لەبەر بڕوا بە بڕشتتر و چوست وچالاکتر دەبین. بارتەقای هەموو ماڵوێرانی و ئاوارە بوونمان هێز وەر دەگرین و دیسان تێ هەڵدەچینەوە. ئێمە ڕێبواری ڕێگایەکین پڕ کەند و لەند، پڕ کارەسات. هیچ ڕێگایەک بێ کۆتایی نیە. ڕاستە لەدرێژەی ئەم ڕێگایەدا کتێبی خەمنامەی نەتەوەییمان هەر دێ و قورستر دەبێ، بەڵام هەموو چاوەکانمان لەو نوورە کزەیە کە دەبێ بیگەینێ. ڕێگایەکی زۆرمان بڕیوە، زۆر کوێرە ڕێ و هەوراز و نشێومان تاقی کردوونەوە، لەزۆر چۆمی خوڕێن پەڕیوینەتەوە. ئامانجێک کە وەدووی کەتووین گەڕانەوە لێی محاڵە. لەو ڕێگا سەخت و ناهەموارەدا زۆرمان ئەزموون وەسەر یەک ناوە. با لەو ئەزموونانە بەباشی کەڵک وەر گرین و هەوڵ بدەین درێژەی ڕێگاکەمان کەم مەترسیتر و ئاسانتر بێ. دە دڵم چەقیوە دەگەڵ قاقای پێکەنینەکانم خەمنامەی دوورودرێژی کوردتان بۆ دەخوێنمەوە...

لە ژمارە ٧١٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ڕق و خۆشەویستی دووانەی لێکدانەبڕاوی مرۆڤ

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیر و بێ کۆنترۆڵە. ئەوەی دەزانی مرۆڤ دایە بە هیچ جۆر پێشبینی ناکرێ. هەموو پێشڕەفتە عیلمییەکانی هەتا ئێستای جیهان کە هەر بەدەستی خودی مرۆڤ پێک هاتوون نەیانتوانیوە بە قووڵی بەناخی خودی مرۆڤدا بچنە خوار و پەی بە ڕازەکانی بەرن. ئەو پێچ و مۆرانەی لەشی مرۆڤیان لێک قایم کردوە و ئەو سیم و ڕایەڵکانەی جموجۆڵەکانی ئەم بوونەوەرە نمایش دەدەن بە ڕادەیەک سەرسوڕهێنەرن کە خوێندنەوەی دروستیان هەتا ئێستا مومکین نەبوە. بۆ پەی بردن بە هەموو ڕەمزوڕازەکانی ئەم هەیوولایەی ناوی مرۆڤی لەسەرە ڕەنگە درێژایی زەمان بەس نەبێ، پێویستیمان بە شتێکی دیکەیە.

ڕق و خۆشەویستی دوو لەو تایبەتمەندییە هەرە ناحەز و جوانانەی مرۆڤن کە سەرچاوەی هەموو گۆڕانکارییەکانی جیهانن. ئەم دوو تایبەتمەندییەی مرۆڤ وەگەڕخەری چەرخی ژیان و ڕاگرتنی نەزمی مانن. لەهەر جێیەک خۆشەویستی هەیە ڕق جێگای پێ لێژە و ناوێرێ خۆی وەدیار بخا. لەجێگایەکیش ڕق زاڵە شوێنەوارێک لەخۆشەویستی بەدی ناکرێ. ئەم دوو خسڵەتەی مرۆڤ بەجۆرێک دەبەرامبەر یەکدا ڕاوەستاون کە زاڵبوونی یەکیان بەسەر ئەوەی دیکەدا لە واقیع بەدەرە، ڕەنگە تەنیا دەخەیاڵدا جێگە بگرێ.

ئەوەندەی خۆشەویستی مانا بەژیان دەبەخشێ، ڕق بێمانای دەکا. بە هەمان ڕادە کە خۆشەویستی ڕەنگی دنیامان بۆ جوان دەکا، ڕق دزێوی دەکا. هەموو ئەو باوەشانەی کازیوەی بەیانی بۆ خۆشەویستی دەکرێنەوە، لەتاریکایی ڕقدا قفڵ دەدرێن. با ڕوونتری بڵێم. لە ڕق ڕا دەست پێ دەکەم:

ڕق، بەڵێ ڕق! واتە شێرپەنجەی ژیانی بەشەرییەت. یانی ئەو بەڵایەی هەست و نیستی ئێمەی وێران کردوە. واتە بەدبەختی، چارەڕەشی، زەبوونی، بێ ویژدانی، بێ غیرەتی، بێچارەیی و بێ باوەڕی. ڕق یانی دڵڕەشی، پیسی، تاریکی، بێ هێزی و بێ ئیرادەیی. کەس نازانێ ئەو بەڵایە چۆن خانەکانی مێشکی مرۆڤ داگیر دەکا و بۆ ڕێگای پێشگرتنی نادۆزرێتەوە. لە دنیای ڕقدا چاوەکان کوێرن، گوێیەکان کەڕن، زمان لەگۆ دەکوێ، هەست و ئیحساس وجوودی نیە. مرۆڤ بوونەوەرێکی بێ دەسەڵاتی خۆ بەدەستەوە دەرە کە بەڵای ڕق بێروبەوێی دادەدا. ڕق چوارچێوەی ژیان ئەوەندە بەرتەسک دەکاتەوە کە مرۆڤ ڕەنگە بەرپێی خۆشی بە تەواوەتی نەبینێ. تاریکی موناسبترین کاتە

بۆ خۆنواندنی ڕق چونکە لە ڕووناکیدا دەسەڵاتی نیە. خەیانەت، لە پشتەوەڕا خەنجەر وەشاندن، درۆ و ڕیا، چاپلووسی و دوو ڕوویی لەخسڵەتەکانی کەسانی ڕق داگرن. لەڕاستیدا ڕق دنیایەکی دیاری نیە هەتا خۆی تێدا وەدیار بخا. خۆ شاردنەوە و چاوەڕوانی دەرفەت مانەوە مەجالی درێژەی ژیان بەو بەڵایە دەدەن. لە مانا زۆرەکانی ڕق، یەکیان وێران کردنە. هەتا ڕق هەیە ماڵوێرانیی نەسلی مرۆڤ کۆتایی نایە. بۆ زاڵکردنی ئاوەدانی بەسەر وێرانیدا دەبێ ڕەگی ڕق ویشک بکرێ.

**بەڵام خۆشەویستی:**

باخی خۆشەویستی پڕە لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگی بۆنخۆش کە بەشی هەموو کەس دەکا. لەدنیای خۆشەویستیدا مێشکی مرۆڤ تەنیا کاتە خۆشەکان تەنزیم دەکا و دەیەوێ هەرچی لێوە بزەی لەسەر بێ. خۆشەویستی دەیەوێ ژیان بە پێکەنین دەست پێ بکا و بە بزە کۆتایی بێنێ. ئامێزی گەرم بۆ هەموو لایەک و لە گشت کاتەکاندا ئاوەڵا بێ. دەستی دۆستایەتی و یارمەتی بۆ هەمووان درێژ بکرێ و کەس وەلا نەندرێ. خۆشەویستی دەیەوێ ئاسمانی سەرمان قەت هەوری ڕەش داینەگرێ، ڕۆژەکانمان پڕ بەرهەم و شەوەکانمان ئارام و بێ دەردی سەر بن. لەدنیای خۆشەویستیدا کەس بەشی کەس ناخوا، کەس دەستی تاوان بۆ کەس درێژ ناکا، هیچ فرمێسکێک بۆ خەم و خەفەت هەڵ ناوەرێندرێ. لەماڵی خۆشەویستیدا لای سەرێ و خوارێ وجوودی نیە. ئەوەی هەیە ماڵی هەمووانە و تەنیا ڕێز و بزە و بەختەوەریی تێدا بەش دەکەن. ژمارەی ئەو دەروازە پڕ قفڵە ئاسنینانەی بە کلیکی خۆشەویستی دەکرێنەوە لەبن نایە. هیچ کوێرە ڕێیەک نیە چاوی خۆشەویستی نەی دۆزێتەوە، هیچ گرێ پووچکەیەک نیە دەستی خۆشەویستی نەیکاتەوە. دنیای خۆشەویستی وەک ئەو ساتانەی دەریا وایە کە دەئارامیی خۆیدا نوقم بوە، هیچ شەپۆلێک هەڕەشە ناکا. بۆ دەئامێز گرتنی بووکی خۆشەویستی ڕێگایەکی دوورمان لەبەر نیە، پێویست ناکا خۆمان بە ئاو و ئاگردا بکەین. تەنیا لەسەرمانە یەکترمان خۆش بوێ.

لەووەتی مرۆڤ هەیە ئەم دوو خسڵەتەی پێ بە پێی یەک درێژەیان بە ژیان داوە. سەیرە هەموو کەس، بەڵێ هەموو کەس باسی خۆشەویستی دەکا، ڕێزی دەگرێ، تەبلیغی بۆ دەکا و وەک وانە دەی لێتەوە. کەچی بەڵای ڕق هەروا قورس و قایم لەپەنامان ڕاوەستاوە. تۆ بڵێی بەڵای ڕق ڕۆژێک بارگەی سەفەر ببەستێ و ئیتر نەگەڕێتەوە؟ بڵێی ئەوکاتیش خۆشەویستی هەروا پڕ مانا بێ؟

لە ژمارە ٧٧١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## حیزبی دیمۆکڕات لەنێو بەرداشی دوو کەسایەتیدا!

تێبینی؛ ئەم نووسراوە باوەڕی قووڵی خۆمە و هیوادارم کەس وەک شتی دیکە وەری نەگرێ. هەرکەس ئازادە چۆنی دەخوێنێتەوە بەڵام تکایە وەک نەزەری کوردێک کە دەگەڵ هیچکام لەو دوو کەسە هیچ کێشەیەکی تایبەتی نیە وەری گرن. هەردووکی ئەو بەڕێزانە بۆیە جێگای نەقدی منن چونکە - بەباوەڕی من - هەرکام لەبوارێکەوە کاریگەریی مەنفیی زۆریان لەسەر حیزبی دیمۆکڕات هەبوە.

### یەکەم، بەڕێز کاک مستەفا هیجری:

زۆر پێشتر هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو بەڕێزەم لەپێوەندیی دەگەڵ شێوە کارەکانی باس کردوون. لەو تایبەتمەندییانەی پێشتر باسم کردوون نەبوونی توانای سیاسی وەک کەسی یەکەمی حیزبێکی خاوەن ئەزموون، ئاخاوتنی نارێک و پڕ لەهەڵە، تێکەڵاو نەبوونی دەگەڵ خەڵک، خۆ بەزلزانی و ڕاگرتنی ڕق، باوەڕمەند بوون بە جەناحبازی کە لەو ڕێگایەوە هەمیشە کورسی خۆی بەسەلامەتی ڕاگرتوە، نەبوونی تولێرەنس و هەستی لێبوردەیی. لەبەر ئەوەی بەڕێزیان لەبواری سیاسی و دیپلۆماسیدا لەکەم توانایی خۆی ئاگادارە هەموو قورسایی کارەکانی خستۆتە نێوخۆی حیزب و هەوڵی داوە لەو ڕێگایەوە درێژە بە مودیرییەتی حیزبی بدا. کاک مستەفا لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا ڕەنگە درێژترین ماوەی لەپۆستی ڕێبەری و کەسی یەکەمی حیزبدا هەبووبێ، بێگومان زۆرترین کاریگەریشی هەبوە. بەڕێزیان ناتوانێ خۆی تەنیا وەک پاڵەوانی سەرکەوتنەکانی حیزب بناسێنێ و لەنەهامەتییەکانی خۆی بدزێتەوە. هەمووشمان دەزانین لەماوەی سێ دەیەی ڕابوردوودا حیزبی دیمۆکڕات چ شتێکی ناخۆش ماوە کەبەسەری نەهاتبێ و چها زیان و زەرەر کە وێی نەکەوتبێ. ئەم حیزبە چ ئەوکاتەی یەکپارچە بوو و چ ئێستا کە دوو کوتە و کاک مستەفا بەرپرسی کوتێکێتی، قەت ڕۆژێک ئاوێکی ڕاحەتی لەگەرووی نەچۆتە خوار. کەوابوو مادام بەڕێز هیجری هەموو قورسایی کاری خۆی بۆ نێوخۆی حیزب تەرخان کردوە و وەزعی نێوخۆشی ئەوەیە کە دیتوومانە و ئێستاش دەی بینین، بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی هەموو شکستەکان دەکەوێتە سەرشانی ناوبراو.

دوایین گۆپاڵێک کە کاک مستەفا لەپەیکەری حیزبی دێمۆکڕات - بەشە ئێرانییەکەی- ی دا گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبەریی ئەو حیزبەیە کە لەکۆنگرەی ١٦دا ئیمزای بۆ کۆکردەوە. ڕەنگە ئێستا زوو بێ لەسەر شوێنەوارەکانی ئەو سیستمە لەسەر قەوارە و هەیکەلی حدکا باس بکەین، بەڵام ئەوە کە نییەتی بەڕێز هیجری هیچ شتێک نەبوە جگە لەدرێژەی دەسەڵاتی خۆی لانیکەم بۆ من ڕوونە. ئەوەش کە بەهێنانی ئەو سیستمە بەردێکی قورسی لەسەر باسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێمۆکڕات دانا خۆی داستانێکی دیکەیە. من باوەڕم وایە کاک مستەفا نوقتە زەعفێکە لە مێژووی حیزبی دێمۆکڕاتدا و سەت بریا ئەو مەجالەی بۆ نەڕەخسابا ئەو دەردە بەسەر حیزب بێنێ. هەڵبەت با ئەوەی بڵێم بەڕێزیان هەتا بڵێی لەکاری خۆیدا قورس و قایمە. کەسێکی بە باوەڕ و تێکۆشەرێکە هەتا ئێستا قەت پشتی دەمیللەتەکەی نەکردوە. ئەو لاوازییانەی تەنیا وەک تایبەتمەندیی شەخسی خۆی دەبێ چاو لێ بکرێن نەک خودای نەخواستە شتی دیکە.

## دووهەم، بەڕێز کاک خالید عەزیزی:

کاک خالید بەپێچەوانەی بەڕێز هیجری زیاتر ڕوو بەدەرەوە بوە هەتا نێوخۆ. سیستمی کاری بەڕێزیان جەلبی هەوادار لەدەرەوە بۆخۆی - نەک بۆ حیزب - و لەو ڕێگایەوە هێنانە ژێر ڕکێفی قەوارەی حیزب بەقازانجی فکر و مەرامەکانی. کاک خالید کەسێکی شارەزا بەسیاسەت، بەتوانا لەقسە کردندا، ئاگا بە بەمەسایلی نێونەتەوەیی، خەڵکی و خاکییە. کاک خالید دە ساڵ وەک کەسی یەکەمی حدک، واتە بەشێک لەبنەماڵەی گەورەی دێمۆکڕات، ڕۆڵی خۆی گێڕا و دواتریش هەرچەند دەنگی کۆنگرەی ١٦ حیزبەکەی پێ بوو - ئەگەر بتوانین ناوی دەنگی لێ بنێین - لەنیوە ڕێگا پاشە کشەی کرد و ئێستا تەنیا وەک ئەندامی ڕێبەریی ئەو حیزبە حیسابی بۆ دەکرێ. ئەوەندەی من لەکاک خالید حاڵی بم هیچ باوەڕێکی بەحیزبایەتی بە مانا کلاسیکەکەی نیە. ئەوەش کە دەنێو حیزبێکی سیاسیدا ماوەتەوە زیاتر بۆ بردنە پێشی مەرامەکانی خۆیەتی. ئەوە قسەی من نیە و خۆشی لەچەند بۆنەدا بەجۆرێک ئەوەی هێناوەتە گۆڕێ. کاک خالید هەمیشە وەک کەسێکی زیاتر لەحیزب خۆی دەر خستوە و پێی وابوە بە ئیمکاناتی حیزب دەبێ نەقشی ڕێبەریی هەموو خەڵک بگێڕێ. ئێستا ڕەنگە ئەوە زۆر گرینگ نەبێ چونکە مادام ڕێبەری و ئەندامانی حیزبەکەی لێیان قبووڵ کردوە ئیتر مەسەلەکە جێی باس نیە. بەڵام خاڵی یەکجار مەنفی و لەبیر نەچۆوەی سیاسەتەکانی کاک خالید ڕووحیەی ئیسلاحتەڵەبی و نەبوونی سەبکی شۆڕشگێڕیی ناوبراو بوو. بەڕێزیان هەرچەند کەسی یەکەمی حیزبێکی شۆڕشگێڕی لەحاڵی خەبات بۆ ئازادیی کوردی ڕۆژهەڵات بوو، دایمە شەیپووری ئیسلاحاتی کۆماری ئیسلامی لێ دەدا و لەو ڕێگایەوە ئەڵحەق زەبرێکی گورچوبڕی لە هەستی



سەرچاوە
Serchawe

تێکۆشەرانی ئەو ڕێگایەدا. لەبەر ئەوەی کاک خالید وەک حیزبی نەدەجووڵاوە و خۆی پێ لەسەرووی تەشکیلاتی حیزب بوو، کەمتر گوێی بە نارەزایەتیی بەدەنە و ڕێبەری دەدا و ئەوەی دەیزانی هەر ئەوەی دەکرد. هەر بۆیەش لێدوانەکانی هەمیشە گرفتساز بوون و دایمە جێگای موناقشە. ئێستا هێندێک لە هەوادارانی ناوبراو لەنێو حدک دا پێیان وایە کاتی ڕێبەریی بەڕێزیان حیزب هەمیشە لەسەر ئانتێن بوە و ئەوەش وەک خاڵی موسبەت دەبینن. لاحاڵێکدا بەپێچەوانە، لەسەر ئانتێن بوونەکە بۆیە بوو زۆربەی لێدوانەکانی موخالیفی پڕەنسیپی حیزبی بوون و حەساسییەتیان دروست دەکرد.

کاک خالید لەماوەی ڕێبەریی خۆیدا هەموو هەوڵی خۆی دا بیری شۆڕشگێڕی لە زەین و مێشکی ئەندام و پێشمەرگەی ئەو حیزبە پاک کاتەوە و ڕەوتەکە بە ئاقارێدا بەرێ کە نیهاتەکەی تەسلیم بوو. ئەگەر ئەو بیرەی کاک خالید لەنێو حیزبدا سەری گرتبا لەدوارۆژدا شتێکمان نەدەبوو ناوی شۆڕش و خەباتی پێشمەرگانە با. ڕەنگە ئەوکات هیچ پێویستیشی نەکردبا دام و دەزگای حیزبی هەبا و ئەوەی لەزەینی من و زۆری دیکەشدا هەیە دەبووینە بەشێک لەدەسەڵاتی جەهەننەمی کۆماری ئیسلامی، یان ئەوپەڕەکەی هێندێک نارازیی خەڵوەت نشین. بۆیە بە موقایسە دەگەڵ خەتاکانی کاک مستەفا و کەم توانایییەکانی ناوبراو، ڕەنگە مەترسیی وشیاریی کاک خالید بۆ داهاتووی حیزب زیاتر بایە. ئەوەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە کەسێک کە بە وشیاری و لێزانییەوە وەدووی بەرنامە زیانبارەکانی دەکەوێ دەتوانێ زەبری قورستر بوەشێنێ. خۆشحاڵم کە کاک خالید نەی توانی بەوجۆرەی خواستی خۆیەتی بەدەنە و ڕێبەریی حیزب لەپێ بخا و هیوادارێشم لایەنگرانی ئەو فکرە دەنێو حیزبی دێمۆکراتدا کەم و کەمتر بێتەوە.

نەقدی کار و کاریگەرییەکانی ئەو دوو بەڕێزە قسەی زیاتر هەڵ دەگرێ کە لەحەوسەلەی وتارێکی فەیس بووکیدا نیە. هیوادارم بە بێ دەمارگرژی توانیبێتم ڕەنگەکانی خۆم بەکورتی دەر بڕبێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١٨

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئەسپی سەرکێشی تاوانبار هەروا لەجۆشە!

ماشێنی مەرگی کۆماری ئیسلامی کە قەت لەکار نەکەوتوە، تازە نوێ کراوەتەوە و خەریکە خۆی بۆ هێرشێکی بەربڵاوتر ئامادە دەکا. ئەسپی سەرکێشی تاوانبار کە دایم دیڕمێنێ، ئێستا خەریکە چوارناڵ دەکوتێ بۆ وەی ژمارەی تاوانەکانی زیاتر و زیاتر بکا. ئەو جۆگە خوێنەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەڕۆڵەکانی کوردیان وەڕێ خستوە، دەگەڵ سەرەتای وەرزی بەهار خەریکە دەزێتەوە و وەسەر خوێن دەکەوێ.

هەرکام لەسەرانی بەخوێن تینووی ئێران وەک ئەژدهاکی زەمان دوو ماریان لەسەر شانە و ڕۆژ نیە مێشکی لاوانی کوردیان دەرخوارد نەدەن. مێژووی غەدر و جینایەت و خەیانەت بە کورد لەم وڵاتە نەگبەتە هەموو ڕۆژێ دووپات دەبێتەوە و داسی مەرگی ڕیژیم هەروا ملی لاوانی کورد دروێنە دەکا. لای حاکمانی ئێران هەزار هاواری کورد هەتا هۆوەی بڕ ناکا و کەس بۆ گوێ گرتنی خۆی ماندوو ناکا.

لەوەتا خەباتی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری دەگۆڕێدایە دەسەڵاتدارانی ئێران قەت بەچاوی پێکگەیشتن و سوڵح وئاشتی چاویان لە کورد نەکردوە. ئەوەی مەبەستی ئەوانە یان بەچۆکداهێنانی کورد و مل دانەواندنی بۆ ویستی خۆیان، یان درێژەی کوشتوبڕ و ماڵوێرانی و برسی ڕاگرتن. مێژوو نیشانی داوە هەتا کورد زیاتر سەر بەرداتەوە و لەحاند زوڵم و زۆرییەکانی دەسەڵات بێدەنگتر بێ، ماشێنی سەرکوت و قەتڵوبڕ چاکتر وەکار دەکەوێ. قەت نەدیتراوە و نەبیستراوە هاواری مەزلوومییەت دڵی دەسەڵاتداران نەرم بکا و چاوی ڕەحم و بەزەییان پێ هەڵێنێ. پلانی درێژخایەنی ئێران نابوودیی فەرهەنگ، زمان، کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کوردە. لە پێناو سەرخستنی ئەو پلانەشدا مەترسیدارترین ڕێگا تاقی دەکاتەوە کەهەمان نیشاندانی بێڕەحمی و وەڕێخستنی جۆگەی خوێنە.

کۆماری ئیسلامی جگە لەسەرکوتی بێ بەزەییانەی کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆ و ئازار و ئەشکەنجەی بەلێشاوی لاوانی کورد بەبیانووی جۆراوجۆر، بەدایم ماشێنی تیرۆری خۆی بۆ دەرەوەش دەنێرێ و بۆ لەنێوبردنی تێکۆشەرانی کورد هیچ مەجالێک بەفیڕۆ نادا. دوایین قوربانیی دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامی لەباشووری کوردستان تیرۆری فەرماندەری خۆشناو و خاوەن ڕابوردووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، تێکۆشەر قادری قادری بوو کەلەبەرەبەری

سەری ساڵی نوێدا گیانی لێ ئەستێندرا. بەلەبەرچاوگرتنی ڕابوردووی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لەدەرەوەی وڵات و بەتایبەت باشووری کوردستان دەبێ ئەوەی باش بزانین کەدیسان خەریکە داوی مەرگ بۆ تێکۆشەرانی کورد دادەندرێتەوە و مەیدانی ڕمبازێنی تیرۆریستەکان بەرینتر دەکرێتەوە.

مەیداندان بە تاوانبار و مەجال بۆ ڕەخساندنی هەتا پلانی مەترسیدارتر دابڕێژێ و ڕاوی تێکۆشەرانی کورد بکا، خۆی تاوانە. نابێ ڕێگە بدرێ خوێنی خەباتکارانی کورد هەروا بەخۆڕایی برژێ. ڕاوەستان لەبەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیم و تەنگ پێ هەڵچنینی هەتا نەتوانێ بیر لەبەرنامەی تیرۆر بکاتەوە، ئەرکی سەرەکیی حیزبە سیاسییەکانی کوردە. ئەزموون دەری خستوە زمانی نەرم و پاڕانەوە نەک جەسارەتی ڕێژیمی بۆ پەلامار کەم نەکردۆتەوە بگرە چەند قات زیادیشی کردوە.

خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری بە پاڕانەوە و خۆ فەقیر نیشاندان ناکرێ. تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی دەگەڵ دەزگای سەرکوتی ڕێژیم خەباتێکی لێبڕاو و هەمەلایەنەیە کە بتوانێ مەیدانی مانۆرەکانی ڕێژیم کەمتر بکاتەوە. دارشتنی پلانی تۆکمە و حیساب بۆکراو بە مەبەستی دیفاع لە تێکۆشەران و بەرتەسکتر کردنەوەی مەجالەکانی دوژمن، دەبێ بکرێتەوە سەرلەوحەی کاری بەردەوام. هەر زەبرێک لەڕێگای تیرۆرەوە وەجەستەی خەباتکارانی کورد دەکەوێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدانی دڵگەرمتر دەکا. شەهیدبوونی پێشمەرگە لەمەیدانی بەربەرەکانێدا بۆنی نائومێدی لێ نایە. بەڵام شەهید بوونی تێکۆشەری کورد لەڕێگەی تیرۆرەوە دڵەکان ڕێکتر دەگوشێ، جەستەکان لاوازتر و مێشکەکان ئالۆزتر دەکا.

نابێ ڕێگە بدرێ تێکۆشەری کورد بێ ئەوەی مەجالی دیفاعی هەبێ خوێنی بڕێژرێ. مادام گیانی خەباتکارانی کورد هەر لەمەترسی دایە، ئیدی بۆ لەمەیدانی بەربەرەکانیدا نەکەوێتە مەترسی؟ لەشەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای دوژمندا هەمیشە ژمارەی کوژراوی دوژمن چەند بەرامبەری شەهیدی پێشمەرگە بووە و تەنانەت زۆرجار هێزی پێشمەرگە زەبری قورسی لەدوژمن داوە بێ ئەوەی خۆی زیان ببینێ. بەڵام کە تیمی تیرۆری دوژمن وەکار دەکەوێ بەئاسانترین شێوەی مومکین و بێ ئەوەی ئەفرادی دوژمن بناسێندرێن، جەستەی تێکۆشەری کورد دەخوێندا شەڵاڵ دەکەن.

با دەگەڵ نوێبوونەوەی ساڵ و پاش تێپەڕاندنی ئەزموونێکی زۆر لەدانی تەلەفاتی دەستی تیرۆر، جارێکی دیکە

**ستراتێژیی دیفاعی خۆمان داڕێژینەوە. با چیدیکە مەجال بە دوژمن نەدەین بە سووک و هاسانی ڕاوی خەباتکارانی کورد بکا. با مەیدانی تیرۆری لێ بکەینە داوی مەرگ و هەرچی هات پێوە بێ. با جارێکی دیکە نەعرەتەی پێشمەرگە دەشت و دۆڵەکانی وکوردستان وەلەرزە بخاتەوە.**

**لە ژمارە ٧٢٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٨**

---------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# ئەمن و وەرزی بەهار

چونکە لەبەهاردا لەدایک بووم ناچارم بەهارم خۆش بوێ. بە قسەی دایکم کاتی چەوەندەر هەڵقەندنەوە و لەژێر تەزووی پایزێکی زوقماویدا چاوم بە دنیای ڕوون هەڵێناوە، کەچی ناسنامەم دەڵێ یەکەم مانگی بەهار وەک دوا میوانی بنەماڵە حەوت کەسییەکە قولینچکێکی ژوورێکی تاریک و تنۆکم بۆ دیاری کراوە. لەو کاتەوە ڕەنگی بەهارییم گرتوە و دەگەڵ وەرزی بەهار منیش زیندوو دەبمەوە. ئەگەر ڕاستییشتان بوێ زۆر وەک بەهار ناچم. بەهار وەرزی ڕاسان و خرۆشان و لافاو و هەورە تریشقە و کۆلکە زێڕینەیە، کەچی من مات و بێدەنگ وەک سوورەتاوی هاوینی چەقبەستووم.

بەهارم هەر بۆیە خۆش ناوێ چونکە خۆمی تێدا دروست کراوم، بۆیەشم خۆش دەوێ چونکە باوکم وەبیر دێنێتەوە. لەتایبەتمەندییەکانی باوکم زوو تووڕە بوونی بوو. بەتایبەت کاتی بەهاران کە هەور دەیگرماند و تەرزەی دادەبارند، بابم لەدین دەهری دەبوو، یەک بەخۆی هاواری دەکرد، جنێوی دەدا و بەهەرچی وەدەستی کەوتبا وەردەگەڕا تەرزەکان. بابم شێت نەبوو، زۆریش ساغ و سروشتی بوو. ئەو خەمی ئەو نیسکە گەنمەی بوو کە پاییزی ڕابوردوو چاندبووی و بەهیوا بوو کۆتایی بەهار بیدروێتەوە و قەرزەکانی پێ بداتەوە، کەچی تەرزە لێی دەکردەوە هیچ. جا هەتا بەهار و گرمەی هەور و بارینی بەخوڕ دەبینم ئەو بیرەوەرییانەم بۆ زیندوو دەبنەوە و سیمای بابم دێنەوە بەرچاو.

دیسان بەهارم زۆر خۆش دەوێ چونکە قۆڕغی «قەرەگۆل» و «قامیشەڵان» و «جەگەن» و «سێسوو»ی نێو ئەو قۆڕغە و هێرشی منداڵان بۆسەر هێلانەی مراوی و باڵندەکانی دیکەی نێو ئەو قامیشەڵانە و بەتاڵانبردنی هێلکەکانیانم وەبیر دێنێتەوە. هەموو ئەو دیمەنانەی کە ئەوکات خۆشییەکانی ژیانم بوون، ئێستا بوونەتە گرێ لەسەر دڵم و بەرم نادەن. لەخەیاڵمدا قۆڕغی قەرەگۆل و مەزرای «چەکووراوا»ی نێو ڕۆمانی حەمەدۆک وەک یەک دەچن و ئەوەش تەزوویەکی خۆشم دەلەشی دەگێڕێ. ئاخر حەمەدۆک و داستانی ڕاپەڕینەکەی و ئەو دیمەنانەی شوێنی هاتوچۆی بوون دایمە لەگەڵم دەژین. جا بۆیە هەر دەبێ بەهارم خۆش بوێ چونکە وێکچوونێکی سەیر لەنێوان قامیشەڵانی قۆڕغ و مەزرای چەکووراوا دەبینم کە ئەوەش لەبەهاردا خۆی وەدیار دەدا.

ئەمن هەر دەبێ بەهارم خۆش بوێ چونکە منی کردە خاوەن بنەماڵە. لەم وەرزە خۆشەدا بوو کە دەگەڵ هاوژینی دواترم پەیمانی یەکتر دەئامێز گرتنمان بەست و چوارچێوەیەکی چووکەمان بۆخۆ پێکەوە نا. لەکۆتاییەکانی بەهارێکی خۆش، لەگوندێکی لیپاولیپ لەجوانکاریی ناوچەیەکی سەرسەوزی ئەم کوردستانە دڵگیرە من و هاوژینم دەنێو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا گرێبەستی هاوژینی و درێژەی ڕێگایەکی هاوبەشمان مۆر کرد. پەیمانێک کە هیچ گێژاوێک نەیتوانی پێمان هەڵوەشێنێتەوە و هیچ نەهامەتییەک درێژەی ڕێگای هاوبەشمانی پێ نەبەسترا.

ئاخ کە بەهار داغی گرانیشی بەسەر دڵییەوە ناوم و خۆشەویستی وای لێ ئەستاندووم کە جێگایان هەتا ئێستاش پڕ نەبوەتەوە. هێشتا حەوتوویەک لەئیمزای پەیمانی هاوژینیی من و هاوسەرم تێنەپەڕیبوو کە یەک لەخۆشەویستترین دۆستان و هاوسەنگەرانم، برایمی سالیک (سیاوەش) کە برازاوا و تەنیا شاهیدی مارەکردنەکەش بوو لەشەڕێکی قارەمانانەدا گیانی بەخشی. بەو بیرەوەرییە تاڵەوە من نەدەبوو بەهارم خۆش بوێ، بەڵام وەبیر هاتنەوەی سیمای پڕ لەخۆشەویستیی ئەو دۆستە پاڵم پێوە دەنێ لەدرێژەی ڕێگا ماندوو نەبم و بەداهاتووی خەبات هیوادار بمێنمەوە. هەربۆیە بەهارم خۆش دەوێ.

بەهارم هەر بەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە خۆش ناوێ. بەهارم خۆش دەوێ چونکە سەرفەسڵی ژیانەوە و هەستانەوەیە. سەرەتای تێهەڵچوونەوە و بەگژ نەهامەتییەکانی ڕۆژگاردا چوونە. بەهار کە وەرزی سەوزایی و زیندوو بوونەوەی زوویە، مزگێنیدەری نەمانی سەخڵەتی و چەقبەستوویی زستان و سەرما و ڕێگەابەندانیشە. بەهار پێمان دەڵێ پاش هەر کەوتنێک هەستانەوەیەک هەیە، دوای هەموو تاریکەییەک ڕووناکایی بەدی دەکرێ و کۆتایی هەر شەوێک گزینگی بەیانییە. منیش کە بڕیارم داوە پاش هەر کەوتنێک هەستمەوە، دەبێ بەهار بکەمە سەر مەشقی ژیان و دەگەڵی بژیم و خۆشم بوێ.

ژیانتان هەر بەهاری بێ.

لە ژمارە ٧٢٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بە نیشانەی ئەمەگناسی بۆ زەحمەتێکی بێسنوور!

## وەڵامێک بۆ داواکاری ڕەحمان نەقشی

**من هەمیشە پێم باش بوە و هەوڵیشم داوە تێکۆشەرانی دڵسۆز و ماندوو لەکاتی ژیانیاندا زەحمەتەکانیان زەق بکرێتەوەو لەلایەن کۆمەڵگاوە قەدریان بگیرێ...**

من بەڕاستی لە خۆماندوو کردنی بەردەوام و خۆبەخشانەی تێکۆشەر کاک ڕەحمان نەقشی سەرم سوڕ دەمێنێ و هەرچی دەکەم بۆم لێک نادرێتەوە ئەو هەموو ئیبتکارو داهێنانە لەکوێرا سەرچاوە دەگرێ. زیاتر لە دە ساڵە کەموزۆر ئاگام لە هەوڵێکی بەردەوام و ماندوویی هێنەری ئەو بەڕێزەیە کە نە پێشتر و نەدواتر ئەو جۆرە کارەم لەکەسی دیکە نەدیوە. بەڕێز نەقشی بە سەبر و حەوسەڵەی زۆرەوە، بە ئیبتکار و خەلاقییەتی کەم وێنەوە، بە دڵسۆزی و ئەمانەتداریی بێدریغەوە دەستی داوەتە کارێک کە نموونەی نەبوە. لەماوەی ئەو زیاتر لەدە ساڵەدا جگە لە دەرکردنی ٦٥ ژمارەی گۆڤاری "یەکبوون"، کە خۆی شانازییەکی گەورەیە، دەیان نامیلکە و کۆکراوەی دیکەی پێوەندیدار بە خەبات و تێکۆشانی ڕێبەرانی ڕێی ڕزگاریی کوردی ڕەنگاندوە و بەمجۆرە خزمەتێکی شایانی هەم بەوان و هەم بە مێژووی بزووتنەوەی کورد کردوە. هەمووی ئەو کارانەشی بەشێوەی ئەلێکترۆنی و بە سیستمێکی هێندە جوان و ئاسان تۆمار کردوون کە هەم خوێندنەوەیان ئاسان بێ و هەم سەرنجڕاکێش بن.

من کە خۆم شانازیی ئەوەم لەلایەن کاک ڕەحمانەوە پێ براوە نامیلکەی "مێژووی زیندوو" بەشێوەی ئەلێکترۆنی بڵاو بکرێتەوە و لەچەند بابەتی دیکەشدا بەشداری پرۆژەکەی بووم، قەت ناتوانم لەحاند ئەو هەموو زەحمەت و خۆماندوو کردنەیدا بێ تەفاوەت بم. هەرچەند بەداخەوە نە دەسەڵاتی ئەوەم هەیە ئیمکانی ماڵیی وای بۆ پێک بێنم زیاتر پەرە بە ئیبتکارەکەی بدا و نە هێندەش کارجوان و بە سەلیقەم بۆ باشتر کردنی پرۆژەکەی هاوفکری بم، تەنیا دەتوانم لەرێگای ئەم کورتە نووسینەوە قەدرزانیی خۆمی پێ ڕابگەیەنم و پێی بڵێم هەزار ئافەرین و دەستخۆش. پێی بڵێم ئەوەی تۆ کردووتە و دەیکەی کاری تیمێکی چەندین کەسەیە بە ئیمکاناتی زۆری ماڵی و

تێکنیکی. ئەوەی تۆ دەیکەی کاری حیزبێکی سیاسییە بە تەرخان کردنی چەندین کادر و ئیمکاناتی ماڵی. ئەوەی تۆ دەیکەی تەنیا ئەو ئینسانە بە باوەڕ و خۆبەخشانە لەدەستیان دێ کە بۆ خزمەتی زیاتر لەخۆاین مایە دادەنێن.

من هەمیشە پێم باش بوە و هەوڵێشم داوە تێکۆشەرانی دڵسۆز و ماندوو لەکاتی ژیانیاندا زەحمەتەکانیان زەق بکرێتەوەو لەلایەن کۆمەڵگاوە قەدریان بگیرێ. ڕەنگە ڕێزگرتن هەر ئەوە نەبێ پلەو پایەیان پێ بدرێ، یان یارمەتیی ماڵی بکرێن، بەڵکوو ڕەنگە نیشاندانی بزەیەک بۆ سوپاسگوزاری بەس بێ هەتا ئەو کەسانە ئاگادار بکرێن کارە باشەکانیان لەچاوی خەڵک ون نابێ. ئەو کارە بەنرخەی کاک ڕەحمان لەچەند بارەوە جێی سەرنجە و بۆیەش شیاوی سوپاسگوزاری و ڕێز لێنانە.

**یەکەم** ئەوەکە، ئەو بەڕێزە لەوڵاتێک دەژی کە ناچارە بۆ درێژەی ژیانی کاری بەردەوام بکا و خۆی ماندوو بکا. لەو جۆرە شوێنانە دۆزینەوەی کاتی زیادی بۆ کاری ئاوا پڕزەحمەت ئاسان نیە. ئەوە تەنیا بە کەسانی وەک کاک ڕەحمان دەکرێ کە ناچارە لەکاتی حەسانەوەی خۆی کەم بکاتەوە هەتا بتوانێ ئەو بەرهەمانە بخوڵقێنێ.

**دووهەم** ئەوەکە، هەموو ئەو بابەتانەی لەلایەن ئەو بەڕێزەوە بەشێوەی کتێب یان نامیلکەی ئەلیکترۆنی بڵاو بوونەوە پێوەندییان بە خەبات و بزووتنەوەی کوردەوە هەیە کە ئەوە خۆی جۆرێکە لەخەبات.

**سێهەم** ئەوەکە، کاک ڕەحمان بێ لەبەر چاوگرتنی نیزیکی یان دووریی خۆی لە کەسایەتییەکان، هەر نووسراوەیەکی لەجەهەتی قازانجی گشتیی بزووتنەوە دابێ دەیخاتە نێو پڕۆژەکەی. ئەوە ئەوپەڕی دڵاواڵەیی و گەورەیی ناوبراو دەگەیەنێ. چوارەم کە زۆریش گرینگە، کاک ڕەحمان تەنیا نووسراوەکان کۆ ناکاتەوەو سەرلەنوێ بڵاوایان ناکاتەوە، بەڵکوو جوانکارییان تێدا دەکاو بەجۆرێک دەیان گونجێنێ کە بۆخوێنەر سەرنجڕاکێشترو بۆ خوێندنەوە ئاسانتربێ. ئەو هونەرەی کاک ڕەحمان کارئاسانیی وای کردوە دەیان نووسراوە لەدووتوێی کتێبێکی ئەلێترۆنیدا سەبت بکرێن و وەک فەرهەنگێکی بەکەڵک بخرێنە بەردەستی خوێنەر.

دوای تێپەڕینی دەساڵ بەسەر کاری بەردەوامی هاوڕێ نەقشی لەو بوارەدا کە بەبڕوای من یەکێک لەکارە هەرە بەنرخەکانی دنیای ئەمڕۆیە، من بەش بەحاڵی خۆم بە پێزانینەوە لێی دەڕوانم. دەستخۆشیی لێ دەکەم و سوپاسی



سەرچاوە
Serchawe

دەکەم بۆ هەموو ئەو کاتە بەنرخانەی بۆی تەرخان کردوە. هیوادارم کاک ڕەحمان لەشێکی ساغ و تەمەنێکی درێژ و ژیانێکی پڕ لەشادیی بە نسیب بێ هەتا ئێمەش بتوانین زیاتر لەکارە جوانەکانی کەڵک وەرگرین.

بەو پەڕی سوپاس و قەدرزانییەوە

هەیاس کاردۆ

سەرچاوە: نامیلکەی دە ساڵ کارو چالاکی بەردەوام - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٩

----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe






## دایە گیان بمبوورە!

**دایە گیان** بارەتەقای عەرز و ئاسمان شەرمەندەتم. هەرکات بیر لە تۆ دەکەمەوە ئارەقەی شەرم دام دەگرێ و وەک جۆگە، فرمێسک بە چاوانم دا دێنە خوارێ. ئای دایە گیان لە بەرامبەر گەورەیی تۆدا خۆم چەندە چووک دەبینم و بۆ ماچی بەری پێت هەست دەکەم چ ڕێگایەکی دوورم لەبەرە. دایە گیان ئەگەر مانای دایک لیباسێکە بە بەری تۆ بڕاوە، مانای کوڕ قەت لە من ناوەشێتەوە. ئێستا کە بیر لەڕابوردوو دەکەمەوە و ژیانی کورتی لە تەنیشت تۆ دێنمە پێش چاوانم، هەر ئاخ و داخە هەڵی دەکێشم و تەنیا فرمێسکی حەسرەتە لە چاوەکانم دەبارن. ئێستا کە بە دەنگ و بە ڕەنگ لێم ونی و خۆت لە جەفای ئەم دنیایە ڕزگار کردوە، ئیزنت لێ دەخوازم چاوێکی خێرا بە ڕابوردوودا بخشێنم و بۆ هەر هەڵەیەک، یان هەر کەمتەرخەمییەک کە لەبەرامبەر تۆدا کردبێتم جارێک داوای لێبووردن بکەم. هەرچەند دەزانم داوای لێبووردن تۆڵەم بۆ ناکاتەوە، بەڵام خۆمی پێ فریو دەدەم هەر باشە.

**دایە گیان!** ئەو دەم نەم دەزانی، بەڵام ئێستا دەزانم بە چ وەزعێک منت هێناوەتە سەر دنیا و ڕووحت وەبەر ناوم. ئەو زەجرەی تۆ و هەر دایکێکی دیکە لە کاتی منداڵ بووندا کێشاوتانە کاری ئەوە نییە بە داوایەکی لێبووردن مەرهەمی بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام دایە گیان منی کڵۆڵ و دەستە وەستان لەوە زیاتر دەتوانم چ بکەم؟ بۆ هەر ناڵە و هاوارێکی کاتی من بوونت داوای لێبووردنێکت پێ قەرزدارم.

**دایە گیان!** ئەو دەم نەم دەزانی، بەڵام ئیستا دەزانم لە کاتێک دا منت هێناوەتە سەر ڕووی زەوی کە بۆخۆت هەر بە ناو لە ژیاندا بووی، چونکە جیسم و ڕووحت دایمە دەعەزابدا بووە و ژیانت پڕ لەتاڵی و نەهامەتی. بمبوورە



**دایە گیان بە بوونی من باری قورسی سەرشانت هێندەی دیکەش گران ببوو.**

**دایە گیان! ئەو دەم نەم دەزانی، بەڵام ئێستا دەزانم ئەو هەموو شەو و ڕۆژانەی لەبەر ئێشی سەرت حەجمنت لێ هەڵدەگیرا و خۆت بێر و بەوێدا دەدا، کەس نەبوو بتلاوێنێتەوە و دەنکە حەبێکت بۆ پەیدا بکا. ناچار خۆت دەبوویە دوکتۆر و بە توێکڵە توور توندتوند سەرت دەپێچا بۆ ئەوەی ئێشەکەی ئارام بێتەوە. بمبوورە دایە گیان کە ئەو کاتانە زۆر منداڵ بووم و بێ دەسەڵات. ئێستا بۆ هەر ژانێک و سەرپێچانێکت فرمێسکێک دەڕێژم و داوای لێبووردنت لێ دەکەم.**

**دایە گیان! ئەو دەم نەم دەزانی و دوایە بۆت گێڕاومەتەوە کە لەبەر ئێشی ددانەکانت و نەبوونی ئیمکانی چوون بۆ ددانساز، هەمووت بە گازی و بەبێ سڕکردن دەرکێشاون. ئای چەندە گوناح بووی دایە گیان کە خەمخۆرێکت نەبوو ددانەکانت بۆ بکاتەوە. ئێستا شەرمەندەتم کە بێ ددان دەمدیتی و فکرێکم بۆ نەدەکردییەوە. ئەوەی تۆ کردووتە لەمێشک و زەیندا جێی نابێتەوە. بەشی ئێشی هەموو ئەو گازانەی ددانتیان دەرهێناوە داوای لێبووردنت لێ دەکەم دایە گیان.**

**دایە گیان! ئەو دەم نەم دەزانی، بەڵام ئێستا دەزانم دەگەڵ ئەوەی هەم کاری دەرەوەت دەکرد و هەم ژوورەوە، بەو حاڵەش کۆیلەی ژێر دەستی پیاوێک بووی کە بۆ تۆ مێرد و بۆ منیش باوک بوو. ئەو لێی دەدای، قسەی پێ دەگوتی، کاری دەرێ و ژوورێی پێ دەکردی و خزمەتی خۆیی و ئێمەشی پێ دەکردی، کەچی تۆ خۆڕاگر بووی و لە پێ نەدەکەوتی. بمبوورە دایە گیان کە قەت جارێک نەمتوانی لەسەرت وەجواب بێم و پێشی زوڵمی زاڵم بگرم. بۆ هەموو ئەو لێدان و بێ حورمەتییانەی باوکم، من شەرمەندەتم و داوای لێبووردنت لێ دەکەم.**

**دایە گیان! ئەو کات نەم دەزانی، بەڵام ئێستا دەزانم کاتێک بە تەمەنی زۆر کەمەوە لێت دوور کەوتمەوە، هەستی دایکانەتم برینداد کرد و خەم و مەینەتێکی زۆرم خستە سەر دڵی بریندارت. بمبوورە دایە گیان لەو تەمەنەدا شێتێکی سەرمەست بووم و مانای بریندار بوونی هەستم نەدەزانی.**

**دایە گیان! ئەو کات نەم دەزانی بەڵام ئێستا دەزانم و لەسەر دڵم بۆتە گرێ ئەو شەوەی لە پێپلیکانی قاتی دووی هۆتێلێک ڕا خلۆر بوویەوە و دەستت شکا. تۆ نەت هێشت من بزانم بۆ ئەوەی خەوەکەم لێ تێک نەچێ، ئەوە لە**



کاتێکدا بوو کە بۆخۆت هەتا بەیانی نەخەوتبووی و بە ژانی بێ ئامانەوە دەستت ڕاژاندبوو. ئێستا دایە گیان بە قەدرایی هەموو ئەو ژانەی ئەو شەوە چێشتت داوای لێبووردنت لێ دەکەم و قەت خۆم نابەخشم.

دایە گیان؛ ئەو کات نەم دەزانی، بەڵام ئێستا دەزانم کاتێک ڕێگای شاخم گرتەبەر و بۆ هەمیشە بەجێم هێشتی، تۆ بەڕاستی پێویستیت پێم هەبوو. هەموو ئاوات و ئارەزووت ئەوە بوو لانیکەم منی کوڕی چووکەت شوغڵێکم وەگیر کەوێ و لە پەنا تۆدا ژیانێکی ئاسوودە تێپەڕ بکەم. بەڵام هێشتا تامی وەگیر کەوتنی شوغڵی من نەگەیشتبوە مەڵاشووت کە تامی دووریی یەکجاریی منت چێشت. دایە گیان من بۆ ڕزگاریی نیشتمان و بەرگری لە مافی خۆم و خۆت و هەموو خەڵکی دیکە ڕێگای شاخم گرتە بەر. لەو بارەوە خۆم بە خەجاڵەتبار نازانم و شانازیی پێوە دەکەم. بەڵام دایە گیان لەوە کە نەم هێشت تامی وەگیر خستنی شوغڵ بگاتە مەڵاشووت و لە تەنیشتت نەماوە کە دەگەڵ هەناسەکانت بژیم داوای لێبووردنت لێ دەکەم.

دایە گیان؛ ئەو کات نەم دەزانی بەڵام ئێستا دەزانم کاتێک تەنیا نان هێنەرەوەی ماڵێت کەوتە بەر تیغی دوو سەری دوژمن و لێت ئەستێندرا، دیسان زۆرت پێویست بە من هەبوو کە جێگای کوڕە شەهیدەکەت پڕ بکەمەوە و ببمە نان هێنەرەوەی تۆ و منداڵەکانی ئەو. بەڵام دایە گیان مێشکی من بە شتێکی دیکەوە خەریک بوو و برینی تۆی هەست پێ نەدەکرد. ئای دایە گیان ئێستا کە بیر لەو قۆناغە دەکەمەوە چەندە خۆم بە شەرمەندەی تۆ دەزانم. بۆ هەر دڵۆپە فرمێسکێک کە بۆ مەرگی کوڕەکەت و سەغیر مانەوەی منداڵەکانی و دووریی من لەو کاتەدا هەڵت وەراند جارێک داوای لێبووردن دەکەم دایە گیان.

دایە گیان؛ ئەو دەم نەم دەزانی بەڵام ئێستا دەزانم کە چ هەڵەیەکم کرد کاتێک شاخم بەجێ هێشت و ڕووم کردە وڵاتی غەریبایەتی نەک هەر پرسم پێ نەکردی بگرە نەمتوانی بشت بینم. دوا دیداری من و تۆ چەند ساڵ پێشتر و ئەو کاتە بوو کە بە کۆڵێک خەم و فرمێسکەوە هاتبووی بزانی لە "تەقینەوەی مینیبووسەکە" دا چیم لێ بەسەر هاتوە. بەڵام کە هاتی بەسەر لەشێکی سووتاو و لاقێکی شکاو و ڕوومەتێکی کونکون کراوادا کەوتی، هەر بۆیە ڕووح و جەستەت تووشی ئازارێکی زیاتر هات. بۆ هەموو ئەو ئازارانەی بەو بۆنەوە پێت گەیشتن داوای لێبووردنت لێ دەکەم دایە گیان



**دایە گیان!** ئەو کات نەم دەزانی بەڵام ئیستا دەزانم دەبوو یەکەم کاری دوای سەقامگیر بوونم لە وڵاتی غەریبایەتی ئەوە بێ ئیمکانی دیداری هەتا هەتاییت دەگەڵ پێک بێنم بۆ وەی تۆڵەی ئەو هەموو دووریەت بۆ بکەمەوە. ئای دایە گیان من شایستەی ئەوە نەبووم تۆ دایکم بی. کاتێک لە ڕێگای دوورەوە هەواڵی دوا کۆچی تۆم بیست تەنیا شتێک کە لەدەستم دەهات هەڵوەراندنی فرمێسکی حەسرەت و دەستی خەم دە ئەژنۆ گرتن بوو. لەوە کە نەم توانی لەشی ساردەوە بووت لەسەر شان دابنێم و خاکی سەر گۆڕەکەت ماچ بکەم دوای لێبووردنت لێ دەکەم دایە گیان.

**دایە گیان!** نە ئەو کات دەم زانی و نە ئێستاش دەزانم دەبێ چ بکەم بۆ ئەوەی بۆ چرکە ساتێک ڕووحی هەڵفڕیوت بگەڕێتەوە لام هەتا دوا ماڵ ئاوایی لێ بکەم. ئاخر چۆن دەبێ دایک بە بێ دە ئامێزگرتن کوڕەکەی بە جێ بهێڵێ؟ تۆ ڕۆیشتی و دنیایەک خەمت بۆ بەجێ هێشتم دایە گیان. بڵێی کەی بە دیدارت شاد بمەوە؟

**هەیاس کاردۆ - ئوستڕالیا - ١٢ - ١١ - ٢٠١٢**

---




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٠ی زایینی**








سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ هەیاس کاردۆ بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**


